# فەرهەنگی خەم

سەرجەمی شیعرەکانی

## حەسیب قەرەداخی

بەرگی یەکەم



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com



**حەسیب قەرەداخی**

**١٩٩٧ - ١٩٢٩**



بەڕاسپاردە و ڕێنوێنیی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
W½«“–UÐ ÊUÑdÖâ}½ e| ˙WÐ
دیوانی فەرهەنگی خەم
سەرجەمی شیعرەکانی: حەسیب قەرەداخی
بەبۆنەی فیستیڤاڵی یادی شاعیر لە ڕۆژانی ٦ و ٧ی ئاداری ٢٠٠٢ لە هەولێری
پایەتەختی هەرێمی کوردستان
چاپ کراوە

# فەرهەنگی خەم

بەتۆ بگەم... نەمبینی... هەتا تامی بچێژم
بەڵام ڕێی ئاوارەییت لە خاکما ئەنێژم
ئاوی ئەم باخە کۆرپەم، بەچێژی ئازار ئەدەم
تا خەم بهێنێتە بەر لە دەرکی سەد شار ئەدەم
فەرهەگەکان ئەهێنم وشەی خەمیان خڕ ئەکەم
بەم دەسکەوتە، دەفتەری دەردم تەواو پڕ ئەکەم
لەبەر سەر مەشقی چاوت جامی شەفەق ئەهێنم
پەیتا پەیتا بەستەی خەم لە خەمباران ئەسێنم
لە دارستانی شەوی مەینەتی ئەمجارەما
لە دامێنی خوراوی ئەم وێرانە شارەما
پێک لە دوای پێک هەڵ ئەدەم ئەم کۆکتێلە تێکەڵ بێ
ئاسۆیەکە نەزەرگەم، ئاوابوونتی، لێ هەڵ بێ



ناوی کتێب: فەرهەنگی خەم – سەرجەمی شیعرەکانی: حەسیب قەرەداخی
بەرگی: یەکەم
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ١٢١
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: شکار شێخ عەفان نەقشبەندی
خۆشنووسیی بەرگ: هونەرمەند محەمەد زادە
پۆرترێتی بەرگ: ئازا حەسیب قەرەداخی
پیت لێدان: ئاراس ئەکرەم + نادیە عەزیز + دلاوەر صادق ئەمین
هەڵەگری: بەهات حەسیب قەرەداخی + ئازا حەسیب قەرەداخی + ئەمیر داود + شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمان مەحموود
چاپی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر– ٢٠٠٢
تیراژ: ١٦٠٠ دانە
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٢ی دراوەتێ

## سوپاسنامە

بۆ دیوانی سەرجەمی شیعرەکانی شێخی شاعیران، پیری عاشقان «حەسیب قەرەداخی» پێشەکیی ناوێت، چونکە خوێنەران و شیعردۆستانی گەلی کورد فەرهەنگەکانی غەمی حەسیب دەناسن و وەها دەوریان کردۆتەوە کە هەرکەسە بەشێوەی خۆی و بۆ غەمی تایبەتی خۆی کردوونیەتە فەرهەنگی غەمی خۆی، بۆیە ئەم پێشەکییە چاکتر وایە سوپاسنامەی خانەوادەی شاعیری نەمر بێت بۆ ڕێزدار کاک نێچیرڤان بارزانی کە لەماوەی سالآنی دوای مەرگی شاعیرەوە بەردەوام دەستپێشخەری کردووە کە ئەم دیوانە چاپ بکات و، لەوەتەی کارەکەش دەستی پێکرد تا دەرچوونی بەڕێزیان ڕاستەوخۆ لێی پرسیوەتەوە و هانی هەموومانی داوە کە هەرچی زووە تەواوی بکەین و، هەرچی زیاتریشە بەجوانترین و شیاوترین شێوە بەرهەمی بهێنین.

لەم پەیوەندییەدا دەبێت سوپاسی کاک شەوکەت شێخ یەزدین- خاوەنی ئیمتیازی دەزگای ئاراس و، هێژا بەدران ئەحمەد حەبیب- سەرنووسەری دەزگاکە بکەین کە وەک یەکێک لە خانەوادەی شاعیر و زۆر جار لەوانیش زیاتر خۆی ماندوو کردووە بۆ دەرچوواندنی ئەم دیوانە. سوپاسی زۆریشمان بۆ یەکە یەکەی کارمەندانی دەزگاکە کە دڵسۆزانە بۆ چاپکردنی ئەم دیوانە کاریان کرد و ماندوو بوون.

سوپاسی بێ پایانمان بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە بەدەنگی بانگەوازەکەشمانەوە هاتن و، دڵسۆزانە ئەوی لایان بوو لە دەستنووس یان سەرچاوەی تایبەت و وێنەی فۆتۆگرافی بۆیان ڕەوانە کردین و سوودی یەکجار زۆریان لە ئامادەکردنی ئەم بەرهەمەدا هەبوو.

حەسیب قەرەداخی شێخی شاعیران و پیری عاشقان و خەمخۆری کوردان بوو... هەموو ژیان و فیکر و ئەندێشە و خەبات و کارکردنی بۆ کورد و کوردستان و ئازادی و ئاشتی و جوانی و سەرفرازی مرۆڤ بوو... ئێمەش لەگەڵ سوپاسمان بۆ هەمووتان ئەم دیارییە پێشکەشی ئەوی نەمر و ئێوەی خۆشەویست دەکەین.

بنەماڵەی: حەسیب قەرەداخی



## بەسەرکردنەوەیکی خێرای
## وێستگەکانی ژیانی حەسیب قەرەداخی نەمر

بەهات حەسیب قەرەداخی

لە مانگی مایسی ١٩٢٩دا لە گوندی (سۆڵەی چرچەقەڵا)ی سەر بەناوچەی قەرەداخ، لەناو خێزانێکی هەژار و خوێندەواردا، لە دایک بووە و باوکی ناوی - شێخ عەلی عەبدولرەحمان- بووە، ناسراو بووە بە مامۆستا شێخ عەلی، چونکە مەلا و مامۆستای گوند بووە... ئەم خێزانە لە بنەماڵەی شێخانی مەردۆخی قەرەداخ بوون... کە هەر لە زووەوە خوێندەوار و زانای ئایینی و پیاوی ناسراویان تیا هەڵکەوتووە.

هەر لە منداڵییەوە لەلای باوکی خۆی خوێندوویەتی تا ئەو کاتەی قوتابخانەی ڕەسمی لە گوندەکەیاندا کراوەتەوە، ئەوسا یەکسەر لە پۆلی سێی سەرەتایی وەرگیراوە... پۆلی پێنج و شەشی سەرەتایی لەقەرەداخ تەواو کردووە.

هەلومەرج و کەشوهەوای ژیانی ئەو گوندە شێخنشینە، کە جێی شێخ عەبدوالقادر- شێخی قەمچی ڕەش- بووە، کاریگەرییەکی زۆر گەورە و ئاشکرای بەسەر بونیادی ئەقڵی و ڕۆحی حەسیبی منداڵەوە هەبووە... مزگەوت و کۆڕی مەلا و فەقێیان، مەجلیسی شێخان... زیکر و تەهلیلە و ئەڵقەی دەروێشان...

گۆرانی و سۆز و مەقام و موناجاتی دەنگخۆشان... دەف و شمشاڵ و نەیژەنان... حاڵ و قورئان و (حديث ونحو وصرف)ی زمانی عەرەبی و شیعری سوارچاکانی شیعری کوردی «نالی و مەحوی و سالم و کوردی و مصباح الديوان و طاهر بەگی جاف و، شاعیرانی گەورەی فارس سەعدی و حافظ» خەڵوەکێشان و زوهد و هەژاری و غەم و پەژارەی بەرکوانوی ساردی ماڵە جووتیار و ڕاکەڕاکی دوای بەرغەل و چاوەڕوانیی ئێوارانی هاتنەوەی ڕان بەرەو ئاوایی... هەمو ئەم کەشوهەوایە بەردی بناغەی هۆش و سۆزی (حەسیبی منداڵ و هەرزەکاریان) دانا و، پاشانیش کەم تا زۆر لە هەموو قۆناغەکانی تری ژیانیدا ڕەنگیان داوەتەوە و سەدایان لە دووتۆیی دێڕە شیعرییەکانیدا دەبیسرێت... بەتایبەتی لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە، بگرە تا دوایین شیعری شاعیر لە ١٩٩٧/١/٥دا، زۆر بەئاشکرا ئەو کەشوهەوایە دێنە بەرچاو و حزوریان هەیە... لە پۆلی سێی سەرەتاییدا بوو سروودێکی دانا بۆ قوتابییانی سوڵە و هەموویان لەبەریان کردبوو کەبەم دێڕە دەستی پێ دەکرد:

ئێمەین قوتابی سوڵەی موقەددەس
بێ ترس و پەروایین باکمان نییە لە کەس

هەر لە منداڵییەوە، جورئەت و چاونەترسی، حازر جوابی و نوکتەبازی و هەقبێژی سیفەتی دیاربوون لە حەسیب دا، بۆیە منداڵێکی ئاسایی نەبووە هەمیشە گوڵی مەجلیس بووە. ئەم سیفەتەشی وەها ڕیشەی لە کەسێتی شاعیر داکوتی بوو بەجۆرێ کە زۆربەی نەهاتییەکانی ژیانی سەرچاوەیان لەم سیفەتانەیەوە گرتبوو. لە سەردەمی سەرەتای لاوێتی دا ئاشنابوو بەدنیای شیعری زێوەر و قانع و بێکەس و لەژێر

کاریگەریی شێوازی شیعریی ئەواندا هەوڵی داوە شیعر بنووسێ...

لە ساڵی١٩٤٧دا دەبێتە قوتابی لە (دار المعلمين الريفى) لە شارۆچکەی (محاويل) لە شاری-حلله- بەڵام لە ئەنجامی- ڕاپەرینەکەی ١٩٤٨ دا- بەهۆی مانگرتنەوە، لەوێ دەردەکرێ و دەگەڕێتەوە سلێمانی لە ١٩٤٩دا لە ناوەندی سلێمانی وەردەگیرێتەوە بەڵام دیسان دەکەوێتەوە گێژاوی سیاسەت و لە سەرەتای خوێندنی قۆناغی دواناوەندیدا ئیتر بۆی نالوێ درێژە بەخوێندن بدات و دەگەڕێتەوە بۆ گوندی سۆڵە، لەوێ دەبێتە مامۆستای کوڕانی شێخ...

واتا سەرەتای تێکەڵبوونی شاعیر، بەدنیای جەنجاڵی پڕ سیاسەت لە ڕاپەرینەکەی ١٩٤٨-ەوە دەست پێ دەکات، سەرەتا لە پارتی دیموکراتی کوردستاندا دەست بەتێکۆشان دەکات، تا جیابوونەوەی هەمزە عەبدوڵلا.

دواتر ڕیزەکانی حیزبی شیوعیی عێراقی بۆ تێکۆشانی چینایەتی و نەتەوەیی و نیشتمانیی هەڵبژاردووە. ئەو دوو ئەزموونەی شاعیر لە ژیانی حیزبایەتیدا هەریەکەیان لە کات و سەردەمی خۆیدا ڕەوت و شێوازی شیعر نووسینیان تا ڕادەیەکی زۆر بۆ دیاری کردووە... کە لەناو پارتی دابوو، هۆنراوەکانی زیاتر دروشم هەڵگری نەتەوە و کوردایەتی و خۆشەویستی وڵات بوون. کە چووە ناو ڕیزەکانی (حشع)ەوە تەوەرەکانی هۆش و سۆزی بوونە: برسێتی، هەژاری، زوڵم و زۆر، دەربەگ و ئیستعمار.... هتد.

کە ڕاوەدونانی پیاوانی ڕژێمی پادشایەتی تەنگیان پێ هەڵچنی و کەم دەرامەتی و نەدارایی گەمارۆیاندا، ناچار بوو لە ساڵی ١٩٥١دا بگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی، سەرلەنوێ نوقمی کەشوهەوا و ژیانی سادەی لادێ و کۆڕ و مەجلیسی شێخان و دەروێشان و، ئەڵقەکانی زیکر و تەهلیلە و سۆز و خەڵوەتی مەقامبێژان و دەفژەنان بووە، بەڵام ئەمجارەیان لە تەمەنێکی تردایە بەخوێندەواری و هۆشیارییەکی سیاسی و فیکریی هاوچەرخەوە.

ئەم سەرلەنوێ گەڕانەوەیەی بۆ ناو دنیای منالی و هەرزەکاریی خۆی، جێ پەنجەیەکی زۆر گرنگی بەسەر نەخشی ژیانی داهاتوو و هۆش و فیکرو بۆچوون و تێگەیشتنی لە دەوروبەر و لە دنیا، جێ هێشتووە. عەلمانیەت و ئایین، سیاسەت و دەروێشی، تێکۆشان و خەڵوەت، سروودی حەماسەت خوڵقێن و زیکر و فیکری زاهیدانە... مەدەنییەت و سۆز بۆ ژیانی پڕ لە سادەیی جووتیار و شوانێکی کوێرە دێیەک... ئەم دوانانە و گەلێ دوانەی تر بەبەردەوامی لە یەک ناخی هەڵچوودا لە دژایەتی و لە یەکگرتنەوەشدا بوون... ئەوانەن پێک هاتەی بنەڕەتیی دنیای شیعری حەسیب قەرەداخی.

لەساڵی ١٩٥٤دا جارێکی تر گوند جێ دێڵێ و ڕوو لە شار دەکاتەوە کارێ بۆ خۆی دەدۆزێتەوە لە ساڵی ١٩٥٥دا لەگەڵ هاوسەرەکەیداماڵێکی سادە و ساکار بۆ خۆیان پێکەوە دەنێن. لە ماوەی نێوان ١٩٥٥ تا شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، حەسیب قەرەداخی چەند جارێک بۆ ماوەی کورت کورت لەسەر بەشداری کردن لە ڕێ پێوان و مانگرتنەکاندا، لەسەر خوتبە و هوتافکێشان و شیعر خوێندنەوەی



لەو ئاپۆرا جەماوەرییانەدا کە دژ بەرژێمی پادشایی و ئیستعمار و کۆنەپەرستان ئەنجام دەدران، زیندانی کراوە.

لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی تەمموزی ١٩٥٨دا تا ئەو هەڵگەڕانەوەیەی تیایدا ڕوویدا، لە پێشەنگی ئەو تێکۆشەرانەبوو کە لەگەڵ ملیۆنان ڕەشوڕووتی ئەم وڵاتەدا پشتیوانییان لە شۆڕش و دەسکەوتەکانی دەکرد، بۆیە لەو ماوەیەدا هەم زۆر دەکەوتە بەرچاو، بەرچاوی یار و نەیار، هەم هۆنراوەکانیشی دەقاو دەق ڕەنگدانەوەی ئەو حەماستە جەماوەرییە بوون. کودەتا خوێناویەکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ مشتێکی جەرگ بڕیوو سرەوێنرایە جەماوەری گەل لە سەرانسەری عیراقدا و کۆتایی بەو خەونە کورتە هێنا کە چەند ساڵێکی کەم ئاواتەکانیان پیا هەڵخستبوو، ئیدی گوڵەکانی ئاوات کەوتنە بەر زوقم و وەیشومە... شاعیریش کە خەونی شیرینی لە خەونی خەڵکی تر قووڵتربوو، هاواری لێ هەڵسا و داد و بێدادی خۆی کرد...

هەر یەکەم بەهار گوڵی ئاواتم
کەوتە بەر زوقم و وەیشومەی هاتم
ئەو پێکەی ویستم بیبەم بۆ لێوم
لێیان شکاندم... بۆ قوڕ نەپێوم

ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ تێکۆشەرانی تردا دەسگیرکرا و ڕەوانەی نوگرەسەلمان کرا... تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٥ لەو زیندانەدا مایەوە، پاشان ئازادکرا، بەو مەرجەی لە کوردستاندا نەژی و نەشیان گێڕایەوە سەر کاری پێشووی... ماوەی ئەو دوو ساڵ و نیوەی کە نوگرەسەلماندا لە نێوان گەورە تێکۆشەران و گەورە شاعیران و گەورە هۆشمەند و ڕووناکبیرەکانی کورد و عەرەبدا بردیە سەر، بۆی بووە قوتابخانەیەکی ڕاستەقینە و هۆش و گۆشی تیا قاڵ دار و، هەر لەوێش بۆ یەکەمین جار گوێبیستی شیعری نوێی عەرەبی بوو... جارێکی تریش سیاسەت و ژیانی پڕ کوێرەوەری و ئەشکەنجە، وەرچەرخانێکی ڕیشەییان لە بیر و هەست و شێوازی نووسینی حەسیب قەرەداخیدا هێنایە ئاراوە. هەروەک خۆی لە دەسنووسێکیدا دەڵێ، لە نوگرەدا یەکەمین شیعری شێواز نوێم نووسی... شیعری (ئەی ڕۆژ) و شیعری (بەهاری عومرم) کە لە فەرهەنگی خەمی ژمارە -١-دا بڵاوبونەتەوە لە نوگرەسەلماندا نووسراون، جگە لەوانەش شیعرێک بەناوی (شیعری بەرائەت) واتا پاکانەی نووسی کە تیایدا بەتەوسەوە لەوانە دەدوێ ترس و لەرز دایان دەگرێ و بڕوایان لەق دەبێ و لەبەردەم جەللادەکانیاندا بەچۆکدا دێن و پاکانە پڕ دەکەنەوە. بەڵام بەداخەوە ئەو شیعرەی بۆ دەرباز نەکرا لە زیندان.

شەوی وانەبووە ئەی ڕۆژ بەچاوت
ئەیەوێ ون کات شۆرەت و ناوت
سا لەسەر باڵی سیمرخی خەبات
هەڵبێ لە ئاسۆی بڵند و وڵات

له ناوەڕاستی ١٩٦٥ تا ساڵی ١٩٦٩بەدوورخراوەیی، له بەغدا لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانیدا بەکولەمەرگی و بەکوێرەوەری بەڵام بەسەر بەرزی، گوزەراندیان. له ناوەڕاستی ١٩٦٩دا بەر لێبووردنێکی گشتی کەوت کە تایبەت بوو بەگێڕانەوەی دەرکراوە سیاسییەکان بۆ سەر کارە حکومییەکانیان... گەڕایەوە بۆ سلێمانی له کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار بەمووچەیەکی زۆر کەم چۆوە سەرکار وەکو فەرمانبەرێک.

تا کۆتایی ساڵانی ٧٠ تا ڕادەیەک کەم تا زۆر ژیانێکی ئارام و ئاسایی بردە سەر. بەبێ ئەوەی بەڕەسمی لەگەڵ گروپی ڕوانگەدا بووبێ، له ١٩٧١/٣/٢٦ شیعری (هەوەڵ مەزات)ی نووسی کە ئەگەر بەوردی هەڵسەنگێنرێ بەبێ هیچ بەرتیلێک له لوتکەی شیعرەکانی ڕوانگەدا خۆی دەبینێتەوە.

هەوەڵ مەزات ... هەوەڵ مەزات
خواوەندانی وەرزی بەهات
هەتا ئاوی ڕووم نەتکاوە
هەتا خامەم سەری بەرزە
لە برسا لووتی نەشکاوە
هەتا حەرفم، هەتا دێڕم
لە ڕێی (جەنگیز) نەڕژاوە
هەتا پەرتوک و پەڕاوم
ئاهێکی گەرمی تیاماوە
هەتا لە(طور)
ڕووم وەرنەگێڕاوە لە ژوور
تا بۆ گوێرەکەی (سامری)
دەستەو نەزەر نەوەستاوم
هەتا لێلایی ئاخ و داخ
نەی تەنیوە بەری چاوم
بێن بمگەنێ... هەوەڵ مەزات
هەتا هەر کوێ دەنگم ئەگات
هەوەڵ مەزات ... هتد

له کۆتایی ساڵانی ٧٠دا نائومێدی و تاڵاوێکی زۆر سەرلەنوێ بەر گەرووی شیعری دەگرێتەوە و، هەروەک له سەرەتای ٦٠دا بۆ له دەستچوونی خەونەکانی لاواندییەوە ئەم جارەیش شینی بۆ خەونەکانی، خەونە کوژراوەکانی دەگێڕایەوە. له شیعرەکانی دووتوێی بەرگی یەکەمی فەرهەنگی خەمدا نموونەی زۆر لەو شیعرانە بەرچاو دەکەون.

ساڵانی هەشتاکان، بەتایبەتی له حوزەیرانی ١٩٨٣بەدواوە، ساڵانی سەرلەنوێ شیبوونەوە و توانەوەی



کەسێتی شاعیر بوون، ساڵانی سەرلەنوێ داڕشتنەوەی بونیادی ئەقڵ و فیکر و هەست و سۆز و زمانی شاعیر بوون له حوزەیرانی ٨٣دا (کەژاڵ) گەورە کچی شاعیر له ڕۆژی وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسدا بەکارەساتی ئۆتۆمبێل گیانی له دەست دا... له کۆتایی ٨٤ دا (بەهار)ی کچی نەونەمامی شاعیر کە قوتابیی هونەرە جوانەکان بوو، کتوپڕ بەنەخۆشیی شێرپەنجەی خوێن گیانی له دەستدا.

ئەی قەدەر! ئاخۆ ئەمە چ داخێکە بۆ شاعیرێکی وەها خێر لە خۆ نەدیوت هەڵگرتبوو!؟ داخۆ ئەمە چ دۆزەخێکە لەسەر ئەم زەمینە بۆ دەروونی باوکێکی سەرسپیی خەم لە کۆڵ و ئەشکەنجەدراوی دەور زەمانەت داخستووە!؟

ئەڵبەتە ئەم باسە جێی ئەو شیکردنەوەیەی تیانابێتەوە کە پێویستە لە بارەوەی بکرێ... ئەو دوو کۆستە گەورەیە ڕۆڵێکی زۆر دیاریان هەبوو لەوەرچەرخانێکی تری گەورەی زمان و شێواز و جیهان بینیی شێخی شاعیران و پیری عاشقان، خاوەنی فەرهەنگی خەمدا.

چەند وێستگەیەکی تری گرنگ هەن لە ژیانی شاعیر و دونیای شیعرەکانیدا بەخێرایی ئەوانیش بەسەر دەکەینەوە...

لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی گڕی شۆڕشدا، لەکۆتایی حەفتاکاندا سەرلەنوێ بروسکەی ئەو گڕە جار جارێ گەرماییەکی دەگەیاندەوە بەبەستەڵەکی نائومێدی. تروسکەی ئەو شۆڕشە جار جارێ ڕۆشناییەکی دەخستەوە ناو تاریکستانی هەرەس.

لە ١٩٨٨/٣/١٦ دا هەڵەبجە شەهید کرا... لە ١٩٨٨/٣/١٩ دا یەکێ لە جوانترین چامە شیعرییەکانی حەسیب قەرەداخی لە نووکی خامەوە تنۆک تنۆک وەک چۆڕانەوەی خوێنی دڵ، وەک چۆڕاوگەی بانێژەی ڕۆحی ئازاردراوی تکایەوە سەر کاغەز و هەڵەبجەش بوو بە(هەڵەبشیما).

لە گەرمەی ڕاپەڕیندا، پیری عاشقانی ئازادی چامەی شیعریی (من هیچ ناڵێم)ی نووسی و لە دەنگی گەلی کوردستانەوە خوێندرایەوە و لە ماڵی هەموو کوردێکدا دەنگی دایەوە و بووە وێردی سەر زمانی خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان.

ئەزموونی پڕ مەینەتی و کارەساتی ڕەوە ملیۆنییەکەی بەهاری شکستی ڕاپەڕین، ئەو ڕۆژی حەشرەی کە لەناکاو مرۆڤی کوردی خێر نەدیوی لە خەونی ئازادی ڕاچڵەکاندەوە و شایی ئازادیی لێکردە شینی شکست و ئاوارەبوون، بۆ یەکەمین جار لە نووکی خامە، جەرگ بەخوێنەکەی شێخی شاعیرانەوە تکایەوە سەر رووپەڕ و بووە بەڵگەیەکی مێژوویی پڕ لە کارەسات و دەرس و عیبرەت و نەفرەتو تۆڕەیی مرۆڤی کورد لە دوو توێی چامەی شیعریی (شەو و گریان و مەرگ)دا.

سڵاو لە یادت... لە شیعرت... لە خەباتت ... لە خەم و ناسۆرەکانت... لەو هیوا و ئاواتانەت کە هەموو بەرەبەیانێک گەرمایی بەگیانی مەیبیومان دەبەخشێ!

***

# فەرهەنگی خەم

# ١



## پێشکەش بێت بە:

١- ئەو یادگارانە...
٢- ئەو ڕۆژگارانە...
٣- ئەو ئازارانە...
٤- ئەو جوانی و جوانانە
کە بەشیان دیارە لەم شیعرانەدا
خوێنەری خۆشەویست تکام وایە ئەوە بزانی کە شیعرەکانی ئەم دیوانە:
١- هەڵبژاردەی شیعرەکانم نین.
٢- هەموو شیعرەکانم نین.
٣- بۆیە بێ پێشەکی و بێ لێکۆڵینەوە پێشکەشتانی دەکەم، چونکە ئێوە لای من دەروونتان لە هەموو ڕەخنەگرێ فراوانترە، هۆشیاریی و بیرتان لە هەموو زانایەک پایەدارترە، تاقی کردنەوەتان لە هەموو پیرێک دنیادیدە ترە، حوکمتان لە هەموو حوکمێک ڕەواترە!...

## دەستی خۆزگە

١٩٧٨

خەوەکانم بەدوای تیلەی چاوەکانتا ئاوارەکرد نەهاتنەوە
چاوەکانم کرد بەپێکی چاوەڕوانیی لە ڕێگەتا نەتخواردنەوە
ڕۆژەکانم کرد بەتۆوی بەر کۆشەکەت سەعاتێکت لێ نەڕواندن
ئەو دەردانەی لەناخمدا گەرایان بوو تەلیسمێکت لێ نەشکاندن

*

ئەگەر کەسێک لێت بپرسێ وەرزی بەهار کەی هەڵ ئەکەی چی پێ ئەڵێیت؟
ئەگەر بەهار ڕێت پێ بگرێ و بڵێ: ها من: خۆم و چیام. چی ناو ئەنێیت؟
ئەگەر ئاگر لە کێوی طوور، بەربوو وتیان، خوا لەوێیە ئەچی بۆلای؟
ئەگەر وتیان درەنگ هاتی خوا چۆڵی کرد، گەڕایتەوە، هەروەک ئەوسای؟!

*

خۆ من ڕازیم چاوەکانم نەمێنن و وێنەی چاوت لە جێیان بێ
خۆ من ڕازیم، لەسەر هەموو دنیای دڵم، نەک داخێکت، دوان و سیان بێ
خۆ من ڕازیم برووسکەیەک لە تۆوە دێ بیگرمەوە وەک تۆپی گوڵ
من هە تا ئێستاش ڕازی بووم، هەرچی بەردێ ئەگرنە تۆ، بیگرمە دڵ
چون ئەزانم تۆ هەڵدێیت و باڵای بەرزت تادێت ئاسۆ ئەکاتەوە
پیرەمەگروون بۆ پێشوازیی، خوێن جمانت دەنگی مێژوو ئەداتەوە
وەک مرۆێ زۆر ڕەوایە بڵێم ژاری چاوەڕوانی هیوا بڕە
زۆر ڕەوایە بڵێم ژاری چاوەڕوانی وەک ئەی بینین کتێب دڕە
ئیتر بۆ من وەک چەپکێ گوڵ ئەو جوانییەت بەیەخەمدا نەکەم ئەم ساڵ
دەستی خۆزگەم نەڕژێتە ناو سینە و مەمت ئێوارانێ چەشنی مناڵ

*

هەڵمسێنە لە نامۆییم لە دوای خەوێک دنیا خۆی بۆم لێکداتەوە
تیشکی خۆری دوای ڕەهێڵە دەرگای هەستم بەیانیانێک بکاتەوە
لە فرمێسکا ئیتر ناوت نابرژێنم، با بتکێتە سەر لێوانم
لێویش ئەگەر وا کپ کرێ بار ئەگرێت و دەنگی ناگاتە چاوانم

*

لۆرکا دنیای لەناو چاوی ئەسپێکا دی بەرەو ڕووی ڕۆژ تاوی ئەدا
حەلاج حەقی لەخۆیا دی وەک برووسکە لە بیلبیلەی چاوی ئەدا



کرێکارانی مایکرۆویک هێشتا خوێنیان لە کاسەی ئەم سەدەش دایە
پەیکەرەکەی نیویۆرکیش ئەژنۆی لەناو سەرچاوەی ئاوی ڕەش دایە
ئاوارەکانی ئەم دنیا هێشتا هەوارگەی باوانیان لەسەر چینی سەربەشدایە
کێ ئەتوانێ ڕۆژ هەڵگرێ لەسەرشانی بەرەو شاری شیعری شێواو
کێ ئەتوانێ بەسەر لێوی خۆزگەکانما گۆی مەمانت بێنێ و ببات
کێ ئەتوانێ بۆ هەڵپەڕکێی ئەم ئاهەنگە پیری شاهۆ لە خەو بکات
من ئەمەوێت بۆ گەرماکانی ڕێی تەمووز نەورۆزی نوێ بەفراو ببات

***

## بارانی چاوەڕوانی

١٩٧٨/٧/١٥

تۆ بەتاوی بارانێکت دام گرەوە زۆر تینوومە
دەمی لێوی ڕەشەباکان کاوێژ ئەکەن بەوەیشوومە
ساڵ، ناساڵە کەی دێیتەوە ئاشیانەکەم وا وێرانە
تەنها دڵمی تیایە بەسەوزی ماوەتەوە بێ بارانە
ئازیزەکەم سەردەمێکە ڕێی بۆچوونت وەک جەنگەڵە
بەسەر لێوی چەمەکاندا ناشکێتەوە هەوری پەڵە
منی دڵدار هەرچەن ئەڵێن خەزەڵوەرە مەرگی بەهار
ڕەچاو ئەکەم، پەیکەکانی گەردەلوولن ئەدەن لە شار
هۆ... شۆخەکەم کەی شەست ئەکەی، باناخم وشک نەبێتەوە
من دەروونی کانییەکەم بەشەتاوت ئەکرێتەوە
ئەی بارانی چاوەڕوانیم! نەیجە بڕان تێم کەوتوون
لە سێبەری خەمی خۆما، هەستەکانم نەخەوتوون
ئەگەر خەمم بێتە بەر و دەست بخاتە گەردنی ساڵ
وەکو مناڵی تاقانە ئەچمە ناو بێشکەی گرۆگاڵ
هەورێ کوانێ لەم ساڵە با باران بکات بەپۆپلانەم
بیسەلمێنم نەنگی نییە کە من هێشتاکە دێوانەم
هێشتا هۆشم دێت و دەچێ بۆ ئەو دەفرەی دەقی خۆی بێ
تۆ بەرهەم و ئاکامێ بیت لەو دەفرەدا ئەمیش هۆی بێ

چرایەکم بدەرە دەست ڕێگەی ناخت بدۆزمەوە
(ئیستاتیک)ی ئەم دنیایە هێشوو هێشوو بقۆزمەوە
ئەگەر لەسەر لێوەکانت بنیشنەوە هەستەکانم
ئەگاتە گوێی شیرین و شەم، هەموو سۆزی بەستەکانم
خاتووزینیش لە خەو ئەکەن بەمێژوودا سەربەنەوە
کە ئەمجارەش لە شاری دڵ مەشخەڵی تۆ هەڵکەنەوە
ئەی جوانەکەم با بێمەوە سەرباسەکەم ماوە کەمە
عاشق موغی مۆبەدێکە، جامی پڕ لە بادەی خەمە
خەم بێنە بەر، چاوەڕوانیم ئێجگار بارێکی گرانە
کوا پێکەکەی بادەی ژیان پێشکەشم کەی لەو چاوانە
بەشەپۆلێک، گەڕایەوە بۆ قوولاییت کێشم بکە
کەناری ڕەق شکاندوومی تیمارێکی ئێشم بکە
لەو دەمەی تۆ من ئەزانم تۆکی ئاڵ هەڵبمژم
لەناو کلپەی (أنا الحق)دا وەکو حەلاج خۆم بکوژم

***

## ڕووخساری یار

١٩٧٨/٣/١٣

لە ڕووخساری گوڵی خۆم چیم بەدی کرد خوایە
زمانم وا لاڵ بووە شیعرێکیشم بۆنایە
ئەگەر زمانم بەربێ، باسی جوانیت وا ئەکەم
وەکو موسای پێغەمبەر، قسە لەگەڵ خوا ئەکەم
بۆ شیعری چاوەکانت دڵم ئەکەم بەدەفتەر
لە دامێنت دەئاڵێم وەکو تۆزی ڕاگوزەر
لەناو باخی زوڵفتا، ئەبم بەسۆزی شەماڵ
لەناو باخچەی سینەتا دەستم دەکەم بەمناڵ
لە نیشتیمانی لەشتا،(          )
لە هاتووچۆ و گەردشا(    ) ئەکەم دەستنیشان
لەژێر سەروی بالاتا، ئەبمە سەراو و کانی
فێنکی ئەدەم بەگیانت وەها خۆیشت نەزانی



لە فنجانی سینەتا شەرابێ وا هەڵ ئەدەم
نەشئە بدا بەڕووحم، مەستی بدا بەجەستەم
لە شەکراوی ئەو دەمەت، دەمی خۆم پاراو ئەکەم
سێبەری سووک و فێنک بۆ سەر هەردوو چاو ئەکەم
لە پلووسکی گەردنتا، ئەبم بەهێڵی هەتاو
مەگەر هەر چاڵی تینە، دەرم بخات ناو بەناو
لە هێلانەی باوەشتا خۆم خپ ئەکەم بێ ورتە
ئەڵێم توخوا لام مەبەن دنیا عومرێکی کورتە
نوێژێکی پێغەمبەریی، دا ئەبەستم لە ڕێتا
بتوێمەوە ئێجگاری، لەنێوان دەست و پێتا
لە میهرەجانی گوڵتا، شاعیرێکی دەربارم
لە مەیخانەی سنوورتا من هەمیشە خومارم
لەسەر کەناری ئاسۆی ئێوارانی نەزەرتا
گەلاوێژم و ئەکشێم بەسەر دەشتی کەمەرتا
لەسەر ڕوومەتی سوورت ئەبم بەخاڵی کوتراو
لە پێڵووی چاوەکانتا ئەبمە خەوی نەبینراو
لەناو نوێنی ئارامتا، ئەبمە خەو بینینی خۆش
وەک گەردانە باز ئەدەم لە سینەوە بۆ ناو کۆش
ئەبمە ماسی لە دەریای بۆن و بەرامەی خۆشتا
هەزار تۆفان هەڵبسێ سەرم هەروا لە کۆشتا
سەرسام ئەمێنم کەتۆ حەز لە خودی خۆت ناکەی؟!
بەدوای ناوی جوانیتا وەک عاشقێ ڕاناکەی!!
ئای کە جوان و نازاری، ئای کە شیرین ڕووخساری
تۆ ئەمەندە ناسکی، چۆن دڵی من ئەهاڕی؟!
خۆ تۆ ئێستاکە، بەری، بەریش خواردنی هەیە
منیش، ئێستە عاشقم، عاشق کوژراوی مەیە
توخوا ساوەکو مەزە، مزریی بدە بەلێوم
بەڕێی ئاخو ئاواتا، ماندووم، ئێجگار پەشێوم

***

## له سێبەرتا

٩٧٧/١٠/٢٩

کاتێ دەریای چاوەکانت شەپۆل ئەدات بەرەو کەنار
منی هەژار
له سێبەری تۆ بەولاوە هیچ نامێنێ بمدا له خۆی
تۆیش له جیاتی دەروونی من
دەم و چاوی ئاسمان ئەشۆی!
بلێیی گومان له سێبەرتا ، ڕێگەی هیوام لێ گوم بکات!
پشووم نەدات
بمداتە دەست شەپۆلەکان
دەستم نەگاتە مەشخەڵێ، نوقلانەی ڕزگاریی پێیە
که بروسکەی تیلەکانت ناو بەناوێ هەڵی ئەکات
بلێیی دنیای من هەر شەوبێ و ئەنگوستە چاو ، ڕێ دیار نەبێ
خۆر له گەرووی تاریکیدا نەیەتە دەنگ، بێزار نەبێ؟!
لێوی شەفەق نەکرێتەوە بەسروودی هەژارەکان
گزنگ له دڵما هەڵ نەکات، ڕۆژم له شەو بکاتەوە؟!
چاوت لەو قەرزەی لایەتی ماچێکیش بێ، بمداتەوە

***

## حەزم ئەکرد

١٩٧٧/٨/٢٤

حەزم ئەکرد ، هەموو دەنگی ئەم دنیایە
هی من بوایە
لەسەر لووتکەی پیرەمەگروون
ڕاوەستایەم وەک ئالایە
هەر بانگی تۆم بکردایە
هەر ناوی تۆم ببردایە
حەزم ئەکرد داری بەریی ئەم دنیابم
لەناو باخ و ڕەزی تۆدا...



کلاوی بەر، لەسەر بکەم
حەزم ئەکرد گوڵی باخچەی ئەم دنیابم
لەناو باخچەی ماڵی تۆدا
هەزار چەشن، کالای عەترین لەبەر بکەم
حەزم ئەکرد... هەرچی یار و دڵخواز هەیە
نۆبەرەی ماچ لای تۆ بکەن...
بەڵێن بدەن...
بەرگی تافی نەوجوانی له ڕووباری دێوانەتا ، له شۆبکەن
حەزم ئەکرد...
چەم و جۆگەی ئەم دنیابم
هەر دامێنی کێڵگەکانتم ئاو بدایە
هەرچی دەنگی نێر و مێیە
لەوێ جووتەی بگرتایە
حەزم ئەکرد... شارەکانم
لەتۆوە ڕێی بۆ بچوایە
حەزم ئەکرد...
خەوی وێڵ و ئاوارەکەم
له تۆوە ڕێی دەرکردایە
من حەز ئەکەم...
له کانییەک تێراو ببم...
لای تۆوە بێ بەناو شارا
بەناو دێڕ و دەرکەنارا
بەناو مەزرای تاپۆڕەشی نەخشە ونا
بەقوولایی توونی گڕی خۆزگەی منا
بەناو ژانی کۆنە زامی دەم مردووا
بەناو گۆڕی زیندووانی هەو کردووا
وەکوو قاقای ئەو ئالایەی
لەناو دەستی شۆڕشگێڕێکی پێکراوا
شەپۆل ئەدا
بەتەوسەوە دائەنەوێ و...:

دامێن لە خوێن و خۆڵ ئەدا!
حەزم ئەکرد شاعیرێک بم،
وەک ئاگری باوە گوڕگوڕ نەکوژێمەوە
چاوگەیەک بم قەت بەرەو خۆم نەکێشمەوە
درەختێک بم لە هەڵچوونا نەشکێمەوە
لەبەر تیشکی چاوەکانتا، خۆزگەکانم بهۆنمەوە
خەوەکانم بدۆزمەوە
سووری پوختی خەرمانی خۆم بگوێزمەوە
حەزم ئەکرد و حەز ئەکەم

***

**صـــبح پێ ناکـــەنێ، تا بێ نەوایە، شـــەو بەدڵ نەگـــری**
**گـولێ ناپشکوێ، تا بولبـولی، صـبـحێ بەکـوڵ نەگری**
**بەری نابێ درەخـــتی باخی عـــالەم، تا هەمـــوو یەک دەم**
**بەیەک سۆز و بەیەک شۆڕ و بەیەک دەنگ چڵ بەچڵ نەگری**
**حەمدی**

## ١- کە، خەوم دی

**١٩٧٧**

من نازانم ئەم دووانەیەی... شەو ڕۆژن...
کامیان پێشی کامیان ڕووی دا،
بەڵام زۆر چاک لام حاڵییە،
کە من خۆمم، لە خەوا دی زانیم شەوە،
ئەنگوستە چاو...
نەشم پرسی، چۆنە هەتاو،
گرنگ ئەوەبوو من شەو بووم
بەبێ ئەوەی پێ بزانم
خولیایەکی بێنەوا بووم...
گڕم سەند و تەقیمەوە
لەناو خەندەی بەر بەیانا



شەوم سووتان،
کە پێم دانا، ئێستەش جێگاکەی هەر دیارە
چاڵێ ئەشکی ئێجگار سوێرە و...
درمێک ئەشکەنجە و ئازارە!،

## ٢- ڕۆژی دوایی

لە چمکەوە..،
خۆم ئاڵان بەباڵای ڕۆژا
کەوتینە دوای ڕچەی شەوگار
چەقیمەوە لیتەی ئازار
هەرچی سوبراوی ڕێگا بوو
کات ڕژانیە گەروومەوە
نەیهێشت ئاهێکی جارانیش..
بۆ خەمی خۆم بجوومەوە،
تا سبەینێ لە بیرم بێ
لەسەر لەپم بیخوێنمەوە
تاریکە و ڕوون...
بچمە نێوان بوون و نەبوون
کە ڕووم کردە دەمی گەردوون
گریام، گریام
ئەمجارەیان ئێجگار بەسۆز
گوڵی پشکووت کەوتە بەر چاو
لێوی گرت بۆ ماچی هەتاو
جێ گریانمی پێوە دیاربوو
هەڵبەسێک بوو...
هەموو دنیای هۆنیەوە
هەتا لە توێ توێی ژیانا
توێیەکی نوێی دۆزییەوە
ئێوارە هات، کۆشی هیوام، کۆکردەوە
خەو گرتمی نازانم چەندیم بردەوە...!

## ٣- شەوی دووەم

لەناو شەوا، بووم بەژانێک
مامان نەبوو لێم نەترسێ
کتێب نەبوو لێم نەپرسێ
شەیتان نەما بەتەلیسم بانگی نەکەن بێتە سەرم
دەستێکم لێ بوەشێنن
مەتەڵێکم تیا هەڵ بێنن
ئاوی ڕەشی دەباخ خانە
بڕژێننە ڕێی ئازارم
دەس بنێنە بینی شارم
تا درەختی باخی ماڵی باوە گەورەم... بێ بەربکەن
بەختی ڕۆڵی کۆ کراوەم، وەک کڵاوی،...
سەخری جنێ، لەسەر بکەن
بەسەر دەنگی ئەحمەد بەگا، ماڵەی ونبوونیان ئەهێنا
تا کەس بەو ڕازەی نەزانێ
هەر گریانی، چڵ بەچڵی ڕەشبەڵەکی ڕەنج کێشانە...
ئەیکاتەوە دەرکی خڕی گشت شارەکان
دنیای لەخۆ بێزارەکان

## ٤- ڕێگەوبان

ڕێ، ڕووباری، پیک بەشانە،
خاک چاوەڕێی سەر پەڵەیە، چەند بێزارە
شاعیر کوولەکە ئەشکێنێ...
دەنگ ئەنێتە سەر منارە،
کاروان، هەموویان دڵدارن
کاروان هەموو بەستەی گەرمی...
کۆرسی ئەشکەنجە و ئازارن
کاروان ڕێگەی ئێجگار دوورە
کاروان کە ڕێ بگرێتە بەر



ئێجگار سوورە لەسەر ڕۆیین
ئێمەش، هەموو شوکر، خۆیین
کاروان ئەبێ هەموو بگرین
چونکە گریان مویارەکە
چونکە، گریان تەدارەکە

***

## فەرهەنگی خەم

بەتۆ بگەم... نەم بینی... هەتا تامی بچێژم
بەڵام ڕێی ئاوارەییت لە خاکما ئەنێژم
ئاوی ئەم باخە کۆرپەم، بەچێژی ئازار ئەدەم
تا خەم بهێنێتە بەر لە دەرکی سەد شار ئەدەم
فەرهەگەکان ئەهێنم وشەی خەمیان خڕ ئەکەم
بەم دەسکەوتە، دەفتەری دەردم تەواو پڕ ئەکەم
لەبەر سەر مەشقی چاوت جامی شەفەق ئەهێنم
پەیتا پەیتا بەستەی خەم لە خەمباران ئەسێنم
لە دارستانی شەوی مەینەتی ئەمجارەما
لە دامێنی خوراوی ئەم وێرانە شارەما
پێک لە دوای پێک هەڵ ئەدەم ئەم کۆکتێلە تێکەڵ بێ
ئاسۆیەکە نەزەرگەم، ئاوابوونتی، لێ هەڵ بێ

١٩٧٧/٧/٢١

***

## ڕاز و گلەیی

١٩٧٧/٧/٦

کوا قومێک... تا من بڵێم ها چەمێک
خەندەیەک بێنە بڵێم ها خەمێک
وشەیەک کوانێ ئێجگار سادەبێ
بڵێم ها، ڕازێک دێڕی بادەبێ
بۆمی دیاریکە، جێگەی سڵاوێک
بۆت ئەگرمەوە دەریا گوڵاوێک

بەڵێنم دەیێ تاوێک بێیتە لام
سۆزم ئەبێتە ئاڵا لەسەر زام
گفتی دیدەنیم بدەیتێ جارێ
کوێرە دێی عومرم ئەبێ بەشارێ
جامێکم دەیێ لە بادەی هیوا
لە تۆ بەولاوە هیچە و ماسیوا
سێبەرێک بکەی بۆ سەری شێتم
تۆ هەر کوێیەک بیت بێ گومان لێتم
گەر بیرت نەچم لەم جەنجاڵەدا
هەر ئەم عاشقەم لە سەدساڵەدا
باساڵێک ڕۆژێ تۆ بڵێ ساتێ
بێیتە گوزەرم و دەمم بتگاتێ
ئەوسا چپەیەک عەشق و ڕازێکە
هەر وشەیەکم، دەنگوباسێکە
من ئەو عاشقەم، ئەم خەم لەو خەمم
موتربە ئەبێ و ئەبنە بەرهەمم
کوا بارانی تۆ، بڕژی بەسەرما
ڕەگی نوێم ئاودا لە حەرفی گەرما
بڕوێم و بڕوێم و پەل بهاوم
ئاسۆی ئەم دنیا بگرمە چاوم
بی بەگەوهەری باری یەک بارم
بێتەدی خۆزگەی سەد هەزار جارم
لەناو ماچێکتا، ئەمە ئاوازێ
عاشقی دنیا بەمن بنازێ

***



# ڕاز و ناز

١٩٧٧/٤/١٢

بەناو گیانما دێیت و دەچی
شەماڵی ناو باخی بەهار
مەمشکێنە، من ناشکێم
تازە وا بووم بەگەوهەردار

*

پێشی چاومت پڕ کردووە
هەر باڵای تۆم لا دیارە
ئەی تۆ لەلای خۆت، نەنگ نییە؟!
بڵێین ئەو شۆخە بێ یارە

*

لە ئاوێنەی چاوەکانتا
دەشکێتەوە وێنەی دڵم
جار، جار لەخۆم بایی ئەبم
ئەڵێم ئیتر منیش گوڵم

*

لە شوێن پێتا خۆم گرتووە
تۆیش لەخۆما ئەپەرستم
لە شێوەتا ڕەنگم هەیە
هەمووی خۆتە هەست و نەستم

*

من ئەو باخەم، لێم بباریت
هەر خۆم ئەبم بەهۆنراوە
بەئاوازا دێمە خوارێ
وەکو تاڤگەی ئەو بەفراوە

*

هەر کە هاتییە ناو دڵمەوە
جیهانێکت تیاما ڕووان
بەهەشتێک بوو کرایەوە
بەرووبوومی هەمووی ژوان
*
لەخولیاما شیرینێکی
هەزار بێستون لە ڕێتایە
ئەگەر بێت و دەس بەرداربم
کوا کێ ئەمەی لا ڕەوایە؟!
*
بمگرە خۆت وەک ناوی خۆت
بەرم مەدە بەرپێم لێژە
پێکی هیوام دانەناوە
گیانە زۆر حەیفە مەیڕێژە

*

ئەگەر لە کووپەی خوما بم
ئاوڕێکم لێ بەیتەوە
ئاوازێکت پیا هەڵ ئەدەم
قەت لە خۆتی نەکەیتەوە

*

هەر شیعرێکم لەوحەیەکە
نیگارێکتم تیا کێشاوە
هەر یادێکت پیاڵەیەک بوو
دڵۆپێکم نەڕێژاوە

*

کوا کێ وتی ئەبێ... وا بێ؟
بەلێوی تۆ لێو تەڕ نەکەم
هەردوو گوێی بەختی خەوتووم
بەسروودێ وا کەڕ نەکەم
*



کوا کێ وتی... ئەبێ وابێ؟
ئەم مۆتەکەم لێ نەزڕێ
هەرچی وشەی ئازادییە
لە دڵمەوە هەڵ نەفڕێ

*

تاریک و ڕوونێک بۆت ئەڵێم
خورەی بێ وەک ئاوی کانی
خۆم ڕائەخەم لە سینەتا
وەک سێبەری لای بەیانی

*

لە چاوانتا بەدیی ئەکەم
دنیام، هەموو خۆش و تاڵێ
لە جۆلانەی برژانگێکتا
ڕائەژەنرێم وەک منداڵێ

***

## دان پیانان

تەرمۆمەتری ئەفسوس بێنن
سووک بیگێڕن بەسەر چاوما
بێن دەست دانێن لە هەناوما
بزانن چۆن گرانەتا ئەم ڕژێنێ
بزانن چۆن چرکەی دڵم هەموو ساتێک وردم ئەکا
لەناو لەپی کاتی عومرا ئەم هەژێنێ
بزانن چۆن شیعرەکانم بینە قاقامیان گرتووە
دەرباز نەبن،
ئەمانیش وەک ئاهەکانم لە باخەڵما بێ ناز ئەبن

نیسان ١٩٧٧

***

## داد

بۆکوێ بچم، چی پەنایە؟!
ئەم ئازارەم لێ زارێکە
بەرەو ڕووی من توونی شەوە
زەردەخەنەی لێ هەڵنایە
لۆمەم مەکەن دەردی عاشق بێ هاوتایە
دەردی عاشق لە خۆی دایە
ڕەگی هەموو دنیای تیایە
دەردی عاشق هەر ژانێکی
کۆڕپەیەک و دوو خولیایە

***

## هەڵچوون

بۆچی کفرە، من شاعیرم، من عاشقم؟
بۆچی کفرە دەم و دڵم یەک ڕووبارن لەم بەر خۆرە؟
بۆچی کفرە، هەر گەرووی من هەڵی ئەدا بەستە و هۆرە
خەڵکە وەرن، لێم تێ بگەن؛
من دوو شتم...
من مرۆڤ، من شاعیرم
مرۆڤێکم وەکوو ئێوە
بەڵام بێینە سەر شاعیریی
دنیا بێ من ئافرەتێکە...
بێ ڕاز و ناز وا بەپێوە

***

## پرسیار و ئازار

باوە باپیر، پرسیارەکان تێم ئالاون
دەست ئەکێشن بۆ ناو چاوم
ئەم کەپرەی تۆی وا لەژێرا
لەگەڵ حەرفا بۆت هەڵدرا



ئەم هەتاوەی شانەی ڕیشی چەرمووت ئەکات
لەگەڵ عومرا بۆت هەڵکرا
ئاخۆ منیش خەو ئەبینم؟
کە تۆ مردووی!
کە تۆ کاڵایەکی بووردووی
کە تۆ مەمی تۆ فەرهادی
تۆ عاشقی نامرادی
تۆ ئەو ئەرزەی بەرت ئەبێ بەشەوچەرەی ماڵە گەورە
ئەو بیمارەی شێخ و مەلات لێ خڕ ئەکا دۆعای دەورە
تۆ ئەو چەمەی هەر بەرەو خوار بۆی ئەکشێیت و قەت لانادەی
ئەو ڕێبوارەی ئەمڕۆ تەنها هەر تۆ پیادەی!

***

## لۆمە

باوە باپیر، سیبریاش بی، سەهۆڵ بەسە
باوە باپیر، سارای دووری ئەفریقایش بی سەبوون بەسە
باوە باپیر، گیای مەرگیش بی، نەبوون بەسە
باوە باپیر بەیتێکم بۆ هۆندیتەوە ساڵ بەو عەیام
کوڕەکەچەڵ دەستی دایە پیک و وتی...
شاری تینو پاراو ئەکەم...
ئەو داستانەی هەزار ساڵە وەک بالورە ئەیلێینەوە
لە زرمەی پیک وەشاندنما...
جام لە دوای جام ئەی خۆینەوە

***

## قسە هەزارە و دوانی بەکارە

شاعیرانی ئەم جیهانە منیش بەستەی خۆشم هەیە
دێوانەکان، منیش حاڵ و هۆشم هەیە
عاشقەکان منیش بادەی نۆشم هەیە
منیش لە کێڵگەی مێژووا وەردم هەیە

داماوەکان، بێ چارەنیم منیش ئاهی سەردم هەیە
ئازادی خواز لە هەر کوێ هەی منیش وەک تۆ دەردم هەیە
سوێندم بەسۆزی عاشقان
منیش هەزار فەردم هەیە
لە سێبەری دار بەڕوودا، نان و دۆیەک بێ خەم بخۆم
ئەم بینی چۆن بەسەر مەشقی بەستەکاندا
وەکو وێنە و ئاواز ئەڕۆم
لەبەر پلووسکی تاڤگەکان وەکو پەری
ڕووت ئەبمەوە لەبەر ڕۆژا
گیانم پاکە وەک توێی ئاوە
ڕووەکی بەرگ وردە وردە بە بالاّما هەڵکشاوە

***

## خەم و خەیاڵ

١٩٧٧/٣/٢٨

من بەتەمای شاییەکم... خەیاڵم بۆ لێ تێک ئەدەن؟!
بۆ پەڵ ئەگرنە کوپەی مەی تەشەر لە چاوی پێک ئەدەن
ئەم خەیاڵەم هەتا ئێستا هەزار خەوم پێوە دیوە
نائومێدیی لە نێواندا تەنها یادێکی نەبڕیوە
وەکوو ئیلهامێ هاتووە و، لە خولیاما هەر خۆیەتی
بەناو شاری خەمی خۆشما وەک ڕۆژە، هاتوچۆیەتی
لەگەڵ باڵی هەناسەما بۆنی خۆشی دێت و دەچێ
هەموو ساتێک تامێ ئەدات، ئەمیان هەرگیز لەویان نەچێ
کە شەو بەرچاوم داگرێ، لەسەرینما ئەی ڕوێنم
لە قولاّیی خەوی خۆشما بەچرکەی دڵ ئەی دوێنم
خەیاڵەکەم وەها لەگەڵ هۆش و بیرما تێکەلاّوە
هەتا ئێستا هیچ درەختێ لە باخێکا، وانەڕواوە
هەمیشە وام لەگەڵ ئەوا، پێکی پڕی نەبڕاوەمە
کە ڕووباری هەر عەشقێک بم بێ شک هەر ئەو سەرچاوەمە
ئەم دونیایە، تاڵ و خۆشی، لەژێر ڕکێفی ئەوایە
چاوی ئاسۆی هۆش و بیرم بێ سۆزی ئەو لێ هەڵنایە



ئەو دەردانەی ئەم هەژێنن، سوێ لە دڵمدا ئەچێنن
نانە بەرەی پڕ لە خۆراک بۆ ڕێی خەیاڵم ئەهێنن
هەموو ڕۆژێ، هەزار نەیار ئەدەن لە دەرگای ئاهێکم
لە سەد لاوە دام بهێنن، هەر دارێکم هەر باخێکم
شا ڕەگی من، لە کانییەک خۆی لوول داوە، دایمە ئاوە
نەبووە هەتاکو ئێستاکە، خۆزگەی کەسی تیا نەشکاوە
خەیاڵەکەم ئەرخەوانی و شکۆفەودار و شیرینە
پەریی بەهەشتی ئازار و کچی ئاواتی دێرینە
من وەکو ناو، من وەکو تەن، بەپەیامی ئەو ژیاوم
شەرم و شۆیە بتانەوێت، بێژنگ بدەنە بەر چاوم
ئەی پەیامی شەیدابوونم، بەرەو سێبەر دامەنەوە
تۆ مژدەی ئەو بەیانییەی، مەلۆتکەی ژانی سەد شەوە
لەناو حەرف و لە دەفتەرما، باڵی سیمرخیی، لێک بدە
لە مەیخانەی شیعرەکانما، پێکی نووستوی تیا تێک بدە
ئەی خەیاڵە خووشنودەکەم، شاری دڵم بکەرەوە
منیش وەکو پەیامبەرێک مافی خۆم بۆ وەرگرەوە
پەیامبەری ئەو پەیامەم، تۆ بەمنت سپاردووە
هەزار توێشووم لە بەرامەی، بۆ کاروانی ڕێ ناردووە
دەروونێکم هەیە هێشتا پەی بەقولاّیی نەبراوە
لە تۆ زیاتر، هەتا ئێستا، بۆ کەس لە دەرگای نەدراوە
دەرگای دەروون ئەکەمەوە بۆ شەپۆلی خەیاڵەکەم
ئەیکەم بەپێکی لێو ڕێژی ئاهی هەناسە تاڵەکەم
تاڵی و خەیاڵ کە تێکەڵ بوون، کۆکتێلێکی دوو هەوێنن
بەستەیەکی شێت و تووڕەن، ڕەوتی چەسپاو ئەشێوێنن
ئەی ئەو کەسەی لە پێجۆری هەناسەیەکی تاسەمای
من بەقوومێک وا مەست بووم، تۆش لەلیتەی ڕێگەی خەمای
تۆ نازانی خەیاڵ چییە، تۆ دوژمنی خەیاڵمی
تۆ دژواری سۆزی منی، تۆ پێچەوانەی حاڵمی
تۆ خەم دڵت دێنێتە یەک، من خەم خەیاڵم خۆش ئەکا
خەم، دەرد ئەکا بەگەرووتا، من خەم هیوام پێ نۆش ئەکا

***

## تابلۆکان

١٩٧٧/٣/١٥

١

له چاوانتا ئەم دوێنی
لەسەر لێوت ئەم ڕوێنی
لەناو لانکەی خەیاڵێکتا
وەکو کۆرپە ئەم خەوێنی
چییە ؟!
هێشتا منیش نەم زانیوە
پەیامیش بێ بەو چاوانەت منی هەژار نەم هانیوە

٢

دەستم دایە قەڵەم ویستم نامەیەکت پێشکەش بکەم
نەم ناسیوی
ئیتر بۆ ئەم وێرانەیەم بەوشەی ڕووت ڕووکەش بکەم؟

٣

من ئەمەوێ لە سێبەرتا ، بتوێمەوە
من ئەمەوێ هەموو ڕۆژێ، لەسەر ڕێتا جارێکی کەش بروێمەوە
من ئەمەوێ لە ئاهەنگتا ئەو پێکە بم،
پەیتا پەیتا بخورێمەوە

٤

بم کە بەساڵنامەی عومرت
چرکە بەچرکەی کاتی تۆم، ژماردووە
هەموو ڕۆژێک ڕاپۆرتێکی تێکڕایی تۆم...
بەئاژانسی دەنگوباسی هەموو جیهان سپاردووە

٥

هەر کوێیەکت بەدی ئەکەم ئەڵێم ئۆخەی
هەر کوێیەکت بەدی ناکەم ئەڵێم خۆزگە



من بەخۆزگە و ئۆخەی ئەژیم
بەخاڵێکی نائومێدی عەیبدار ئەبم
کاڵایەکی ئێجگار سپیم.

***

## نزایەکی ڕەوا

١٩٧٧/١/١٢

بۆ (ن)

کە تۆم پەرست، وام ئەزانی خواوەندێکی جوان و زیندوویت
ئەی داخ بۆچی من نەمزانی؟! بتی وشک و مۆن و مردوویت
گەردوون هەرگیز، نەیزانیوە لەسەر حەرفێ نوختە دانێ
ئەینا ئەو جووتە چاوانە، هی بت نییە خوا ئەیزانێ
ئەوەندەی من گۆرانیم وت، هیچ عاشقێ نەیوتووە
دەروونی خوام هێنایە جۆش، نەمزانی تۆ نەت بیستووە
هەموو شیعر و ناڵە و زارم، بارانێک بوو، لە بەرد باری
لە دامێنی بتێکیدا، خەندە نەکەوتە سەر زاری!!
بڕۆ بت، بە، بێ گیان و هەست، داری وشک و بێ سایەبە
لە دەروونی پڕ لە سۆزما، سەر گەردان و بێ مایەبە
منیش هەرچی گۆرانیم وت، بۆ جوانی بوو جوانی چاوت
وەکو ئاگر بەربێتە، ساڵ و مانگ و ڕۆژ و ناوت

***

## ئاوت

١٩٧٦/١٢/١٥

ئەگەر بووم بە، شێرەخۆرە، ئازیزەکەم، سوێندم وابێ
لە گۆی مەمکی تۆ بەولاوە، مەمکێ لەسەر لێوم نابێ
ئەگەر بووم بەکۆرپەی ئازیز، لەناو ورکا کە پێم دانێم
لەسەر کۆشی نەرمت نەبێ، هەرگیز چاوم لە یەک نانێم
ئەگەر بووم بە، پێ دەشت و شاخ لە هەر کاتێ، لە هەر لایە
لە چاوانی تۆ بەولاوە، ڕۆژ و مانگم لێ هەڵ نایە

ئەگەر بووم بە، خاكی تینوو گڕ هەڵسێ لە ئاسۆمەوە
بەرامەی زوڵفی تۆ نەبێ، دڵۆپێ ئاو ناخۆمەوە
ئەگەر بووم بەسەر لقی دار، بەهار گوڵم لەسەر بدات
نازی جوانیت نەبێ، شەرتە مەلێک لانەم لەسەر نەکات
ئەگەر بووم بەپیری «موغان» مەی مەڵهەم و دەرمانم بێ
شەرابی ڕەنگی تۆ نەبێ، هەموو پێکێ بەژانم بێ
ئەگەر بێت و بەسەر خەما هەزار کەڕەت بڕۆمەوە
لە بارانی تۆدا نەبێت، گەردی دڵم ناشۆمەوە
ئەگەر بووم بەناوێکی خۆش، دێمە ڕازی داخراوت
هەتا لە بەیتی شیعرێکا، ئەبم بەقافیەی ناوت
ئەگەر من بووم بەڕێگە و بان، هیلّم دیار بوو لەم سەر خاکە
بۆ تۆ نەبێ ڕێگە و هێلم، گیانە ئیتر بۆ کێ چاکە؟!

***

## من + تۆ = ١

١٩٧٦/١٢/٧

کە بووی بەئەرز، ئەو شەهیدەم بەرگم سوورە، وام لەجێتا
بووی بەدەریا، ئەو ماسییەم خۆت نازانیت، وام لە کوێتا
کە بووی بەمانگ من شەوێکم ئەتخۆمەوە تا بەیانی
کە ڕۆژمان لێ ئەبێتەوە، من دەروونم تۆ پەنهانی
کە بووی بە کورد، کوردستانم، تەنها لە باوەشما ئەژیت
ئەگەر تۆ بووی بە کوردستان، من کوردم تۆ بۆ من ئەبیت
کە بووی بەیار، من عاشقم، دنیا بەدواتا تەی ئەکەم
چویتە هەر مۆبەدی موغێ، منیش ڕوو لە بادەی ئەکەم
کە بووی بەئاو، ئەو ڕووبارەم جۆگە و چەمت ئەگرمە کۆش
بووی بەشنەی شەماڵی شاخ، منیش ئەبم بەڕۆژی خۆش
بووی بەئاواز، من گەرووم و لە لاوکا ئەتخوێنمەوە
کە بووی بەکۆتری لانەواز ئەو هێلانەم ئەتهێنمەوە
کە بووی بەگیان، من ئەو تەنم ئەتگرمە خۆم بەرت نادەم
بووی بەقەڵا، وا نەزانی من داماوم سەرت نادەم



کە بووی بەگوڵ، من باخێکم ئاودارم و سایەم هەیە
بووی بەتاجی بەختەوەریی منیش مافی کایەم هەیە
کە بووی بەڕەنج، بووی بەبەرهەم، بووی بەوەرز و بووی بەکانی
منیش ئەبم بەجیهانێ پڕ لە شار و ئاوەدانی
کە بووی بەماچ من ئەو لێوەم ئەتقۆزمەوە هەزار هەزار
بووی بەوێنە، وەک چوارچێوە، ئەتگرمە خۆم، نیگار نیگار
کە بووی بەدین، بووی بەبڕوا، بووی بەشیعر و بووی بەبەستە
خۆم و دڵ و دەفتەرەکەم تەرخانین بۆت، ئیتر بەستە...

***

## دڵم لە پێشانگای تۆدا

١٩٧٦/١١/١٨

دڵم شارێکە زۆر ڕوونە هەموو ڕۆژی لە تویدایە
دڵم گاردە لە کوێ تۆ بیت ئەویش ئیتر لەوێدایە
دڵم پەیکێکی چالاکە هەواڵی تۆ دەهێنێ بۆم
دڵم لاوێکە زۆر دڵتەڕ بەرامەی تۆ دەسێنێ بۆم
دڵم بەستە و سرودێکە هەموو ئاوازی تۆی تیایە
دڵم یەک پارچە هەر خۆتی کەسێ ناڵێت لە تۆ جیایە
دڵم جامی شەرابێکە لە ڕەنگی چاوی تۆی مەستە
دڵم تاڵێکی باریکە بەتاڵی تۆوە پەیوەستە
دڵم هەوری بەهارێکە لە دەریای تۆوە هەستاوە
دڵم ئەرزێکی زۆر سەیرە بەکێشی تۆوە وەستاوە
دڵم کات و زەمانێکە لە ساڵنامەی نیگارتایە
دڵم وەرزێکی پڕ پیتە لە سێ مانگەی بەهارتایە
دڵم میحرابی نوێژێکە کە جێ سوجدەی لە کۆشتایە
دڵم ئاوێکی سازگارە کە دوا قەترەی لە نۆشتایە
دڵم مەکوژە دڵم چاوتە دڵم دڵتە، دڵم لێوتە
دڵم ڕێگەی نمایشتە، دڵم باخ و چەم و کێوتە

***

## ئەگەر هاتی

١٩٧٦/١١/١

ئەگەر هاتی، دەرگاکانم لەسەر پشتن، یەکسەر وەرە
ئەگەر هاتی، سنووری من بێ دیوارە، بێ سەنگەرە
ئەگەر هاتی، باخچەی مالّم، بەم پایزەیش پڕ لە گولّە
ئەگەر هاتی، دار و درەخت هەمووی سەوزە لق و چلّە
ئەگەر هاتی کۆڕی عەشقم گەرم و گوڕە، پوورەی هەنگە
ئەگەر هاتی ڕێی خەیالّم شلّەژاوە زلّە و زەنگە
ئەگەر هاتی، ناو مالّ پاکە، گولاّو ڕێژە، شنەی بایە
ئەگەر هاتی، سەماوەریش لە کولّدایە بۆنی چایە
ئەگەر هاتی، لە دەفتەری شیعرەکانما هەلّپەڕکێیە
ئەگەر هاتی، نەخشەی دیوار، ئاوەدانە شار و دێیە
ئەگەر هاتی، بەستەی کوردی دێتە دەنگ و خۆش ئاوازە
ئەگەر هاتی، چی وێرانەم هەیە هەمووی جێگەی ڕازە
ئەگەر هاتی، نیگارەکان هەموو دێنە سەماکردن
ئەگەر هاتی، لە فەرهەنگا، ئەمرێ وشەی ڕەشی مردن
ئەگەر هاتی، دیوارەکان وەک ئاوێنە خۆت ئەنوێنن
ئەگەر هاتی، پێکەکانم لە یەک ئەدەن، یەک ئەشکێنن
ئەگەر هاتی، زەنگی مێژوو، یەکی عومری نوێ لێ ئەدا
ئەگەر هاتی، بەیانی ئالّ خۆم ئەزانم لە کوێ ئەدا!!
ئەگەر هاتی؛ ئیتر منیش لە جوانیتا مەلە ئەکەم
بەرەو قولاّیی ناخی تۆ خۆم ئەکوتم پەلە ئەکەم!

***

## چاوەکانت لە وێنەکانیاندا

١٩٧٦/١٠/١١

چاوەکانت دوو کتێبن، باسی ڕەنگی گولّ ئەکەن
چاوەکانت دوو غەریبن، ڕوو لە مالّی دلّ ئەکەن

*



چاوەکانت دوو نیشانەن، قەت بەچاو لێ نادرێن
چاوەکانت جووتێ خوشکن، قەت لە یەکتر ناکرێن

*

چاوەکانت دوو دروشمن، هەلّکراون بۆ ئەوین
چاوەکانت دوو مەبەستن، بۆ هەمان دنیا و زەمین

*

چاوەکانت جووتێ کۆترن وان بەسەر گوێ بانەوە
چاوەکانت دوو شەهیدن وان بەرێی سەیوانەوە

*

چاوەکانت دوو پەرین و باخی شیعرم ئاو ئەدەن
چاوەکانت دوو سوارن ئەسپی سەرکەش تاو ئەدەن

*

چاوەکانت دوو بەهارن باخی دلّ پڕ بۆن ئەکەن
چاوەکانت دوو منالّن قایلم هەر چۆن ئەکەن

*

چاوەکانت دوو کوڕی کورد هەژدە سالّەن «چەک» بەدەست
چاوەکانت دوو سەرۆکن بۆ پەیامی یەک مەبەست

*

چاوەکانت دوو بەیانن، وا لە یەک ئاسۆوە دێن
چاوەکانت دوو عەزیزن چاوەڕێم هەر کاتێ بێن

***

## وێنەکان

١٩٧٦/٨/٣١

کانیاوی ڕازم، تەقیوەتەوە، قولّپ ئەدا ڕۆشن
لێوم تاڤگەیە بۆ تافی جوانیی بێ پایانی ژن...

*

سوارەی قەلّەمم بەدەشتی ڕۆژا ئەسپی تاو ئەدات
وشەی پەککەوتە، لە خمخۆرکا، لە زاخاو ئەدات

*

کە نیگاری ڕۆژ، ئەڕژێتە چاوم، شەو لە توێمایە!
بەرامەی خەوی بووکی سەد ئاوات، لەناو جێمانە
*
وشەم ئالآیە، ئالآیەکی سوور، دەمەو بەیانێ
سوارێک بەجێی هێشت، برسی بوو چی بکا بۆ تاقە نانێ
*
دیوار کۆم، خۆشە، دەرگای خەڵوەتیم، وا ئەکاتەوە
ئەشکەوتی چلەم بەجەژنی شکان، دەنگ ئەداتەوە
*
شەوگارێکی ڕەش، ژنێکی نیان سینە و بەرۆک پڕ
لە هەناوم دا، ڕوا، مەشخەڵ بوو، باخی چێژ و گڕ
*
ڕووبارم شێتە، گۆمم گێژاوە، باخم ڕەشەبا
عومرم، تۆ نەبی، بەم وەیشوومەیە کێیە پەی ئەبا ؟!
*
ژوان دیارە لە ئاوایـــــــەوە... باخ و بەراوە
ئازیز، وا خەندەی تاریکە و ڕوونە لە کەلی داوە
*
گۆڕان خەڵقی لای کۆتکەی مردنە و دێت و ڕی ئەکات!
وەرزی گوڵ بەدەم، کاتێ کە هەڵهات، پرس بەکێ ئەکات؟
*
جرپنیی سەرخۆش، ساتێکە و دووانە، لە ڕێی مەوەستە
عاشق، بانگ ئەکات، ئەو بەزم و ڕەزمە، مەکەن بەبەستە
***

## من و تۆ

١٩٧٦/٦/١٤

هەر برینێ لە نێواندا سەر هەڵ ئەدات
منیش پردی لێ ئەبەستم...
لەسەر لێوی زامەکانم،
ئاسۆیەکم، ڕائەوەستم
ماوە ئەدەم بەدرێژیم



تا ئەتگاتێ هەردوو دەستم
ئەو عاشقەم لەم زامەوە بۆ ئەو زامم
ئازار ئەهێنم و ئەبەم...
نابزرکێ پێکی خەستم
لە جۆلانەی پەڵە گەڤا
گوژم ئەدەی وەک بای شەماڵ
لە ساڵنامەی ئەم دنیادا
کۆرپەی جەژن ئەدەی بەساڵ
لە شەپۆلی زوڵفەکانتا
پرسە ئەبێ بەکەرنەڤاڵ
کە سەر ئەهێنم سەر ئەبەم
هەر لە ئاسۆی چاوی تۆدا
شەفەق دیارە
هەر لە کانیی لێوی تۆدا
شەکر بارە
هەر لە ئالآی مەمکەکانتا
ئەشنێتەوە ڕەنگی ژیان
هەر لە بەهەشتی دەروونتا
ئادەمی نوێ ئەژێتەوە
هەر لە شەخڵی پەنجەکانتا
تەلیسمی خەم ئەکرێتەوە!
***

## خۆشم ئەوێیت

١٩٧٦/٥/٢٣

خۆشم ئەوێیت...
هەرچی هەڵسوکەوتم هەیە پەیامێکە لە نیگارت
هەرچی شیعر و بەستەم هەیە دیمەنێکە لە بەهارت
لە میانی من و تۆدا هەرچی بووە و هەرچی ئەبێت
وێنەی تراجیدیایەکە بۆ دروشمی ئەوین ئەشێت

خۆشم ئەوێیت...
بەئیلهامێ لەو چاوانەت گوڵێکی سوور بدا لەسەر
هەموو خەڵکی شاری دڵم بەرەو چیا ئەدەم لەبەر
ئەم جیهانە پڕ کەم لە دەنگ، ئەم ژیانە پڕ کەم لە زەنگ
لووتی هەزار مەرگەوەڕی داخ لە دڵیش بدەم لە سەنگ
خۆشم ئەوێیت...
ئێستاش وەکو ئەو ساڵانەی دەم و دڵم ناوی تۆ بوو
ئۆقیانووسی کەشتیی عەشقم دنیای گەشتی چاوی تۆ بوو
هەرچەند دەوری شیعرەکانم ئەکەمەوە هەروا ماوم
تەرمی تەنها هەناسەیەک نەخراوەتە پشتی چاوم
خۆشم ئەوێیت...
لەناو خەرمانی جوانیتا، دانەی پڕم قەت دانایەم
هەموو دونیا هات و هووت بێ بەبێ تۆیی قەت ڕانایەم
ئەو «مەنسور»ەم کەوا بەستەی «أنت الحق»ە هۆرەو سۆزم
لە جەنجاڵی ڕاگوزەرتا، گەردەلوولم، تەپوتۆزم
خۆشم ئەوێیت...
من ئەو تەنەم لە تۆپی تۆ کاڵا بەپێی باڵام بڕا
لەناو بانگی ناوی تۆدا بانگی ناوی منیش درا
ئەو نەیجەیەم قامیشەڵانی تۆ دایکی ڕیشەی منە
یەک سات لە تۆ بمبڕنەوە ناڵەی دنیا پیشەی منە
خۆشم ئەوێیت...
شیرینەکەم ئەو وەرزانەی نەهاتی بوو خۆڵ ئەباری
پەتای گیانی عاشقان بوو دەم وشکی وەک دەردی کاری
منی «فەرهاد» بەعارەقی بەرتین و گڕ پاراو ئەبووم
لە دامێنی ئازارێکتا «سەربازێکی بێ ناو» ئەبووم
خۆشم ئەوێیت...
با لێم گەڕێن ڕاوێژکەران ئاسنی سارد کەم بکوتن
کاکە عەشق و خۆشەویستیی زۆر جیاوازن لەگەڵ گوتن
من شەیدام و شەیدا دایە کەلی شەیتان بۆ نازانن
لەناو شاری عاشقاندا ئێوە هەوری بێ بارانن


خۆشم ئەوێیت...
لە نێرگسی چاوەکانما شەخڵە شێوەی بەهاری تۆ
لەناو باخی شیعرەکانما دەڕوێت گزنگی زاری تۆ
ئەو باسکەی کردووتە ملم شلی مەکە من پێکراوم
ناحەز چاوێکی ڕەش بینە بۆ گەرد بداتە بەرچاوم
خۆشم ئەوێیت...
ژوانی تۆ لەناو چێژما ڕوواوە و بێ ڕەوا نابێ
من ئەو خاکەم بەبێ تینت چڵێکم لێ پەیا نابێ
لە باوەشتا سەرم دانێ نمەی بۆنی پەرچەمی خاو
هەزار بەستە لە زاخاودا لەناو بۆتەی دڵ و هەناو
خۆشم ئەوێیت...
من هەویری ئاو و گڵی نیشتیمانی عاشقانم
پڕ بەم خاکی کوردستانە وشەی کوردی جوان ئەزانم
بەستە بەدوای بەستەی خۆشا پیرۆزەیە بۆ ناوی تۆ
لەناو هەزار چاوی مۆنا پێک هەڵ ئەدەم لە چاوی تۆ
خۆشم ئەوێیت...
ئەوەتای هەم خۆشم ئەوێیت، پێکی عەشقم هەروا پڕە
بەرانبەری ڕاوێژکەران قسەم ڕەق و پەنا دڕە
شیرینەکەم «أنت الحق» و «أنا الحق»یش یەک مانایە
کەس وەکو تۆ «أنت الحق» و وەک من «الحق»ی لێ نایە
خۆشم ئەوێیت...
وەکو پێکی خومار شکێن ئەتخۆمەوە بەدوا بینێ
هەتا ئەبمە ئاوێنەیەک دنیا هەر تۆم تیا ئەبینێ
ئەوساکە تۆ ئەبی بەمن منیش وەک تۆ ئاڵای گوڵم
ئەو «مەنسورە»م تەنها بۆ خوا ئەکرێتەوە ناخی دڵم

***

١٩٧٦

## نەورۆز

کاتێک کە کورد بەر کۆشەکەی مامە «کاوە»ی کرد بەئاڵا
بۆچی دەستی لە دامێنی فەرەیدونی لامێژ ئاڵا ؟!

ئەوا وتمان... مامە کاوە ئێجگار پیاوێکی دڵپاک بوو
پەیمانداریی لەگەڵ ئەوا، وەکو دەردێکی زگماک بوو
بەڵام فەرەیدونی لامێژ! تۆ بۆ چوویتە سەر ئەو خوانە،
بۆ نەتزانی خوانی ئاگر ئەوەی بیخوات پەشیمانە؟!
*
پیاوماقوڵان، ئیستەش ئەڵێن... مامە کاوە کوڕی زۆرە!
قەید چی ئەکات لە دەرگای با، جارێ دووجار دەستی نۆرە
کاوەی ئەمڕۆ چاو لە دوایە، ئێجگار وەها دڵپاک نییە
ئیجگار وەها لە لامێژان، لە ماقووڵان بێ باک نییە
*
ئاگری نەورۆز کرایەوە، مەبەستمانە نەکوژێتەوە
کە کاروانمان، لێ خستەڕێ...
مەبەستمانە پشتوێنێکی بەسراوەی، تیا نەکرێتەوە!
کە ملمان، نا بەرەو گیانی ئەژدەهاکی هەر سەردەمێ،
ئەبێ، هێندە گوێ نەدەینە ڕاوە ڕێوی و خوتبە و تەمێ!
نەورۆز جەژنە دێت و دەڕوا و هەم دێتەوە
نەورۆز نابێ پەرداخێ بێ، تەنها یەک جاربخورێتەوە
نەورۆز نابێ پشتوێنێ بێ،...
هەموو ڕۆژێ ببەسترێت و هەموو ڕۆژێ بکرێتەوە!
نەورۆز مۆزەخانەیش نییە
هەرچی گەڕیدەیەک هات و دەرگای بۆ بخرێتە سەر پشت
کاکە، ڕۆژگار مۆدەی نەورۆزی خێرۆکی بەخەنجەر کوشت
*
داری نەورۆز، وا بەلێوی کەژ و زەرد و دەم کاوەوە،
لەسەر بەردی ڕەق ڕواوە و ڕەگی وا بەرێی ئاوەوە
هەموو جەژنێک، بای داراوس ئەی هەژێنێ...
گوڵ دەرئەکات
کەچی چاوی مارەکانی دەم ئەژدەهاک
ئەژدەهاکی ئەم جیهانە...
وەک کافرمان هەر سەر ئەکات
*



نەورۆزنامەم کردۆتەوە...
وەرن پەنجەی لەسەر دانێن
کێ بۆ بەختی خۆی شەیدایە...
هەموویان بێن، هەموو بابێن
لە دووربینی، نەورۆزەوە، ئەڕوانمە ڕێگە و ڕێبوار
سوارێک گلا، سواری تر هات،...
کوێرێ خەریک بوو چاو ساخێ...
لە هەڵدێرێکا هەڵ بدات
بەڵام «لاوک» بووکی «حەیران» بۆ سەیرانی «ئازار» ئەبات
ڕێبوارەکان ئەڵێن ئیتر شیر و خەنجەر لە یەک نەدات
بەر کۆشکەکەی مامە کاوە...
ئێستە خۆی ئاڵای سەردەمە
ڕێگا زۆرە...
بەڵام «هەوار» هەر یەکێکە بۆ سەرجەمە
***

## ئاڵای بەرز

١٩٧٥/٨/١٧

هۆ... ئەلەندی، هۆلۆمۆمبا
وا شێخ موجیب بەرماڵی خوێن
بۆ چوار چرای قازی ئەبا
هەی چنگ، هەی قەپ، هەی خوودەی ڕەش
هەی، هەی ئینسان... چاوی برسی
پێچکەی کورسی... تەختەی کورسی
ئەی زەلکاوی لیکی کورسی
وا شێخ موجیب لەبەرماڵی خوێنی خۆیا پێچرایە
لەبەردەمی گەلەگورگی چیای خەشا
دوای سەلامی نوێژی عیشا، کرایەوە
ئەو گەردنە بەرزەت قوربان
دوێنێ پەتی بۆ هەڵخرا

دەرکی ئاسۆی لێ داخرا
هەرچی گورگی ئەم دنیایە
هەرچی تلیاککێشی تیایە
چاوەڕێ بوون لەناو کاسەی بەنگلادێشا بتخۆنەوە
لەناو دێڕی هەموو کتێبی دنیادا بتشۆنەوە
هەرچی لۆمۆمبا و قازییەک بیانەوێ سەربەنەوە
لە ترسانا بڕۆنەوە...
هۆ... گورگەکان، گورگەکانی نوێژی شێوان
چەند نا پیاون
پەحا، چەند بێ چاو و ڕاون!
لەژێر دەست و پێی تەحیاتا
لەت لەت ئەکەن شێخی ئیمام
بەهەوێنی خوێنی ناحەق
ئەیدەن لە یەک قەسد و سەلام
دنیا، دنیای گورگ و بەنگکێش
دنیا، دنیای دز و دەروێش
بۆچی، دڵی ئارامی شەو
بەچەقۆی خەش دا ئەدڕن
کێیە، چییە، وا ئەم هێزەی داوە بەتۆ؟!
کێیە، کێیە، هەی باوکە ڕۆ؟!
هەی باوکە ڕۆ، ئینسان گورگە؟!
ئینسان هەموو گیانی ورگە!
ئینسان چاوی چەقۆی خەشە!
ئینسان، دڵی زێرابێکە
هەرچی تیایە لیتەی ڕەشە!
هەی داخەکەم بۆ ئەلەندی
هەی داخەکەم بۆ لۆمۆمبا
هەی داخەکەم کێ چیرۆکی مەینەتی شێخ
بۆ لای گۆڕی قازی ئەبا؟!
هۆ خەڵکینە...



هەرچەند سەرم لە قوڕایە
دڵم لەناو کەف و کوڵی توونی شاڵاوی گڕایە
بەژنی ئاڵای شێخی مل بەرز خوێناوییە
بەڵام کە شەو قەپی پڕ بوو
واتە نۆرەی بەیانییە
ئەوەی لە پێجۆری شەوە
بەیانییە، بەیانییە

***

## فەلەستین

١٩٧٥/٦/٨

وەرزێکی سارد...
تیشکی هەتاو ناو جەنگەڵی نەپێکابوو
ئاخێز بەرەو بەیانی ڕوون
هێشتا لەناخی پێکابوو
سەری ڕێگا لە پێچێکی سەرەو لێژا پەپکەی دابوو
دامێنی پێچ هێشتا خۆرەی داڕوخانی تێدا مابوو
گەلە گورگێکی زۆر برسی بەشاڵاو هات...
دەم و پەلی هەموو سوور بوو
کەڵبەی ئاراستەی حورمەتی دامێنی پوختی سنوور بوو
ڕێگەی ڕۆژیان تێکوپێک دا...
لە ئاموونی گورگبازیدا
لەناو پێکی ڕەنگ چەواشەی
دەستی شلی ناڕازی دا
دەی گورگ بابێ، هەر گورگ بابێ
کوێ لە سنوور خۆی لابەرزە...
بۆ ئەم لرفە بەچۆکا بێ
گورگ بێ جێیە
گورگ شەهادەی هێزی پێیە
با خەڵکی شار گۆڕی باوان بەن بەکۆڵا
لە نسرمی دامێنەوە دەوار هەڵدەن لە جێی چۆڵا!

***

## دەنگێکی تیژ لەناو دەوارەکانەوە

گوێی خەواڵووی دنیای گورگ و بەچکە گورگم
پڕکردووە
دەمی چەقۆم کردۆتەوە...
دوعای دەم بەس وەکو مەگەز تیا مردووە
دەستم دایە قەمە و ئاگر،
دەستم دایە مێخی چادر،
بەستم شکان، چڵکی ترسم لەخۆ تەکان
بمرێ گورگ و برمێ دەوار
منم خەڵکی ناو جەرگی شار

***

## دەنگێکی تیژتر لە هەر پەنایەکی نەخشەی ئەم جیهانەوە

لە هەر کوێیەک خەڵک و خوای شار
بکرێن بەبار...
لە ماڵەوە بۆ ناو دەوار
لە هەر کوێیەک شوان لە ڕان و ئاژەڵ بکرێ
هەوجارِ لەناو هێڵی سپیی تاپۆی ڕەشا فڕێ بدرێ
لە هەر کوێیەک لرفە هات و تەیمان بیات
لە هەر کوێیەک چاو سوورێک هات فتوا بدات
ماڵ و ماواقی خەڵک و خوا حەڵاڵ بکات
فەلەستینە ئا ئەو جێیە
گورگ هەر گورگە زایۆنیزمە یا هەرکێیە

***

## پێداچوونەوەیەک

هەرکە تۆفان فەلەستینی داگرتەوە
کەشتیی ماڵە پێچراوەکان بەناڕازی
گێژاو بردی بۆ بەندەری لانەوازی



قوربان ئیتر دەهۆڵ کوترا
قوربان ئیتر هەرچی وترا
قوربان هەموو تەفعیلەکان
قوربان قالە و گشت قیلەکان
لە سێبەری پیتەکانی فەلەستینا گاڵە کرا
هەرچی خەم خۆرکێ هەبوو، لە ڕێی گردی «گوڵکۆسا»دا
بە قاڵەی دەم ماڵە درا
قوربان ئیتر ئاگر هات و هەر کوێی سووتان
هەر ڕەوا بوو
قوربان ئیتر هەرچی نەما
ئەوا قەزا و ڕەزای خوا بوو!

***

## شەهیدەکان سەرژمێری دەکەن

بەقەد ژمارەی فیشەکی کودەتاکان
درۆکرا...
بەقەد ژمارەی ئەوانەی...
ئێستەش وەک خەم دێنە ناو باس
دێڕی شیعار لەشۆ کرا
بەقەد داری پرتەقاڵی حەیفا و یافا
مەجلیس گیرا، مەجلیس تێکچوو
ئێستگەیەک شەرم نەیگرت و بێ دەنگ نەبوو!
یەکوون... وەرن کۆکەنەوە، کردییە چەن؟!
دەنگێک لەژێر دەوارێکا...
وەرن لای من یەکوون ببەن
مێردێک، کوڕێک، خوشکەزایە
بژی فەلەستین... ئاوایە
ئەی چۆن؟ ماڵی داگیرکراو چاو لە دوایە
هەتا ئەم دنیا دنیایە... چاو لە دوایە

***

## کۆڵ بەکۆڵێن

کۆڵ بەکۆڵێن...
سەفەرنامە باسی دارێکمان بۆ ئەکات
قاتی ساڵێ کوللە لێیدا
ئاگر لێیدا
ئاسمان لێوی لێ هەڵقرچان
لەسەر باڵای هەڵ ئەپەڕی
تەوری دەستی کاڵ و کرچان!
لە دوا دێڕا، وانووسرا بوو:
دار بەڕوو بوو...
زرێی پیری لە خۆی دابوو
هەزار لووتە ئەژدەهاکیش
لەبەر پێیدا، تێک شکا بوو
دروشمێکی لەسەر پۆپەی لقێکی سەوزی خۆی دا بوو
... کۆڵ بەکۆڵان:
من هێلانەی چاوانتانم،
کۆڵ بەکۆڵان... هەر من ماڵە باوانتم
کۆڵ بەکۆڵێن
سەری هەوراز، دار بەڕووە
ئێستە و ئەوسایش، ئەوەی کەوا چاوی بوو بێ
چاوێکی هەر لەوێ بووە
باپیر وتی... دەستی دێوی لێ کەوتووە
نەوزاد وتی... پەتای ئەمڕۆی لێ نیشتووە
منیش ئەڵێم... هەر وایە و هەر وەها بووە
کە کورد، پشتوێنی کردەوە...
جێگەی ماڵی دار بەڕووە
کە کورد پشتوێنی بەستەوە...
پەنا پاڵی دار بەڕووە
کۆڵ بەکۆڵێن... ڕێگە باخە؟



باخە، باخی دار بەڕووە؟!...
قاتی ساڵی، لێ پڕ بووە؟
لە غوربەتی سەفەرمانا...
ناو نیشانمان بیرخەنەوە
چەتری سێبەر بەقەد تارای دارە گەورە
هەڵ دەنەوە
کۆڵ بەکۆڵە غەریبەکان
لۆیەک لە پشتوێنی سزا، تەنها لۆیەک بکەنەوە
کۆڵ بەکۆڵێن... برا ماندووین
ماندوویەکی سەفەر دوورین
دەمێ ساڵە ڕێ لە بەرین
دەمێ ساڵە بێ سێبەرین
تینووی خەوێکین بۆ شەوێک
بەئاگری قاتیی ساڵی، مەڵاشوی هەڵ نەدرێتەوە
چەقۆی دەستی پەشیمانی
پرچی ئاسۆی ئەرخەوانیی
لە گوماندا، نەبڕێتەوە
لە ئاهەنگی نوێ بوونماندا
وشەی کوردی بەناو هەزار بەستەی خۆشا
لە سێبەری دار بەڕوودا، بشنێتەوە
هەزار جۆلانە هەڵ بخەین، بۆ لاوکێ
کوردستانی ماندووەکان، بگرێتەوە

***

١٩٧٤/١/١٤

## مەینەت و ئەنجام

لە مەینەتی ئەم دنیادا، ڕێ تەی ئەکەم
هەر هاواری- تاکەی- ئەکەم
مەینەت بەمەینەت ئاوسە
چونکە مێژوو هەروا ئەڕوات

چونکە ئەم سەر لەو سەر ئەخوات
هەتاو دژی تاریکییە
ئەگەر تاریکی هەر نەبێ
ئەوسا هەتاو ناوی چییە؟!
ئەبێ بژیم...
ئەبێ بمرم!
مردنی من هێڵی ژیان درێژ ئەکات
ژیان دوای من، دەمی برینی جێگاکەم
سارێژ ئەکات
ئەم کاروانە هەروا ئەڕوات
لە سنووری دامێنەوە
شەو لە ڕۆژ و ڕۆژیش لە شەو ئەخواتەوە...
نابڕێتەوە
ئەوەی ئەدرێ، نادرێتەوە
کەشتییەکەی دەریا بڕی مێژووی ژیان
خۆی شایەتە
کاروانی من لەم بەزمەدا، ڕێی گرتووە
ڕێی بەم گێژاوە بێ پەیە باش بردووە
پشت لە شەوە
پشت لە مەرگە
ڕووی لە ژیان و هەتاوە
توێکڵی ڕەق شەقار ئەکات
چونکە دوای ئەو چێژی ناوە!
چونکە ژیان دژی مەرگە، چونکە هەتاو دژی شەوە
دەرکەوتنی بەیانی نوێ، بووکی براوەی گرەوە
لە باڵای ئەو پڕ کۆش ئەکەم
کۆرپەی ئۆخەی لە قوڵپی گۆی مەمکەکانی...
ئەو گۆش ئەکەم
شەو ئاهەنگە... بەیانیی زوو
بەناو شارا هاوار ئەکەم



سێبەری کڕ بەڕۆژی نوێ بێدار ئەکەم
چەکوش ئەدەم بەڕووی ڕۆژا بزڕێتەوە
هەرچی بەسراوە، بۆ سبەی، بکرێتەوە
هەتا بەرەو ڕۆژێکی کە...
هەنگاوی تر بنرێتەوە

***

## یاد و خۆشەویستی

١٩٧٣/٧/٢١

ئەی نیشتمان...
هەر ئاگرێ هات هەڵی کرد لەسەر دڵت سووتاندمی
لە میکرۆفۆنی دەم پیسا...
هەر شاڵاوێ هاتە دەرێ، برژاندمی
لە کارگەکان... چەرخی چەمەر، سەرمی ئەبرد
لە کێڵگەکان... یاسای چارەی کشتوکاڵیان...،
لەناو چاوما پڕ خوێ ئەکرد
دیوارەکان شەقامەکان
دەمی جنێو پێدانم بوون،
مارشی تەرمی ڕاکێشراوی تەشتی نخوونی نانم بوون
پیتی زلی مانشێتەکان، ئەیان حەپان
گازیان ئەگرت لە وتارم
قەپیان ئەگرت لە ڕۆژگارم
شاڵاوی دڕیان ئەهێنا بۆ تەتەری ڕێی ئازارم
کۆڵانی ناو گەڕەکەکان
وەک سەگی هار پێم ئەوەڕین
دەرگای خانووە چۆڵەکانیان لێ ئەگرتم
لەناو ددانی شاشەوە
هەتا زمانی داپیرەش پەڵی دوعای تێ ئەگرتم
لەناو لرفەی ڕووپاییدا، ئەیان شێلام
لەناو دەست و پێی هەڵپەدا، ئەیان کێلام

دوسێی دەزگا نهێنییەکان، لێم پڕ ئەبوون،،،
ئەڕشانەوە...
دەمی درۆ مردووکانیش ئەکرانەوە
تەڵەی گومان لە ڕێگاما، دانرابوو
چاوی چاوگەی ئاوی ڕوونم، داخرابوو
ئەی نیشتمان...
خۆشم ویستی، خۆشم ئەوێیت،
ئەو کاروانەیت، بەسەر ڕچەی خوێنی منا
پێ هەڵ ئەنێیت،
خۆشم ئەوێیت
نیشتمانم...
ئاخۆ بڵێی گەوجێک هەبێ وا بزانێ
گیانی هەڵبەستی بێ هەستم؟!
نیشتمانم...
لەناو دێڕی دوژمنیشا،
هەر ناوی تۆم ئەقۆستەوە بی پەرستم
ئەت پەرستم
ئەی نیشتمان
ئەی کوردستان

***

١٩٧٢/١٢/١٢

## شاعیرەکان

شاعیرەکان...!
کە بوون بەپرد...
بۆ ناو لرفەی چەم هەرچەمێ چۆک دا مەدەن
شاعیرەکان...!
کە چوونە سەر شانۆی شەمەت...
هەر شانۆیەک،
خۆ با مەدەن



شاعیرەکان...!
هەر ئەکتەرێ لەسەر شانۆ فووی کردە خۆی
سەر دا مەخەن.
بەشەپۆلی چەپڵەی بێ پێز
لەبەر پێدا، پێی هەرکەسێ
خۆ ڕا مەخەن!
شاعیرەکان...!
لەخۆتانا بووسەی خەیاڵ بۆ بایی بوون هەڵتان نەدا
شاعیرەکان...!
نەکەن بچنە کەلی شەیتان
خوا فێرە بەر پەڵتان ئەدا!
شاعیرەکان...!
با لوولاقتان نەبێ بەگونج...
بۆ لێشاوی وشەی بێ دان
شاعیرەکان...!
با، ناو لەپتتان
نەبێ بەجێگەی هەڵپەڕکێی چەپڵە لێدان!
شاعیرەکان...!
لە هۆنراوەی خولیاتانا...
حەرفێک یارێک پێ گەێنێ...
نووکی خامە دای لە لێوتان
هەزار ئۆخەی
بۆ ناو شیعرێ هەڵفڕێنێ
شاعیرەکان...!
وشەکانتان بەگوێ قوتەی بتەکاندا...
بنرکێنن
بەناو مۆزەخانەکاندا...
فیشەکی سوور و نارنجۆک بتەقێنن!
کە نەورۆز هات بۆ ڕووسووریی مەشخەڵەکان
تەنوور تاو دەن ئاگر بێنن!

شاعیرەکان...!
لە ڕێی خوا دا...!
بەپێکی ئاڵ کووپەی شەراب دابەش بکەن
شاعیرەکان...!
کە سەر خۆش بوون...
لەناو کۆڕا، تف لە بۆیەی ڕووکەش بکەن!

***

## چوارینەکان

کەوتینە گێژی بەدترین زومرە
خەفەتی ناوێ ئارامێ بگرە
تاقی کاراوەی ڕۆژگار و ژینە
هەر سەگێ، هاربوو چل شەوی عومرە

*

هەرچی سزات دی، هەر چیت بەسەر هات
هەرچیش لەمەودوا دێت و ڕوو ئەدات
قەی ناکا، ئەگەر دەستت ڕاکێشا
ناکەس بەچەیە ڕووت لێ هەڵ نەکات

*

بۆ هەر دارێ چووم بچمە سێبەری
گڕەیەک لێی داو گەڵای هەڵوەری
بۆ هەر کانیەک چووم دەمم تەڕکەم
لە جیاتی سەگێ، هەزار پێم وەڕی

*

دونیا بەبێ مەی بەبێ گوڵ چییە؟
جێی هیوا نەبێ ناخی دڵ چییە؟
کە ڕێگام نەبێ بۆ گوڵ و بۆ مەی
فەرقی ژیان و گۆڕ و گڵ چییە؟

*



کاتێ کۆچ ئەکەم بەرێی نەهاتا
ئەو کۆچەی ئیتر ناگەڕێمەوە
لە گۆڕا لەگەڵ ئاواتی عومرا
بەدڵشکاوی سەر ئەنێمەوە

*

بۆ ئەوەی گوڵێ ببینم بەچاو
بەپێڵوو دڕک لابدەم خۆشە
بۆ مژی لێوێ بکەومە گەرداو
ئەنجا بەگیانم ئەکەوێ، نۆشە

*

ئەو کەسە وەرزی ژیانی هاتە
گوڵێکی شۆخ و سەلاری هەیە
مەلی ئازادی باخی ئاواتە
کە مەی و نەی و گوڵزاری هەیە

*

گوڵێکم بینی ئەمڕۆ لە شارا
گەلێک جوانتر بوو لە گوڵی هیوام
سێبەری سەرم بۆ کرد بەتارا
وا لە ڕێگایا چەقیم و ڕووام

*

هەر گوڵ بێ ئیتر من ئەی پەرستم
شینە، پەمەیی، زەردە یا ئاڵە
مەی هەر چۆنێ بێ ئەدا لە هەستم
مزرە، خۆش تامە، یا تفت و تاڵە

***

## تەیمانی فرمێسک

١٩٧٢/٨/٢٨

پێری بەسەر ماڵەکانی (سیارە)دا بەکوڵ گریام
دوێنێ بەسەر دێی (میلای)دا دیسانەوە بەدڵ گریام

له ئاهەنگە خوێناوییەکەی (نیلی شین)دا تەمووزی پار
بەفرمێسکی چاوەکانما، ڕژامە ناو لەوحەی نیگار
*

هەموو ڕۆژێ گەردەلوولێ لەسەر زامێکم هەڵ ئەکا
ئاسۆی برینی بێ پەترۆم پڕ لە چڕە دووکەڵ ئەکا
لە پێرێ وە هەتا ئەمڕۆ پەیتا پەیتا گریانم دێ
بۆنی فرمێسکی سووتاو و بۆن سۆی بیر و زمانم دێ
خەڵکی ئەڵێن گریان، فرمێسک گوایە بۆ پیاو نەهاتووە
من تا ئێستا ئەم درووشمەم بەگیانی خۆم نەسپاردووە
هەرچەند دێمە ئەوەی بڵێم گوایا گریان شوورەییە
قوڵپێک لەناو فرمێسکێکا ئەڵێ: نەخێر تووڕەییە!
ئەو فرمێسکەی لە چاوم دێ تینێ ئەدا بەوتارم
نایەڵێ چاو لە یەک بنێ برینی پار و پێرارم
ئەی خۆشنووسی دروشمی زەق گوێ ڕاگرە من شاعیرم
ڕەنگی حەرفم ئەگرمەوە بەفرمێسکی، وەک ئاگرم!
لە دڵمایە خەوێک، ئەڕۆیت. ڕۆژێک ئەبێ پێ ئەکەنم
بەڵام ئەوسایش بەبرژانگما هێڵی ئەشکی تێ ئەتەنم!

***

## نامەیەک بۆ (ح)

١٩٧٢

بەحەرفم، ئەڵێم وێنەت بکێشم، حەرفم داماوە
چ بکەم، خۆم ئەکەم بەسەرگەردانی ئەو دەنگ و ناوە
ئاسۆی بەهاری جوانان، بەجوانیت جوانیم بەخشیوە
لەجوانی جوانتر، ناوە جوانەکەت لە تۆ شیاوە
ئادەی مژدەیەک، سادەی درەنگە، سروودێکی خۆش
بۆ کۆرسی ئاهەنگ، هۆنراوەی تازەی لە کێو ڕوواوە



با لەسەر کوورەی ئاگری تەما، نەبرژێمەوە
ئەمجارە بمخە، بەر تاڤگەی ڕوونی ئەو جووتە چاوە
من، وا بەشیعرم، هەزار گەردانەت بۆ ئەهۆنمەوە
هەر وشەیەکی بۆ ئاواتێکم سۆزی تەواوە
من خۆم و شیعرم، بەستەو ژیانم واین لە جامێکا
دەستێکی بەرێ بەنیازی هەڵدان، پڕ و پاراوە
من ئاسمانێکم، باخی ئەستێرە و مانگ و هەتاوم
کە هاوار ئەکەم، نەڵێی ئەستێرەی دڵی کشاوە
شیعرم، ئاوێنەی جوانیتە، بۆیە، هەرگیز ناشکێت
کام جوانە، بەردی لە ئاوێنەی خۆی، تا ئێستا داوە؟!
من و تۆ وەکو، وێنە و چوار چێوەین، وای لە ناخما
کالآت بەبالآی خۆم و ئاواتم وا ڕێک بڕاوە
لە کۆڕی گەرمی دڵدارەکانا، شانازی ئەکەم
کە جامی بڕوام بەخۆشەویستی تۆ پڕکراوە
نەورۆزێکمانە، ئای چ نەورۆزی!... بەدڵی دۆستان
لەسەر کانییەک ڕەش بەڵەک گەرمە چاوگەی گوڵاوە
منیش بەکوردی، گۆرانی ئەڵێم، پڕ بە کوردستان
ئەم خاکە ئاڵەی، بەستەی دڵی تۆی لێ هەڵقوڵاوە

***

## هۆرە و بەستە

١٩٧٢/٦/٢١

بەشارا گەڕام کۆڵان بەکۆڵان جادە بەجادە
دەمەو بەیانی جامێکی ئاڵ و شەربەیەک بادە
ئەم گێڕا سەبیل بۆ سەرێکی مەست حەرفێکی تیابێ
لە هۆڕەی شوانی خێڵ بەدوای خێڵا، سۆزێکی جیابێ
کە نۆتەی دەنگ و نیگاری یاری تێکەڵ کرابێ
وەک سووراوی بووک لەسەر ڕوومەتی ژیان درابێ
لە دەرگام ئەدا باوێشکێ بدا و پاڵ بداتەوە
گەرووی بۆ قوڵپەی شەربە و جامەکەم ڕێ بکاتەوە

چڕیم شاری «خوم» ئەشکەوتی کووپەی پەنجە پیاکراو
کوا منارەیەک بانگەواز بکەم بۆ یاری دزراو
لەکام پەڕاوی بۆر و چلکنا ڕستەی ناوەکەی
بەبێ ڕێزمان ئەیدەن بەیەکا ، لە سەرچاوەکەی
لە کام وەعزدا دڵی داخ ئەکەن بەدووپشک و مار
لە لێوی جاما حەرامی ئەکەن بڕیار بەبڕیار
ئەی شاری «خوم»ی دەس تێوەردراو ، «خوم»ت شێواوە؟!
نازانی دڵدار شێوەی یاری خۆی هەر لەبەر چاوە
ڕۆژیش تەمەڵ بێ بەیان درەنگ بێ کۆڵان کپ و کڕ
شەپۆلی هۆرەم بەچاوی مۆنی گەردوون ئەدا دڕ
سەدای هاوارم بەباڵی سیمرخ ئەدا لە دەرگا
حەساری ورگن ئەکا بەکفن و ئەیدا بەمەرگا
ئەو کاتە ژیان شەپۆلی ئەدا بەم ناو شارەدا
یارم گۆرانیی مژدەی بەیانە لەو نیگارەدا
لە چاوی پەخشان لە بەژنی هەڵبەست ئاهەنگ ئەبارێ
هەزار چوارچێوەش لە گوڵ ئەچنری بۆ هەر نیگارێ
لە نیگای مەستان مەی ئەشنێتەوە بۆ بووکی تازە
هەر دڵێ بگریت ئینجانەیە کە پڕ چرۆی ڕازە
پۆل پۆل ئەگەڕێین کۆڵان بەکۆڵان جادە بەجادە
گۆرانی ئەڵێین... نەشمیلەی چاو جوان پەچەکەت لادە!

***

## سروودێک بۆ ڤیەتنام

١٩٧٢

لە نێرینەی زامی تەڕی ڕۆژگارمەوە
لەناو جەرگەی ئاهی گەرمی پێرارمەوە
لەناو چاوما
لە هەناوما
لە گلێنەی حەرفی دیلی ناو پەڕاوما
سڵاوێکە... سلاوێکی نازانم چۆن
پڕ بەپڕی دڵ و بڕوام هەڵ ئەقوڵێ



هەزار گوڵی پێ ئەپشکوێت لەسەر چڵێ
وا قوڵپ ئەدا ، قوڵپ ئەدا لە ناخەوە
لە داستانی هەزار شەوی پڕ داخەوە
لە زەنگ ئەدا ، زەنگی بڕوا لە سینەما
سەر هەڵ ئەدا لە چاڵی تینووی تینەما
بۆ ئەو گەلەی دەمێ ساڵە لە ئاگرا
لەناو فرمێسکی ئاواتا
لەناو ڕقی پیس و پاکا ، شەپۆل ئەدا
لرفەی خوێنی بەلافاوی ئاگرە سوورەی خەش کۆڵ ئەدا
بۆ ڤێتنامی(هۆشی مینە)
بۆ ڤێتنامی(خاتوو بینە)
بۆ خاکی ئاگر و بڕوا
بۆئەو گەلەی...
نەیهێشت مێژوو سەرەو ژێر و لارێ بڕوا
منی کوردی قەد دارەکەی بەردەم سەرا
منی کوردی حوزەیرانی ڕێی چوارچرا
منی کوردی دیاربەکری سنوور داخراو
منی کوردی برژانگ چنراو
منی کوردی حەرف و وشە تەریب دراو
ئەمڕۆ کە باڵی چاو ئەدەم
خەریکم حەرفم تاو ئەدەم
بوراقێکم، کەژاوەکەم سڵاومە
قومرییەکم، ئاوازەکەم
قوڵپەقوڵپی خوێناومە
ونا پەیکێکم، هەواڵەکەم سۆزی خەمی خەملێومە
ڕووبارێکم، هاژەم بیری تەقیومە
گۆچانیکم لە شانایە
قەفی لە چاوی نانایە
مستووی لە ڕەنگی ژانایە...
دێی «سیارە»م وا لە کۆڵا

خەرمان لۆخی «هەندرێن»م لە پشتایە
هەنگاوم ڕووی لە ڕێگایە
دییاریشم بۆ «گیاب» و سەربازەکان
بۆ «لیدۆکسۆ»و ڕووبارەکان
فرمێسکێکی دڵخۆشییە دەمێکە وا لە چاومایە
بەستەیەکە ڕوواندوومە لە شارەزوور
پیکێ کە وا بەشانمەوە
بۆتێکدانی بەستی سنوور
خۆزگەیەکە وا لە دڵی جووتیارێکی «هۆرێنی» دا
ئاواتێکە لەناو دەشتی دزەییدا
گێژاوێکە لەناو تەمای بەزەییدا
ئاوازێکە لە بەستەکانی «گۆران» دا
دەنگ دلێرە...
لاوکێکە پێشمەرگەیەک وتی بۆمی ڕابسپێرە
بە «هانۆی» دا دێم و دەچم
گوێم هەر لە دەنگی «میلای»
گۆچانەکەم وەک ئاڵایە
ئەو قەتارەی کە من ئەیلێم
مژدەی شەفەقی نوێی تیایە
هەزار سڵاو، هەزار ماچی لە لێوایە!

***

## هاتوچۆیەک

١٩٧٢/٤/٣

بەم بەهارە...
پێم ناوەتە لای ئێوارە
سێبەرێکی مات و مەلوول بەرەو مێرگی وەرزەکانم...
بەشەرمەوە ئەوا ئەکشێت
لە نێرگزی چاوەکانما،
زەردەخەنە سەرسام ئەبێت
کەچی دڵم دنیایەکە چێشتەنگاوە



لەم ئاسۆوە بۆ ئەو ئاسۆ... پڕ هەتاوە
جامێکە هەر ڕەنگاو ڕەنگە
بەقەد دڵۆپە فرمیسکێ
چییە، مەیی لێ نەڕژاوە!
خۆشم ئەوێیت...
پڕ بەڕستەی «خۆشم ئەوێیت»
تۆ فرمێسکی مژدەی خۆشی، لە دیدەما هەر قەتیس بە
دەخیلت بم! نەکەی بڕژێیت
نەمامێ بووی لەسەر هەموو گەڵایەکت...
هەڵبەستێکی ورووژاوبووم
مەلی شیعرم هێلانەی بوو!
وا، گەرمایە، کاتی پشوو... بۆچی حەرفم ئەسووتێنی؟!
خۆ ئەوساکە لەناو پەلتا
ئەمیش لای خۆی وێرانەی بوو؟!
ئەگەر سێبەر بێ دام پۆشێ...
ئەگەر پایز بێ دام گرێ...
ستوونی خێوەتم بخەن...
شڕو شیتاڵم بار کرێ
لەناو دڵما ئەو بەهارەی هەڵت گیرسان...
هەر ئەسووتێ
لەپێش چمکی نیگایەکتا...
شەو نوێژ ئەکەم دەستە و نەزەر
پەیمانێکت، بەڵێ تاقە پەیمانێکت
دێنمە بەر
من شاعیرم... من دڵدارم
لەناو حەرفا هەڵ ئەپەڕم
خۆم و دڵی سەوز و تەڕم
وەک ڕۆژ ئەتخەمە ناو چاوم
لەناو دڵما دیلت ئەکەم
هەر وەکو یاد!

وەکو بڕوا!
کێیە هێندە گێل و گەوجە،
یێڵێ پایز بێ گوڵ بڕوا؟!

***

## ڕازی گۆزەی هەڵچوو

١٩٧١/١١/١٩

سەری گۆزەی دڵی هەڵچووم ئەنێمەوە
بەسەر پێخوێی قوڕی خەستی حەرفەکانما
سەرێکی کەش، ئەڕژێمەوە
کای خەرمانی وەرزی تازەی پێوە ئەکەم
جۆگەیە ئاوی لێ ئەنێم
لەژێر شاخی تەپا و تلا هەڵقولابێ
هەتا ئەژنۆمی تێ ئەنێم
چاک ئەی شێلم ئەم دیوە و دیو
پووختەی ئەکەم وەک چاوی زیو
ئەی دەمە بەر سامالّی شین
تا بەر بەیان
پلووسکێکی لە ئاسۆوە دێنمە سەر
لە فرمێسکی ئەستێرەکان
لە هەناسەی سپێرەکان
بەسەر خۆیا ئەیهێنمەوە
بچێتە یەک
ببێتە یەک
لەسەر وێنەی کچی هیوام
پەیکەرێکی لێ ئەبڕم
بەفرمێسکی تاق تاق کەرەی شیعرەکانم
چاک ئەی سڕم
لەسەر تەپڵی سەری بتی
شاری خامۆش
هەڵی ئەکەم وەکو ئاڵا



وەکو باڵا
لافاوی ڕۆژ هاژە بکات
لە چاویەوە
خومارشکێن هەڵ بقوڵێ
لە لێوی بانگ تێزاوییەوە
دڵی ئاسۆی پێ تێر ببێ
چاوی موغی پێ کوێر ببێ
بڕژێتە ناو چاوی حۆلی خومارەکان
بڕژێتە ناو دەمی کاسە پڕ ژارەکان
ڕاچڵەکێنێ خەو خۆشەکان
هەزار «حەلاج» دەس بداتە چەک و کەوان
بە هەزاران «انا الحق»یش لە دایک بێ
لەگەڵ زرمەی دەستی ئەوان
بەرچاییەکی لێ بکەین لە سێبەری دار بەڕوودا
لە سۆزییەکی زۆر زوودا
جا سەر لە نوێ گۆزەی دڵم
کلّی تازە
دەمی ئەکات، بۆ ئەو کۆڕەی
گوێیان ڕاگرت بۆ ئەم ڕازە

***

## نوێژێکی قووڵ

١٩٧١/١١/١٥

ئەی شۆخی جوان، ئەی زۆر جوان ئەزانی چەند خۆشم ئەوێیت؟
لە جێی هەوا و ئاوی فێنک هەموو کاتێک بۆ من ئەشێیت
لەسەر کەلی زستانەوە،وەک ڕۆژی نوێ هەڵبێرەوە
دیسانەوە بەتینی خۆش هەتاوم بۆ بنێرەوە
بڕژێرە سەر پەڕەی دڵم لە ناخەوە با هەڵپەڕێ
بکرێتەوە وەکو گوڵ و، با... ڕوومەتم سوور هەڵگەڕێ
زەردەخەنەت پاراو بکات، لێوم تامەزرۆی نازەکەت
شنەی لەنجەت بدا لە ڕووی دنیای نیگارە تازەکەت

چپەی ناسک بەگوێمادە، چرۆی هیوام بکرێتەوە
باسی ڕۆژی ڕەشی جاران بەڕووما هەر نەدرێتەوە
ئاوازی ئەم گۆرانییەم لە نامەمدا نەبڕێتەوە
گەرداوی «نووح»یش هەڵبسێ، خاڵێکی لێ نەسڕێتەوە
سۆزێک بدە بەئاواتم، دەست لێ شتێ نەبینمەوە
وا هەست بکەم کە سەرلەنوێ، دێمە دنیای نگینمەوە
تۆ دەستی نازت ڕاگرە، با بیخەمە سەر چاوەکەم
دیدەم وا گەش ئەبێتەوە، ڕێگەت پڕ لە هەتاو ئەکەم
بەهارێکم بۆ بێنەوە کێڵگەی خەمم بێنێتە بەر
هەر چوزەیەک سەر هەڵ بدات، لاگیرەی گوڵ بدات لەسەر
لە ڕێگەت خۆم دەئاڵێنم، بەدووتا دێم وەک سێبەرت
کوا؟ کێ هەیە وەک گیانی من بێ بەقوربانی سای سەرت
ساباتێکت بۆ هەڵ ئەدەم بەباڵی شیعری بەربووم
لە ئاسۆی بەرزی هۆگری فرمێسک و ناخی هەڵچووم
بەرامبەرت دێم بەچۆکا نوێژێکی قووڵت بۆ ئەکەم
گیانم، ئەکەم بەچاوێک و ئاراستەشی بۆ تۆ ئەکەم
لێو ئەمژم، چاو ئەمژم، دەست ئەمژم، دەمم ئەمژم
وام لە پەردەی بووکی نوێدا تامەزرۆیی خۆم ئەکوژم

***

## من و شیعرم

١٩٧١/١٠/٤

کە پەرداخی ئەکەم کوڵمت ئەڵێن ئاڵە گوڵی ژاڵە
بەرەو هەر کوێ پەلت ئەگرم هەمووی ڕێچکەی قەل و داڵە
لە ڕێی حەرف و لە ڕێی کێش و لە ڕێی ئاواز و وێنەت دا
تەلیسمە و جادووە و فتوای کتێبی پڕ خەت و خاڵە
لە سینەمدا ئەناڵێنی هەتاکو دێیتە سەر لێوم
بەرەو ئاسۆ ئەڵێی ئەفڕم، ئەنازی بەو پەڕ و باڵە...
کەچی ئەڕژێیتە ناو دێڕ و بەسەر خۆتا تلاوتل تە
لەبەر پێما وەکو شومڵی، هەوارت لێوی پێ چاڵە



ئەگەر بێت و هەڵیشت دەم بەسەر لێواری ڕۆژێکا
دڵم هەر لێ ئەدا، ئاخۆ سبەینێم تاکو چەن ساڵە؟!
بەسەر لێوی برینمدا، کە دێیت سارێژ بکەی ئێشێ
ئەڵێم ئاخۆ سبەینێ شەو بنێشتی کۆڕی کام ماڵە؟!
مەزاتم کردی بەو نرخەی کە ساڵان نرخی توورێک بوو
کەچی ئەم دی مەزاتیشم مەزەی مێزی گەپ و گاڵە!
لە ئەستێرەی ئەکەم, چاوت، لە هەوری ڕێک ئەخەم باڵت
ئەڵێم ڕەخشێکە بێ وێنە و لە ڕەوتایە بەچوار ناڵە
ئەگەر ڕۆژێک بەدی بکرێیت لەناو دێراوی باخێکا
هەموو گیانت مەیانێکی قەپی گورگی قڕە و قاڵە
لە وێرانەی هەوارگەما، لە سێدارەش دراوی تۆ،
تەمای چیتە؟ بەرەو ئاسمان هەڵت کێشێ سزا و ناڵە؟!
لە زەنگی دەستی عیسادا سروودێک بیت سبەی ڕۆژێ
بڵێن ئەو دەنگە چەن خۆشە، کوڕێکی نێو نیگا کاڵە
لە بازاڕی ژیانمانا درۆیەک نرخی سەد شیعرە!
بەگوێرەی باوە پەرداخی... دەمێ زەردە و دەمێ ئاڵە
بڵێ بۆ وس نەبم ئیتر نەمن شیعر و نەشیعریش من
هەمووی وردکەم؛ نەکا! چایەک دەسا ئیتر ئەمەش حاڵە!!

***

## هەستێک

١٩٧١/٧/٢٠

لەبەر تاڤگەی خوڕی چاوتا دەروونم هەڵ ئەخەم ئەمڕۆ
دەبا بڕژێ نیگای جوانت، نیگارت نۆش ئەکەم ئەمڕۆ
پەریی ئاوات لە توێی دڵما هەتاکەی هەر بناڵێنی!؟
دەبا هەڵسێ بەتەقلە و باز، ئەبێ ڕێگای بدەم ئەمڕۆ
لەناو باخی قژی خاوا وشەم لاوک ئەڵێ بۆ ڕوو
لەسەر ئاوازی ئەو هەستەم، دەسم دایە قەڵەم ئەمڕۆ
دڵۆپی شەونمی حەرفم لە تاڵی دێڕ دەئاڵێنم
وەکو پرشەی بزەی کاڵت بەرەو گۆنای ئەبەم ئەمڕۆ

بەبینی گەرمی پڕ تاسەم بزەی لێوی تەڕت ئەمژم
هەتا ئاهێکی بزواندن ئەخاتە گیانی خەم ئەمڕۆ
بەدەوری بەرگی والاتا، کە ڕێی چاوم لە تۆ ئەگرن
شەماڵی بەزمی خەرمانم لە دەشتیشا شنەم ئەمڕۆ
بەپێڵووی چاو، بەلێو و دەم، بەخۆزگە و هەست و ئاواتم
ئەبێ بتخۆمەوە یەک بین، هەتا بنجی وزەم ئەمڕۆ
ئەبێ تۆ گیانی من بیت و منیش بالاّ ڕووانت بم
لە ئاسۆی بەخت و شانازی بڵێیم خەڵکە ئەمەم ئەمڕۆ
نیگاری یار لە گیانمایە، هەموو گیانم وەکو یارە
چراخانی هەزار ئاوات، لە خۆما هەڵ ئەکەم ئەمڕۆ

***

## وەکو

وەکو ئاگر ڕژایتە ناو دڵ و گیانم
وەکو فیشەک هاتی هەتا سەر ئێسقانم
وەکو هەتاو کێلاّت بیلبیلەی چاوانم
وەک بازی خەم نیشتیتەوە لەسەر شانم
بووی بەهەوا بووی بەئاوم، بووی بەنانم
بووی بەحەرفم، بووی بەشیعرم، بەئیمانم
بووی بەو سوێیەی کەس نایزانێ و خۆم ئەیزانم

***

## ئەگەر ئەتەوێت

ئەگەر ئەتەوێت وەک من بزانی خۆت چەندە جوانی
لە بالاّ ڕوانی چوارچێوەی دەستکرد وازت ئەهانی
نیگاری جوانت هۆنراوەیەکە هۆنیومەتەوە
گەوهەرێکە من لە ناخی عەشقا دۆزیومەتەوە
ئاوێنە چەشنی دڵی من وێنەت ناتوانێ دەرخا
نییە وەک شاعیر گەوهەر لە دەریای جوانیدا سەرخا

***



## خۆزگە

خۆزگە لە پێکی مەستی چاوانت قومێکم ئەدا
وەک وردە باران لە سەروی بالاّت نمێکم ئەدا
وێڵ ئەبووم بەناو بۆن و بەرامەی سینە و گەردنا
تا خۆم ئەدییەوە لەناو ئامۆونی دووری مردنا

***

کە ئەتبینم بەلەنجە دێیت و دەچی ناو بەناو
بۆ گرتنی وێنەی تۆ چاوێک ئەکەم بە سەد چاو!

***

## ئەی شۆخەکە

ئەی شۆخەکە بۆچی من چیم
کەی فریشتەم، کەی من سۆفیم؟!
دێیت و دەچیت بەلەنجەولار
جارێ پایز، جارێ بەهار
زوڵفت وەک تاڤگە بەرداوە
ئەبێ بەتۆز لە حەواوە
لەناو چیمەنی سینەتا
لە ڕێچکەی چاڵی تینەتا
خۆی مات ئەدا لە چپەی مەم
تۆ ئەتەوێ من چی بکەم؟!
جووتێ مەلی هێلانەواز
جار جار وەک شێت، جار جار بەناز
ئەڵێی ها... ئێستا ئەفڕن
تاڵی سووخمەی ڕەق ئەبڕن
شەپۆلی پێستی نەرم و شل
وەک زنجیرەی گەردن و مل
دیارن لە چەپ و ڕاستەوە
لە جامخانەی کراستەوە

وەک سێبەری ناو ئاوی ڕوون
خۆیان لە یەکتری ئەسوون
کوڵمت قوڵپی سەرچاوەیە
گوڵی کەم دەم کراوەیە
دەمت شیلانی لێوی پڕ
لێی هەڵ ئەستێ شالاوی گڕ
کە ئەلمۆدە لەبەر ئەکەی
قەفی پاو و پووز دەرئەخەی
هەڵ ئەخزێ ماسوولکەی خڕ
وەکو دڵێ لێدا لە پڕ
لەسەرتەوە لە پاتەوە
چاوی حەزم ئەتخواتەوە
من شاعیرێکی ئەم سەدەم
هەزار خۆزگەت پیا هەڵ ئەدەم
دۆزەخی نەوس لە ناخمایە
سەد گەلە گورگ لە داخمایە
کە دێیت دەچی هیچ ناترسی
لە دۆزەخی نەوسی برسی؟!
مەلت ئەخۆم بەتووکەوە
بەبەرمل و دەنووکەوە
تا شیرینیی لە لێوتا بێ
لەناو تف و جنێوتا بێ
بەهەڵپەیەک وای ئەمژم
گڕی خۆزگەی پێ ئەکوژم
لەناو پەلی، دڵ لێدانا
لە کەف و کوڵی ڕێ دانا
پێکی پڕی دەمی سینەت
ئەڕژێنمە چاڵی تینەت
چاوم بۆ هەر کوێت هەڵ بخەم
دەمی تینووی تێ بەر ئەدەم



هەتا نوقم ئەبم تەواو
بەباوەشی حەز و هەناو
وەک ڕەشەبا و پەڵەی گەنم
هەموو لەشت ڕائەژەنم
ئەی شۆخەکە بۆچی من چیم!
وا ئەزانیت وشکە سۆفیم؟

***

## هەوەڵ مەزات

١٩٧١/٣/٢٦

هەوەڵ مەزات، هەوەڵ مەزات
شیعر و وتار
حەرفی چنراو
دێڕی بەفرمێسک هەڵ کراو
کیسەی بیری چاک ئاخنراو!
هەوەڵ مەزات، هەوەڵ مەزات
گوێم لێ بگرن خەڵکی وڵات...
هۆنراوەی کۆن،
هۆنراوەی نوێ،...
دوا چۆڕی ئامانجی هۆشم
وا بەهەرزان...
وا بەتاڵان
ئەی فرۆشم!
هەوەڵ مەزات، هەوەڵ مەزات...
دەنگم بۆچی بەکەس ناگات!
لە شیعر و حەرف و دێڕی ڕووت
هەرچی هەمە
نرخی کەمە!
هەوەڵ مەزات
ئەوا ئاوی ئەژنۆم داهات...

حەرفم بە سەد گاز و قاوە
بادراوە...
ئەو دامێنەی هەڵوەشاوە
لە ڕێگادا داخراوە
وا پێ خوستە، وا سواوە
دوێنێ گەسکی پەشیمانیم پیا هانیوە
تا ئێستا کەس نەی بانیوە[1]
خەتام نییە حەرفم ڕەقە،
جێی ڕاوەستانم وا لەقە!
هەوەڵ مەزات، هەوەڵ مەزات
خواوەندانی وەرزی بەهات
هەتا ئاوی ڕووم نەتکاوە
هەتا خامەم سەری بەرزە
لە برسا لووتی نەشکاوە!
هەتا حەرفم، هەتا دێڕم
لە ڕێی (جەنگیزا)! نەڕژاوە
هەتا پەرتوک و پەڕاوم
ئاهێکی گەرمی تیا ماوە
هەتا لە (طور)
ڕووم وەرنەگێڕاوە لە ژوور
تا بۆ (گوێرەکە)ی (سامری)
دەستە و نەزەر نەوەستاوم
هەتا لێڵایی ئاخ و داخ
نەی تەنیوە بەری چاوم...
بێن بمگەنێ... هەوەڵ مەزات
هەتا هەرکوێ دەنگم ئەگات
هەوەڵ مەزات
تاکەی پشتم بجەڕێنم؟!

(١) نەی بانیوە: نەی گرتۆتە خۆی



تاکەی وەها بنەڕێنم!؟
تاکەی (مۆم)م لەسەر گیانی،
ڕەنج و ئاوات بسووتێنم!
تاکەی نووزەی یاخیبوونم
لەناو خەوا بخنکێنم؟!
ژێر پێم سووا، هێندە گەڕام
خنکاوە قوڕگی سکاڵام
هەوەڵ مەزات، هەوەڵ مەزات
خەڵکی وڵات
(پازەند) و (زەند) و (ئاوێستا)م
بۆ مەزاتە
خەڵکینە بڕوام پێ بکەن
ماوەی مەزات بۆ یەک ساتە!

***

## بێکەس

١٩٧٠/١١/٨

ئەگەر خەم ئەخۆم خەم نارەوایە     بۆ هەستی بەتین
قەڵەمی ئازا گریانی نایە     ڕووی کردە نووسین
بۆیە لە یادی شاعیری گەشا     بێکەسی مەزن
ئەدرەوشێتەوە لە حەرفی ڕەشا     سۆزی دڵی من
بێکەس شەهیدی وشەی ڕووسوورە     نەمانی نابێ
دەروونی شیعری ئاگرە و کوورە     تا دێڕێ مابێ
دژی نەزانین، درۆی ڕەنگکراو     خەباتی ئەکرد
لەسەر ڕووی بتی دەمو چاو خووراو     پەچەی لا ئەبرد
دژ بوو بەعیلمێ کە پەپکەی داوە     ماری حەوسەرە
چەکی خوێنینی وای هەڵهێناوە     قڕی بەشەرە
لەهەر کوێ خوێنی گەلان ئەڕێژن     مۆتەکەی قارە
لە هەر کوێ تەرمی شۆڕش ئەنێژن     ئەو پاچی کارە

کە ئەی دی ئەوا خەڵکی وڵاتی        سزا ئەچێژێ
دەستی ئەدایە قەڵەمی زاتی        ئاگر بڕێژێ
بەڕووی دوژمنا گڕی ئەهاوی        شیعر و وتاری
ئەیخستە لەرزین دڵ و هەناوی        زنجیر و داری
وەک بروسکە بوو حەرفی لە دڵیا        ئەیدا لە خامە
بەهرەی هونەری لە کەف و کولیا        ئەت وت پەیامە
هەموو شیعرێکی بەستەی شۆڕشە        نابڕێتەوە
مەشخەڵی ڕێگای هەوڵ و کۆششە        ناکوژێتەوە
لە ئەیلولەوە هەر ئەو ڕازەیە        لە خوێن جمانا
کە شیعری بێکەس چەکی تازەیە        ئەکرێ بەشانا
لە شاخ و دەشت و هەردوو نزارا        تۆمارە شیعری
لە بەرگی ئاڵی بووکی بەهارا        هەر گوڵێ ئەگری
پیرۆزەی تانی ئاڵای هیوایە        وەک گوڵی کاڵا
ئاگری هۆش و باوەڕی تیایە        ئاڵا بەئاڵا
ئا لەو سەردەمەی بەندەیی باو بوو        بۆ پارە و کورسی
جوابی داگیرکەر– ئەی بەسەرچاو بوو        هەرچی ئەپرسی
بێکەس بوو شۆڕش گەیشتە سەری        بەتانە و تەشەر
تفی کردە ڕووی ئاغا و نۆکەری        وەک تیری قەدەر
سەر مەشقە شیعری، مێژووی ئەم گەلە        ڕوونووسی ئەکات
پێشەنگی کاروان بێ هەڵە و پەلە        ڕێگەی پێ ئەبات
بێکەس! کوردستان سەهۆڵ بەنان بوو        کاتێ کۆچت کرد
کاروان لەسەر ڕێی مان و نەمان بوو        هەر نووچی ئەبرد
دوژمنی کوردیش... دەزگای نۆکەریی        حەیشی بڕابوو
بۆنی خیانەت دابووی لەسەری        ناوی زڕابوو
ئەم گەلەی ئێمەی پێچابووە شەو        نەبینێ چاوی
ڕێی لێ تێک بدا بەتاڵاوی خەو        کپی کا ناوی
ئەو جامەی گەرمیی ئەدا بەهۆشت        وا بەدەستەوە
ئەو مەیەی کە تۆ ئەت کرد بەنۆشت        وا بەبەستەوە
بەیادی تۆوە منیش بەو جامە        دەروونی پەستم
ئەبووژێنمەوە بەو مەزە و تامە        بخوێنێ هەستم



بڵێت تا ئەبەد «بێکەس» ئەمێنێ        برای ڕاگوزەر
بۆ هەر شایێ گوڵێ ئەهێنێ        کە بدرێ لەسەر
گەلی کورد ئەبێ بەتینی بادەی        تا بێ پێ بدا
بەبەستەی خۆش و گزنگ و سادەی        دڵی لێ بدا
بۆ هەر شیعرێکی لە کەرنەڤاڵا        چرایە بێنێ
بێهۆنێتەوە بەیەخەی ساڵا        دای بگرسێنێ
دەنگی پەیامی ئەسێنینەوە        قەڵەم گۆش ئەکەین
دیوانی شیعری ئەخوێنینەوە        جامی نۆش ئەکەین
بێکەس لە دڵما... منی قوتابیی        زەنگ و سروودی
جیاوازیی نییە مابی نەمابی        ڕازی خلوودی
لە ڕووی خەیاڵما یاد و نیگاری        باوەڕم پێتە
بەگیانی دیلی شەوی هەژاریی        چاوم لە ڕێتە
لە لێوی حەرفت هەڵ ئەسێ ئاواز        بەسۆز و نیان
دڵی شکاوم پڕ ئەکا لە ناز        بۆ ڕێگەی ژیان

***

## کاکەی شوان

١٩٧٠/٧/٢٨

دوای تۆ کەوتووم وا بانگت ئەکەم ئەی کاکەی شوان
ڕابەری ڕێگام لە شاخ و دەشتا پەیامی دووان
سۆزی شمشاڵت مەستی کردووم وەکو جامی مەی
گرتوومە شوێن پێت بێ ئەوەی بڵێم بۆ کوێ هەتاکەی
چەند جار خۆم بینی لەناو شاڵاوی ئاگری گڕا
لەژێر چەپۆک و دەستی خوێناویی دڕندەی دڕا
هەرکاتێ ئەمبیست سۆزی شمشاڵت بۆی هەڵئەپەڕیم
لە ڕەشبەڵەکا جێی خۆم ئەبینی بەبێ لام و جیم
بەڵێ تلم دا لە خوێناوما، جوانیم کوژاوە...
سینەم لەت نەبوو، دڵم نەخنکا، سەرم هەر ماوە
برسیمە هاتووم بۆ پیاڵەیەک شیر، ببوژێمەوە
بەڵێن بێ وەکو چرای تازە نەوت هەڵگیرسێمەوە

گەر شایەن نەبووم تو سۆزی شمشاڵ وا بزانە مردووم
کفنێکم بکە ئاڵ بێ سەراپام شەهیدی زیندووم
لەسەر لووتکەیەک لەم کوردستانە گەڵا پۆشم کە
بەپێکی مەرگ و ئاوازی شمشاڵ ئەمجا گۆشم کە

***

## باران

١٩٦٩/١٠/٢٥

ئەی بارانی سەر پەڵە بۆم چنیوی نیگارێ...
لە چوارچێوەی خەیاڵا پەیامی لێ ئەبارێ
لەگەڵ خرمەی دڵۆپیا خورپە ئەکات خەیاڵم
بچنێتەوە ملوانکەی بچڕاوی ملی ساڵم
بیهۆنێتەوە لەنوێ بیخاتە سەر باڵی تۆ
ئاخۆ کام دەنکی ئاڵە! بۆچی ڕژا بەفیڕۆ؟!
ئەبێ بۆچی بەتاڵی داخ و خەما کرابێ
جیهانی هۆندنەوەی تاریک و بێ چرابێ
بۆ، هەر خوا خوامبێ پایز بێت بەتۆز و تەمەوە
لەگەڵ خەیاڵ و هەستم بچمە کووپەی خەمەوە؟!
ئەی بارانی سەر پەڵە لە دایکی خۆت تەریوبە
میوانێکی ئازیزی ساڵێکی کەس نەدیوبە
تەپ و نم دایگرەوە سەربانی شاری خەمم
لە کووپەی تاڵ و ژاڵا تەوژمت با لە دەمم
لەگەڵ زەردەی دەمەو بانگ بشۆرە ڕووی زەرد و کاو
لێوی ئاسۆ تەڕ بکە پەڵە پەڵە و ناو بەناو
وشکە وەردی تۆوکرا و تێراو بکە هێڵ بەهێڵ
لەگەڵ پەیکی شەماڵا ڕووبکەرە گەشت و گێڵ
دەمی کانی وشک بوو دەروونی چەمی کەماو
خڕی ئەمبەر و بەریش پاراو بکە بەلافاو
وەکو قژی داهێنرا و لەناو پەلی دارەوە
بەرەو گەردنی لاپاڵ بکشێ و وەرە خوارەوە



لا لێوی ڕێگای کشاو پڕکە لە ئاوی شەویی
با دەرکەوێ خاڵی بەرد، بریق و باقی چەوی
باران تۆ خوشکی هاتی، پێت بەخێر و هاتەوە
زەنگی کاروانت سازبێ با باش دەنگ بداتەوە
لێوی پایزی زەردی سەرمابردە ئاڵ بکە
ڕوومەتی ئاسۆی خەمین پڕ لە خەت و خاڵ بکە
هەرکاتێ هاتوو بارییت ئەگەر من لە خەوا بووم
لەناو خەیاڵی شیعرا، یا لە جێگای شەوا بووم
ڕێزە دڵۆپێ بگرە پەنجەرەی لای سەرینم
بەڵکو بەئاوازی ئەو خەوێکی خۆش ببینم
با فریشتەی بەربووکت خەندە بدا بەلێوم
لە شایی سەر پەڵەت دا ئەزانی چەند بزێوم
ئەی کچی فەڕ، خوشکی هات، بووکی ژیان وەڕگەڕێ
با شاخ و داخ، دەر و دەشت، بەپێتەوە هەڵپەڕێ
لە پەردەی خاکی نەرما لەگەڵ تۆوی ژیانا
مژدەی نوخشەی بەهارتان بدەن بەگوێی جیهانا

***

## چیرۆکی عیسا

١٩٦٦/٧/١٤

دنیا شەو بوو
چاوی هیوا ڕووی لە خەو بوو
هاوین گەرم و گڕە و تۆز بوو
ئاگر باران
کاروان زۆری لە گەرمانا
لە تینوانا
دوور لە هەوار
دوور لە جێگا
باری خستبووە لای ڕێگا
لە ناکاوا بەیانی دا

له دوای ژانی بەئێش و داخ
ساوای جوانی مژده دراو
له دایک بوو
بۆن خۆش و پاک
بزێو وەکو لاوێکی چاک
هێشتا هەر له بێشکەدا بوو
ئەدوا وەکو پیاوی بێ باک
بەچەند ڕۆژێ کەوتە سەرپێ
هەنگاوی قەبەی هەڵ ئەنا
ئەدوا بەبێ پێچ و پەنا
دەس بڵاو بوو، مژدەی ئەدا
ئەیوت منم، کوڕی خودا
چەتەوڵی ڕۆما، کە، دیی
نوقڵانەی دیلی سەر بڕاو
خەریکە بێ دەنگ دێتە دی
لەگەڵ مالووما دەس بەدەس
بە یارمەتی سەد «یەهوودا»
کەوتنە جمە
وەکو لیتاوی دوای نمە
چوونە هەموو سەر ڕێگایە
خۆیان دا له گشت دەرگایە
وتیان زۆڵە
نەوەی خاک و تەورات نییە
فێری شۆربای کەنشتەوو
پۆشتەی دەستی خەڵات نییە
کەی ئەو زۆڵە روحی خوایە
کەی تیماری دەردی گران
کەی بینایی چاوی ژیان
له دەستیایە؟!
ڕاست و چەپی بۆ هەڵخرا



ڕێی لێ بڕا
هەر چوار لایان وەها لێ تەند
تۆڵەی کوشتنی تەورات و
تۆڵەی بەراتی قەیسەریان
هەموو لێ سەند
هەموو ڕۆژێ پارچەیەکیان
ئەبڕی و ئەکوشت
هەتا ڕۆژێ وەیشوومە هات
بەسەر داری چەپ و ڕاسا
دوا تنۆکی خوێنێشیان ڕشت.
له ڕۆژێکا تارتر له شەو
ڕەشتر له مەرگ
شەوی هەموو دونیا دووررا
کرا بەبەرگ
ئەو خاکەیان تێ هەڵکیشا
ڕەگی هەموو سەوزەیەکیان
لەبن کێشا
هەر بستێ خاک کە سێبەری
پێغەمبەری
بەرکەوتبێ
لەهەر کوێیەک دەرکەوتبێ
کرا بەگۆمی خوێنی سوور
نزیک و دوور
له دامێنی «گوڵگۆسا»دا
خوێن سەری کرد
سەر هەڵپەڕی
دایک سنگ و یەخەی دڕی
دڵی خودای گرژ و کەسیر
خوێنی بەربوو بەتانە و تیر
خوێن ڕێژەکان

هەتا لووتیان لە خوێنا بوو،
ساتێ ڕۆیین
هاتیشنەوە
قەتماغەی هەر نەبەستبوو
دەمی برین
چاوی(مریەم)
هەر فرمێسکی گەرمی ئەڕشت
لە پای داری چەپ و ڕاسا
گەرمە شین بوو
خەڵک خۆی ئەکوشت

***

## قژی چاو مەستێ

١٩٦٦/١/٤

قژت ئەی شۆخەکەی چاو مەست هەموو هەستێ ئەبزوێنێ
نمەی جوانی بەڕووی باخچەی هیوا و شیعرا ئەپرژێنێ
کە ئەیبینم ئەوا پەخشانی سەر شانە و پەرێشانە!؟
لە بەرپێتا، تەڵاو زێڕە بەبێ پرسیار و کێشانە
وەکو شەستی بەهارانە کە تیشکی ڕۆژی لێ دابێ
لە پەلکی باخی نەورۆزی دەمەو ئێوارە ئاڵابێ
وەکو تاڤگەی بەرەو ڕۆژە پەلی ئەڕژێتە سەر سینە
مەلێکی خرپن و مەنگە دەنووکی ناوەتە تینە
لەجیاتی شاڵی ئاوریشم مل و شان و کەمەر پۆشە
ئەگەر شەڕیش بکەی بۆ ناز لە باوەشدا گوڵاو نۆشە
لەسەر ناو چاو گەڵاوێژە و لەسەر لێوی بەیان دیارە
وەکو کاراسکی دەم ئاسۆ لە سۆزەی بایەکیش تارە
لەگەڵ سینە و مەمما هەرگیز چپە و ڕازیان بەئاوازە
لە گەردن خۆی دەئاڵێنێ هەمووی سۆزە هەمووی نازە
گوڵ و نێرگس، کەنێرە و باخ، بەهار و چیمەن و کانی
پەیامی ئەو ئەهێنن بۆ پەرستگەی هونەر و جوانی



پەڵەی گەنمێکە، پڕ دان و قەف و باڵا، تەواو! خشتە
شنەی کۆسارە جۆلانەی ئەو و لانکەی هەوای وەشتە
شەپۆلێ دێ و شەپۆلێکیش وەها ئەڕوا بەرەو گەردن
بەسەر سینە و مەمما ئەشکێن: دڵۆپی شەونمی وردن
دەسا ئەی شۆخەکەی چاو مەست نزام لێی وەرگرە جارێ
دە تۆ ئەی میهرەبان ڕەحمێ بەداماوێ بەناچارێ
دە شاگەشکەم بکەن تاوێ بەوەی شادبم بەسەر ڕانت
لەبەر ڕووناکی چاوانتا، لە سایەی زۆڵفی پەخشانت
بەسەر ئەم لێوە وشکەمدا گوڵاوی قژ دەبا برژێ
هەتا گیانی زەبوونم تێر شەرابی زیندەگی ئەمژێ

***

## مەلی ناو داو

تەمووز ١٩٦٦

مەلی ناو داوی پەڕوباڵ کراو
خۆی ڕابچڕکان سا بە هەزار حاڵ
بەرەو بەیانی ڕۆژ لێ هەڵکراو
لەگەڵ دەرچوونا، دای لە شەقەی باڵ
دی باخی زەرد و خاکی هەڵقرچاو
چاوەڕێی جووت و گاسن و بێڵن
کانی پڕ قەووزە و کارێزی ڕووخاو
بەنیازی هەوری بەهاری وێڵن
بێ ئیش و هەژار لێو ئەکرۆژن
بەتەمای دەنگی ماکینەی دێون
دەمێکە تاپۆی خۆزگە ئەنۆشن
بەسکێ تێر و سەدیش بێ شێون
هۆشی ناو مێشکی زوو قەتیس کراو
ئەیەوێ بفڕێ بەرەو باخی گوڵ
زمانی پاکی قەپ و قڕ کراو
ئەیەوێ بەر بێ، بیڵێ نیازی دڵ

پۆلە پەپوولەی گیانی بەخت بوو
بەرووی ئاسمانی ئاواتا ئەڕۆن
باخچەیە بەخوێن ئاویان دا هەموو
دێتەبەر، یاخود بێ سوود خول ئۆخەن؟!
لە ناخی شەوا هیوای سەد ساڵە
بەنیازە، هەتاو گزنگرێژی کا
بەسیەتی ئیتر چاوەڕێ تاڵە
تف لە ڕووخسار و لە کاوێژی کا
پێش ئەوەی مەلی تینووی بەیانی
بگاتە ئاسۆ خستیانەوە خوار
جامی ئومێدی دەستی ژیانی
زۆرتر لە جاران پڕ کرا لە ژار!!
شەپۆلی ئاگر بەکڵپە و سووره
هۆش و زمانیش وەک دێم و بەراو
هەر ئەسووتێنێ نزیکە دووره
جێ پێیەک ئەبێ بەگۆمی خوێناو
ئەو خوێنەی وامان زانی سەرێکە
بەبڕینی ئەو کارمان تەواوە
ئێستاکە دەرکەوت جانەوەرێکە
سەد پەل و سەر و زمان و چاوە
گۆڕێ هەڵکەنرا بۆ ئەو، تێی بخەن
بیروباوەڕ و کەلاک و سەری
وا وەرگەڕاوە ڕۆژی ناپەسەن
بەباقە گوڵی هیوای تێوەری
ڕەوڕەوەی مێژوو وا دێتە دواوە
بەسەر خەرمانی هیوا و کۆششا
بێز ئەکەیتەوە هێندە گلاوە
تا لووتی وا لە، خوێنی شۆڕشا!

***



## وێنەی کچێکی شۆخ

١٩٦٥

دوو مەمەکەت ئەی کچەکەی نیم کەچ نیگا
ئەی پەیکەری خوای هونەری چوارده ڕێگا
دوو کۆتری سپی و جوان و باڵەفڕن
خڕ و خنجیلە و خوێن گەرم و سوخمە دڕن
دەنووک ئاڵ و بەر سینە پڕ ناسرەوێن
چاو لە دەر و شێت و وێت و دوگمە ڕەوێن
لەناو هێلانەی سینەتا. وا دیارن
لە شەتەکی سوخمە و ئەتەک زۆر بە قارن
وەکو ساوای بەر مەمکانە پەل ئەکوتن
هەر ئەوەندەی ماوە بەجووت بێنە وتن
ڕێگەیان بە، با هەڵقوڵێن لە سینەوە
بۆ یەک هەناسە با مەرجێ بەرینەوە
با بازرەقە بدەن بەجووت بۆ ناو دەستم
بۆ دەستەمۆکردنی مەل زۆر بەدەستم
بەڕوومەتم خوتوکەیان ئەدەم... دەمێ
دەمێ... دەم و دەنووکیان ئەمژم کەمێ
بۆیان ئەڵێم هەزار ئاوازی دڵ ڕفێن
ئاوازی تەرمی بەسۆزی کۆرپە خەوێن
لەوان گڕۆزی و سەر ڕەقی، نازیش لە من
هەتا لە لانکەی سینەتا جوان خپ ئەبن

***

## هەموو فێنکی ئێوارەیە بەگوزەرە کەمانا ڕائەبووری

١٩٦٥

بەئێوارن لەگەڵ فێنکی لە ماڵێ دێتە دەر نازار
وەکو سروەی بەهارێکە دەرودەشتی گوڵ و گوڵزار
لە ناخی گۆمی جوانیدا فوارەی زێڕە هەڵ ئەقوڵێ
لە قولایی هەزار چاوا وتاری سۆزە وا ئەکوڵێ

وەکو ئاوی شەتاوی ڕوون کە ئەکشێتە بەری جادە
بڵێم وەک چی؟ بڵێم چۆنە؟ پەرییەکی خووازادە
لەگەڵ لەنجەی، لەشولاری شەپۆلی ڕوون ئەدەن دیارە
ئەڵێی ئاوریشمی فستانی شل و نەرمی لەلا بارە
لەبەر تاڤگەی قژی کاڵیا وەکو مەڕمەڕ مل و شانی
ئەپرژێن بەڕووی بادا پلووسکی زوڵفی پەخشانی
کە ئەڕوانیت بەرەو سینەی کەمێ بەرز و پڕ و پانی
لە چاوانتا ئەناڵێنێ هەموو ڕازێکی پەنهانی
کە چاوی گێڵ ئەدا، چاوی جیهانێکە، دییارێکە
هەزار کەشتیی دڵی شەیدای تیا وێڵی کەنارێکە
بەسینەی سنگیەوە دوو بەچ بەچی کۆتری دەنووک ئاڵن
ئەڵێی ئێستاکە وا دەفڕن ئەوەن سەر شێتن و تاڵن
***
بڵێم ئەو جوانە یا جوانی وەکو ئەو وایە ئەنوێنێ
کە خان و مانە ئەی خوایە دڵ و گیان و دیەم دێنێ
سەرم سەرگەردی ئەو ڕێیە کە ڕێگای تۆیە ئێوارە
هەموو عومرم بەساتێکە کە باڵای تۆم لە چاو دیارە
لە مێژووی عەشقما هەر تۆی پەڕەی هەرگیز لەبەر چاوی
بەڵێ هەرچەندە نازداری وەهایشە قورسترین داوی

## لەبەردەم شانۆیەکدا

پێشکەش بە(س.ج)

لەسەر تەختێ لەناو باخی گوڵانا دیم نیگاکانی
بەرەو شانۆی گەلێ ڕووناک وەکو کاراسکێ ئەیڕوانی
سەر و پەرچەم کشومات بوو لەسەر شانی خپی دابوو
لەسەر گەردن دەقی تاتای، هەتا ئەوسایە نەشکابوو
لەگەڵ قاقای دڵم ئەیدا لە شەقەی باڵی ئەشعاری
وەکو پەروانە بۆ دەوری نیگاری شۆخ و نازداری
لە نێو جوانانی ناو هۆڵا وەنەوشەی باخی پڕ گوڵ بوو
لە بەستەی گەرمی ئاهەنگا سروودی هێرشی دڵ بوو



هەموو هەستم لەلای ئەو بوو، نە شانۆم دی نە ئەکتەر بوو
لە نێوانی من و ئەودا، خەمی دڵ بوو، بەرابەر بوو
وتم ئەی خەم، لە جامی دڵ وەرە و سەرکە بەرەو چاوی
بەرەو لێوی وەکو خونچەی بەئاستەم، زەردە لێداوی
بڵێ من پێکی ئەو شێتەم لە وێ دا واقی وڕماوە
دەسا یەک قوم لە لێوی خۆت، هەتا گیانێکی تیا ماوە
کچێ ڕازی دڵی جوانان ژیان گشتی لە لای تۆیە
کەمێک ئیکسیری ئەو چاوەت بدە لەو ئاگر و سۆیە
لە جوانانا بەتەنها تۆی ئەبزوێنی دڵ و هەستم
بەپێکی شێتی ئەو چاوەت هەمیشە کەیل و سەرمەستم
کە من خەڵکی بەبێ قیبلەم ئەزانن، سەیر و سەیرانە
بەبێژنگ چۆن ئەگیرێ ڕۆژ، کە قیبلەم جوانی جوانانە
ئەگەر (جوانی) وەکو خواوەند مەقامی عەرشی هەبوایە
بەتەنها تۆی کە لایەق بی بەعەرشی بەرزی ئەو خوایە
دڵم مەکوژن وەکو دیوانە بۆ ئەشعار لەگەڵ تانە
کە کێش و قافیە و مەعنای هەمووی بۆ ئێوە تەرخانە

***

## هۆنەر ئەگری!

١٩٦٥/١٢/٧

دەسا ڕێگەم بدەن خەڵکە لەگەڵ خۆما کەمێ بدوێم
وەکو فرمێسکی چاوی خەم بەسەر دڵما کەمێ بڕژێم
کەمێ بڕوانمە ئەو ڕێچکەی کە پێم تیاگرت و پیا هاتم
هەتا ئێستاش سەری نەی دا لە دەرگای شاری ئاواتم
مەتاڵای کەم، پەڕەی مێژووی ژیانی تاڵی ڕابووردووم
هەموو عومری بەناسۆر و، هەموو ڕۆژێکی با بردووم
سەری دێڕ و بنی دێڕی، هەمووی هەر ئاخە تاساوە
بەفرمیسکێ بەسەر چاوی هیواما هەوری کێشاوە
هەمووی سەر مۆرە بۆ گیانێ کە گیانی خۆی لەلا بارە
هەمووی هەڵبەست و هۆنراوەی کولۆڵی و دەردوو هاوارە

بەهارێکی نەبوو ژینم بڵێم خۆشە بەهار وا بێ،
لەگەڵ بووکی هیوا خۆزگەم نەدی جارێ بەزاوابێ،
بەرەو هەر چاوگەیەک، چووبم لە تینوانا دەمێ تەڕکەم
لەبەر شاڵاوی گورگ و سەگ نەشم توانیوە ڕێ دەرکەم
لەسەر ڕێما نەبوو دارێ، لە سێبەریا، هەتا تاوێ
وچانێ با، لەشی ماندووم کەمێکیش لێک بنێم چاوێ
شنەی سەر ئاو و ناو باخێ، نەبوو گیانم ببزوێنێ
چرۆی بەخت و هیوای جوانیم بەئەسپایی بپشکوێنێ
لە باوەش دا، لەژێر سایەی قژێکی خاو و پەخشانا
لەبەر تیشکی چرای جوانیی نەمامێکی درەخشانا
بەیانی لێوێ نەی باران شنە و ئاونگ بەسەر لێوما
بەسەر گیانی بوزڕکاو و بەسەر باڵای چڵ و چێوما
دڵۆپێ مەی چییە، نەمچەشت لە جامێکی تەڕ و ئاڵا
لەگەڵ یارێ، لە گوڵزارێ، لە کوێستانێکی خاڵ خاڵا
نمەی بارانێ هەر نەی دا لەشەتڵی عومری ناکاتم
سەپانی هەر نەویست جارێ، بڵێم چی؟ وەرزی بێ هاتم
سوراحیی دڵ لە زوخاوی خەم و دەردا هەتا لێوە
لە کونجی قووڵی سینەم دا، هەزار جێ بەردی وا پێوە
کەسێ دیقەت لە چاوم کات، ئەبینێ گۆمی خوێناوە
دەسی مەینەت بەقاروقین چڵۆسکی تیژی تێناوە
لە ئاراما ئەوا سووتام، کە ڕێی ئارام وەها دوورە
دەروونی ڕازی بێ نازم، تەنووری ئاگری سوورە
دەسا، ئەی خەم، دەسا هاوڕێی شەو و ڕۆژ و هەموو ساتم
دەستت، ڕابگرە بۆ دەستم، زەبوونم ڕووبەڕووت هاتم
لە مەیخانەی شەوا، با ، بێ، مەیی خەستی هەزار ساڵە
لەتاڵاوا... وەهام گێژگە، نەزانم عومری خۆم تاڵە

***



## ئەی ڕۆژ

١٩٦٤/١٢/١٠- نوگرە سەلمان

ئەی ڕۆژ شەوی تار پەنگی خواردەوە
ئاسۆی دەم کەلی ئەوا شاردەوە
پەنجەرەی لەسەر شاری سەد ئاوات
وا داخستووە کە وازی نەکات
وا باڵی ڕەشی خۆی داهێشتووە
توێ بەتوێ ئەرزیش تامی چێشتووە
باخچەیە، چیمەن بەپێی پەستە
گوڵ سیس و ماتە گیانی بێ هەستە
سەرچاوەی ڕوونی پڕ لە مووررووی چەو
یاری کشتوکاڵ، ئاسک و گەلە و کەو
وەکو فرمێسکی مەنگە، بێ خوڕە
دەراوی گورگ و کەمتیاری دڕە
پەرچەمی داری بەژار داڕزاند
گەڵای هەڵوەران بێ دەردی خەزان
بوو بەکرۆشە بۆ فەقی جۆ زەرد
بۆ گوڵی گەنمی تەڕەکاڵ و وەرد
لە کوندەبەبوو بەولاوە مەلێ
دیار نییە، سۆزی بخاتە پەلێ
بولبول و خونچە: «سەر پەنچەی چڵان»
پەپوولەش :«خاڵی لا لێوی گوڵان»
نوقمی تاریکەن بێ شنە و ئاواز
بێ چپە و سروە و زەردەخەنە و ڕاز
بزەی سەر لێوی کۆرپەی بەر مەمە
وەک نەبێ وایە، ئەوەندە کەمە
ئەی ڕۆژ ئەو شەوە تاڵ و گرانە
ئاشی تاریکەی، هەر لەپێ و دانە
وەکو دێوی ڕەش هەر ئەنرکێنێ
بۆ تروسکەیەک هەڵی چۆڕێنێ

وا دڵۆپ، دڵۆپ ئەستێرەی ئاسمان
ئەلێستەوە بەلایەک زمان
لە پۆلە مەلی ڕووی ئاسمانی شەو
چەندی ڕاکێشان بۆ ناو داوی خەو
پیش ئەخواتەوە و مرقی کردووە
دەمی بەیانی بەچنگ گرتووە
ناو چاوی مۆری هەر هەورێ دێنێ
ئەی ڕۆژ بڕوات بێ خوێنی ئەڕژێنێ
هەر باو بۆرفت و سەرما و سەهۆڵە
ڕێویانی بەهار بێ ڕچە و چۆڵە
ئەی ڕۆژ ئەم شەوە درێژەی کێشا!
جەستەی ژیانی سڕکرد لە ئێشا
کام خەوی خۆشە شەوەیە و هاڵە
کام پێکی مزرە، ژاراوی تاڵە
ئەوەندەش داخی شەومان کرد بەشێو
کاسەی ئارامیش پڕبوو هەتا لێو
شەوی وا نەبووە ئەی ڕۆژ بەچاوت
ئەیەوێ ون کات شۆرەت و ناوت
سا لەسەر باڵی سیمرخی خەبات
هەڵبێ لە ئاسۆی بڵندی وڵات
بەبێ خەرمانە خاڵ و ڕووت دەرخە
مرواری ئاوات لەگەڵ خۆت سەرخە
شەو بێنەوە یەک وەک چاوی پەپوو
کە لەگەڵ ڕۆژا بکرێت ڕوو بەڕوو
سەهۆڵبەندانی ڕێویان بشکێنە
گوڵاوی گزنگ جوان بپڕژێنە
خونچەیەک وا، شەو، ئاوی ڕووی مژی
بی گەشێنەوە وەکو گوڵ بژی
ئاڵای خەمگینی بەخوێن ڕەنگکراو
بەخوڕەی قاقای پڕکات دڵ و چاو



بیرێژێ بەسەر لێوی برینا
بەگوێی فریشتەی خەواڵووی ژینا
بی بووژێینەوە بەهار و جوانی
بزەی سەرلێو و خەندەی بەیانی
دڵدارانی تۆ لە سەیرانگای ژین
دێنە ئاهەنگ و بەزم و هەڵپەڕین
سەد پێک هەڵ ئەدەن لەو چاوە کاڵە
شەویش بێ ئیتر هەر «کەرنەڤاڵە»

***

## بەهاری عومرم

١٩٦٣

بەهاری عومرم بێ بارانی بوو
وەرزی دڵداریم هەر گرانی بوو
نەمامی هیوام چرۆی هەڵوەری
گوڵێکی گەشی نەدا لەسەری
خۆشەویستەکەم بەناز و نیان
نیگای تۆم هەبێ لام خۆشە ژیان
بەیانێک نەبوو گزنگێکی کاڵ
یا پرشنگێکی لێوی ئاسۆی ئاڵ
بدات لە باخم چلێک هەڵبدات
سەهەنی فێنک لە ڕووی دڵ بدات
خۆشەویستەکەم بەناز و نیان
تۆم هەبی ئیتر لام خۆشە ژیان
هەر یەکەم بەهار گوڵی ئاواتم
کەوتە بەر زوقم و وەیشوومەی هاتم
ئەو پێکەی ویستم بیبەم بۆ لێوم
لێیان شکاندم بۆ قوڕ نەپێوم
خۆشەویستەکەم بەناز و نیان
تا شێوەت بکەم لام خۆشە ژیان

پێکی ڕژاوم وا خۆڵ ئەیمژێ
وا چاوەڕوانیم خۆزگە ئەیکوژێ
چۆلەکەی دڵم دا بەدەم باوە
نە پەیامی نارد نەخۆی گەڕاوە
خۆشەویستەکەم بەناز و نیان
بێ نێونیگای تۆ بۆچیمە ژیان
هەڵیگیرسێنە چرای کوژاوم
با بیهۆنمەوە حەرفی ڕژاوم
بەخەندەی نیگات چاوم ئەڕێژم
نەمامی هیوای تازە ئەنێژم
خۆشەویستەکەم بەناز و نیان
بەبۆنەی تۆوە لام خۆشە ژیان
ئەی خۆشەویستم ئەگەر گوێت لێمە
ها وەریگرە ئەم وێنەی پێمە
چوارچێوە ئەشکێ وێنە ئەمێنێ
هەر زستانی سارد بەهار ئەهێنێ
خۆشەویستەکەم بەنازو نیان
بەخۆشی تۆوە لام خۆشە ژیان

***

## ئەی دەنگخۆش

نیسان ١٩٦٣

سکاڵامە، برای دەنگخۆش لەلای تۆ
لەلای سۆز و چریکە و لای سەدای تۆ
بەرەو هەر کوێیەک ئەڕوانم زەبەنگە
نە ڕێ دیارە نە کاروانە نە زەنگە
بەری ئاسمانی لێ گرتووم تەمی ڕەش
بەرەو هەر کوێ هەڵێنێم پێ، قووڕە و هەش
مەلی هۆشم لەناو داوی سزایە
جریوەی ئەو ئەڵێی داد و نزایە



پەریی هەڵبەست وەکو زیز بێ تەریوە
ئەڵێی ئاشیانی خۆی... دڵمی نەدیوە
بەهار و باخی ئەم ساڵم خەزانە
وەکو بێژی کە ساڵ ساڵی نەمانە
نە گوڵ دیارە لەبەر چاوم نە چیمەن
نە لووتکەی شاخ نە ئاسۆیەک نە دیمەن
نە گوڵزارێک نە سەیرانگا و سەراوێک
نە ڕوویەکی گەنم ڕەنگ و نە چاوێک
نە ساوایەک گڕوکاڵ کات نە منداڵ
نە بەرخۆلە، نە کارژۆڵە لە لاپاڵ
نە بۆنم کرد وەنەوشەی شین لە باخا
چنوریشم نەدی بڕوێ لە شاخا
نە لێوێکی تەڕ و ئاڵم مژیووە
نە پەلکی خاو لەسەر ڕووی من لەریووە
ئەوەی خۆشی بدا، خۆشی خەمینە
دەسی سەد مەینەتی ئەمڕۆی لە بینە
بەڵێ باوەڕ لە دڵمایە و بەتینە
هیوای پیرۆزی من شادی و نگینە
بەڵام سۆزێ لە ئاوازت بەسۆزبێ
منالی خەم کە هەرچەندەش گڕۆزبێ
لەناو پێشکەی دڵی پەستما کەمێ خپ
ئەبێ و ئەنوێت و ئاسودە و قڕوقپ
دروودی دڵ ئەهێنێ، دەنگ کە خۆش بێ
خرۆشی دڵ ئەجووڵێنێ بەجۆش بێ
هیوای پیرۆز ئەبزوێنێ لە دڵ دا
لەش و گیانی پوترکاویش لە گڵ دا.

***

# فەرهەنگی خەم
# ٢



## پێشکەش بێت بەو یادگارانە:

ئەو ڕۆژگارانە
ئەو ئازارانە
ئەو جوانی و جوانانە
کە بەشیان دیارە لەم شیعرانەدا
پێشکەشە بەیادی ئەو دوو گوڵە
جوانەمەرگەم کە لەم
ئاخر و ئۆخرەی تەمەنمدا داخی
مەرگیان
چزا بەدڵی خەمبارم دا...
کەژاڵی جوان ١٩٦٢-١٩٨٣
بەهاری جوان ١٩٦٨-١٩٨٤

خوێنەواری کوردی ئەدەب دۆست وا بۆ دووەم جار (فەرهەنگی خەم)ی خۆمت ئەخەمە بەرچاو کە بریتییە لەو چامە و کورتە شیعرانەی لە «فەرهەنگی خەم»ی یەکەمدا چاپ نەکراون لەگەڵ چەند نموونەیەک لەو شیعرە کۆنانەم کە لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤاریان نەدیوە واتە ئەو هۆنراوانەی کە لە پەنجاکاندا هۆنراونەتەوە، ئەم فەرهەنگی خەمەیشم بۆیە بێ پێشەکی و بێ لێکۆڵینەوە پێشکەش دەکەم چونکە ئێوەی بەڕێز و خۆشەویست لەلای من دەروونتان لە هەموو ڕخنەگرێ فراوانترە و بیر و هۆشیاریتان لە هەموو زانایەک پایەدارترە و تاقیکردنەوەکانتان لە هەموو پیرێک دنیا دیدەتر و حوکمتان لە هەموو حوکمێک ڕەواترە.

# کورته شیعرەکان

١٩٨٤/١١/١٧

شاعیرێکی ڕەنگ بۆ ڕێژراو
لەناو لەپی چەپڵەیەکدا
خۆی با ئەدا
شەنی لێگرت بەدەستەوە
کاودانی خۆی بەبا کرد و
زێرابی ماڵە گەورانە،
دەم و کەپووی خۆی ڕائەدا.
ئای کە حەیفە نیوە شیعرێک
دنیا نەکات بەئاگر و
ڕووی دووڕووان نەسووتێنێ
نیوەکەی دی ڕەهێڵەیەک
بۆ سەرپەڵەی شارانی خەم
نەبارێنێ
بۆیە وتم:
کوڕە کابرا ئەتۆ ئاگات لەخۆ نییە
لە دەرباری زۆرداراندا،
لە بازاڕی بێ باران دا
وشەکانت وا خەریکن، دەرپێکانیان دائەکەنن
ئەی دەن بەسەرشانی تۆدا!
هەروا زۆڵە و فرتەیان دێ
لەناو نوێنی ژانی تۆدا
***

## گەوهەری تاک

١٩٨٤/١٠/٣٠

هەتا تۆ تاکە گەوهەر بووی،
لە فەرهەنگی ئەوینم دا...
منیش بۆ خۆم دڵنیا بووم
لە هەر کوێیەک کەڕنەڤاڵی



ئەوین داران هەڵکرایە...
منی تیا بووم
کە تۆ ڕۆژگاری ناهەموار
گەرداوی خۆیی کرد بەسەرتا
منیش خۆم و شیعر و بەستەم
هەرچەند داد و هاورمان کرد،
وەکو توێشو و پێچراینەوە لە کەمەرتا
بانگم هەڵدا: ئەی باوکەڕۆ
من بێ یارم...
ئەی باوکەڕۆ
بێ ئەوینم، بێ شەرابم، بێ بەهارم(١)
***

## نالی، گۆران، قانع، سیاب...

١٩٨٤/٩/١٧

کاتێ کە مرد،
هیچ دەنگ نەبوو،
باری هیچ کەس لاسەنگ نەبوو
ڕۆژگار هات و ڕۆژگار ڕۆیی...
کەوتە سەردەم،
بوو بەخۆراکی سەد قەڵەم!،
نەیان برد و نەیان هێنا
لە گشت باس و سەرباسێکا
ڕەوا بوایە یا ناڕەوا
ئەیانچێنا
هەرزمان بوو پێی تیژ ئەبوو
هەز گەروو بوو ئەکرایەوە
لە چاوانی برسێتی ئەو

١- بەهار کچی خۆمە و لە دوای مەرگی خوێناوی (کەژاڵ) ئەمیش بەدەردی کوشندە لە ١٩٨٤/١٠/٣دا، بوو بەبووکی ناکام.

هەر گەدە بوو تەسەل ئەبوو
هەر کاسە بوو ئەخورایەوە!

***

## ئەبێ بڕۆم

١٩٨٤/٩/١٧

ئەوسا، هەر من بۆ ئاهەنگی ئەوینی تۆ
دێوانە بووم،
بەدەستەوە...
تاقە جامی خەست و خۆڵ و پەیمانە بووم.
ئەوسا هەر من لە دەربارتا...
تاقە شاعیری دەرباربووم
لەسەر زەمینی ئەندیشەی عەشقێنی دا
یەکەم گوند و یەکەم شار بووم.
یەکەم ڕووباری ئاودار بووم.
بەڵام ئێستە دەربار پڕە
هەر کەسێک دێ هاوار ئەکات: من عاشقم
کەچی لەسەر دەست و گۆنای
نیشانەی زامێ دیار نییە(١)
کە عاشقی ڕاستەقینە نەناسنەوە،
خودات لەگەڵ ئازیزەکەم
ئەبێ بڕۆم، هیچ چارنییە!.

***

## پەیڤ

١٩٨٤/٩/١٧

هەرچی پیتی پاک و جوانە
هەرچی پەیڤێ کە چەلەنگ و کە هێژایە

١- ئیلهام لە شیعری طاهیر بەگی جاف



نەبێ بەشانێ بۆ شیعرێ
کە تەنها بوو چلێ پووشە،
کە کۆمەڵ بوو چنگێ کایە.
ئەگەر شیعریش...
سۆزێ نەدا بەدەروون و
چێژێ نەدا بەزمان و
گوڕێ نەدا بەتێکۆشان
مستێ وشەی بێ بەهایە.

***

## گریان

١٩٨٤/٩/١٧

ئەم بەهارە کە هاتەوە
ئەگەر بێت و من بمێنم
لەسەر گوڵێک لەو سەیوانە
هەتا فرمێسک لە چاوما بێ،
هەتا هەنسک لە دڵما بێ
هەر ئەگریم و هەر ئەخوێنم

***

١٩٨٤/٥/١٠

باران، باران
بەو پاکییە بەو جوانییە
خوڕ بێ و نمە
لە کێڵگەدا دانەوێڵە و لەناو باخدا گوڵ ئەڕوێنێ
لە ڕەقەندا، ئەشکێ و ئەڕژێ
لە سرکەوانی(١) بۆگەمدا
چی بەسەردێ و چی دەردێنێ؟!...

***

١- سرکەوان = سەران گوێلک.

## باران

١٩٨٣/٤/٢٧

ساڵێک ئاسمان چوو بەقینا لەم زەمینە بێ خەتایە
بارانی لێ گرتینەوە
ڕووبارەکان هەڵپرووکان
سەرچاوەکان دەم و چاویان چوو بەقووڵا
مەلا بۆ نوێژی ئیستیسقا ڕووی کردە چۆڵ
دارودرەخت بەگەرەکی کێوەکاندا
بووکە بارانەیان ئەبرد.
کەڵکی نەبوو
ئاسمان دڵۆپێ بارانی هەر نەباران
دەنگێ کەوتە کووچەی شاران
زەوی ئەڵێ:
چارنەماوە پەنابەرن بۆ لای هەڵۆ،
هەڵۆ ئامان، هەڵۆ ئامان.
لە هێلانەی سەرکاوەوە چریکانی
شەقەی باڵی بوو بەبروسکە و چەخماخە
لە ئاسماندا گیرسایەوە
ئاسمانی چی؟... لە ترسانا گرێی یەخەی کرایەوە
هەڵۆم هەڵۆ
چنگێ تیژی وەهای لێدا
سینگ و بەرۆکی دادڕان
ئیتر باران لێزەمەی کرد، تا کەوتینە باران بڕان.

***

١٩٨٣/٣/١٢

کە ڕوانیم بەجەستەی خۆمدا
برینەکان وەکو گوڵی کراوە بوون،
خوێنیان دەتکا.
کاتێ ڕوانیمە دوژمنان...



لە ژێر باری ڕقی خەستیان لە ئارامم،
پشتیان دەشکا.

***

ئەی کچی جوان...
ئەگەر بەناو نیگایەکتا ناخودای(١) خۆم بڕەتێنم.
بێ گۆمان بە کە دەتوانم سەری لە خۆبایی بوونت
بە ئەستێرە شیعرەکانم
وەک لقی دار بشەکێنم.

١٩٨٣/٣/١٢

***

دەرگای بازاڕ لەسەر پشت بوو
بۆ کڕیاری وردەواڵەی هونەرمەندان
ئەدەب، نیگار، سۆز و سەما.
وتم:
ئەرێ باس چ باسە،
کۆگای بەڵێن لە کوێ وەیە؟
وتیان:
هەتا دوێنییش هەبوو، ئەمڕۆ نەما.

١٩٨٣/٣/١٢

***

## بۆ کەژاڵ(٢)

١٩٨٤/٤/٨

کە تۆ ڕۆییت گومان بەران
لایان وا بوو
ئیتر دڵم ویرانەیە
شەن و کەوی لەشیان کردم،

(١) ناخودا: کەشتی.
(٢) لە ١٩٨٣/٦/١٧دا «کەژاڵ» بەڕووداوی کارەساتی ئۆتۆموبێل، لە ٣/ ١٩٨٤/١٠دا (بەهار)ی کچم لە تەمەنی ١٦ ساڵاندا بەدەردێکی کوشندە چوو. واتە لە ماوەی ساڵێکدا دووجار جگەرم سووتا و ڕەنجم بە باچوو. ئەی داخ، ئەی داخ.

وتیان تەواو...
هەرچیش بکات پەلەکوتێی کوێرانەیە
ئەو گەوجانە، نەیانزانی
بەهای خەمی کۆچی سوورت
گەورەترین شیعرانەیە!

***

وتی: کاروان کەوتە ڕێگە،
وا لە دواوە تەمەڵەکان تازە بەدوای
پشتێنیاندا وەکو سۆل سۆلە گڕ ئەخۆن
وتم: بۆ ناڵێی زۆرزانان
تا مەچەکیان لە چێشتایە و
دڵپاکەکان تازە -بسم الله-
دەست ئەشۆن!

١٩٨٣/٣/١٢

***

کوڕە کەچەڵی سێ برا!
هەرچەند ئەڵێی کوا حیسابم؟
هەموو شتێ بۆ خۆیانە
تێلا نەبێ... تێلای قورسی برایەتی
کوڕە کەچەڵ، بۆ تۆیانە!

١٩٨٣/٣/١٢

***

لەبەر باران ڕاوەستام و
وەکو باران فرمێسکم ڕشت،
تۆ نەهاتی!
ئای کچەکە،
چەند منداڵی،
چەند دڵ ڕەقی،
چەند بەزاتی.

١٩٨٤/٣/٢٠

***

شاعیرێکی دیبوو وتی:



وا دێمەوە بۆ نیشتمان،
هەتاکوو تۆم زۆر خۆش بوێت
منیش ئەڵێم:
تۆ لە کوێ بیت، ئەو جێگەیە نیشتمانم
ڕووت لە کوێ بێ...
ئەو ڕێگەیە ڕێی ژیانم.

١٩٨٤/٣/٢٠

***

شاعیرێکی دیبوو وتی:
ئەو کەسانەی عاشقۆکەن
ناوی هەموو یارەکانیان،
لە بیر ئەکەن بۆ دوایین یار!.
چونکە جەنابی گەورەیە،
ئیتر هیچیان لە بیر ناکات
گشتیان ئەکات بەکەنیزەک
بۆ یاری نوێی ئێجگار لە بار!،
منیش ئەڵێم:
ئەوەتای هەم هەر تۆی یارم
جگە لە تۆ، هەتا ئەمرم
بۆ کەسیکەی ناکەمەوە دەرگای شارم
بەناوی کەس ناکرێتەوە گوڵی زارم
لە سێبەری تۆدا نەبێ
نای گرمەوە کۆڵ و بارم.

١٩٨٤/٣/٢٠

***

ڕۆژێ ناخی خۆم کردەوە...
بەچراوە پیایا گەڕام
لە زۆر جێ دا
دەستەو نەزەر ڕادەوەستام
ئەچوومەوە دۆخی ئیلهام

که ورد ئەبوومەوە ئەموت:
بۆ ویرانە ئەو هەڵوێستە؟،
بۆچی خوارە ئەو هەنگاوە؟
ئەوە کووچەی ئەوینمە
سەدان مۆمی شیعرم هەیە
بۆ یەکێکیان هەڵنەکراوە؟!
ئەوە جێگەی سووتانمە
بۆ پشکۆیەک جێ نەماوە؟
ئەوە دەرگای ئازارمە
سەرکلۆمە و خڕ کراوە!
ئەوە پیشانگای یادمە
نای کەنەوە داخراوە!
کە گەیشتمە بارەگای تۆ...
بۆ خۆم چەقیم
ئەوساکە چاک تێگەیشتم
تەنها لەبەر تۆیە ئەژیم

١٩٨٢/١١/١٣

***

لە بۆدابست،
لە گوێ ڕووباری دانووبدا دانیشتبووم
خەمی خۆمم بە با ئەداو
دڵی خۆمم ئەدایەوە
کیژێکی جوانی کرێکار دای بەلامدا
دوگمەی سینەی توند و تووڕەی
لە خۆیەوە دەکرایەوە
بازی چاوانم بۆ هەڵدا...
ئیتر بینیم:
هەموو جوانیی هەنگاریا
لە ڕووباری مەمکەکانیا دەشنایەوە
گیانم کرد بەدوو کەرتەوە
کەرتی یەکەم خۆزگەیەک بوو
لە بۆدابست و دانووب و



کارگەی جواناندا مایەوە
کەرتی دووەم بوو بەخەمێک
لە کۆڵم دا دەقی بەست و
گرێ کوێرەی نەکرایەوە.

١٩٨٠

***

پرسیم... شەیتان کەی پەیدابووی؟
– لەو ڕۆژەوە (هی من)، (هی تۆ)
هاتە گۆڕێ،
(هی من)ەکان بوون بە (ئێمە)
(هی تۆ)کانیش بوون بە (ئێوە)
کێ بەرکێ یەک لە نێوانە
لەم سەرەوە (ئێمە) ڕەوا
(ئێوە)ش زۆردار،
لەو سەرەوە (ئێوە) ڕەوا،
(ئێمە)ش زۆردار،
هەر خۆم بە (من)ی مامەوە
جێگەم کەوتە لای سەرووی شار
تەشتی (هی)یەکانم لایە
هەرچی ڕەواو ناڕەوایە...
لەو ڕۆژەوە تیا سەودایە،
بۆ تۆماری دوایین بڕیار
کێیە؟. کە (من) پێ شێل ئەکا
کێ ئەبێتە چڵکاوی شار؟!

١٩٨١/٧/١٢

***

لەژێر دارا ڕایان کێشا
لەژێر بارا ڕایان کێشا
لەسەر دەفەی شان و ملی
هەڵ ئەپەڕی پشکۆی ئاگر

جارێکی کەیش، دیسان زیاتر
داخێک لە دەر، داخێک لەناو
شەقێک لەسەر، تفێک لە چاو
ڕاچڵەکینێ بەشڵپەی ئاو
عومرێک هێزی بیرکردەوە
پێڵووی چاوێکی هەڵبڕی
دەلاقەیەک، خورپەی خۆری
چێشتەنگاوی دا بەڕووی دا
ئێشی لەشی کۆکردەوە لە ناخیدا
وەک مەی تەقی بەسەر لێوی
پەرداخیدا،
مەست بوو نەخەوت
مردوو نەکەوت
١٩٨١/٤/٢٤

***

چوومە شاری لنیگە و قووچان
ویستم وەک خۆم تیایا بژیم
دەم و چاوێ لە بەر پێما
بە زمانی
پاشقولێکی وەهای لێدام
هەردوو قاچم کەوتە حەوا
سەرم بردە لای سەریەوە،
هەرتف مابوو لەناو دەما
هەموویم دا بەڕووی ئەوا.
١٩٨١/٢/٢٣

***

ئەوەتی من پێم گرتووە خەمی خەڵکم لە کۆڵایە
کە ڕۆژ هەڵدێ تا ئێوارە
هەمووی هەر لە باوەشمایە
بۆ تاریکە چرایەکی وا هەڵ ئەکەم



لە ڕەنگی جوانی دنیایە
کەچی هەر سەیر لەوەدایە
من شاعیری میللەتێکم
سەدان ساڵە بەری خۆری لێ ئەگیرێ و
وەکو پێویست کەسێک بەخەمیەوە نایە!
١٩٨٠/١٠/٢

***

پارچە هەورێکی شی و شیتاڵ
ئالابووە بالای شاخێ...
خۆی ڕاگرێ
کە لێم پرسی... وتی کاکە...
هەورێکی قورس و ئاودار بووم،
هاتم و چووم
بەناو لووتکەی شاخەکاندا تەنیمەوە
هەرچیم پێ بوو بەدڵ بەخشیم
سەرکەوتم و
وردە وردە ڕەویمەوە،
١٩٨١/٢/١٩

***

هۆ شۆخ و شەنگ،
کوا سوحبەتێ؟
کێ تۆی لە من حەرام کرد و
دەرگای حەزمی دا بەیەکا
ئەو دروشمە، ئەو یاسایە
پێڵاوێکی بەهادارە
هەرکەس هەی بێ لە پێی ئەکا
منی هەژاریش، ئاخ و داخ
بۆ تاسەی خۆم ئەدەم بە با
کەچی هێشتا ترسم هەیە
نەبا، نەیارێک گوێی لێ بێ نەبا، نەبا
١٩٨١/٣/٩

***

ئەی «چەنیتا» ناو خۆشەکە
پڕ بەدڵی میمکە (سۆفیا)
تۆ نازاری
وەکو ئاوی (ڤیتۆشاکە)
پاکی، ڕۆشنی، سازگاری
لە کێڵگەکانی وڵاتا پەڵەی وەکو
سینە و مەمت پەیوەست نییە.
دەروونی هیچ شاعیرێکی (بۆلگاریا)
وەکو چاوانت مەست نییە.
(ڤارنا) خۆی و دەریا و دەری
هەر ناگاتە ئەو پەرچەمەت،
کە خۆت بۆناز ئەی هەژێنی
مەلی هیچ سەر لقی دارێ
وەکو مەلی چاوت نییە
باڵی بدەی، بیخەوێنی.
وا من ئەڕۆم جێت ئەهێڵم
دڵم پڕ تاوە، پڕ تۆفە
لە تۆ جوانتر، لە تۆ ڕێک تر
لەم خاکەدا...
هەر دیداری «دیمترۆف»ە.

تەمووز ۱۹۸۰

***

کوردێک چووە بن دارێکی کۆنەساڵ و
لێی ڕاکشا
دارە بوو بەخەوێکی خۆش
بەسەر هەموو لەشیا ڕژا
دەستی گەیشتە دامێنی مامە (کاوە) و
چوو بەگژیا
کە تۆ میشکی ئەژدەهاکت
بە دەستی خۆت پان کردەوە



بۆ گرەوی ئەو نەورۆزەت
بۆ نەتەوەت نەبردەوە؟!...

***

«س» ڕووبارێک هاتە ڕێگەی،
هەرچەند گەڕا بووارێکی بەرچاو نەکەوت
لەم بەرەوە تاریکایی بەسەر کەڵدا هاتە خوارێ
لەو بەرەوە شیرینەکەی چاوەڕێ بوو بگاتە لای
لە نێواندا ڕووبارەکە ئەی نرکان و لرفەی ئەهات:
– ئەوەی ڕێگەی بەرەویارە. تا، تاریکەم نەپۆشیوە،
بۆ نێرینە باخۆی هەڵکات،
ئەوەی پێی خستە نێرینە بوواری
نوێ دروست ئەکات

۱۹۸۰/۹/۷

***

لە «بۆدابست»
کیژۆڵەیەک
پڕ سەردەستێک ڕۆژنامەی نوێی
بۆ فرۆشتن هەڵگرتبوو
بە ئاسۆگەی سینەیەوە
دوو گلۆپی دەنووک ئاڵی هەڵکردبوو
ئیتر گیانم شەوارە بوو،
لەوێ جێماو نەهاتەوە
ئێستەش لەبەر ڕووناکییان
پیت بەپیتی ڕۆژنامەکان ئەخواتەوە
لە (دانووب)ی داوێن سەوزا
شەو ئەداتە دەستی ڕۆژو
ڕۆژیش بەخەم ئەکاتەوە.

۱۹۸۰/۹/۱

***

چاوم گرتە چاوەکانی...
تیا قەتیس ما
ناچار شیعرێکم خوێندەوە لەلاوکا

فرمێسک هاتە نێو کەچنیگای
ئەی چاوەکەم ستایش کە
لەگەڵ دڵۆپێ تۆش ڕژای!

١٩٨٠/٩/١

***

شیعرێکم هەڵکرد بۆ داریّ
مەلێکی جوانم بۆ بگریّ.
کە دەستم برد بێهێنمەوە
لادیواریّ
بەسەر سەرما هاتەخواریّ!.

١٩٨٠/٩/١

***

وتم: ئەی کیژە جوانەکە...
زۆر تینوومە
پەرداخێکم ئاو بدەریّ
وتی: بۆچی خۆ کانی نیم،
لەسەر ڕێگەی هەموو وێڵێ
هەر کامیان هات خۆی تێرا و کاو
بڕوات منیش جیّ بهێڵێ!

١٩٨٠/٩/١

***

خاڵێک لەسەر گۆنایەکی
پەرداخ درا و هەڵئەپەڕی
بە چاو ویستم بیقۆزمەوە،
بە دەست ویستم بیگرمەوە
بە لیۆ ویستم هەڵی مژم
گیانم وتی: نەکەن نەکەن...
تاسەی عومری ڕابووردوومی پیّ ئەکوژم

١٩٨٠/٩/١

***



من بەتاڤگەی چاوەکانیا هاتمە خواریّ
ڕژامە ناو سینە و مەمان
کە گاردی دوگمە پێی زانی...
یەخەی داخست.
لە نێوانی مەمکەکانیا
نیگایەکی منیشی کوشت

١٩٨٠/٩/١

***

ئەدیبیّ مرد،
دراوسێکان کۆ بوونەوە،
چۆن بەڕێی کەن!،
بۆ کام ئاسمانی هەڵبڕن؟!
دەنگێک وتی:
لە جێی خوێدا بۆ نای کێشن؟
لە جێی خوێدا بۆ نای نێژن؟!...

١٩٨٠/٩/١

***

خەبەرێکی لە ناکاتدا...
وا دەروونمی هێنایەکوڵ،
جۆشا، جۆشا
ڕێگەم بڕی، شاران گەڕام،...
سەرم کرد بەدەیان کۆشا
زەوی، هەمووی هەڵگەڕاوەو،
بوو بەباری پشت و شانم،
هەرچی ئەشک و ئاهم هەبوو
بە دوو سیّ قوڵپیّ ڕژانم،...
دەستم دایە بەر ئەژنۆم و
خۆم خواردەوە
هەرچی خەمی قورسم هەبوو،
لەو لامەوە ئەمشاردەوە

تەنها خەمی ئەو خەبەرە...
ئەی دا لە دەرگای گیانم و
ئەی وت: ڕێگە هەر خەتەرە
١٩٨٠/٤/٣٠

***

پەڵە گەنمی سینە و مەمکی کچێکم دی،
ئاوەنیا بوو...
خشت هەڵچوو بوو، گوڵێکی لێ نەشکابووەوە
هەر کەواقی وڕمی بینی،
دوگمەکانی دا بەیەکاو دوورکەوتەوە
بەڵام کارژۆڵەی چاوی من
وەکو شەماڵ...
کەروێشکەی خستە سینەی قاڵ
١٩٨٠/٣/٣٠

***

عارەق خۆرێک...
پەیتا پەیتا پێکی خەستی خۆی هەڵ ئەدا،
هەرچی سەگی جوێنی دڕبوو
لەسەردەم و لە ژیانی نوێی بەرئەدا
وتم: بۆچی،
بۆ سەرخۆشیی ئابەم جۆرە بشکێتەوە؟
وتی: جەناب تۆ نازانی
قفڵە کوێرەی ئەم ژیانە
بە کلیلی ئەم زووخاوەیش ناکرێتەوە!.
١٩٧٩/١١/٤

***

ئێوارەیەکی پاش باران...
ئاسکە زێڕینە دای لە شاخ،
خونچە گوڵێک ئەشنایەوە
هەرچی تیشکە ختووکەی دا،



ئێستا و ئەوسایش نەکرایەوە!،
ڕۆژ تووڕە بوو، شەوی هێنا،
بۆ سبەینێ هەڵهاتەوە،...
وتی گەردوون، ئا ئەو خونچە لە پێشوازی بەیانم دا
بۆچی دەمی ناکاتەوە؟!
وتی: چونکە بەوەفایە...،
دڵۆپێ ئەشکی ناکامی
ڕێبوارێکی جوانە مەرگی لە دڵدایە.
١٩٨٠/٣/٣٠

***

ڕۆژێک ترسێک لەولاوە هات
وەک مۆتەکە خۆیدا بەسەر دڵ و سەرما
تەقیەوە بەناو لەش و ناو دەمار و خوێنی گەرما
کە هۆشێکم پیاهاتەوە...
لێی ڕاپەڕیم، خەریک بوو دڵ بکاتەوە
هەرچی نەقدینەی بڕوام بوو
ئەیویست هەمووی بخواتەوە.
١٩٧٩/١١/١٤

***

دوو گیانێکی زۆر ماندووم دی،
وتم: خوشکێ ئەم سکەی تۆ
یاخوا کوڕ بێ!
وتی: زڕبێ!
وتم: بۆچی واڕەش بینی؟
وتی: ئەی بۆ ئەمیش سبەی
ببێ بەقۆچی قوربانی؟
وەکو باوکی، کە ڕۆیشت و کەس نەیزانی!.
١٩٧٩/١٠/٢٧

***

ساڵ بەو عەیام...
شاعیرێک بوو، ویستیان بیکڕن
هەر خۆی نەدا بەدەستەوە
لە نێرینەی شەوەزەنگی شاری کپا

پل بەپلی هەموو لەشیان، بەشیپی قەمچی بەستەوە
بەر لە بەیان،
شیعرێک لەناو دەروونیەوە
خۆی هەڵبڕی تا سەر شانی
خوێندی خوێندی هەتا توانی
لە دڵۆپێ خوێن بەو لاوە،
کەس بەم ئازارەی نەزانی!
١٩٧٩/١٠/٣٠

***

شیعرێک لەگەڵ سەربەستیدا،
لە وەرزێکدا گەیشتنە یەک
شیعر بوو بەبەستە و ئاواز
سەربەستی بەگیانێکی شاد
(مەرگەوەڕێ) کەوتە نێوان،
سەربەستی مرد،
شیعریش بوو بەشین و شەپۆڕ،
بە قڕۆپێوان
١٩٧٩/١٠/٢٣

***

لە شارێکدا...
ئافرەتێکی (داوێن پیس)یان
سەربڕی بوو،
کە بۆ تۆماری (حادثە) وێنەیان گرت
جێگە پەنجە و لێوی گەرمی
پیاو ماقووڵانی شار، مابوو...
لەسەر ڕان و سینەی نەرمی!
١٩٧٩/١٠/٢٣

***

لە ئەفریقیا
قولەڕەشێک درابووە بەر.
قامچیداخی پشتی ئەکرا.
نووچێکی دا...



دەستی لە بنچکێک گیربوو
وەک مار دای بەپەنجەیەوە
هاواری کرد...
بۆچی دایکە نیشتمانم؟!
– چونکە پیاوێ وەکو تۆبێ و
ڕانەپەڕێ بەنەوەی خۆمی نازانم!
١٩٧٩/١٠/٢١

***

کچێک– وتیان: وایە و وایە!
سەری هەڵگرت
– زۆر تەواوە، وا ڕەدویش کەوت–
دوو شەو و ڕۆژ کەس نەسرەوت
دۆزیانەوە،
خۆی کوشتبوو
ڕوو سووری خۆی جێ هێشتبوو
١٩٧٩/١٠/٢٠

***

ئاسۆ ڕۆژێک بەخۆری وت:
ئەگەر مژدەی هەڵهاتنت نەدەم چییە؟!
خۆریش وتی:
قەت ناتوانی
ئەگەر مژدەی بەیان نەبێ...
ئاسۆ نییە!
١٩٧٩/١٠/١٧

***

ڕۆژێک منیش لە خۆمەوە بۆ خۆم گریام
لە پڕ شیعرێک لە دایک بوو هاواری کرد
– جێم مەهێڵە...
مەڕۆ مەڕۆ
لەم سەر ئەرزە منیش تەنیام،
لەم سەر ئەرزە منیش خولیام
١٩٧٩/١٠/١٧

***

شاعیرێک و دایکێکی کورد
بە یەکەوە ژان گرتنی...
ئەو شیعرێک و ئەم کوڕێکی بزێوی بوو.
دوای هەژدە ساڵ،
لە سەنگەرێکی تازەدا...
بە سوێندەوە
کوڕە شیعرەی ئەخوێندەوە!
١٩٧٩/١٠/١٧

***

وڵاتیک بوو لە وڵاتان
جەژنی سەربەخۆییان بوو
نمایشێکیان پێک هێنا،
شان و کەمەر
ناوشار و دەر
پڕ بوو لە چەک
پیرەمێردێ وتی: خۆزگە سەد خۆزگایە
لە بریتی هەر فیشەکێ،
کێشی هەموو ئەم ئاسنە
چەپکی گوڵ و گەنم بوایە
١٩٧٩/١٠/١٧

***

تاوی باران لە شاخێکی زۆر سەختی دا
تۆز و خۆڵی ڕووی بەردەکانی ڕامالّی
لە پێدەشت و شیوەکاندا وەک ئاوێنە
لووتکەی بەرزی تیا دەرئەکەوت
لەسەر سەرینی پەڵەهەور چاوی ئەخەوت
١٩٧٩/١٠/١٥

***

مەلێک لەسەر پۆپەی دارێک
بای باڵیدا



من نەمزانی مێ بوو، نێر بوو
بەڵام هەرکە، کەوتە خوێندن
هەڵ نەفڕی هەتا تێر بوو.
١٩٧٩/١٠/١٥

***

لە نێرینەی ڕووبارێکی دڕندەدا
گوڵێک ڕووا،
سەرکەوت، سەرکەوت،
تا گەیشتە دەم ڕەشەبا
هێنای بردی، بردی هێنای
شکانیەوە
شەپۆلێ هات، هەڵی گرت و
لەوبەرەوە لە دامێنی چیایەکدا ڕوایەوە.
١٩٧٩/١٠/١٤

***

شەماڵ کەوتە ناو باخەکەی ئەوبەر ماڵمان
درەختەکان بەختووکە کەوتنە سەما
سەر لقەکان بەپێکەنین ئەشنانەوە
وەک ڕەش بەڵەک بەلای یەکدا ئەشکانەوە
١٩٧٩/١٠/١٤

***

ڕووبارێک هات،
چ هاتنێ، قوڕە سوور بوو
لەو لایشەوە
چەمێکی ڕوون هێدی هێدی
گەردنی خۆی بۆ سایەقە ڕووت کردبوو
لای کردەوە قوڕاوی سوور
هەتا سینگ و بەرمەمکی هات
وەک منالێ ئاگری تێچێ،
بەرەو کۆشی دایکی هەڵات
١٩٧٩/١٠/١٤

# چامەکان

هەر چەند ئەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم
بۆم ناخرێتە ناو چوار چێوەی هەڵبەستم
گۆران

## لەبیرەوەریی
## دوو سەد ساڵەی شاری سلێمانیدا

١٩٨٤/٣/١٥

### ١

«قەڵا چۆلان بێ دەرفەتە،
بێ بەراوە.
سای سێبەری بەیانیان هێشتا قورسە
سێبەری لای ئێوارانی تێ ڕماوە
عەجەم: ئەو گورگە برسییەی
مەرزی خۆری لێ گرتووین
دەیان جارە پەلاماری ئێرەی داوە.
جێ شارێکم لامەبەستە
هەتاو شەپوڵی لێ بدا
هەموو ڕۆژێ تاریک و ڕوون...
باڵی چاوانی پێ بدا،
بەر فراوان،
سەرە ڕێگەی عێل و کاروان...
بەهاران سەوز،
پایزان زەرد،
هاوینان سوور،
زستانان سەرد،
دوور لە قەپی گورگی عەجەم
ڕێگەی دەستیشم بداتێ
کە ناچار بووم
لە لمۆزی ڕۆمیش بدەم
عەجەم گورگە و ڕۆمیش دێوە.



پەنای ئێمەی چاو تێ بڕاو،
قەڵای لووتکە و زەرد و کێوە
ئاسۆیەکە وا بەپێوە،
میران ئێوە ڕاتان چییە؟
بە دەربڕینی ڕای ئێوە
ئەم کارەم دێنمە ئەنجام».
میران هەموویان دەنگێ بوون:
– تۆ سەردار و ئێمەیش خوڵام–
– «بەناوی خواو بەپشتی کورد
دێی مەڵکەندیم دەست نیشان کرد»
جێگەی سەرا، جێگەی بازاڕ،
ماڵە میران، مزگەوتی شار،
خەتیان ڕێژرا، دیوار سەرکەوت
لەبەر شەپۆلی هەتاو دا
باڵای شاری بێ ئارایشت
وردە وردە هەستا و دەرکەوت
– «بێن بگەڕێین بۆ ناوی شار
ئەم جیگەیە (سیلۆنا) بوو
کە کورد لە ئەسکەندەری دا
هێشتا ئێرە نەسووتابوو
دەمێک دێری (مەلکانی) بوو
مۆڵگەی کاریز و کانی بوو
هەوەڵ پاچی بناغەی شار
موستیلەیەکی دەرهێنا هەڵکەنرابوو،
کۆنە شارمان سیلۆنایە
ئاوازێکی خۆشی تیایە...
ئەموستیلە (سلێمان)ە
ئەمەش بەخت و نگینێکە
باپیریشمان (سلێمان)ە
ئەمەش یادی بەرینێکە»

– کوڕی پاشا (سلێمان)ە
ئەمیش خۆ جێ نشینێکە–
– «با ، بانگ بدەین بەگوێی شارا،
بە میرنشیی باباندا،
سلێمانی، سلێمانی
زاری پاراوی پڕ کانی
جێگە ماچی هەتاوی سوور
لە عەجەم دوور لە ڕۆمی دوور
سەرتۆپی شاری شارەزوور»
وردە وردە، ڕازایەوە
لە پایین و لەسەرەوە
پەیتا پەیتا ئەکرایەوە
تەختی (بەبە) سەقام گیر بوو
(ئەزمڕ) بوو بە چەتری سەری
(پیرەمەگروون) چراووگی بەفری هەڵکرد...
(قەندیل) بینیی،
(شاهۆ) چنوور و ڕێواسی بۆ پێگەیان
(دارمازەڵە) لەو بەرەوە
بوو بەقۆڵی سەر دووڕێیان
(تانجەرۆ) تامی شاری نوێی بردە (سیروان)
سیروان گەیاندیە (دیجلە)
دیجلە ڕژایە ناو زریان.
ئاهەنگ گەرمە،
جێ هەڵپەرکێ زۆر نەرمان و ئاساییە
گەلێک تەختی سەقام گیربێ
هەموو ڕۆژی هەر شاییە!

**٢**

لەو ڕۆژەوە شاعیرەکان
گۆرانی بێژی شاییتین
ئێمەی شاعیر، ئێمەی وشە



پێوەری باوو باییتین
(بەردە شانی) (نالی مەزن)، (سالم)، (کوردی)،
(مەحوی) خۆی و وشەی وردی،
(مامەڕەزا) لەبیری دێ کە دار الملوکی بابان بووی
نە مەحکوومی عەجەم بوویت و
نەدیلی ئالی عوسمان بووی!
لەو ڕۆژەوە منی شاعیر،
دەستم لەسەر دڵمە بۆ تۆ
قەزای بەردێکی تۆ ئەخەم
لە سەد تاجی خاوەن شکۆ
لەو ڕۆژەوە خەمی منی،
پەیامی سۆز و بەستەمی
تۆ گیانمی، تۆ جەستەمی
لەو ڕۆژەوە دەستی منەودامێنی تۆ
دەخیلت بم ئاگادار بە
دنیا بۆ پێشەوە ئەڕوات لە کارواندا شۆڕەسوار بە!
لەبەر پێتا چیا لووشێک ڕاکشاوە
با پێت نەخزێتە ناو گەرووی، ئەتخواتەوە!
هەرچی یەکی کەوتە گەروو
لوولی ئەدا و نای داتەوە!
لەو ڕۆژەوە دەستە و دوعام
وەک (مەولانا) دەمی گورگت لێ ئەبەستم
دەستی دێوت لێ لا ئەدەم
دەستە سڕت بۆ با ئەدەم
گوللەبەنت لە مل ئەکەم
داوی نێوانمان شل ئەکەم
گورگ لوورانی،
دێو نرکانی،
ئاموون لە بەر نووکی پێتا
ئەویش لچی خۆی دەرهانی

پاشا هات و پاشای گۆڕی
پاشا هات و پاشای دی کوشت
برا خوێنی برای خۆی ڕشت
ئەم جلەوی دا بە عەجەم
ئەویان دایە دەستی ڕۆمی
بووی بەکاروانسەرای سەر ڕێ
نەت ئەزانی ئەمڕۆ کێ هات، سبەی کێ دێ؟!
کەڵبەی گورگ و چەپۆکی دێو
ئەیان هێنای، ئەیان بردی!
دوایین فرسەت ڕۆمی هاتوو
لە نازی (ئەحمەد)ی کردی!
نالی ڕێی غوربەتی بڕی،
تەرازووی نازی حەبیبەی
وەکو جارانی سەر ناکا!
بەهەشت گەر بێتە دەشتی (ڕەی)
سالم پیادا گوزەر ناکا!
کوردی ئەگەر ئاڵتوونیش بێ
تەپلەی ڕۆمی لەسەر ناکا!
لەو ڕۆژەوە لەبەر شیبی ڕەشەبادای
وەکو خنجەر دات ئەهێنێ...
لەو ڕۆژەوە شیعری هەتیو بۆ بابە نالی ئەگەڕێ
کەس نای سێنێ
دوانزە سوارە، نەخێر سوارێک...
نەبوو ئەسپێک بخاتە تاو
بشڵەقێنێ گۆمی مێژووی سەرەڕێگەی کەن تێ ڕماو
لەو ڕۆژەوە منی شاعیر...
بۆ تۆ ئەگریم، بۆ خۆم ئەگریم
لە نێوانی قەپ و چنگام، گوایا ئەژیم، گوایا ئەژیم!
کە جێ کوانووی میری بابان سارد بووەوە،
گورگی عەجەم لوورەی بڕا،



بەربینی دێوی سەڵتەنەت
تەنک تەنک زەرد هەڵگەڕا
ئەوبەشی خۆی بەقەپ پچڕی،
کلکی خۆی لێ کلافە کرد
ئەمیان قەمچی (سوورەی چاو کاڵ)
دای گرتەوە هەتاکو مرد!

### ٣

لەو ڕۆژەوە سوورەی چاو کاڵ...
هاتە گۆڕێ. لەم وڵاتە
کێشمەکیش و هات و باتە
وتمان بەشکوو
پشکۆیەکی گەش و بەتین
بخەیتەوە کوانووی بەبە
وزە بدەی بەهەتاوو
کووچەی بەستووت پڕکاتەوە
هەموو کەسێک لە عاستی خۆی
پێکی خەمت بخواتەوە
لەو ڕۆژەوە وشەم بوو بەهەتاو و تین
بەستەم بوو بەشێوازی دین
مامەخەمەی ڕێی بێ بەشیت
ڕووی کردە ئەو هەندەرانە
مافی گەلانیان بەش ئەکرد
ڕووی خۆیان و باوباپیریان تیا ڕەش ئەکرد
تفی کرد لە (ئەگەرەکان)کە بۆ تۆیان داڕێژا بوو
دەستی برد بۆ سەری تاڵێ
لێفەی درۆی پیا درابوو
سوورەی چاوکاڵ ڕێی لێ گرتی
سوورەی چاوکاڵ ڕێی لێ بڕیت
(موشیر)ێکی سلێمانی زۆری کڕیت!

٤

لەو ڕۆژەوە شۆڕە سوارێکی قارەمان
گۆچانەکەی (ئەحمەد پاشا)ی کرد بەقۆڵا
دەستە و یەخە لە گەڵ سوورە چاو کاڵەکان
ڕووبەڕوو بوو.
زۆر بێژەکان،
زۆریان ڕێساو کەمیان پێ بوو
ئەم دیویان کرد ئەو دیویان کرد
– هەلوور بلوور تەکامە
زەرد و سوور و شەمامە
ئاوە بەرە، دەنکە زەرە
مێخیان کوتا، مێخ هەڵبەزی
تیکەی ڕاستیان کوردی گەزی–!
وتیان شێخمان سەرە ڕۆیە
ساحێب، ساحێب بمان بەخشە
ئێمە ڕوومان هەر لە تۆیە!
سوورەی چاوکاڵ شاری کرد بە(مشیرئاوا)
تۆزی ژێر پێی ئەسپی سوارەی
شێخی شۆخی دا بەئاوا
شیخمان وەکو شێری پێکراو
کەوتە ناوداو
چاو کاڵەکان، مشیرەکان
تێی ورووکان...
خستیانە بەر شاڵاوی پرس:
– بۆچی، بۆ وا؟
وەڵامی شێخ بوو بەنرکە و تەقییەوە
مشکی و جامانەکەی لوول کرد وەک نارنجۆک
هەڵی دا بۆ سوورەی چاوکاڵ
بوو بەهەڵۆی بێ چنگ و باڵ
لەو ڕۆژەوە مشکی و جامانە پیرۆزە



لەو ڕۆژەوە مشیرەکان نەعلەتین و
پاش دزەکان ڕەنگ کراون
لە دەربارا تووتکەی کلک و گوێ بڕوان
لەو ڕۆژەوە خنجەرەکەی شێخی نەمر وەکو پێویست
هیچ کەس نەی کرد بەبەرۆکا!
لەو ڕۆژەوە هەر مشیرەو
لەبەردەمی داگیرکەرا دێ بەچۆکا!
لەو ڕۆژەوە دام و دەزگا بەهیمەتی چاو کاڵەکان
دەمە زەردی تەوران دەکات
لەو ڕۆژەوە، داخم سەد داخ
تەوری (کلک دار بەڕووە) و
لق و بۆپی داران دەخات

٥

ئەی شارەکەم
ئەی شارە، (کەم بەهار)ەکەم
لەو ڕۆژەوە منیش شەیدای چاوەکانتم
گۆرانیم تۆی،
هەڵبەستم تۆی
کۆلانێکی (سابوونکەران)
کووچەیەکی (کانێسکان)ت
سوڵتان نایدەم بەیەڵدزت
کیسرا نایدەم بەهەیوانت!
ئێستە باڵت ڕاکشاوە
شەپۆلی خەڵکت لێشاوە
سەرت خستە سەر کەمەری پاڵی گۆیژە
پێت ناوەتە ناو تانجەرۆ
دەستێکت وا لە گەردنی (کانی با)دا
دەستەکەی تر یاری ئەکات لە ناو مەمکی (سەرچنار١)
هەزار چرات کرد بەدارا!
منیش وام لە کورچەیەکتا خەو ئەبینم.

شاعیر ئەبێ خەو ببینێ
مەیدانی شار خەونامە بێ،
هەژارەکان خەونامە بن
بەڕووناکی هەڵبەستی من
ڕێ هەڵگری ئەم نامە بن:
کە زام قووڵ بوو
بەکۆڵ نەدان مەرهەمی سەر ئەوزامە بن،
پێکان گیران بەدەستەوە
حەیفە دەبا پەیمانە بن
ئەی شارەکەم...
ئەی ئەو شارەی دوو سەد دەرەی زامت بڕی
ئەی ئەو شارەی دڵی مێژووت لە ئەیلوول و حوزەیراندا
بەچنگ دڕی
ئەی ئەو شارەی کە دەروونت ئەکرێتەوە میهرەبانی
بووکێکی زۆرخان و مانی
کە ناو چاوت دێنیتە یەک
بوومە لەرزەیت و بورکانی!
ئەی شارەکەم
کاتێ شیعریش ئەکەوێتە بەر هەوێڵی کەمتەرخەمی
منی شاعیر خۆشم ئەوێی
تۆ بۆ هەموو عومرێ ئەشێی
من ڕۆژ بەچاوت شاد ئەبم
شەوێش گیانم پەروانەتە
مەتافی کەعبەی سۆزی من
وا لەو گردی سەیوانەتە

٦

ئەی خەڵکی شار وامەزانن
شاعیرێکم بێ خەون و خەم
کاکەمەمم بێ خاتوزین
وەلییەکم بێ باڵای شەم



من فەرهەنگی خەمم هەیە
کێ خەمخۆرە زەمم هەیە!
هەر چەند لە تەقلەبازیدا دەستە پاچەم
بە قەد ئێوە دەمم هەیە.
کە کاسەی جوێن لەلای شاعیر
پڕ ئەبێت و دێتە هەڵچوون
لووت زلەکان لووت هەڵ ئەبڕن
ئەوسا لەژێر پێی هەڵ ئەسوون
کێ لە شیعر ناترسێت و لە شێخ ڕەزا باکی نییە؟!
ئیدی بۆ خۆی گەلحویەکە، لەم چەرخەدا تاکی نییە!
خاتووزینم زۆر نازارە
شەمم چرای هەزار شارە
خەتای کێ بوو «نالی»ی مەزن
بوو بە دەروێش و ئاوارە!؟
«حەمدی» بەرماڵی نوێژەکەی
لە دوای تەوبە لەمەی وەردا؟!
«بێکەس» ئاگری عارەقی
لە دۆزەخ و بەهەشت بەردا؟!
«قانع» بوو بەئاشەوان و
«گۆران» لە خانووی کرێ دا
لێفەی مەرگی دا بەسەردا؟!
کێ «پیرەمێرد»ی وا لێ کرد،
هاوار بکات حیزبی حیزباب؟
کێ نۆکەر و دزی هێنا
بیانخاتە بحر والانساب؟
ئەی شارەکەم
لەو ڕۆژەوە خۆشم ئەوێی
نانم هەبێ ئاوم نییە
ئاوم هەبێ نانم نییە
دیواری ماڵ و حاڵێکم هەتا ئێستەش بانم نییە

دایکی وەتەن هاوار ئەکات؛
من دوو گیانم ژانم نییە...
«٧»
لەناو گەرووی مێژووەوە
ئەم شارەی من پێ ئەکەنێ
ئەڵێت: شاعیر بۆ ناخی من لە دیرەوە
وا ئەژەنێ؟!
با ڕوو بکاتە ئەم خەڵکە، ڕوو بکاتە خوا،
ئەم ڕۆژگارە،
بلێت دەروونی شاری من
گرێ یەکە و یەک پرسیارە
دوو سەد وەرزە بەیەکا دێن
کێشمە کێشە، چاو و ڕاوە
ئەم گرێیە بۆ نەکراوە
بەردی سەر ئەم پرسیارەیان هەڵ نەداوە؟!
ئەی شارەکەم تۆ بێ تەختی
من بێ بەختم...
ئیمام نوێژی نارەوایە
کەچی من بانگی ناوەختم!
ئەی شارەکەم
تۆ هەر شار نیت، سەری شاری
دوو سەد ساڵە لەگەڵ لوورەی
ڕەشەبادا
ئەجەنگیت و هەرتۆ سواری
خۆت کاروان و خۆت هەواری
ئەی شارەکەم
تۆ هەر شار نیت، شای شارانی!
ئاسمانیشمان لێ زیز ببێت
خۆت فریشتە و خۆت بارانی
ئەی شارەکەم سلێمانی!



## بۆ «محمد»ی جوانە مەرگ
## بۆ باوکی «حەمە»

«محمد»... لاوی سەردەمی جوانی،
ڕێبواری ڕێگەی هات و نەهاتی
بەڵا گەردانی سەری خەمێک بووی
خەونی مرۆڤە و هیوای نەجاتی
ئازیز خەمی تۆ هێندە گران بوو
بەچۆکا هاتم، بۆی شکامەوە
خەریک بوو خەمی خۆم لە بیر بچێ
لە نیوەی ڕێدا بۆی گەڕامەوە
هۆ... باوکی «حەمە» من چاوم لێت بوو،
چۆن ئەسووتایت و چۆن ئەتوایتەوە!.
وەک برینەکەی حەڤدەی حوزیران(*)
لە ناخی دڵما هەڵ ئەکرایتەوە
تۆ باوکی «حەمە» و من بابی «کەژاڵ»
عومری ئازار و، ئازاری عومرین
خەممان وەک خۆمان هۆگری یەکبوون
خەم تۆمار ئەکەین هەتاکوو ئەمرین
***

## قەتارە
## ئۆپەریتە بۆ مناڵان

١٩٨٤/١/٢٨

جێگا: لەسەر شانۆ، ماڵێکی هەژارانەیە و پیرەژنێکی نوورانی دانیشتووەو خەریکی چنینە، سەماوەرێک دانراوە و قۆرییەکی لە سەرە و تفاقی چالێنان دانراوە، کچێکی جوانکیلانە ناوی (قەتارە)یە سینییەکی بەسەردەستەوەیە قاپێکی لە سەرە و ڕوو ئەکاتە ماڵی داپیرە و لە دەرکا ئەدات:

داپیرە: کێیە لە دەرگا ئەدات؟
قەتارە: داپیرە گیان، قەتارەم...

(*) ١٧ حوزەیران، ڕۆژی مردنی کەژاڵی کچمە.

کچی ئەووو... کرێکارەم
داپیرە: ئەوا هاتم قەتە گیان
بەخێر بێی بانی چاوان
داپیرە دەرگا ئەکاتەوە و قەتارە دەچیتە ژوورەوە سینییەکە دائەنێ
داپیرە: قەتارەخان چیت هانیوە؟
قەتارە: داپیرە نەتزانیوە؟
چێشتم بۆ تۆ هێناوە– (سەری قاپەکە هەڵ ئەداتەوە)...
وەی تۆزێکی ڕژاوە!
داپیرە: ئۆی بەخێربێی نەشمیلە
ئێسک سووکەی جوانکیلە
بۆ داپیرەت بمێنی
چێشتی خۆشی بۆ بینی
دانیشە کۆرپەی دایە (ڕووی تێ ئەکا)...
ئادەی چیت لە بەردایە؟
قەتارە: جلی کوردی شەنگ و شۆخ
مۆری جەرگی و سووری تۆخ
داپیرە: (دەستێک بەشان و ملی قەتارەدا دەهێنێ و)
ماشەڵڵا چەندە جوانی
تۆ خۆت گوڵی باخانی
قەتارە:(دەست بۆسینی یەکە ئەباو)...
فەرموو نانەکەت بخۆ
داپیرە: (دەست بەخواردن ئەکا)...
کیژم دانیشە مەڕۆ
ئەم شەو بۆ تۆ ڕاز ئەکەم
باسی دوو دڵخواز ئەکەم
داپیرە: هەندێک بەخواردنەوە خەریک ئەبێ و دوایی بەزیادبوون ئەکاو سینییەکە ئەخاتە لاوە و
فوویەک ئەکات بەسەماوەراو:
دوای خواردن چا زۆر خۆشە
چای چاک دەرمانی هۆشە
(ئەنجا دائەنیشێ و)...



هەبوو نەبوو، قەتارە
ئەی گوڵووکە بەهارە
لەسەر شانۆ لەلایەکی ترەوە دیکۆر، سەرچاوەو دار و درەختە و کچێک «لادێیی ڕەنگ» دانیشتووە و بەگۆرانییەوە...
*(ئەم دیمەنە فلاش باکە)*
پاربوو، ئا لەم سەر ئاوە
گەرووت چریکەی دەهات
دنیا دەنگی ئەداوە (بەدەست هێمای دەکات)
کۆڵێ ڕێواسم پێ بوو
کۆشم پڕ لە چنور بوو
پرچم با، شانەی ئەکرد
ڕوومەتم پاک و سووربوو
کە من گەیشتمە لات
گۆرانییەکەت بڕییەوە!
ئارەقی ماندوبوونت
بەفەقیانە سڕییەوە
کەمێ چوویتە ئەولاوە
ڕووی خۆت لەمن شاردەوە
قسەت لەگەڵ نەکردم
تا تێر ئاوم خواردەوە
لە کاتی ئەم گۆرانییەدا کوڕێک جلی کوردی لە بەردایە لەسەر ئاوەکەیە. بەکردار لەگەڵ گۆرانێیەکەدا دەجووڵێت و هێما دەکات، ئەم کوڕە ڕێڕەوە و دەچێت بۆ کارێکی مەزن کە خەڵکی ئاوایی پێیان سپاردووە.
کوڕ: ماندو نەبی کچی جوان
ئەوە لە کوێوە هاتی؟
کچ: کچی شوانی ئەم دێیەم (هێما ئەکات بۆ دێیەک لە دیکۆردا لە دوورەوە دەر ئەکەوێت)
کوڕ: ئەی ئافەرین بەزاتی
کچ: ئەی تۆ بەرەو کوێ دەچی؟
ئامادە و گورج و گۆڵی
خۆشت لێ هەڵکردووە و

جەربەزە و توند و تۆڵی!
کۆڕ: ئا لەم لایەوە هاتووم،
ئەچم تاو ئەو چیایە
هەواری خەونی خۆشەو
پەریی بارانی تیایە
ساڵمان زۆر ناسەوابە
کێڵگە تینوو و بێ ئاوە
گوڵە عازیزەی بەدبەخت
خەندەی لە لیۆ بڕاوە
نامەی ئاواییم پێیە
بۆ پەری خانی باران
بەباڵی هەوریشا بێ،
بێت بباریّ وەک جاران.
ئەمجا دەست ئەبا بۆ پشتی و توێشە بەرەکەی دەکاتەوە و لەپێش دەم کچە وخوێدا ڕای
دەخات، نان و گوێزی پێیە و...
فەرموو پارووێەک بخۆ
فەرموو شەرمی پێ ناوێ
بەخوا کەعبە کە چ ناکات
دوو قسە و نان و ئاوێ
کچ: توێشەبەرەت کردەوە
نان و گوێزت داناوە
بۆ پێشوازی ڕەنگ و ڕووت
ناخی دڵم کراوە
کوڕ: دڵت بۆ من کردەوە
بیمە دڵداری جوانیت
بیم بە شیعر و بەستە،
بۆ ئاواز و گۆرانیت
کچ: لەم سەر ئاو و کانییە،
کەی بێیتەوە چاوەڕێم
لەگەڵ پەریی باراندا



منیش بۆلای ئێوە دێم.
داپیرە و قەتارە دەردەکەونەوە
قەتارە: ئێ داپیرە،
داپیرە: کچی خۆم
با هەستم دەستم بشۆم.
دەستی ئەشوا و وشکی دەکاتەوە لە دائەنیشێتەوە و چایەک بۆ خۆی و چایەک بۆ قەتارە
تێ ئەکات و دێتەوە سەر ڕازەکەی:
کوڕەی جەربەزە و ئازا
ڕووی کردە لووتکەی چیا
ئاگرێکی کردەوە و ماوەیەک لەوێ ژیا
قەتارە: دوایی... دوایی داپیرە
کوڕە لەوێ چی لێهات،
ئایا بارانی هانی
بۆ کێڵگە و باخەکانی؟
داپیرە: بەڵێ، بەڵێ قەتارە
هەورێ ئاسمانی تەنی
خۆی دا لە گەردنی شاخ
بەخوڕ پەڵەی دا باران
بۆ ناو مەزراو بۆ ناو باخ
قەتارە: ئەی کوڕەکە چی لێهات؟
داپیرە: تۆ منالێ، نازانێ
ئەو چۆن بارانی هانی.
دیمەن دێتەوە سەر کچەی لەسەر ئاوەکە دانیشتووە...
کچ: (بەگۆرانییەوە)...
پار بوو ئا لەم سەراوە
گەرووت چریکەی ئەهات،
شاخیش دەنگی ئەداوە
پەریت لە دەستی درنج،
بەرداو، کەوتە دیاری،
سواری باڵی هەورت کرد،

وتت ئیتر بباری!
تۆیش بەرێچکەی باراندا
خۆشی خۆشی هاتیەوە
دنیات لە کۆڵی خۆت نا ،
بەڕۆژ و بەساتیەوە
درنجی داخ لە دڵیش
ڕێگەی هەموو لێ بڕیت
هەرچی نەخشەی ڕێگابوو
هەموویانی لێ دڕیت
منیش هەر چاوەڕێتم
ئاخۆ بلێیی بێتەوە
لەم سەهەن و سەراوە
کەمێ بحەسێیتەوە
دەستم لە گەردنت کەم
بەرەو ئاوایی بڕۆین
وەکو گوڵە عازیزە
خۆمان بەئاونگ بشۆین
دیمەن دێتەوە سەر داپیرە و قەتارە، داپیرە وەستاوە و دەست بەدەستا ئەدات:
کۆڕە نەهاتەوانێ
کوڕە بوو بەقوربانی
کچم (ڕوو ئەکاتە قەتارە) خۆڕایی نییە
نان و ئازادی هانی!
قەتارە لەم کاتەدا ڕادەچەنێ و بەسەرسامییەوە ڕوو ئەکاتەداپیرە.
١٩٨٣/١١/٢٧

***

بلێیی زستانی ئەم ساڵ بەفر بباریێ وەک پار؟
بڕووخێنێ بەسەرما ، دیواری یاد و یادگار!
خەبەر بەرن بۆ شێخم تەوبەکەیم کوشتووە
پەشیمانم، پەشیمان، هەرمەییێکم ڕشتووە!



باری تەوبە گرانە و منیش شانم سوواوە
هیچ شەرم و شۆی پێ ناوێ بلێیم وزەم نەماوە
گەڕیدە بووم لە عیشقا: عیشقی هەوێنی ئاوات
حیکمەت ئەڵێ بی بڕە دارێک بەرت پێ نەدات
لەسەر لووتکەی ئازارم بەدەنگ بانگ و سەڵاوە
گەنم گرد و جۆبڵاو ئەکەوت و هەڵ ئەساوە
عەتری ئارەقی ڕێگەم لە درشت و ورد ئەدا
گەردی پێڵاوی ڕێگەم لە ڕووبار و پرد ئەدا
ئەی پیشڕەوی ئاینیم، ئەی مەبەستی ئەوینم
تاکەی لە خەرمانەتا عەکسێکی خۆم نەبینم؟!
لە ناخەوە ئەسووتێم، لە ناخەوە ئەژەنرێم
کێ ئەزانێ ئەمن کێم، کێ ئەزانێ کوڕی کێم؟!
تەوبەیەکم کردە کوڵ: توێشووی ڕێگەی سەفەر بێ
سەفەر بگاتە خێرێ لە ئەندازە بەدەر بێ
ئەوەندە مێردەزمە خەو و خەمیان شێوانم
سەنگ و مەنێک نەماوە بۆ کێش و بۆ پێوانم
وام لە ماڵی کاولا بێ دەفرو بێ دەرامەت
ڕەقیب ئەڵێ: ئەفەندی، کوانێ بۆن و بەرامەت؟!
ئەو ڕەقیبەی زمانی زۆر پیسترە لەو شیرە
سەری (حوسەین)ی بڕی و ئێستە لە ناخم گیرە
لە پێستی خۆم هاتمە دەر، ناوەڕۆک و ڕووخسارم...
لە گونجاندا نەماون، خوایە کە قورسە بارم!
بارم باری عاشقە، باریش بخەم مردنە
چەمکی ژیانی ئەمڕۆ هەر هێنان و بردنە!
کێشە لە خۆما شینە، قەرسیلێکە بەراوە
تاڕێی ئاوڕ خۆش ئەکەم، لق و پۆپی خوراوە
دژواری من دژێکە بەخۆم ئاوس و پڕە
وەلیای ئەم کێشەمە کێشە زۆڵێکە ئێجگار دڕە
خەبەر بەرن بۆ شێخم، تەوبەکەیم پێچاوە
لە دوو ڕێیانی عەشقا دەروێشەکەت تێماوە
ئاخ دووڕێیان لە دەستت، چەندێ داخت گرانە

ئەگەر مەردیت خۆت وەرە ئێستا ڕێگەت بزانە
گەنم تۆوی ناو دڕک، جۆ لە عەمبارا خڕە
سەریش زرکێکی تاڵە و دەمیش گیرفانی پڕە
ئەی مەینەتی عیشقی من لە کامە ڕێوە هاتی؟
تۆ دیاردەیەکی سەیر و نامۆی بێ شوێن و کاتی
خەبەر بەرن بۆ شێخم. وا تەوبەکەم ناردەوە
گیروگرفتی ناخم دیسانەوە شاردەوە
خەڵکە سبەی زستانە، چین چین بەفر ئەبارێ
سەرپۆشەکەی ئەزمریش بەسەریا دێتە خوارێ
منی جگەر سووتاویش هەر چاوەڕێی «کەژاڵ»م
کەی دێتەوە لە (هەولێر) بەری ڕێی بۆ بماڵم؟
لە بەر دەرکیماڵەوە دوو تۆپەڵی تێگرم.
جانتای ماندوبوونی ڕێی بەخەندەیەک لێگرم
تف لە ڕووخساری مردن، تف لە ناوڕۆکی ئەو
«کەژاڵ»ی لێو ئاسۆی من ئەخاتە ناو گەرووی شەو
شەوی بێ ئارامی من، شەوی جگەر سووتانم
شەوێک بۆ هات، لە بەرچی. هەتا ئێستەیش نەزانم؟!
خەبەر بەرن بۆشێخم، تەوبەم لە شەو هەڵکێشا
هەناوی شیعر و بەستەم سوورکردەوە لە ئێشا
ڕووی زەمانە ڕەش بووە و زەمانەوان شویرە
هەر بڕوا کەفتە کارە و هەر باوەڕیش فەقیرە
لێدەن بەچەپ و ڕاستا مەرجیش تێلای ئەستوورە،
یا تەشتی پڕ لە نانە، یا چاوی سوێر و سوورە
ئەوەی دەردم ئەزانێ هەر ئەو لە شیعرم ئەگات
هی تر چەنە بازێکە بەڕاست و چەپما ئەدات
خەبەر بەرن بۆ شێخم هیچ لە دەردم ئەزانێ؟!
یا ئەم داتە بەر لمۆز وەک نۆبەندە نەبانێ
ژین و مەرگ و فەلسەفە و شیعر و جگەر سووتانم
خەون و خۆراک و خەم و بەفری شەوی زستانم
کێ بۆم ئەکات بەکۆکتێل، کێ دێتە سەر خوانەکەم



کێ بۆم کۆ ئەکاتەوە بەرووبوومی ژانەکەم؟!
سەرژمێری ڕۆژی ڕەش، عومرم نایگرێتەوە
باری لێوی حەسرەتم هیوایش نایسڕێتەوە
کە قەتماخەی ئەشکی سوێر چین چین بەسەر یەکدا کەوت
تاشە بەردی باری شان بوون بە پێنج و شەش و حەوت،
کێ پێم ئەڵێ خۆت بگرە، خۆڕاگرتن یانی چی؟!
ڕووبار هاتووە و شێتە، واوەیلا بۆ لقی بی
خەڵکە، سڵم لێ مەکەن نامۆیەکی ئەم ڕۆژەم
میوانی بێ ئیختیار، گەڕیدەی بێ پڕۆژەم
ڕۆژ هەڵنایەت لەسەرم گەرداو ئەیلێسێتەوە
قومێ ناگاتە گەرووم ئاخێ ئەی هێنێتەوە
ئەی شێخەکەم، کوا «کەژاڵ»(*) وام لە دەرگای پیریا
خۆزگە عومریشم ئەکەوت لەگەڵ دانی شیریا
با کەس بەدەردم نەبێ و سەری تاڵم هەڵ نەکات
ئەگەر ڕۆژی لێ هەڵهات بەرد بەدواما هەڵ نەدات
شێخم وا خۆم هاتمە لات ڕێگە زۆر چەواشەیە
ڕۆژێک (حەلاج)ی هاڕی، ئێستەیش هەر ئەو ئاشەیە؟!
وا ڕازی ئەم تەوبەیەم ئەکەم بەبانگ و سەڵا
جەستەم پێچاوپێچ ئەدەم بەگەردەلوولی بەڵا
کە خۆمم کرد بەشارا سەرخانەکان تێک بچن
شەرمە ئیتر هەتاکەی ڕەش و سپی لێک بچن
خەڵکە با گوێتان لێ بێ، نەفامییە یا ژیرم
خوێنەری بێ ئینجیل و دەروێشێکی بێ پیرم
ئەو شەرابەی گرتمەوە لە هێشووی عومری تاڵم
خەست وخۆڵ و گەییوە، ڕەنگی بەئەشکی ئاڵم
وا دانیشتووم پێک بەپێک بیخۆمەوە بێ هەرا
شەویشی پێ بەرمە سەر بێ هەنسک و بێ چرا
ئای لە تەنیایی عاشق، عاشقی ڕەنج بێوەریش
ئای لە دنیای سەردەمی بێ کێش و بێ پێوەریش

(*) «کەژاڵ» لەلای من لە پێودان (کەمال)ی تەصوفدایە.

بووم بەدەریای دووریییەک ناخودایێ نایبڕێ
بووم بەدەواری شەوێک چێشتەنگاوێ نای دڕێ
بووم بەپەلاسی خەمێک خەیاڵ ئەپێچێتەوە
بووم بەبێژنگی عومرێک ئازار ئەبێژێتەوە
ڕێبوارێکم کەوتوومە جەنگەڵی تاریکی خۆم
لەناو زەبەندی ڕێما نازانم بۆ کوێ ئەڕۆم!
– دڵە ڕاوکێ و بێزاری دڵی شاعیر تاو ئەدەن
تۆوێکی دی ئەچێنن دەست لێ شتن قاو ئەدەن!
باری ژیان تامەکەی وا لە پێ هەڵکەوتنا
(سیزێف) خلۆر ئەبووەوە لە چرکەی سەرکەوتنا!
ئەی شەرابە خەستەکەی هێشووی عومرە تاڵەکەم
لە کووپەوە هەڵ بچۆ، پڕ پڕی کە پیاڵەکەم،
بۆ خۆم و بۆ خەرابات هەرمەیی تاڵ دەرمانە
با هەردووکمان هەڵی دەین چونکە قەستی سەرمانە!
(سیزێف) ناگاتە سەرشاخ، تاشە بەردێکە باری
من چۆن بێمەوە سەرخۆم، بەفرم بەسەردا باری؟!...
***

## یادێکی کەژاڵ

١٩٨٤/٧/١٠

لەسەر پەنگاوی خەمی من،
چەرخی چەپگەرد، کوا دەرگایە؟
باسەربکاو هەڵیرێژم هەرچییەکم لە دڵدایە!
جار جار ئەشڵێم،
با خەمی خۆم هەر بۆ خۆم بێ
خۆ کەس بەدەنگمەوە نایە
کە دەردەکەم وا گرانە و سەقامگیرە لە ناخمدا
ئەشیا ببم بەقەقنەس و ئیتر نووزەم نەهاتایە
لە جیاتی وەی بەباوکی خەم بانگم بکا
ئەبوو گەردوون



لە کۆچە ڕێی ئەم عومرەما
گۆبەندی وای نەگێڕایە
لە دوای مردن، دەست لێ شتن،
ئەدات بەسەر بیر و هۆشا
بەڵام جێگەی شانازیە
دەستە چیلەی خەمەکانم
لە ئاگردانی پاکانی ئەم دنیایە
بۆن و بەرامەی ئازاری،
جگەر سووتاوانی تیایە،
پەیامی سۆزو ئەشکەنجەی هەموو مەسیحێکی لایە!
***
ئەی مەرهەمی سەربرینی باوکە جگەر سووتاوەکەت
(بەهار)ە کەم تۆ بۆ مردیت؟
(کەژاڵ)ی جوان بێ هاودەم بوو وا بۆ لای خۆی
بەم پایزە بانگی کردیت؟!
***

## مێزی چاوەڕوانی

١٩٨٤/٤/١٩

مێزێکی زۆر هەژارانەم ڕازاندەوە
دەسکێ گوڵ و شووشەیەکی پڕ لە بادە،
جامێ سەهۆڵ،
هەندێ مەزەی سوێر و سادە،
چاوم بڕییە ڕێگاکە و،
چاوەڕێت بووم.
لەو ساتەدا هیوایەکی ئێجگار شێت بووم
یەکەم پێکم خێرا هەڵدا،
دووهەمیشم تەواو کرد و،
سێهەمیشم چۆڕ لێ بڕی و
هەر چاوەڕێی هاتنت بووم

قورسایی هات، سەرمی قوپان
وەنەوزی مەی هەردوو باڵی چاوەکانمی
پێچایەوە و تێکی شکان
کاروانی خەم لە ناخمدا هەر ئەهات و باری ئەخست،
کۆڵی لە خۆی ئەگرتەوە،
کە سۆزەی بای بەئاگابوون
باڵی چاونمی کردەوە،
جامە سەهۆڵ بووبوو بەئاو و
پێکی چوارهەمم ڕژابوو
تۆزێ گزنگ لەناو دڵۆپێ فرمێسکی قەتیس ماوما
تازە تازە هەڵ کرابوو!

***

## برووسکەیەک بۆ جگەر سووتاوێکی تر

ئەگەر هاتی، شیعرێک هەیە پێشکەشت بێ، بیخوێنەوە
ئەگەر هاتی، خەمم لاتە قەرزی کۆنە بیهێنەوە...

***

## کەژاڵی جوان

١٩٨٣/٧/١٨

***چوارشەمە ١٥ی حوزیرانی ١٩٨٣ دەمەو بەیانی***

کەژاڵی جوان،
کەژاڵی شۆخ، دێت و دەچێت،
چاوەڕێیە
ژیان وەکو ساوایەکی بەر مەمکانە
لە باوەشی چاوەکانیا پێ ئەکەنی،
خۆی نەئەگرت
بەرەو یەخەی دایکە بەیان
دەستەکانی بەگوڕ ئەبرد



کە خۆر هەڵهات بەرەو «هەولێر» گەرووی ڕێگە هەڵی کردن
کەژاڵ بەرەو ئاوات ئەچێ، باڵ ئەهاوێ
کەژاڵ دنیای لە دڵدایە، کەسی ناوێ

***دوای نیوەڕۆی ١٥ی حوزەیران***

کەژاڵی جوان وەکو مەلێ
بروانامەی کرد بەباڵ و بەرەو شاری سلێمانی
ڕێگەی کرد بەشریتێکی تازە تۆماری گۆرانێ
لە پێشوازیی چاوەکانیا ئەمبەرەو بەر
ڕاوەستابوون نێرگز فرۆشی ڕێی تەمەن
چەپڵە ڕێزان:
کەژاڵی جوان عومرت پەسەن، کارت پەسەن

***لای ئێوارەی ١٥ی حوزەیران***

کات ئەمێستە خۆراوایە،
لەبەر دەرگا ڕاوەستاوم
کەچی دەنگی کەژاڵ نایە!
چی قەوماوە؟!...
– کارەساتێکی خوێناوی
لە ڕێی کەژاڵ دا ڕووی داوە

***خەستەخانە***

چرپایەک، خەڵتانی خوێن،
ڕەنگی مەرگی لێ نیشتووە
ئافرەتێکی گیان پێ نەماو
کەژەی لە باوەش گرتووە
شەوێکی تاڵ وەک لا دیوار
شانی لەسەر سینگم دانا
وەکو ئاسۆ ڕەش داگەڕام،
بڵێی وابێ؟!...

بلێی ڕێکەوت ئەم گۆبەندەی واگێڕابێ؟!...
بلێی بەندەری هەستی من،
لەم شەوەوە بێ چرابێ!
بلێی شەقامی شاری خەم،
سوپای مەغۆل تێی ڕژابێ؟
بلێی ئاگری ڕۆمابێ و لە ناخی من بەردرابێ؟
بلێی ئەم گەرداوە گڕەی قەڵای هیوام ئەلەرزێنێ
لەناو دڵما تەقێنرابێ؟
بلێی... بلێی؟!......

### ***١٦ی حوزیران***

کەژاڵی جوان هەر بێ دەنگە،
کەژاڵی جوان زۆر بێ ڕەنگە
ڕووباری شێتی سۆزی من لە ترسانا ئێجگار مەنگە،
دایک دەستی لەسەر دڵە،
خەڵک و خوا دێن، دەڕۆنەوە
هەرچی بەیتی سەبووریيە تۆزقاڵێ ترس
لە سیپاڵی هەناوی من ناشۆنەوە
شەو هاتەوە...
ئەم شەو ئێجگار بێ ئامانە
لە دیوانی (مەولەوی)یەوە شیعرێک هاتە خەستەخانە،
ئەم شەو وەهەرحاڵ شەو وە ڕۆژ بەروو
خووا سا مەرگێ سەحەر چێشکەروو

### ***١٧ی حوزیران کاتی سەحەر***

سەحەر چوومە لای سەرینی
من چیم بینی... خوا چیم بینی؟!
دەستەوسانم، خامەم لاڵە
هەرچی وشە و دەربڕینە...
لەسەر زمانی تەڵخی من ژەهری تاڵە



بەڵام مرۆڤ کە دامێنی هیوا ئەگرێ
وا ئەزانێ نەخۆی ئەمرێ، نەکەس ئەمرێ!
هاتمەوە ماڵ،
ماڵی چۆڵی خەم لێ نیشتوو
منداڵی بێ جێگە نوستوو
هەستێ ڕۆڵە وا بەیانە
کەژاڵ لە ئێمە تۆراوە
شەو و ڕۆژمان لێ شێواوە.
بە ناو هێڵی تەلەفۆن دا ڕۆڵە ڕۆیەک گەیشتە لام
وەکو داری سەر لووتکەیەک گەرداو لێیدا
ئەژنۆم شکاو خۆم هەڵدێرام
ئەی خەڵکینە چەند گرانبوو، لەو کاتەدا هەڵسانەوە!
هەرچی ئازاری عومرم بوو هەمووییم گرت بەشانەوە
بۆ پێشەوازی تەرمی کەژاڵ،
هەردوو دەستم بەقژمەوە گیرسانەوە
چراخانی تەمەنی ئەو بیست و یەک بوون کوژانەوە!

### ***لە ١٧ی حوزەیرانی شوومەوە هەتا ئەو ساتەی ئەمرم***

هەر ئەیلێم و ئەیلێمەوە
خۆزگە ڕۆڵە...
مۆتەکەی مەرگ لە جیاتی تۆ دەستی لە بینی من نایە
لەسەر گڵکۆم وەک ئێستەی خۆم
تۆ باوکەڕۆت بکردایە
ئەو ئاگرەی تێم بەربووە
شالاوێکی بێ ئامانە
هەموو ڕێیەک لە بەردەما پێچاڵێکە و ئاگردانە
ئەی ڕۆڵە گیان خەم بڕیمی و پەنا ئەبەم بۆ دەفتەرم
بۆ دیوانم، بۆ سەفەرم
بۆ وەڵامی پرسیارێکم
بۆ چیرۆکی ئازارێکم

دەستم چزا بەداماویی دەربڕینا
دووام لەتەک هەزار چامەی ماتەمینا
من دەروێشی مەولەوییم و
شەیدای شیوەنی گۆرانم
کەچی ڕۆڵەم-کەژاڵی جوان- واکۆلیلی گەرمەشینت
مەرگی «گولاڵە» و «عەنبەرخان» دێنێتەوە بەرچاوانم
هەموو ئەبن بەئێشێک و ئەڕۆن هەتا سەرئێسقانم.
ئەی هۆنراوەی ماتەمینیی ئەم دنیایە
ئەگەرچی من دەربڕینی وام بۆ نایە!
بەڵام ئەو سوێیی وا لە دوو توێی ئەم سۆزەما
کەی لە کێشی ئێوەدایە؟!...
جگەر سووتاوی خاکی خەم! وەک تۆم بەڵام بێ و بزانە
چ ئێشێکم لە دڵدایە و چ ئیشێکم لەسەر شانە؟!...
بەئاگری ئەم شاخەمەم، خەمەکانم ئەسووتێنم
هەموو دڵۆپە فرمێسکێ کە ئەی ڕێژم
نارەزایی خۆم و خۆتە بەم شیوەنە ئەی درکێنم.
دەستەوسانی! دەستەوسانی!
هەتا ئەمرۆ،
لە شیعریشا بەقورسایی تۆم نەزانی
بێچارەم و دەستە ئەژنۆ،
سەر سووڕماوم
بەرەو هەر داد و ئامانێک هەنگاو ئەنێم
وێڵێکی سەر لێ شێواوم
ڕێبواری تۆبشوو ڕژاوم
کوڵی گریانم ناسرەوێ ساتم هەمووی ساتی ئەوە
هەرچەند واقیع ئێجگار تاڵە،
بەڵام لە ناخی خۆزگەما ئەڵێم شتی وا ستەمە،
ئەڵێم شتی وا هەرخەوە
ئۆف ڕۆڵە گیان، ئۆف ڕۆڵە گیان،
زاراوەی زارم هەر ئۆفە



بارانی ئەشکی حەسرەت کێش
ڕەهێڵەیە، شەستە، تۆفە
ئۆف ڕۆڵە گیان، ئۆف ڕۆڵە گیان
کۆلیلەکەم ئێجگار گەرمە
بۆ خۆی ئەڵێ ئەوەی ئەڵێ: گریانی وا بۆ پیاو شەرمە!
کە من باوکی سۆز و خەم بووم،
ئاگر چووە خەمەکانم..
ڕێی خۆ ڕاگرتنی درۆ چۆن بزانم، هەر نایزانم!
ئۆف ڕۆڵە گیان، ئۆف ڕۆڵە گیان
کێ بەم حاڵەی من ئەزانێ، لە کام پلەی مەینەتایە
ئایەتی ئەم ناسۆرەی من هەر چیرۆکی گۆڵگۆسایە
ئەی ڕۆڵە گیان بەڕێم کردی،
سپاردمیت بەخاکی خەم
ئا ئەو خاکەی تاوێرێکی ناگۆڕمەوە
بەتەختی ڕۆم تاجی عەجەم!
بەڵکو لەوێدا بسرەوی، دایکی هەموو ئاواتێکم
بەڵکو لەوێ چاو هەڵبڕی بەرەو ئاستی گشت ساتێکم
ببینیت ئەم باوکە شێتەت بەم کۆچەی تۆ چەند خەمبارە!
لە دەستی باری ناباری ئەم ڕۆژگارە چەند بێزارە!
ئۆف ڕۆڵە گیان دێم و دەچم، سەر مۆرگێڕی ئەم ماتەمەم،
هەروام لە ڕێی گەرمەشینا،
خۆم بووم بەخوێ و ئەکرێمەوە بەسەر ناسۆری برینا
ئۆف ڕۆڵە گیان، ئەمرۆ هاتم...
دەرگای دڵم خستە سەر پشت
هەرچی هەست و نەستم هەبوو
هەموییم کوشت، هەموییم ڕشت
کە من دڵم شووشەی تۆ بوو لەگەڵ تۆدا ئەویش شکا
دوا دڵۆپی خەم و نازم ئەویش ڕژا، ئەویش تکا
خەڵکە ئێوە لۆمەم مەکەن، کۆستەکەی من زۆر گرانە
تەنها خاکی خەم وخوێنە وەکو دڵی من وێرانە

وام ئەزانی وەک شاعیرێ لە گشت کۆستێ گەورەترم
ئاگر لە من چۆن بەر ئەبێ، کە من لە خۆما ئاگرم!
کەچی ڕۆڵە وا مەرگی تۆ لە قوڕێکی خەستی ناوم
خەریکە ئەی سڕیتەوە هەموو پێناسێکی ناوم
ئۆف ڕۆڵە گیان بۆ سەبووریش
یەخە نەبوو ڕای تەکێنم
ئۆف ڕۆڵە گیان بۆ داخی دڵ
عەرشێ نەبوو بی لەرزێنم
گڕ گڕ بۆ خۆم گڕامەوە
با یەخەی خۆم دادڕێنم
وەک «معرّي» ئەبوو نەبمە هۆی ئەم خەتا بێ سەرجەمە
نەبمە پەندی پێشینانێ بۆ مرۆڤی ئەم سەردەمە
ئۆف ڕۆڵە گیان
هەزار کەلێن و دیبیاردە هەتا ئەمڕۆ لێک دراوە
هەر دیبیاردە ئەم مردنە
نهێنییەکی لاسارە و دەرگای لەسەر داخراوە
هەتا ئێستاش لای هیچ کەسێ
پەی بەقووڵایی نەبراوە.
ئۆف ڕۆڵە گیان!
بۆ کوێ ئەڕۆم هەر شێوەی تۆم لەبەر چاوە
هەرچی کچێ دێت و دەچێ
نیگای گوڵێتی لەخۆ داوە
ئۆف ڕۆڵە گیان بۆ کوێ بڕۆم
هەنگاوم هەڵنایەتەوە
ئەڵێن یا شێخ واقعی بە، وا لە حوزوری مردناین
ئیتر کەژاڵ نایێتەوە!
ئۆف ڕۆڵە گیان، جامی ئەشکم لەسەر دەستم ڕاگرتووە
لێمی مەگرە وەک دێوانە پەنام بۆساقی بردووە
داوای جورعەی دوایی ئەکەم
ببم بەمەستی سەردەستە



نەکو وازوو بکوژێتەوە تروسکایی ئەم هەڵبەستە!
ئۆف ڕۆڵە گیان،
بۆ دادی من زمان کوانێ... وشە کوانێ؟
ئۆف ڕۆڵە گیان
کێ چەردەیەک ئالەم ڕازەی من ئەزانێ
ئۆف ڕۆڵە گیان
هەرچەندە من سەر ئەبەم و سەر ئەهێنم
لەم دوو کەلیمە بەولاوە
پێشانگایەک نابینمەوە خۆمی وەک خۆم تیابنوێنم
وا پێشانگەم کردۆتەوە، دروشمی خۆم هەڵکردووە
پەنام بۆ ئێش و ئازاری وێرانە خاکان بردووە
دەمی دیوانم دائەخەم،
با فەرهەنگی خەم نەمێنێ.
دڵی هەزار مەجنون و مەم بۆ خەمێکم دابمێنێ
بەخیلیی من لە خەمدایە
من خەمی خۆم لا گرانە
دنیای ئەمێستە زۆر سەیرە
ئەڵێی: ساڵی خەم بڕانە!
ئەی ڕۆڵە گیان
من باوەڕی وەحدەی وجود گێژی پێدام
کاتێ کە هۆشم کردەوە
لەناو گۆمی مەنگی تۆدا، شەخڵی لێدام
تۆ منیت و منیش تۆم و تابلۆیەکین نابین بەدوان
ئەبوو جامی هەردووکمان بێ
ئەگەر مانەو ئەگەر نەمان
کلووری ئەم سەر زەمینە،
نیگای چاوێکی تۆ نەبوو!
سامانی من، شیعر و خەمم
شاباشت بوو هەرچیم هەبوو،
ئەم سەفەرەت نەکاتی بوو، ئەم سەفەرەت نەهاتیی بوو

هەرچییەکم لە کیس ئەچوو
ڕۆڵە هەر تۆم لە جیاتی بوو!
وا ڕووی هەناسەی ساردی من بەرەو ڕێگەی چۆڵی تۆیە
ئەو نامەیەی لە ڕەش سواری مەرگ بەجێما...
تۆمارێکی ڕۆڵە ڕۆیە!

***

## وێنە شیعرییەکان

١

لە چاوانتا هەزار بەستە مەلە ئەکات،
لەسەر لێوت تامی وشە وەکو شەرابی خاوێنە
لە ئاسمانی بەر گەردنتا زەردەخەنە
هەڵ ئەپەڕێ وەکو تیشکی سەر ئاوێنە

٢

لە ئەنجامی برۆکانتا هێڵی مەبەست خۆی خڕداوە
نەی زانیوە لە سەهەنی ڕێگەی ئەوا
پۆل پۆل برژانگ ڕێی بڕداوە

٣

کە دامێنی زۆڵفت ئەڕژێ بەسەر شان و مل و قۆڵا
وەکو گزنگ شەپۆل بدات دەمە و بەیان بەسەر باخا
خەمی قۆڵم چەند حەز ئەکات
لەسەر کەمەر خەم بیگرێ و لە ڕێی زوڵفا، بێ، خۆی ڕاخا

٤

نازێک بەسە، بۆ دوو پاتی ئەکەیتەوە هەموو ساتێ؟!
سروەی چپەی خەو بینێنت لە ئیلهامی شیعرەکانما
چرکە بەچرکە ئەم گاتێ

٥

لە میانی من و تۆدا خۆزگە پردە
لەسەر پایەی ورکی دڵم دامەزراوە



هەرچی لافاو هەیە هەستێ،
پردی شاعیر ناپسێنێ
چونکە بەخەم داڕێژراوە!

٦

بەڵێ منم، خۆشەویستیی، ڕێگەی کۆچی نەبڕاوەمە
بەڵێ منم، خۆشەویستیی، پشتێنێکی نەکراوەمە
ئەی تۆ... ئەی تۆ ڕێگەت کوانێ؟
تەنها ڕێگەی خۆشەویستیی لە شەوەوە بۆڕۆژ ئەچێ
بێ پەساپۆرت
کاڵای ئەم سەر ڕێگە و بانەش
کەس وەک شاعیر لێی نازانێ
خۆشەویستیی وەک عارەقی نێو چاوانی کارگەرێکە
نان ئەخاتە کۆشی مناڵ
خۆشەویستیی وەکو گیانی شەهیدانە، ئەدات لە باڵ
خۆشەویستیی ئەو بەستەیە، کە بوو، ئیتر نابڕێتەوە
خۆشەویستیی بەخۆی نەبێ
هەرگیز کێشی نابێتەوە!...

***

## وەرزەکان

١٩٨٣/٤/٢٨

خۆشم ویستی و خۆشت ویستم
لە دنیادا هەرتۆم هەبووی
هەوەڵ وەرزی دڵداریمان
بەرهەمێکی یەک بە دە بووی
وەرزی دووەم گەڕایەوە
ڕێژەن نەما خەرمان نەما
وەکو داماوی ئەم شارە
کەوتمە شوێنی خۆزگە و تەما!

***

خۆزگە ڕۆژێک ئەهاتیە لام
دەستت ئەخستە سەر دڵم
وەکو پەپوولەی لانەواز
ئەتپشکنی گوڵ بەگوڵم
جا ئەتزانی چەند بەتەمام
لەناو دڵما بتگرمەوە
ئەگەر بەگیانی پاکیش بێ
بۆ ئەبەدی بتکڕمەوە
***
لەلای عاشق زۆر ڕەوایە
بۆ ئەوینی هەرچی بکا
لەو ڕۆژەوە مەی خۆش بووە
هەزار هەزار شووشە شکا
جا من بۆ جورعەی چاوی تۆ
شووشەی دڵم ڕاگرتبێ
دەبا دنیا سەرەو ژێر بێ
ئەگەر نۆرەم ڕابوردبێ
***
وەرزی سێهەم کە هاتیەوە
با بەهاری تەڕ و بڕ بێ
جامە شەرابی دەستی تۆ
خەست خەست هەتا لێوی پڕ بێ
لە گوزەرما ئیستێک بکە،
بڕوانە چەند پەرێشانم
لە بێ شەرابیی دەستی تۆ
هەر خەریکی خەم کێشانم
***
خۆزگە شەرم ئەی گرتیت و
لەبەر دەما وەکو جامێ
لەسەر پەڕەی دەم و لێوت



ئەبووی بەپێکی هەرکامێ
من بەچپە و ڕازی خۆشت
کامی ئەوینم مەست ئەبێ
جا من ئەبم بەمەیگێڕ و
کلیلی تۆم بەدەست ئەبێ
***
ئەو کلیلەم، بۆ گەنجینەت
لە ئەزەلدا دابڕاوم
من ئەو مۆمەم لە ڕێگەتا
لەگەڵ بوونتا هەڵکراوم
ئای لەو ڕۆژەی ئەتکەمەوە
چرای خۆمت تیا هەڵ ئەکەم
بۆ ئاواتە وێڵەکانم
وەکو دەلیل دووکەڵ ئەکەم
***
وەرزی چوارەم بێنە گۆڕێ
هەموو شتێ لە جێدابێ
تانە و لۆمەی دەوروبەریش
پێلاوێک بێ و لە پێ دابێ
تۆ گەیبیوی و من عەزرەتی
ماوەی ئارام ئەبڕێتەوە
ئەو پێکەی وا لە دەستماندا
نەیخۆینەوە، ئەڕژێتەوە!
***
ئای لەم عومرە ناکامەمدا
ئازار و سوێ چووە ناخم
مەینەت ئەگەر شاخ بڕوێنێ
من جەنگەڵی هەزار شاخم
ڕۆژگار! دیواری لەعنەتیت
با بڕۆخێ لە ڕێگەما

با خەونەکانم بێنە دی
ئازاد بن لە جێگەما.

***

خەڵکینە من ترسم هەیە
لە نەهاتیی بێ ماچ و مەی
داوا بکەن لە خوای ئەوین
نەکەی شاعیر بێ بەش بکەی
دژوارە لام، زۆر دژوارە
شیعر بێ ماچ و بادەبێ
شیعر ئاڵای تین و تەنوور
پەڵاسێکی زۆر سادە بێ!

***

سەری تاڵێکم وەرگرە
با هەڵکرێمە سەر ناوت
برژێمە سەر سینە و مەمت
وەک شەپۆڵی قژی خاوت
کەس نییە جێت بگرێتەوە
بەڵام درەنگە بمگەرێ
با بەرهەمی وەرزی گەیین
بەناکامی هەڵنەوەرێ

***

قوربان، قوربان، قوربانتم
هەتا گیانم لە بەردابێ
بەستەی ئەوین نابڕێتەوە
هەتا عیشقم لەسەر دابێ
بۆ من، بێ عیشقی، مەرگێکە..
هەڵسانەوەی لە دوا نییە
ئەڵێن جەفا بۆ یار جوانە
بەمەرگی تۆ هیچ وا نییە!

***



## کۆچێکی ڕەش پۆش

کۆچی نالی

١٩٨٢/١/٢٠

١- هەی داد، هەی داد شەو درێژە
هەی داد، هەی داد ڕەقیب بەسە...
داخی دڵتم پێ مەڕێژە
منم لەژێر باڵی شەوا هاوار ئەبەم بۆ خەیاڵم:
دڵی خۆتم بۆ هەڵڕێژە،
ئادەی لە ناخی تەقیوتا پەیامێکم تێ هاوێژە
خەمێکی کەیشت ئەدەمێ
لەناو زەبەندی گێژاوتا
نەمامی نوێیە بی نێژە:
بەستەی باومان هەتا ئەمڕۆیش بمانەوێ و نەمانەوێ
(فەتەڕۆ)یەکی بێ چێژە!
٢-پایز ساردە...
هەورێکی زۆر خۆڵەمێشین، سام لێ نیشتوو
بەری ئاسمانی گرتووە
دەستی ناوەتە سەردەمی ئاسۆی ئەملا و ئاسۆی ئەولا
کات بەیانە ئەوا خەڵکی
لەسەر حەوزەکەی خانەقا دەست نوێژ ئەگرن
مەلایەکی تر پێش نوێژە
٣- سەد و چل ساڵێک لەمەوبەر
مەلا خدر،
عەبایەکی دا بەشاندا و لە ژوورەکەی هاتە دەرێ:
ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاسا هەتاکەی حیرسی وێرانە
لەگەڵ ئەم عەشقبازانە برۆبازانە، ئازانە!
چەند فەقێیەک لە خانەقا بەڕێیان کرد هەتاکوو (وەیس)...
هاواریان کرد:
وشەی کوردی ماڵ وێرانە

شارەزووریش بێ بابانە
(نالی) ئەڕوات، هەوار دوورە
کەچی خاکمان لە کاغەزی هەندەراندا
هەتا ئێستەیش بێ سنوورە!
لە ئەشکەوتی هەزار مێردا، هاوار هەڵسا:
(پیرەمەگرون) دای بەسەرا
لە شارەزووری بێ چرا، شەو باری خست
بڕۆ(نالی)، بڕۆ(نالی)!
هۆ خەڵکینە بۆ نەتان بیست؟!
هۆ خەڵکینە، بۆ ئەو شەوە گرانەتا کەوتە ناوتان؟!
هۆ خەڵکینە، بۆ ئەو شەوە خەوی مەرگیش چووە چاوتان؟!
(نالی) ڕۆیی و کەس هەڵنەستا،
کە ڕۆژ هەڵهات و گشت شتێ ئاشکرا بوو
دەرگای بەبە مۆر کرابوو،
ئەوسا دەستتان دا بەدەستا
هاتن و چوون
بۆ نەبووبوون وا هەر نەبوون؟
هۆ خەڵکێنە، ئەوا سەد و چل ساڵ ئەبێ
لە شارەزوور، سەری حەبیبە هەر شینە
لە هەر کەسێک داوای خەوێکی (نالی) کەین
ئەڵێ: هەڕۆ هەڕۆ نینە!
٤- بڕۆ (نالی)، (نالی) بڕۆ
تەختی شارەزوور بێ تاجە(١)
کە شارەزوور تاجی نەبێ
شاعیریشی بێ ڕەواجە!
٥- دار بەڕوویەک هاتە ڕێگەی سێبەر بکات
وەشتێک بەسەر قەرەداخدا
کەژاوکەژ هات خۆی دەربخات

(١) هەزاران ڕێز و نەوازش بۆ گیانی پیرەمێردی نەمر.



لە کۆچەرێی (مەولانا)وە
تۆزی ڕێگە هاتە دواوە:
(نالی) بڕۆ، بڕۆ (نالی)
دامێنی خۆت بشۆرەوە
لە(ئاوبارە) مەخۆرەوە
سەرچاوە پیس و وێرانە
وەرزی خەمی ئاودێرانە
قاتی ساڵی وەرزێرانە!
(نالی) بڕۆ، (نالی) بڕۆ
تەختی «ئەحمەد» سەرنگوومە،
«سالم» قافییەی شێواوە،
«کوردی» «قالە»ی دەرکراوە
کۆستەکە ئێجگار قەبەیە،
«مەحوی» ئەڵێ:
(لە دڵی من ئاشیفتە تر تەنها وڵاتی بەبەیە)
بڕۆ جگەر گۆشەکانت
بخە باخەڵ و گیرفانت
دەست و پێیان لە گۆ ئەخەن
بەفووی ساردی مەعنای خراپ، تەشەری تاڵ
شتی سەیریان ئەدەنە پاڵ!
(نالی) بڕۆ، بڕۆ (نالی)
خنجەرەکەی «ئەحمەد پاشا» لە کێلاندا خنکێنراوە
ئەگەر شێخی «ئاوباریک»م نەدیبایە
من هەر ئەموت شکێنراوە!
«سالم» هەر لە «دێوانە»یە
تەمی شاخی «دارمازەڵە»
بەچاوی ئەو پێوانەیە.
ئەستێرەکان لە پشت کێوی «سەگرمە»وە
وا لاڵ و پاڵ هەموو خەوتن
جەندرمەکان لە «شێخ حەسن»یان نەپرسی
کە سەرکەوتن.

کتێبخانەکەی «شێخ لطیف» ئاگر گەیشتە دامێنی
«سالم» ئیتر چۆن ئەمێنی؟!...
– لە ئەصڵا بانیی ئەم کارە کاسبهایی شەهری بوون
لە ئەمری فیتنە ئەنگێزا سەراسەر میثلی مەردانن
لە ئەوزاعی سلێمانی ئەوانەی شاد و ئاسوودەن
لە فەرعا نوتفەیی حیزن، لە ئەصڵا جینسی شەیتانن
گەهێ هەمدەردی ئەکرادن، گەهێ هەم عەیشی ئەتراکن
لە یەک لا مادەری بەرخن، لە یەک لایاری گورگانن–
(نالی) ئیتر چۆن کۆچ ناکەی؟!
(نالی) بڕۆ ئازار تاکەی!
لە غوربەتێکی دوورەوە بەکۆڵ بگری
بۆ خانەقا و مەولاناکەی
– سەیرێکی خۆش لە چیمەنی ناو خانەقا کە
ئایا ڕەببیعی ئاهووە یا چایری سنوور؟!
٦– هۆ (شێخ ڕەزا)...
تۆ لە بیرتە سلێمانی کە دار الملکی بابان بوو،
کە مەیدانی جریدبازی لە دەشتی کانی ئاسکان بوو
بۆ ئەربابی حاجەتەکان،
مەتاف هەر گردی سەیوان بوو،
ئەی بۆچ لە بیرت نەماوە،
چۆن کاول و چۆن وێران بوو؟!...
خاکی (بەبە) دڵی هەموو ئالی(بەبە)
کولبەی تەنووری ئەحزان بوو
کەچی مێژوو هەر «فاتەکەی سەر گردەکەی سوورەبان» بوو!
٧– (نالی) بڕۆ...
بڕۆ دەستی مەرەکەباویت پاک بشۆ
(نالی) کۆچ کە،
چونکە لە دوای ئەم کۆچەی تۆ باوی کۆچە
«کۆچ بوو بەنانم کۆچ بوو بەبەرگم
کۆچ بوو بەنەشتەر، درا لە جەرگم»



گوێ ڕاگرە، شاعیرێکی ئەم سەردەمە
کۆچ نامەی نوێی نووسییەوە
کە تێم ڕوانی، زۆر ئاشکرا
کۆچەکەی تۆم تیادییەوە
– لەسەر پشتی ئەسپی قەترانی ئەم شەوە
کۆچ و باری هەرچی دڵداری ڕەوەندە دابەستراوە
گۆرانییەک لەسەر زاری لق و پۆپە...
دەنگ دانەوەی لە ئاسۆدا، لەناو سینەی چەمەکاندا
ئەبنە چیرۆک... ئەبنە داستان
شاعیرێکیش وا بانگ ئەکات...
– شەو درێژە... ڕێی بیداری بێ هاورێیە، نابڕێتەوە...
بۆم نابڕێ دەوەرە تۆ...
وەرە ئەی خەم لەسەر لێوم... لەسەر چاوم
نەبا غەریبێ جێت بگرێ!
تۆ دێیتەوە...
وەکو گوڵی شیعرەکانت
لای (مدرس)، لای (خەزنەدار) ئەکرێیتەوە؟!...
(نالی) کۆچ کە، کۆچ گرانە
تۆیش بۆ باری گران چاکی
چونکە پاکی،
چونکە تاکی
٨– مەیەرەوە
چونکە خەڵکی پرسش دەکەن
چیتان کرد لە تەختی «ئەحمەد»،
بۆ تەختی «ئەحمەد»، چیتان کرد؟
بەپیلانی کاسبهای شار ڕێتان نەبرد!،
ڕۆمی بەڵای ناگەهان بوو
ڕۆمی پەتای بێ ئامان بوو
هەمووی کوشتن
«ئەحمەد»یش مرد

«ئەحمەد پاشا» و ئەحە کەچڵ، هیچیان نەمان
تاوان لە کۆڵی کێ دایە؟
ئەحمەد؟ ئێوە؟ مێژوو؟ زەمان؟!
ئەگەر وەڵام نەدەیتەوە
دەروونی خۆت ئەخۆیتەوە
کە وەڵامیشت دایەوە
مۆرکی ڕاپۆرتی لێ ئەدەن
هەزار جنێوت پێ ئەدەن!
مەیەرەوە،
لە کۆچی دووری بێ پەیتا...
«تۆ باقیەی ساقیەیی صەحنی چەمەنبە
مەیدان هەموو مەی دانە بەکاسات و بەطاسات
(نالی)یەک و ئەوکەس کە تەمامی غەزەلی بیست
مەعلوومی بووە زۆر و کەمیی خاریقی عادات»
٩-لەسەر شەقام و خانەقا...
بەناو گەرووی ڕەشەبادا ئەڕوانمە لوتکەی ئەزمڕ
هەموو سەر لە بەیانییەک دڕن ئەدا بەتاریکە
وەکو یەکەم بڵێسەی گڕ
هەتا ئیستەیش «ڕیچ» ئەبینم
ڕیچ وەستاوە لە پێچەکان
کاغەزی شێخ وەردەگرێ و
دەرمانی پیس بۆ واریسی تەختی بەبە ئەگرێتەوە
تلیاک ئەکاتە قەندەکەی مەولاناوە
دەمانچەکەی دای بەپاشا
پاشا ئەکوژێ لە پەناوە!
١٠-هۆ مەڵکەندی، هۆ خانەقا،
هۆ شێخ هەباس، هۆ کانی با
بەبادەکەی خۆش مرووری نالی بڵێین
سەری بگرێتە خاک و خۆڵ
خەمێکی زۆر بگرێتە کۆڵ



لە وڵاتی نالییەکاندا و لەلای نالی وڵاتەکان
شتێک گۆڕا و جەمسەری کار وا دۆزراوە
لەلای ئێمە، لە کۆچەکەی نالییەوە
بەستەڵەکی شەوی سەد و چل ساڵەمان نەشکێنراوە
لە سێبەری دار بەڕوودا
کاسە دۆیەک نەخورایەوە قۆچی قەوی بۆ نەکرابێ
کووپەیەکمان هەڵ نەبچڕی
هەزار پەنجەی تێ نەخرابێ!
هەناوێکمان لە ناخ نەگرت
هەزار زامی لێ نەکرابێ
ڕەشبەڵەکێکمان ساز نەکرد
بەلیتەی جێ هەڵپەڕکێمان
سەرمان لە قوڕ نەگرتبێ!
مەرحەبایەکمان لێ نەکرا
دەستمان بۆ دڵ نەبردبێ!
(نالی) برۆ... کۆچ تا سەربێ
قۆچ با سەربێ
(نالی)، کاتێ پاک و چاکە دەربەدەربێ...
گۆڕی نەبێ...،
چۆڕی نەبێ!،
***

## کە بەهارمان نەبوو دەبا گوڵە پایزە بچنین

بەهارانێک باخچەی دڵم هەڵاڵەی گرت
شەماڵی تۆ بۆنی نەکرد
ئێوارانێک وەکو منداڵ کەوتمە دوات
بۆ وشەیەک لێوت نەبرد
هەردوو دەستە نامۆکانم لە ڕێگەتا
بوون بەئاڵای دەست ڕاگران.
بێچوویەکی ئەو چاوانەت تێ نەگرتم
ئێستە لیرەن ئێجگار گران

وا دەفتەری شیعرەکانم نخوون کرد و
هەرچی تیابوو هەموویيم ڕشت
نیگایەکت بۆ نەناردم بەتیرێکا
ئاهێکی ساردت هەر نەکوشت
باوەڕی خۆم کرد بەڕێگە لە گوزەرتا
کەچی هەر تۆ لا ڕێ ئەکەی
بووم بەباخی گوڵ و میوەی بەرچاوانت
چۆن وا ئەبێ دەستێ نەبەی!
کێ تۆی وەکو من ناسیوە لەناو کوردا
شمشاڵی، ڕێی کاروانت بم
کەچی گوێ لە قەتارێکی من ناگری
لە سۆزێکا قوربانتبم!
مانگی یەک شەوەی ئەوینت کاتێ هەڵهات
وەکو بزەی لێوەکانت
شایەت بینی، تۆ نەت ڕوانی تەماشاکەی
تا کەوتە پشت کێوەکانت.
ئەگەر تۆ لە جێی من بوایەی حاڵ چۆن ئەبوو
کوفرانی عیشقت چۆن ئەکرد؟
ئەم دنیایە باخی گوڵی ئەوین بوایە
گوڵی ئەوینت بۆن ئەکرد؟
کەچی وا من لە پایزما دڵدارێکم
ئیلهامی خوای گوڵستانم
چونکە بەهارێکم نەدی لە وەرزێکا
وا گوڵچنی پایزانم!
ئەسپی سەرکەشی خۆت تاودە هەر دەروونم
جێ ڕمبازی و جێ نیشانە
شیعری هەموو شاعیرانیش کۆشکی تۆ بێ
هەر چاوانی من سەربانە!
هەرچی دیاردە و ڕووداوە لە ژیاندا
سنووری بۆ دانراوە
ئەی سنووری ئازاری من لەلای ئێوە



بۆچی نەخشی بۆ نەکراوە؟!
هەتا کەی بێم هەتا کوێ بێم بەدەردەوە
گەرداوی تووش وا دای گرتووم
تاڵیی ڕۆژگار تاڵیی خەمی لەناو دڵما
لە مێژەوەیە بۆی کوشتووم!
دەسا خەمێک کە خەمەکان نوێ کاتەوە
جامی دڵیشم نەشکێنێ
ئەگەر خەمی هیوا نەبێ ئیتر دڵدار
لەم ڕۆژەدا چۆن ئەمێنێ؟!
لە ئاوێنەی سەراپاما مەلە ئەکەی
ئەوسا و ئیستەش هەر تۆ پەریت
چەندم پێ خۆشە فرمێسکم هەڵوەرێنی
بەڵام گوڵم هەڵنەوەریت!
فرمێسکی من بکەن بەپرد بۆ شاری دڵ
بەسەر ئاسۆی چاوەکانما
ڕێی لەشکرت ڕابکێشە دەرفەت زۆرە
بەناو شیعرە باوەکانما!
وا من ئاسۆی چاوەکانم کردۆتەوە
لە پایزما تیا ئاوابی
بووکی خەمم لە پەردەدا چاوەڕوانە
تۆ شۆڕە سواری زاوابی

***

## «نالی» ئەرجوومەندە

پێنج لایی کردنەوەی چامەیەکی نالی

١٩٨٢/٨/٢٤

کە دوێنێ چوومە ناو تابلۆی نیگاتان
دڵی خۆم دی لەسەر دەستی سەواتان
سەرم کز کرد لەبەر حوکمی ڕەواتان
ڕەفیقان من ئەوا، ڕۆییم لە لاتان
لە مەزڵوومان بڵا چۆڵ بێ وڵاتان

که ئێمەت دی گرفتاری خەوێ بین
له خەرمانی خەوا پشکی دەوێ بین[١]
بەشەو بۆ ڕۆژ، بەڕۆژ خولیای شەوێ بین
بلاسا شار بەشار و دێ بەدێ بین
له دەست یاران بکەین تەیی وڵاتان
که کۆچم کرد له کاروان‌دا چ زاته؟
دڵم شەرعی هەموو داد و شکاته
حەقم ڕوونه لەلای ئەم سەر بساته
سەفەرمان چونکه ڕێی هات و نەهاته
دوعامان بۆ بکەن ئێوە و خوواتان
لەبەر چی دڵ له سینەمدا هەموو دەم
ئەناڵێنێ وەکو مەشقی سوپای جەم
ئەوەی ئەیلێت هەمان سۆزه، فره و کەم
منم سەرکردەتان بۆ لەشکری غەم
دەترسم من بڕۆم بشکێ سوپاتان
له ئاخێزدا سەری شارتان شکۆکەن[٢]
سەر و پەرچەم له شاباڵی هەڵۆکەن
له ئەغیار پشت و هاواریش له خۆکەن
شکاری وەحشییان بەس دەسته مۆکەن
نەوەک بەربێ شکاری خانەزاتان
که ڕۆیشتم منی یاری ئەمەک دار
وەکو شوێن پێ له بەر پێتا خەمی بار
بەجێ دێڵم نەچێته کوڵی ڕۆژگار
ئەوەند ئەرجوو دەکات «نالی» که جارجار
بکەن یادی موحیبی بێ ڕیاتان

***

(١) دەو: یارییەکه فەقییان دەیان کرد بۆ وەدەست هێنانی مافی هەڵبژاردنی گەورەترین بەش.
(٢) سەری شار واته هەدەف یاخود شوێنی یەکەم گوژمی مرۆڤ.



## چۆن له بیری کەم؟!

١

کاتێ ویستم له بیری کەم،
بەبیرما هات بیرکەمەوه،
وەکو بەهار گوڵێ بگرم بەدەمەوه،
وەکو کوردێک بەکۆڵی قورسی خەمەوه،
وەکو جۆگەی کەف چەڕێنی لێو بەقەراخی چەمەوه
وەکو (وەلی) بەعەشقی پاکی (شەم)ەوه
بچمەوه لای...
ببمه پەنای

٢

ڕۆژێک ویستم له بیری کەم
نیهادێکم پێ نەمێنێ
که بۆن نەما، با ڕەشەبا پەڕەی گوڵان هەڵوەرێنێ

٣

ئەگەر دایکی خەمانم بێ،
ئەوا خەنده و گڕوگاڵم
ئەگەر خاکی کوردستان بێ
من کوێستانێکی خاڵ خاڵم
که مێژوو بێ...
منیش ڕۆژ و مانگ و ساڵم
ئەگەر بەزمی ڕەشبەڵەک بوو
چۆپی کێشی ئەو کێشه بم
ئەگەر ڕەزمی ڕەزمەندان بوو
من برین و ئەندێشه بم
هەر دیوێک بوو منیش دیوی دووهەمی بم.
بوو بەدڵ و ناخی شاعیر
خۆم خەیاڵ و خۆم خەمی بم

ئەگەر ژان بوو ئەوا وەڵامی ژانە کەبیم
ئەگەر یەک بوو من نیوەییم
کە باڵا بوو خۆم کاڵایم
کە شۆڕش بوو خۆم ئاڵایم
کە زریان بوو، خۆم شەپۆلی، خۆم کەناری
کە وەرزەکانی گرتە خۆی
خۆم زستانی، خۆم بەهاری

٤

ڕۆژێک ویستم لە بیری کەم
نیهادێکم پێ نەمێنی
کە بۆن نەما با ڕەشەبا پەڕەی گوڵان هەڵوەرێنێ.

***

## بۆ کانوونی ١٩٤٨

١٩٨٢/١٠/٢٨

دەگێڕنەوە ساڵ بەو عەیام
بەیانییەک خۆر هەڵنەهات
دوا پەیکی شەو بەمەی زانی
دەنگوباسی گەیاندە جێ
– بەختی چاکە
دەمی بەیان دائەخەین و
ئاسۆ هەموو لە قوڕ ئەگرین
تنۆک تنۆک ئەستێرەکان
بەدوای یەکدا ئەچنینەوە
ئیتر جیهان کەنارێکە،
دڵ و داوێنی تاریکە...
بێ کەشتی و بێ کەشتیوانە
دەوروبەریش تا بڕ ئەکات
دورنجی ڕووی کازیوانە



دەروون، باوەڕ، ئاوات، ئەنجام
لە باوێشکی منا خڕن
لەناو شەپۆلی ڕقێکما
گازی تەشەر لە یەک دەگرن
ئیتر هەرچی دەستەڵاتە، لای من ئەبێ
ئیتر ئەوی تروسکەیە لەناو گلی چاوی ڕۆژدا
پەل ئەهاوێت و ون ئەبێ
ڕێی کارەسات وا خۆش کرا
دوا چۆڕی بڕیار نۆش کرا
خۆرم خۆر بوو ڕقی هەڵسا
تەکانی دا...
بەرەو هەڵدێر شەوی هەڵدا
دەنگی بەیان کرایەوە
گەرووی گەردوون،
سروودێکی کرد بەشاخ و دەشت و دەرا
ڕۆژگار بزەی خۆرەتاوی کرد بەبەرا
ئاسۆ بوو بەدوو گۆرانی
لەوێ پیرەمێرد و هەردی
بەدەروونی یەکیان زانی
مرۆڤی کوردیش، حەق بڵێین
کۆڵی خۆی خستە شەر شانی

***

## عەشق و عاشق

وتی: ئەگەر من نەبوایەم تۆچی ئەبوویت
ئەگەر نرخی من نەبوایە بەچەند ئەچوویت؟
کێ ئاوڕی لێت ئەداوە بەدیت بکات
بەردێکی تر بۆ ژمارەی حەلاج بخات
پەیامی من نەهاتایە گۆڕان ئەبوو؟
نەخێر دایک هەر دایکێ نەوان ئەبوو

تۆ هەر وەڵێـــــای بەیانێکی ژانی منی
کـێـشی بارێکی زۆر قـورسی شـانی منی
ئەگـەر بەژانی عـەشـقـێکدا نەهاتایە...
مـرۆڤ. ئاخـۆ لە چی ئەچوو، چۆن ئەمایە؟!
عـەشق چۆڕێ ژانی منە، ئەی خـۆیـتەوە
نوێژ تەواو بوو لە دوا سـەلام نەڕۆیتەوە...
ئەوەی لە مۆبەدی عـەشقـا جێ چۆڵ ئەکات
عاشقی کەیش لەتەک خۆیا کڵۆڵ ئەکات
سۆزی عـەشقم لە دەروونـا شیـعری ڕوان
بەگـەردنی هەزاران قـۆچ چەقـۆی سـوان
سـەر هەڵمەگرە ئەم ڕۆژگارە بێ ئامانە
نە تەمیانی جاڵ جاڵۆکە، نە هێلانە...
ئەت شارنەوە، دوژمن زۆرە خـۆت ڕاگرە
کە کەوتیتە مەیدانەوە دەست داگرە
بیستم. بیستم، هەرچی ئەڵێی بەڵێ وایە
عـەشق گیانی پەیامبەرە و نیگای خوایە
ئەرێ عاشق مافی نییە هاوار بکات؟!
باسی خەم و عومری تاڵ و ئازار بکات!
لاوکێکی خەمناک بڵێ و نزا بکات
باسی ژووانی وێران و سزا بکات؟
باشە عاشق بۆ هەروەکو عەکسی قەمەر
لەناو گۆمێکی لیخن دا، بدات لەسەر؟!(١)
باوکە عاشق بۆچی نابێ لە لێوی یار
هەڵ بستێنێ هەزار دەنگی شمشاڵ و تار
کاکە، عاشق بۆ لە باخی سینە و مەما
دووره پەریز بێ تا ئەڵێن وا کات نەما!
بۆ بێ دەنگ بێ وەکو چەمی خەمی بێ خەم
بۆ فەرهاد بێ، بۆچی وەلی، بۆ کاکەمەم
تۆ هەرچیت وت منیش بیستم باش بزانە،
بوونی منداڵ هەروا بووە لە دوای ژانە

(١) دەربڕینی گۆرانی نەمر



عاشق ئەمرۆ، لە ڕێی عەشقا یاری ئەوێ
عاشق ئەمرۆ بۆ حاڵی عەشق چاری ئەوێ
کاتێک عاشق دێتە سووتان عەشق سووره
کاتی مەرگی بوومەلەرزەی بێ سنووره
لە مەیداندا دەست داگرتن، بەڵام لە تۆ
بۆ تاسەی دڵ هەزار نیگای پڕ لە شکۆ
ئەو عاشقەم بۆیە وێڵم ڕێگەم ئەوێ
دەمم ئەوێ، مەمم ئەوێ، جێگەم ئەوێ!

***

## گەردەلوول

١٩٨١/١٠/١٥

### ١- بەستە و گۆرانی

تاریکایی هەموو شەوگار
خەستکەنەوە و بیدەن بەسەر هەردوو چاوما...
لێم ون نابی
هەموو زەوی هەڵگێڕنەوە
بیکەن بەشاخ و گرد و توون
تۆ ڕێگەیت و بێ من نابی
تفت و تاڵی ئەم ڕۆژگارە
بگرنەوە و هەمووی بکەن بەگەرووما
تام و بۆنت لەناو چێژما هەر ئەمێنن
هەرچی بەردی ئەم دنیایە بیگرنە من
چمکی وێنەی نیگایەکی تۆ ناشکێنن
کە نەفتم کەن، داری سواڵیم بدەنە دەست
بم خەنە ناو دوعای دەم بەست
چی زمانە لەم دنیادا لێم هار بکەن
هەرچی شەرعە لەم دنیادا لێم هان بدەن
هەر تۆیت‌وتۆ خاتووزینم
هەر تۆیت‌وتۆ خودی ژینم

### ٢- گێڕانەوە

ئەمە بەستە و گۆرانی بوو شاعیرێکی دێوانە ڕەنگ
پێش کارەساتی گەردەلوول...
خۆی و بەیان خوێندیانەوە
ئیتر هەموو شاخ و داخی وڵاتی عەشق
بوون بەدەنگێ سەندیانەوە
بوو بەئاهەنگ، هەتا ئەهات گەرم ئەبوو
هەموو سۆز و چریکەکان چوون بەیەکاو
بوون بە ئاڵا،
ئاڵام ئاڵا، بەرزبووەوە...
بەرزبووە و کرایەوە
لەسەر لووتکەی پیرەمەگروونی عاشقان
هێدی هێدی لەنگەری گرت...
شەکایەوە
نەیارەکان ئەمەیان دی، کۆبوونەوە
گەردەلوولێکی یەک تینیان لێ هەڵگیرسا
ڕووی کردە شاخ، سەرکەوت، سەرکەوت
تا گەیشتە بەر پێی ئاڵا
جیهان هەمووی حەپەسابوو، کەی ئەسووتێ؟!،
لەناو گەرووی گەردەلوولدا ئەبێ بەتۆز
کەی بۆ پرسەی دائەنیشێ
ئەم بەهارە گوڵی نەورۆز؟!...

### ٣- داوا

قەڵەمەکەم... تۆ ئەتوانی
پەیامێکی وەها قورسی دەروونی من
بخەیتە سەر نامەی ئەمڕۆ؟...
کوڕە سوێندم بەو ئاڵایە،
لە شاڵاوی گەردەلوولی نەیاران دا
ئەسووتێنرێ و کەسیش بەدەنگیەوە نایە،



کە یاری خۆم لاوانەوە
کە شیعر و بەستە و گۆرانیم لە ڕێگەدا دامانەوە
کە من داری عومری ڕۆچووم
بەسەر خەمما چەمانەوە
کەسم ناوێ بێ بۆ پرسە، خۆم ئەمجارەش
سەوزەی عەشقم بەفرمێسکم پاراو ئەکەم
زمانی پاکی شاعیرێک ئەکرێتەوە
دیسانەوە لە وەرزێکا، ئەی کاتەوە بەگۆرانی،
ئەبێ بەباوی سەردەمێ،
سەر گۆزشتەی خاتووزین و کاکەمەمێ

### ٤- دوا گۆرانی

کێ ئەمێنێ با ئەم ڕازەم لێ وەرگرێ
گێڕانەوەی بخاتە سەر ئەستۆی خۆی و یادم بکات
ئەو عاشقەم هەتا ئێستا تینووی خەونێکی وەها بووم
کە بێتە دی و شادم بکات
ئەی یارەکەم
خەونەکانم مەکوژێنەوە، با بمێنم
لەناو باخی گۆنای تۆدا
بەئاواتم تۆوی ماچی تیا بچێنم
- ئەمە بەستەی شاعیرێکی دێوانە بوو
لە خەوما بوو، ئەویش وەک من
قوربانی ئەو چاوانە بوو

***

## کە من ڕووم کردە -گۆلگۆسا-

بەدەنگتەوە، کە ڕەویان کرد، ڕۆژ و ساتم
وەک ڕاکێشراو بەپێی دڵی خولیامەوە
لە دووت هاتم،
هاتم هەتا ئەو جێگەیەی جێ نەمابوو،
وتم بڵێی بێ سایە بیت؟!،

له مەیدانی کێ بەرکێ دا هەتا دوایی بێ کایه بیت؟
حەقایەتی ئەم بەزمەمان له دوای عومرێک
ئەگەر بێت و کۆتایی بێت
لەسەر پەیکی شیعرەکانم،
لەسەر پەریی خەونەکانم،
چەند کەوتووەو چەند ئەکەوێت؟!...

***

وەک سەرەڕۆ بدەمه شاخ؟،
هەڵدیرێکی بێ ناونیشان بمداته بەر،
تاشه بەردێک دڵم لەت کاو
ئاخۆ یاری خۆشەویستم
تیشکی سەوزم بۆ هەڵ ئەکا؟!،
کێ پێم ئەڵێ دەرگای دڵت بکەرەوە!،
دڵم سی ساڵه شکاوە.
دەرگای ناخت بکەرەوە!
ناخم ئەوەندە هەڵتەکی
ئەژنۆی خۆمم لەبەر ناوە!
دەنگی ڕاڕای ناکامی بوو، وای ڕاگەیاند:
یارت خاکی بێ نەخشەیه،
نەخشەیەکی بێ زەمینه،
سەرینێکی بێ جێگایه،
جێگایەکی بێ سەرینه
تۆ چیت و چیت له یار ئەوێ؟،
من چیم بوێت و چیم نەوێ؟!
من دارێکم دەیان پەلیان بریمەوە،
کتێبێکم دەیان دێڕیان سڕیمەوە
حەکیمێکم دەیان وته و فەرمایشتیان
ڕوو چەرخانم
نووسەریکم دەیان خامەی دادراویان لێ شکانم
دیوانێکم دەیان شیعری کەس نەدیویان



لێ فەوتانم
نەخشەیەکم، نۆخەتم بۆ نەکێشرابوو
سنوورەکان خواردیانمەوە
ساوای عەشقم، له دایک بووم
ناوکیان نەبڕیم، شاردیانمەوە!

***

– بۆچی وەها بەهاواری؟
بۆچی هەر تۆ له ڕێی عەشقا گرانباری؟!
بەڵام من مافی خۆم هەیه
بۆیه پرسیار ڕووی له تۆیه
مێژوویەکم دەیان ساڵه خولی ئازارم ناسرەوێ
جارێک، تەنها تاقه جارێک
له یەکشەوەی نیگایەکتا مژدەی جەژنم پێ نەدراوە
لەناو تاقی یادێکماندا،
چرای ئاهێک هەڵنەکراوە!

***

له خەوما بوو دوێنێ شەوێ تۆ بازێکی هەڵت ئەدەن
تۆ چرایت و هەڵت ئەکەن
بەسەر کڵپەی ئاگریشدا منی دەست و پێ بەسراویش،
له دوورەوە هەڵخرابووم
وەکو نامۆ له ئاهەنگت دابڕابووم،
ئەی یارەکەم...
ئەی فریشتەی ڕێی شارەکەم
دیسانەوە هەمان پرسیار هەڵباتەوە،
کام بەڵامت دەرگای وەڵام ئەکاتەوە؟!
– هەتا ئێستا نەت زانیوە؟ ڕێ بەندانه،
چوار فەسڵەی شار خەوتنانه
نەزەرگەشمان خانوویەکی بێ سەربانه
پێخەسوومان ئافرەتێکه دەرکراو و بێ باوانه!
من بێم بۆ کوێ؟

تۆ چیت و چیت لە من ئەوێ؟!...
ئەوانەی وا، لە پێجۆرمان گەلێ جۆرن
هەر چاوێکیان هەزار چاوە
هەر ناوێکیان هەزار ناوە
پێیان لە قورگی ئاوازی هەزار بەڵێنی من ناوە
دەمێ ساڵە هەمان وەیشوومەی چلەن و نەشکێنراون
لیتەی خەست و گیراوەن و
ئەوەتای هەن ڕەهێڵەیەک لێی نەداون
ئەینا کەی من وا دڵ ڕەقم
ئەینا کەی من وا ناحەقم!

***

هۆ یارەکەم...
(عیسا) بەرێی (گۆلگۆسا)دا، کاتێک توانی...
مەرگ و ئازار بەشانی خۆی ڕابکێشێ،
خوا خۆی لە ئاسمانی چوارەم پێغەمبەرانی هێنابوو،
چاوەڕوانی پێشوازی بوون،
مژدەی بەیانێکیان دایە کە دێتەوە،
هەرچی دەرگای داخراوە دەکرێتەوە
کلیلی دەرگای بەهەشتی پێشکەشکرا،
لە شاباشیا لەناو شەیداکانی خوادا
شەرابی کۆنی مەیخانەی خەم و ئازار
دابەشکرا

***

ئەی یارەکەم...
من کێم لە پێشوازیدا؟!...
تا مەرگی خۆم بەشانی خۆم ڕابکێشم!
زەمان ڕۆیی و زەمانە هات
ڕەشەبایەک وەهام دێنێ و
ڕەشەبایەک وەهام دەبات.
کوا پێغەمبەر... پێغەمبەرێک



نوێژێکی وام لەسەر بکات،
لە نوێوە ترسم بشکێنێ
لە ڕۆحی خوا، جۆگەی شەماڵ
بخاتە سەر مەزرای وشکم،
ڕوو بکەمە خوا،
ئەی خوای کەلاوە شارەکەم
لە ئایەتی ئەمجارەتا پەیامێک بێ و
بەهاری دڵ هەڵکاتەوە
سروودێک بێ،
لە دەروونی عاشقاندا دەنگ باتەوە
برای عاشق... با،
ڕوو بکەینە ئەو دەرگایەی،
یەکەم نوختەی چوونە شارە
من بەرەو یار، تۆ بەرەو کار
جێگەی ئێمەش ئەبێتەوە
سایەی دارێکی ڕۆژگاری بێ پایانی ئەم مێژووە
بەلاماندا دەشکێتەوە
یارم گوڵی ئەمشارەمە
یارم بووکی ئەمجارەمە
کڵێک لە کوورەکەی کاوە
بارگە و بنەی ئەم کارەمە

***

## بۆ ئەو نەورۆزەی هەموو وەرزێ نەورۆزە

١٩٨١/٧/٢٠

ئەی کچەکە، بۆ ئەوەندە شۆخ و شەنگی لە منت کەوێ دڵێ کە تۆ بگرێتە خۆی چۆن ئەمینێ چۆن ئەسرەوێ؟!... لە هەر کوێیەک نیگاری تۆ پیشانگەیەک بیگرێتە خۆی ئەو شەقامە. ئەو بازەڕە ئەو وڵاتە سەراپا تۆی لە جوانیتا هەزار شیعر هەڵ ئەپەڕێ وەک دێوانە

یا وەک مەلی پەڕەوازە داویانەتە ئەو کێوانە
ئەی جوانەکەی ئاغرەکە. هەموو وەرزێ هەر نەورۆزی
وەکو لووتکەی چیاکانمان بەرزی ڕوو سووری پیرۆزی
نەورۆزەکە منی شاعیر دڵم هەیە. خودام هەیە
لە ڕووی خەما سۆزم هەیە لە ڕووی تۆدا نەوام هەیە
چاولێکنانێ ئەگەر سەرم لەسەر کۆشی تۆ دائەنێم
بێگومانە وا مەست ئەبم بۆ پیری مەیخانە ئەشێم
دەستم دەگاتە گەردوون و ئەڵێم عاشق بەهرەدارە
من بولبولم گەییمە، سایەی گوڵ ڕێژی ئەم دارە
چ دارێکە؟ من خۆم نەبێ کەس نازانێ بی شەکێنێ
وشەی جوانی کوردی نەبێ کەس ناتوانێ بی نەخشێنێ
قوربانی تۆم هەناسەیەک بدە بەڕووی خەمبارما
چراخانی گوڵ هەڵبکە لە دەروونی زۆر تارما
وەکو شیعرێ لە دڵەوە بفڕە بۆ سەر پەڕەی ژیان
نەورۆزێکی هەمیشەیی پێشکەش بکە بەگشت جیهان

***

## بڕیار

بڕیارێ بە، پاشگەز نەبی
باوی پاشگەز بوون نەماوە
هەرچی ناشێ بۆ ڕەوایە؟
ئەوی ئەشێ لەبەر چاوە؟!...
لە باوشتا جێگەم بەرێ
تا تێر ئەبیت، تا تێر ئەبم
با پێکەوە شەتەک درێین
بۆ کوێ ئەچیت، بۆ کوێ ئەچم
ژەهراوییە ئەو نەریتەی
پەرژین دەخاتە نێوانمان،
کێش دائەنێ، گەز و باڵیش
بۆ کێشانمان، بۆ پێوانمان
تێکەڵ بوونمان لەناو یەکا
نارنجۆکێ دەتەقێنێ



دەم و کاوێژی یاساکان
بەناو یەکدا ئەتەپێنێ
تۆ ئامادەی ئەم شۆڕشە
بەرپا بکەین سا هەر ساتێ
بێگومان بە ئافەرینی
خواوەند خۆبشی ئەمانگاتێ
هەنگاوێکە و هەڵی بێنە
بێ پەروا بە، دەری بڕە
زاهید پەڵخی ڕیشەڵانە
کۆی لێ مەکە ماری سڕە
لە دنیامدا تەوژمێ بە
بوومەلەرزە پەیدا بکە
تیوور زان و میوور زانی
ئەم دنیایە شەیدا بکە
تیوری چێژ هەر وەهایە
ڕەشە خەڵکیش با کوێر بن
کفرە و نەفسێک و ئاواتێک
لەم ڕۆژەدا لێک تێر بن؟!!...
وەک دروشمی سەر پەرچەمێ
لەم چێژەدا خۆت هەڵبکە
گیرفانی خۆت گیرفانی من
پڕ لە کەرسەک و پەڵ بکە!
بیان گرینە ناو دەمی
ئەوەی داخی لە دڵدایە
خۆ دڵی من تەختی خۆتە
حوکمڕانیت پێ ڕەوایە
با تێر ببین تۆ لە من و
منیش لە تۆ هەتا سبەی
سبەی ئاخۆ کێ ئەزانێ
دنیا، بۆ کام لامان ئەبەی

***

## ئێوارانێک

١٩٨١/٣/٣١

ئێوارانێک وەرنە گەڕەک
دەمێ ساڵە چاوەڕوانم
منیش ڕەسم و ڕای پێشوازی
وەک عاشقێک باش ئەزانم

***

ئێوارنێک سێبەر داهات
ئازیزەکەم بێرە گوزەر
دڵم مەخە تەدارەکی
ڕێگەی دووری دوایین سەفەر

***

خۆ من کۆلیلی دیدارم
من شەیداکەی چاوەڕێتم
پێیەک بخە ئاشیانەکەم
کێ پێم ئەڵێ وێڵم، شێتم؟!...

***

لە هەواری پەژارەدا
چاروەێی کاتم کەوتووە
ئەناڵێنێ لەبەر خەما
خاکێک منی هەڵگرتووە!

***

ڕەوایە لات خولی عومرم
هەموو وەرزێ هەر خەم بێنێ؟
بەستەڵەکی ڕێی دیدارت
نەورۆز نەبێ بی شکێنێ!

***

ئێوارانێک شنەی شەماڵ
بۆنی باخی هێنایەوە
چاپەزەکەی دڵەی کەیلم
چایەکی نوێی لێنایەوە

***



سوێندت ئەدەم بەجوانی خۆت
دابنیشە تاوێک لەلام
لەسەر ڕێگەی تەمەنتانا
گوناه نەبوو منیش ڕوام

***

ئێوارانێک کاتی گەڕان
چاوەڕێتم لە خەڵوەدا
وەک نووری پاک خۆت بنوێنە
لە کاتی وەجد و جلّوەدا

***

کە تۆ بێیتە ئاشیانەکەم
منیش هەبم هەر تۆ دیاری
ئیتر بەستێک لەنێوانە
بۆ تێک نەچێ بەیەکجاری

***

لە جوانیتا بمشارەوە
چەردەیەکم لەو جوانییە
دێوانەی فەیز و بەهرەتم
کەمتەرخەمی ڕەوا نییە

***

کاتێ بەبەهرەی عەشقی تۆ
دنیا هەمووی دێتە دڵم
لە باخی گەشت ئاواتێکا
چرۆم خونچەم، سوورەگوڵم

***

بە گوم بوونم لە ناو تۆدا
دەریاو چیا بەیەک ئەگەن
مژدەی ژانێکی پیرۆزو
بوونی عەشقێکی نوێ ئەدەن

***

ئێوارانێک قوربانتم
هەتا وام لە حاڵی خۆما

هەتا کەیلم بەم خولیایە
لەناو تاڵ و ژاڵی خۆما

***

لە دەرگام بە چاوەڕێتم
دەستە و نەزەر ڕاوەستاوم
بەڕووناکی دەرکەوتنت
مەستانی کە، هەردوو چاوم

***

کە هەستم کرد پایەم هەیە
بەشم وەرگرت لە عەشقی خۆم
تەوژمێکی نوێ لێم ئەدا
واز ناهێنم لە مەشقی خۆم

***

ڕائەکەمە ڕێگە و شەقام
ئەبم بەوەرزی بەهارێ
لە هاوار و بەستە و سۆزم
بۆنی لیقای تۆ ئەبارێ

***

## دەست نیشانێکی تازە

١٩٨٠/٢/١٢

ئەم دنیایە هەرچی تیایە بەچاوی خۆم تێی دەڕوانم
بەهەستی خۆم پێی دەزانم
بەدەفری ئەم دڵ و ناخەم ئەی پێوم و
بەتەرازووی شانی ماندووی هەژاری کورد ئەی کێشم و
بەبەردە زبرەی تانجەرۆ زێڕو زەرەر نیشان ئەدەم،
بەئاوی زێ و سیروانەوە ئەڕۆم ئەڕوم هەتا دەریا ،
لەسەر لووتکەی پیرەمەگروون دەستم بۆ خوا بلّند ئەکەم
لە جامی خامەکەی (مەحوی) خۆم مەست ئەکەم
لەبەر کۆشی فەقێ تەیران پڕ دەست ئەکەم
من: ئەمەم و هەر کەسێکیش لای گرانە...



با تێ بگات... کە کورد ئەڵێ:
هەموو ڕێیەک ئەچێتەوە بۆ لای بانە

***

دۆینی وتم: جێم مەهێلە،
ئەمڕۆ ئەڵێم بێنە دەستت
من هەر شەیدام بۆ قومێکی بادەی خەستت
کەللەم بکە بەبۆتەیەک خەونەکانمی تیا گێژ بدە بتوێنەوە
تەنها خەوێکی خۆش نەبێ...
کە من ڕۆڵە دایکی شەمم
کە من ڕۆڵە خاکی خەمم
کە من گیانی ئاواتەکەی خاتووزین و کاکەمەمم

***

لەعنەت ئەکەم لەو مێژووەی نووسیویەتی:
کە تا ئێستا کەس بەبانگی بەیانیانم هەڵنەساوە،
کە تا ئێستا ئەسپێکی شێی پڕمەدارم تاونەداوە،
کە تا ئێستا نیوەم خۆرە و نیوەم سێبەر،
کە تا ئێستا دەستم وا بەکڵاومەوە
کە تا ئێستا خوێی دووڕێیان ئەکەم بەئێش وزامەوە.
ڕاستە هێشتا شەوێ بێ خەم لەگەڵ ساتا نەخەوتووم
بەڵام هەر زوو لەناو بێشکەی ئەشکەنجەدا
ناوی کوردیم لە نۆبەرەی خەمم ناوە.
بۆیە ئەڵێم ئەگەر سۆزی لاوک نەبێ
ئەگەر لۆلۆ و قەتار نەبێ
دەنگ و زەنگی گشت کووچەکان چەقچەقەیە
بۆ بەر کۆشەکەی مام کاوە ئەگەر بێت و حیساب نەکەن
ئەوسا منیش کام ئاڵایە بەباڵایە
ئەڵێم کورتە بنەیەکە و، هەتا لووتی لە چاڵایە!
هۆ خەجەکەم بەدوای نێچیری عەشقتا هەڵدێراوم
هەردوو پێیشم کەوتە دەمی چیاخۆرێکی زک دڕاو
لەسای لقی تاشە بەردە هەتا ئێستا پارێزراوم

هەرچی قسەی زلە زلەی ئێستگەکانە
لە گوێی گایەکی نەوتینا خپ نوستوون
وەکو مریشکی بێ هێلکە
لە کولانەی فەلسفەدا کڕکەوتوون!
قرتەیان دێ ورتەیان دێ
کە باس دێتە سەرباسی من
لای هیچ کامێکیان نامێنێ پێناسی من!

***

ئەسپی شیعرم وا یەک سەڵەف هەڵی کوتایە سەری شار
کوا چاوڕەشی یاری «مەعدووم»
کوا خێڵەکەی شەم و وەلی
بۆ جێ ژووانێ نابینم؟! شوێن پێی یاران کوێر بۆتەوە؟!
بۆنی سمڵ و مێخەک نایە؟!
بەڵێ بەڵێ من عاشقم، بەڵام ئازار تاکەی خوایە؟!

***

خۆشەویستم؛ لە دڵمەوە سەرت هەڵدە بۆ ناو ژیان
تا دەرکەوێ تۆ چەند جوانی،
من دەمێکە تۆ نابینم
لە کام کێوا گیرسایتەوە؟
وەرە بەستە و شیعرەکانم لە پێشوازیتا وەستاون
هەموو وەرزیان هەر بەهارە
ئێستەش بۆن و بەرامەی تۆ عەتری سینە و مەمکی شارە!
شۆخە کوردە نازدارەکەی ناو کوێستانی بەوروباران
قازو قولنگ، پەڕەسێلکە پۆلە ڕێشۆڵە و قەتێکان
هەمووم بینین زستانی پار،
گەڕانەوە بۆ شوێن هەوار
ئەی تۆ، ئەی تۆ کەی دێیتەوە؟
مەلاشووی ساوای عەشقی گڕ هەڵبەیتەوە...
بەبەستەیەکی زۆر تازە
کە خۆی ئەوینە، خۆی ڕازە!

***



ئەڵێن زستان هەتا سارد بێ و بارانبار بێ
هاوین گەرمە و بەبەرهەمە
من هەتاکەی پاسەوانی بێ مایەبم بۆ ئەم خەمە؟
هۆ خەمەکەم چەند زستانە وەیشوومەیە و ڕێ بەندانە؟
چەند زستانە دڵی هەموو عاشقەکان
چاویان لە ڕێی خێڵەکانە؟!
هۆ خەمەکەم تۆ سەرخێڵ بەو
ئەم بەهارە لەگەڵ بەفراوا وەرەوە
دەوری مەزرای شیعرەکانم بکەرەوە
یادەکانت... گشتیان بکە بەپۆیلانەی دار بەڕووەکان
بای داراوس نەک چرۆی دار، چرۆی دڵیش ئەکاتەوە
ئارەقی دوای ڕێگەی دوورت
لە پێکی سەوزی پەنجەتا، لە ڕەزێکی نەکێڵراوا
شاعیرێکی وەکو منی ئێجگار تینوو ئەیخواتەوە
گەردی ڕێگەت بەفرمێسکی چاوی ماچێک ئەشواتەوە

***

عاشقەکان...
مەرگەوەڕی من دەمێکە لای چەپی خۆی داهێناوە
ئەو قوڕەی بۆمی گرتەوە ئاوی فرمێسکی لێناوە
هەر ڕێ ژووانێک تێک بدا ئەو بەسیەتی!
ئاخۆ خەمی پیرۆزی من کێ کەسیەتی؟
کێ بێ مژدەی بارگە و بنەت بکات بەبانگ لای بەیانی،
ڕۆژیش وەکو ئالای گڕێک هەڵت بکات لەسەر شانی،
لەسەر لێوی ئاسۆی خاڵ خاڵ لێوم بنێمە سەر لێوت
هەتا ئەبم بەهەلاڵەی کۆرپەی سبەینێی بزێوت

***

هۆ خۆزگەکان...
توێشووم پڕکەن لە برووسکەی... خوێنجمانی ئەو شاخانەی
هەر بن بەردێک قەلای داستانی عەشقێکە،
هەر بن دارێک جێ ژووانی ساتی قوربانی و ژیانە
وەکو گزنگ دەمەو بەیان

خۆی هەڵ ئەکا و لای ئێوارە
هێدی هێدی ئەتوێتەوە
من بەماچی لێوەکانی چەخماخەی خەم ناخی شیعرم پاراو ئەبێ
دارستانی وشەکانم دێن بەیەکا و
خنجەر ئەکەن بەبەرۆکا...
خرم، خرم... بەپێی خۆیان ئەدەنە پاڵ
ئەگەنە ڕۆژ ئەگەنە ساڵ
کە وەرزی ژان هاتە گۆڕێ...
بەشووڵ ئەدەن لە دایکی هاڵ
ئەمڕۆ هەر کەس هاودەردێک و، هاوبیرێک و هاودەستێکی خۆیی هەیە
هاو دەردەکەم... من عاشقم،
هەرکەس عەشقێ حەرام بکات دوژمنمانە
هاوبیرەکەم
من پەیامی عەشقی خۆمم لە داستانی قەڵای دمدم وەرگرتووە
موتوربەیە بەو پەیامەی
هەژارەکانی سەرزەمین بەئەشکەوە شێلاویانە
هەر کوڵگەیەک لەسەر ڕێیا ڕابوەستێ ئۆباڵێکی ئەستۆمانە
هاودەستەکەم، دەستت بێنە
لەناو لەپما باوەڕێکی وا بڕوێنە
کە من و تۆ بەیەکەوە ئەیخوێنەوە تاڵاوی خەم
کە من و تۆ بەیەکەوە ئەیلێینەوە بەستە و قەسەم
کە من و تۆ بەیەکەوە ئەگەین بەشەم
ئەگەین بەشەم

***

## دەست نیشانێکی تازەتر

١٩٨١/٣/١٤

ئەمجارەیان بڕیارێکە هەرچی خەتام بێ تیا نییە
لە دوای ئەوەی کوورەی (کاوە) کوژایەوە و
بەرکۆشەکەی بوو بەداهۆڵ



داستانەکەی کرا بەبەیتی شانامە...
منم لەسەر خەرمانی خەم خوێ شەن ئەکەم
هەموو ڕۆژێ دوێنێ و سبەی بەپەن ئەکەم
خوای هیچ شارێ...
چەتەوڵی شارەکەمی بەر پەڵ نەدا
مەستێک لە چاوی چاوەڕێم
دوا چۆڕی پێکی هەڵ نەدا
شیعرێکی کەس بەبەستەوە لە ئازارما هەڵ نەقوڵی
ئەوەش دڵی لەسەر پشت بوو
لە هەزاران خورپەی دڵم خورپەیەکی نەچووە دڵی.
ئەمجارەیان بڕیارێکە هەرچی خەتام بێ تیا نییە
لەمێژەوە کەسم نەدی خەوێکم بۆ لێکداتەوە
کەسم نەدی لە شەوێکما
تەنها مۆمێ لە ڕێگەما هەڵکاتەوە
کەسم نەدی لەسەر خوانە وێرانەکەم
چۆڕێک خەمم بۆ تامیش بێ بخواتەوە...
ئای گەڕیدەی شیعرەکانم لە شاراندا لە دەرگای دا!!
کەسێک نەبوو لا دەرگایەک بکاتەوە.
کەسم نەدی بڵێ ئەمەش بەندەی خوایە
خەمی (کاوە)ی لە کۆڵدایە
ئەمجارەیان بڕیارێکە، هەرچی خەتام بێ تیا نییە
بام جەمیلە بدرێت بەدەم کارەباوە
بام ئەنجیلا لە هەزاران دەم وەردرێ و
بڵێن دایکی بەندوباوە
هەرچی قولە لەم دنیادا، لووتیان بکرێ بەزنجیرا
هەرچی ناوی گیڤارایە، بکرێت بەسەر نووکی تیرا
هەر پەنجەیەک تارێ لێدا داشی دامەی جەنراڵێک بن
هەرچی نیرۆداو غەسانە ئاوارەی ڕێی بێ ماڵێک بن!
نایەمە دەنگ
نای لە خشێنم فرمێسکی مەنگ!

ئا لەم ڕۆوە حەرفێکم دا
دوانم لە جیاتیدا ئەوێ
ئەینا من و ئازاری خۆم قەزای کەسم لێ نەکەوێ
ڕۆژگار مێژوو ئەم بڕیارە
پاڵفتەی عومرێک شەوگارە
کێشی هەڵگوردێ ئازارە
هەتا دەرگای شاری خەڵکم لێ داخرێ
هەتا مێژوو پێی بەدبەختیم لێ داگرێ
هەتا لە نەخشەی دنیادا جێی ناوەکەم نەدرێتەوە
هەتا چرۆی لێوی هیوام
بەهەڵبەستی ئازادیخواز، لە بەستەدا نەکرێتەوە
ئەم بڕیارە هەر بڕیارە
قوفڵی دەرک و دەری شارە
با هیچ نەبێ دوژمنێکم وا بزانێ
بەڵێن لەناو عاشقاندا هەتا ئێستا مەعنای ماوە
کوپەی مانیفێستی عەشقیش
دەستی پیسی بۆ نەبراوە.
لەسەر ڕوومەتی ئاسیاش خاڵێک هەیە کوردستانە
عەشقی من و مەم و زینە
پیرۆزەی بێگەرد و شینە...
وا لە کوڵی هەژاراندا بەرەو بارانی سەر پەڵە سەری ئەخەن!
مێژوو ئەڵێ دڵدارەکان بیانەوێت بگەن بەیار
ئالآیەکی سوور هەڵ ئەکەن!

***

## خاتوزین و ئازار و هیوا

١٩٧٩/١٢/٢٩

خاتوزینی دەریای شینی خەیاڵی من!
کەی دێیت بینی واقیعێ لە حاڵی من؟!
کێ قایلە، کام عاشقەی زۆر عاشقە
بەئازاری تەنها ڕۆژێ لە ساڵی من



لەو ڕۆژەوە خۆشم ئەوێیت ناڕازی نیم
لەناو بێشکەی ئازارایە منالّی من
لە ئاگری دووریییاندا هەر ئەسووتێ
هیوای کەیل و بێ دەرفەت و عەودالّی من
هەر خۆم لە بۆتەی عەشقتا ئەتوێمەوە
خشتێکی کەس نەچووە دیواری مالّی من!
سارا و ئامونی خەلّکی تر فێنک بووە
جەهەننەمە سەری ڕەش و بێخالّی من
چی تۆ ئەکات بە نۆ بووکی شیعر و تکام
کێ ئەگاتە باخی پاشای چاو کالّی من؟
لەبەر تیشکی خەدەنگێکتا سەرسام ئەبێ
هێز و بازووی هەزار ڕۆستەمی زالّی من
تۆ هەر خۆتی نەزەرگەمی. سوراحی کێ
فرۆدێنێ بۆ سەر شووشەی بەتالّی من؟!
من ئەسووتێم سووتانیشم زۆر دروستە
مەیەڵە بام ئاگر نەگاتە بالّی من
من هەر بالّی شیعرم هەیە لە دنیام دا
مەیپێچنەوە تو خوا شڕوشیتالّی من
ئاهم بگاتە ئاسمان و هەر کوێ بەرزە
کێ ئەبیستێ دەنگوباس و هەوالّی من؟!
بۆ ئاسۆگەم وا خەمناکە و سزا دێنێ
بەگەردنی کام ڕۆژە بێ ئۆبالّی من؟!
لەسەر دوکانی خەلّکی تر مشتومڕە
مامەڵەیە بۆ کڕینی کوتالّی من!
ئەچمە هەر کۆڕ و مۆبەدێ هەموو شتێ...
سەروبنە، هەموو چالّێ پێچالّی من
هەرچی تۆز و گەرد و خەشە ڕوو ئەکاتە...
چاوی پاکی ئاسمانەکەی سامالّی من
ئەم دەساودەس ئەی گۆڕن و تێکی ئەدەن
تێکی ئەدەن کوپەی خومی زۆر تالّی من

ئەمێستاکە ئاشیانەکەم وێران ئەکەن
لا دیوارێ ناهێڵنەوە بۆ پاڵی من
هۆ گەردشی ئەم زەمانە کوێراییتە
ناروانیتە توێشووی ڕێگەی بەتاڵی من
ئەی یارەکەم لەناو کێشمەکێشدا ئەژیم
لێم ئەگۆڕن ئاوی پاکی زۆلاڵی من
کە لە دەرگای شەوانت دام، موتوربە بووی...
بەخەومەوە وەک بەیانی کەژاڵی من
ئەگەر پێکم ئازار نەبێ، مەزەی لێوت،
چێژی نییە لەسەر زمانی تاڵی من
سەد مەرگەوەڕ بێن و شێوەی تۆ بگۆڕن
من هەر ئەڵێم خاتوزینە حەلاڵی من

***

## بۆچلەی- ئەرجومەندی جوانەمەرگ

*ئەم هۆنراوەیە بۆ چلەی جوانەمەرگ ئەفسەری لاو ئەرجومەند کاکەیی وتراوە کە لە ڕووباری دیجلەدا خنکاوە.*

من ئەمڕۆ دڵم، هۆگری خەم و، ئێش و ئازارە
گەردی مەینەت و، پەژارە و سزا، لێوم بارە
شیوەنمە شیوەن، وەکو وەیشوومە، ئەمدا بەداخا
گەردەلوولەکەی دەنگی براڕۆ، ئەمبا بەناخا
چل ڕۆژە دەنگی- ئەرجومەند- نییە، خەڵکە خەبەرێ
دەنگ و باسی ئەو، هەر بۆ (میدیا)ی، چاوەڕێ بەرێ
شەماڵ چل ڕۆژە، شنەی خۆشی تۆ مژدەی نەداوە
ئاخۆ- ئەرجومەند- چ کات دێتەوە یا لە کام لاوە؟!
بەهار... کۆتایی عومرت ڕۆژێک بوو، سەر لێ شێوان بوو
بەدوای هەواڵی مەرگی ناکاوا دیجلە پێوان بوو
ئەی ئاوی دیجلە ئەی چاڵەمەرگی بێ پەی و بێ جێ
شۆڕە سوارەکەم، تێگلا ئاخۆ هەتا کوێ ئەچێ؟!
ئاگر بەربێتە دەروونت وەک من، وشکاییت دابێ
کەی بووە، ڕەحمەت وابێ فرسەت بێ، وا بێ پەنا بێ



شەپۆلی لێڵت بوو بەقوڕاوو، کردمان بەسەردا
چاوی کۆلیلمان، لە پەرچ و گۆم ولە بێخت بەردا
بەدوای جێ پێیەک لە جێ پێ کانی سواری ناکاما
ویژدانی قەدەر لە مەینەتمانا وەک ئێمە داما
چلەی مەرگی تۆ کاکە ئەرجومەند چلەی ڕۆڕۆیە
خەبەر، خەبەری کۆچی ئازار و ناکاوی تۆیە
ئەمڕۆ چل ڕۆژە دەنگی براڕۆ، نەغمە خوانی یە
بۆ دڵخۆشیمان واعظ هەر ئەڵێ دنیا فانییە
تف لە ڕووی دنیا تف لەم فانییەی تۆی بۆ فەنا برد
تۆی لە (سەردار)ی کۆرپەی نازار و لە (میدیا) کرد
ئەی ئاموونی مەرگ هەرگیز ناتوانی ئەو شۆڕە سوارە
بشاریتەوە لە چاوی سۆزی ئەم کەسوکارە
خنجەری ئێشی مەرگت لە دڵدا برین قووڵ ئەکات
لە داخی قەدەر کە کارەساتی وا قبووڵ ئەکات

***

## چاوێکی کاڵ

١٩٧٢

بەبێ بەلەم، بەبێ کەڵەک...
نیشتوومەتە ڕووی ڕووبارێ
لە ئاسمانی- عەشتار-ەوە دێتە خوارێ
بریتیە لە گزنگی چاوێکی کاڵ،
کە لە هێلانەی خەوەوە ئەفڕێ ئەدا لە شەقەی باڵ
بۆ نێرینەی ئەو ڕووبارە پەڵ ئەکوتم
هیچ حەزناکەم سەر ئاو کەووم
لە بازاڕی وتووێژا بەرچاو کەووم
نەک شەپۆلێ بمهاوێتە لای کەنارێ
بێم و بڕۆم بێ سەر و شوێن وەک نیگارێ
با نوقم بم بۆ بێ پەیی، بۆ ناخی چاو،
گۆمی بەر تەنکە سێبەری، پەلکە زێرینە تێ ڕژاو
مەگەر لەوێ خۆم ببینم کاتێ ئەبم بەهێڵی ئاو
وەکو -حەللاج، أنا الحق-کەم

لەناو مانگی گۆمی قوولا،
بەسەر خەرمانەی ڕوونەوە
وەک سکالآی ڕازی شمشاڵ
بەئاوات و ئازارەوە بچمە دڵی گەردوونەوە
جا با خەلیفە بمکوژێ من سڵ ناکەم لە گەردەلوول
بەو ئاگرەی ئەم سووتێنن من دێمە کوڵ
لەگەڵ فرمێسکی بەزەیی یارەکەما
دێمە خوارێ بەتاسەوە
یا ئەتکێمە لا لێوی تەڕ
یا وەک هەڵمێ ئەرژێمە ناو هەناسەوە
یا وەک دڵۆپێ مرواری
ئەئاڵێم بە هەیاسەوە

***

## دەسا وەرە

١٩٧٩/١١/١٢

دەسا وەرە چاوەکانم چاوەڕێتن بۆ ئەمجارەش
هەرچی هەست و نەستم هەیە، تۆیان ئەوێ بۆ ئەم کارەش
کار، کارێکە ئیجگار پێویست، دەست مەیەنە ڕێگەی نزام
چەردەیەکم لە ڕەنگی تۆ نەکەی نەکەی بدەی سزام
تۆ ئەو خەونەی کە ئەتبینم هەموو شەوێ لە خەوتنا
ئەو لەنگەرەی کە هەر بەتۆ هەڵ ئەسەمەوە لە کەوتنا
منی ئەرزی بەیاری وشک هەر چاوەڕێی بارانێکم
دام گرەوە بووم بەبەهار بۆ خۆت جێگە سەیرانێکم
ئەی یارەکەی دێرزەمانم من شەیداکەی چاوەڕێتم
لەناو گێژاوی کۆچەرا دێم و دەچم ئەڵێی شێتم
بمگرە خۆت بەرم مەدە لە دامێنی هەنگاوێکتام
دڵۆپێکی ئەشک ڕێژم لە شەپۆلی شەتاوێکتام
دەستم دامێنە نامەوێ بمهاویتە پەنا و کەنار
لە نێرینەی بێ پەییدا بمرۆینە وەک ڕەگی دار
من ئەو سۆزەم لەناو گەرووی هەزار شیعرا بۆت ئەخوێنم



هەنگم، بۆنی هەڵاڵەکان، بۆ شانی جوانیت ئەهێنم
لە کەروێشکەی سینە و مەما، بام وەک شنە بێت و بچێت...
دەست و پەنجە تینووکەم، بۆنی تەماست هەڵ مژێت
بەستەکانم وەکو گزنگ بدەن لە شوشی گەردنت
شیعرکانم وەک گوارە ختووکەی دەن گوێی شەرمنت
دەرگاکانت بخە سەرپشت من گاردێکی زۆر دەست پاکم
کەی بتەوێت پێم لێ بنێی لە ڕێگەتا مشتێ خاکم
بۆ؟!... نازانیت لە دەفتەر و دیوانما تۆ سەر کۆڕی
نەنگە لەلام، سەرۆک نەبی، حەیفە جێگەی خۆت بگۆڕی
وەک دروشمێک هەڵم بکەن لە شەقامی تەمەنتانا
لەبەر هەتاوی هاوین و لەناو باخ و سەهەنتانا
شایەت ئەبم بۆ گشت جیهان ئێوە خاوەنی گیانمن
ئێوە ئێوە تەنها ئێوە هەموو مەعنای ژیانمن

***

## جەژنانە

ڕۆژی جەژنە، چاوەکانت جوانە جەژنانەم ئەوێ
من بەهەڵپەم، چاوەکانم، جامی پێوانەم ئەوێ
سەروی بالآت نەوبەهارە و باخی سینەت پڕ لەبەر
خوانی تۆیە پڕ لە نانە بۆیە لەو نانەم ئەوێ
وەک هەژارێ هاتمە دەرگات، وا لە دەرگای تۆ ئەدەم
خاوەنی باخ و بەهاری، وەرزی ئەو دوانەم ئەوێ
من سەرم گەرمی شەرابی عەشقە بۆچی بێ مەزەم؟!
من مەزەی مزری هەنار و سێوی ئەو بانەم ئەوێ
چونکە گیانم وا لە کوڵدا و کوورەیە ناخی دڵم
بۆ ئەوەی دڵ دابمرکێ یاری دێوانەم ئەوێ
ڕۆژی جەژنە و سواڵ کەرێکم بێ حەیا و بێ شەرم و ڕوو
وا بە کوردی پێت دەبێژم پێکی لێوانەم ئەوێ

***

## ئەم چیرۆکە

١٩٨١/٨/١٠

ڕەشەبا بوو گەرما و گڕە
ساڵ ناسەوا زەوی بێ شێ
کەس نازانێ بورجی سەبوون
لە کوێوە دێ؟ تا کوێ ئەچێ!
بۆ من (نەورۆز)ێ هاتە خوار ئێستەش نازانم لە کوێوە
سەعاتی دڵ گەڕایەوە و کەوتەوە چرکە لە نوێوە
کچێکی شوخ، نیگایەکی دەریای قووڵی، هەزار سۆز بوو
هەتا ئەهات بینایی بوو، شینایی بوو هەر پیرۆز بوو
لە شەپۆل لەشەپۆڵی سینە و مەمیا...
مەودای چاوم ئەهات ئەچوو
لەناو پەڵەی پەرچەمیدا وەکو ئاوارە گوم ئەبوو
لە باڵایا لە کاڵایا، لە دووان و هاتوچۆیدا
هەرچەند گەڕام خەوشێ نەبوو
کوا جوانی وا؟ کەس نەی دیوە کەس نای ناسێ
جێگەی باسی ناکاتەوە گشت ئێستگە و دەنگوباسێ
هەرچەند گەڕام خەوشێ نەبوو
کوا جوانی وا کەس نەی دیوە کەس نای ناسێ
جێگەی باسی ناکاتەوە گشت ئێستگە و دەنگوباسێ
کەچی قومێکی بەفراوی نزارێکیم نەخواردەوە
تەنها پەیکی ئاهێکمی بەدڵخۆشی نەناردەوە
ڕۆیشت ڕەنگە وەکو خەوێک دوای چەند ڕۆژێ لە بیری چم
بەڵام بەهاری ئایندەش بەقوربانی نەورۆز ئەبم

***

## دڵی هەڵواسراو

خۆزگەم بەو (دڵە)ی لە نێو مەمانتا هەڵپەرکێ ئەکا
تاوێک لەم بەرەو، تاوێک لەوبەرە جێ گۆڕکێ ئەکا
خۆزگایە دڵم هەڵواسرایە لە جێی ئەو دڵە
قومم لێ ئەدا. دەمێک لەم گوڵە و دەمێک لەو گوڵە



تۆزقاڵێ زێڕی زەرد و سارد و سڕ، خودا پێی داوە
لەو ناو باخەدا چیمەنی سینەت بۆ ڕێکخراوە
کەچی دڵی من سەرچاوەی شیعر و بەستە و گۆرانی
ئەوا خەریکە وشکایی دایەت بەچاوەڕوانی
با ئاهی شاعیر بگاتە گەردوون گوێی بکرێتەوە
لەناو مەماندا بەخاڵێک چییە، جیا نەبێتەوە

***

لەسەر گونات خەیاڵی ماچ وەکو بولبول چریکەی دێ
لە دارستانی پەرچەمتا منالی دڵ زریکەی دێ

***

چاوەکانی نازە ئەمرۆ پڕ لە سیحری ڕووی شەمن
جووتێ پێکێ مەست و مەنگی دوو خەیامی هاودەمن
بۆ یەکەم ئاوی حەیاتی چۆنی ویست ئەی خواتەوە
بۆ دووەم خۆزگە و هیوایە، خەم نەبێ نای باتەوە

***

ئەو هەناسەیەی هەڵدێ لە سینەت بابێ بەڕووما
بەناو تەمەنی پڕ لە ئەشکەنجەی ئەمێستا و زووما
وەک شنەی بەهەشت تەوژمێ ئەدا بەگیانی پەستم
بەهیوا و ئارام بەخۆزگە و تاسە و بەشیعر و هەستم

***

## دڵنیام

١٩٧٩/٧/٢

من دڵنیام دڵنیا تۆزێ دڵم ئەداتێ
چونکە ئەمن شاعیرم، ئەویش خێری ئەگاتێ

ئەی کیژۆڵەی نەوبەهار منت هێناوەتە دەنگ
کەمێک گوێم بۆ شل بکە با دەنگمت بگاتێ

تۆ بەگوڵی ڕوومەتت باخی شیعرت هەژاندم
دوور نییە هەنگی سۆزم جارێک پڕی بداتێ

ئای کە جوان و شیرینی، ئای کە نەرمونیانی
بشکێ ئەو دەست و خامەی حەقی خۆتت نەداتێ

پەریی ئاسمانی خودای، هێندە بێ گەرد و پاکی
لەناو دڵما پشوویەک بدە بۆ تەنها ساتێ!

ببیت بەچاوگەی ئیلهام دڵم بۆنی تۆ بگرێ
ئیتر شیفام بۆ چییە، چیم لە ئاوی حەیاتێ

لەو لێوە تەڕ و ئاڵە، خەندەیەکم پێشکەش کە
من مەمنونم قبووڵمە لە جیاتی گشت بەراتێ
***
لەبەر نازی شەوبۆ بوو کەوتمە ناو دەریای خەیاڵ
وەکو ساوای خۆشەویست دەستم کرد بەگڕوگاڵ
***
ئەی دڵنیای گوڵ بەدەم ئالە و چاوە خومارە
نیم نیگایەک بهاوە بۆدڵی ئەم هەژارە

***
جوانی وردیلەی چاو جوان چاوێکم بۆ هەڵبێنە
هەستی شاعیر ناسکە حەیفە دڵم مەشکێنە

***
هەڵی بێنە چاوەکەت هەڵم پەڕێنە وەک شێت
وریابە نەت سووتێنم ئاهم بدات لە هەر کوێت

تیری ئەو چاوە تیژەت مەگرە دڵی هەژارم
دڵم شووشەی ناسکە بەتیشکی چاوێ ئەشکێت

موخەییەر بم لە نێوان دنیا و پێکی چاوی تۆ
هەموو دنیا لەلایەک مژێ لەو چاوەم ئەوێت

***



# جوان

١٩٧٩/٧/٤

هۆ جوانە جوانە، جوانە هەموو گیانت هەر جوانە
تۆ نانی گەنمی ئاڵی شاعیر برسییە و شوانە

هەموو جوانیی ئەم دنیا وا لە ڕووتا خەملیوە
خاکی کوردستان نەبێ کوێ جوانی وەک تۆی دیوە؟

ڕۆژی چاوە کاڵەکەت دنیای دڵی پڕکردووم
پەیامبەری جوانیتم بۆیە تا ئێستە زیندووم

دەستێ بدە لە دەستم بزانە چۆنە هەستم
بە بادەی چاوەکانت خۆمم خەیامی مەستم

کچی بەختی خودایی گوڵی تازە پشکووتوو
لە مەیدانی جوانیدا پشت بەهیچ شت نەبەستوو

کل و ماکیاژ و بۆیە، شەرمەزارن لە ڕووتا
(طور)ی دڵی شاعیران بەجوانی تۆیە سووتا

شیعرم زمانی لاڵە خامەشم سەری قاڵە
خۆزگە ئەبووم بەحەرفێک لەسەر ئەو لێوە ئاڵە

لەناو زەردەخەنەیدا وەکو گوڵەئەستێرە
بانگم ئەکرد لە دنیا بەهەشتی خوایە ئێرە
زەبوونم جوانە دەستێک مەلوولم جوانە هەستێک
بەدەنگمەوە گەر نەیێت خوایە کوا قوڕە خەستێک

بۆ دوو جوانی جوانکیلە دڵم کرد بەهێلانە
حەیفە بەلووتە لایی بڕمێ وەکو وێرانە

دەست و قەڵەم و شیعرم وەکو بولبولی خۆشخوان
بەستە و سروود ڕێک ئەخەن بۆ ئاهەنگی هەردوو جوان!

***

## ڕێگەم بدە

١٩٧٩/٥/٣

ڕێگەم بدە دای بهـێنم چەپکە خـەمی پەرچەمی تۆ
دەروونی من پڕ لە عەشقە، خۆم ئەکەمە هاوخەمی تۆ
ئەگـەر دنیـا سـایەیەک بێ، بۆ ژیانم تۆش لەولاوە
چش لە دنیای بێ سەروبن، منیش ئەبمە هاودەمی تۆ
هەرچی کـتـێب و دیوانە دەروونم بـۆ بکەنەوە
ئەوەم لەلا پەسـەندترە، ببـمە وشـەی سـەردەمی تۆ
هەرچی ڕووباری دنیـایە، بەبەردەما گـوزەر بکات
من ئەمەوێ تەلێ بی بم، ئاودامـانی گوێ چەمی تۆ
ئازاری ئەم سـەربسـاتە مـالی دەروونم دارێژێ
پزیشک و دەرمـانم ناوێ، ئالوودەم بەمـەرهەمی تۆ
لە هەورازی ڕێ بەندانتـا، ئارام پسـپـۆڕی ڕێگەمـە
هەمـوو زۆری ئەم دنیـایە ئەدەم بەتۆزێ کـەمی تۆ
لەسەر مێزی خوداوەندیش لەگەڵ مەسیحا بانگ کرێم
ئەوەم لەلا پیـرۆزترە، چاشـتێ ببـمە هاوژەمی تۆ
سەرزەمینیش بەهەشتێبێجۆگەی هەموو شیرو شەکر
ساوای هەستم خۆی ئەهاوێ بۆ باوەش و بەرمەمی تۆ
هەر نێۆرێک گەزاف لێدا سەبارەت بەبوون و نەبوون
من هەر ئەوەم لا باوەڕە، شـتـێکم لە، بەرهەمی تۆ
سیا سالێک ئەم جیهانە داگرێتەوە ئەمسەرەوسەر
وشک نابم، بەیانیـیـەک لێم ببـارێ شـەونمی تۆ
ئەیدایکی شەم! هەرچیشوێنەهەمووێبێبەجێ ژوان
من بەنانو دۆیەک ئەژیم دەستم کەوێ لای شەمی تۆ!

***

## جێم مەهێڵە

١٩٧٩/٣/١٠

جێم مەهێڵە دەرامەتی ڕێگەکانم لێ شێواوە
دنیا هەمووی ڕووی تارێکی مەبەستەکە نیشان ئەدات



بەورێنەی دەست لێ شتێ خەو نەماوە سەرکوت نەکرێ
گوێم لێ بگرە جێم مەهێڵە دەورم چۆڵی بێ ئاسمانە
ئەستێرەکان لەناو لما مڵ و مووشی ڕێگە ئەکەن
بۆکوێ ئەچێ ئەم ڕووبارە بێ بنچکەی وا تل ئەدات
ڕاپێچم کات بۆکوێ ئەچێ بۆ کام دەریالووشم ئەبات

***

«- گوڵێکم بەدەستەوەیە بەختی پێ ئەگرمەوە
یەکە یەکە پەڕەکانی لێ ئەکەمەوە»
نام بات ئەم بات نام بات ئە م... م... ات
پەڕەیەکی پێوە ماوە مانی منی پێوە بەندە
هەیە مانی منی ئەوێت هەیشە ئەم دات بەدەم ئاوا
- پێش ئاو بردن بارە شێک هات هەزار جاری دام بەئەرزا-
من، ئەو تەنها پەڕە گوڵەم لە دەستا بوو، نەم کردەوە
... نای کەمەوە، ئەی کەمەوە، نای کەمەوە، ئە... ک... وە
ئیتر منیش خەو گرتمی بۆ ناخی خۆم شۆڕ بوومەوە

***

«کە گوێ ئەنێم بەخاکەوە
چاک گوێم لێیە ژێرپێم ئەڕوات»
لە دێکەمان دارێکی زل وەکو لۆلۆ کۆنە ساڵ بوو
- ویستم خۆمی پێ ڕاگرم خۆی ئەخوران مێش تێی دابوو
قوڵگە جەوتێکی هەڵوەران، خل بووەوە بۆ ڕێی لافاو
پێی وت: پێ لە شاخێک گیرکە، لقت بداتە دەست ئاسمان
لە سێبەرتا هەزار کاوەی عەشقی تازە سەوز ئەبن و
فەرەیودونێک ناگرنەخۆ و بەر کۆشێکیش ناکەنەوە
هەر ژوانێک بەفیڕۆدەیت جارێکی تر ناتدەنەوە!

***

جێم مەهێڵە گزنگێکم بۆ ڕاگرە هەڵی ئەکەم
هەڵی ئەکەم بەبرژانگما بۆ دەروونم بۆ سەر دڵم
هەتا بەهارە بارانە نەمشواتەوە هەر دڕکاویم
تەنها گزنگ بێ خوێن و خەم بەسەرگیانما تێپەڕ ئەبێت

تەنها باران بێ خوێن و خەم بەناو دڕکا تێ ئەپەڕێ
جێم مەهێڵە هێشتا گیانم خز نەبووە، دڕکاوییە
هێشتا عەشقیش درەختێکە لە کوێ ئەڕوێت شاخاوییە
ئەگەر جێ، مان خووی پیاو نەبێ جێ هێشتنیش خووی پیاو نییە

***

«فنجانێکم گرتەوە فنجا نخوێن وتی: پەحا خوا فرسەتت بدا عاشق، ڕێگەکەت ئێجگار سەختە
بەڵام لە پێچێکدا دارێکی تیایە کانییەکی ڕوونی لەژێر دایە کە گەیشتیتە ئەوێ ئیتر هەموو دنیا بەهارە!»

بۆچی ئەبێ چاوەڕوانبم تا ئەم دنیا بەهار ئەگرێت
تا ئەو ساتە گومان نییە، سەد بەهاری تەمەن ئەمرێت
جێم مەهێڵە، هەر چۆنێک بێ منیش خاکی بێ ڕێگە نیم
ڕێگەکانیش لەسەر ڕەقیی هەڵکەنراون گوم ناکرێن
سەریان ڕەقە و لەشیان پتەو بەئاسانی بانادرێن
جێم مەهێڵە، ڕێگەم هەیە جێگەم هەیە مرۆڤیشتم
مرۆڤێکم ئێجگار شەیدا، جێم مەهێڵە، کەڕوو ئەگرم
هەزار جۆرە موتوربەم کەن کە هاتمە بەر بەڕوو ئەگرم

***

شەیداکانی ئەم دنیایە ڕۆژێ هاتن سەریان لێدام
منیان نەدی وایان زانی ئێتر تەواو من نەماوم
هەتا ڕۆژێ لەناو دڵی خواوەندەوە خۆم نیشان دان
منی «حەلاج» دەنگی یارم لە ئازارا چرۆ ئەگرێ
شەیدا بوونم لەناو بێشکەی سەربڕینما زمان ئەگرێ
جێم مەهێڵە کێوەکانی دنیا هەموو تەم گرتوونی
هەر تۆفانێکم لێ هەڵکات پیرەمەگروون جێ لەنگەرمە
ئاسمان ئەنێ بەسەریەوە ئەستێرەکان لە مل ئەکات
پیرەمەگروونی جێ لەنگەر دەست لە دەستی خواوە ئەدات

***

«لە هەر کوێیەک ئەڵێن شەیدایەک خەونەکانی هاتووەتە دی
من بۆ خۆم ئەگریم!»
ئەی شەیداکان ئەگەر هەتا قوللەی قافیش ڕێگە بکەن



جێم بهێڵن، کۆڕەکەتان ناتەواوە و عەیبداریشە
نە پواز جێگەی من پڕ ئەکات، نە بەپینە دائەپۆشرێ
مێژووی عەشقە منی چەسپاندە ناو دێڕی سەفەرنامە
ئەوەی کە من پشتگوێ بخا بێگومانە شەیدا نییە
فێڵبازێکی مفتەخۆرە بێ سروود و بێ دڵدارە
لە کاروانی عاشقاندا بوونی هەر ئێش و ئازارە
من یارەکەم زۆر زۆر سادە و نزیکە ڕێ و بێ هەیهووە
مەرگەوەڕە دڵ پیسەکان ئەوەندە ڕێم لێ تاڵ ئەکەن
لە جێی خۆما کە باوەشی خۆشەویستی بگرمەوە
ئیتر یارە دێرینەکەم خۆی دێتە ناو باوەشمەوە
ڕێم لێ مەگرن ڕێ لێ گرتن هەرگیز خووی پیاو نییە
جێم مەهێڵن، خۆراکی ناو توێشووەکەم بێ ئاو نییە
منداڵ دانی دایکی عەشقم بێ زەمین و بێ ناو نییە!

***

کە ئێستگەی خەمەکانم بەیانیان ئەخەمە گەڕ
ئازارێکم بەسروودی ئەی نەیاران– ئەکاتەوە
دڵم لەژێر باری خەما، پڕ بۆ خۆینم ئەباتەوە
چاوێک ئەگێڕم بەنەخشەی دیوارەکانی دنیادا
بەشۆین سەر هۆی خۆما وێڵم چ حەوسەرێ قووتی داوە
کام هۆلاکۆ بەچەقۆی هێڵ کردیە تۆوی سنوورەکان
بانگ ئەکەمە کاوەی عەشقم کوانێ جێ چاڵی کوورەکان
وا جێم دێڵن ئەی من لە کوێوە ڕێ بکەم بەکام ڕێ دا؟
خاڵەکانی سەر ڕووی یارم لە تۆمارگەی خەم و داخا
قەوان قەوان لێ ئەدرێن و شەقامەکان ئەیخۆنەوە
دەهۆڵژەنێکی تازە بێت قەوانەکان ئەشۆنەوە

***

«دوای ئەوەی پەیامنێری دەنگوباسی ئاژانسەکان دایان پلۆستم ڕووم کردە ناو شار بەدوای یاری خۆم دا دەگەڕام»
توێژێ سووراو، کلێکی ڕەش پانتۆلێکی دەرەلنگ پان،
هاتوچۆیەک، شانکوتانێک، پیا هەڵچوونێک، ڕاوەستانێک

یارەکەی من خۆی هەڵناخات بۆ ئارەزووی بێزارەکان
یارەکەی من دڵی پڕە بەهەناسەی دڵدارەکان
یارەکەی من سینەی پڕە بەبۆنی ڕێی بەهارەکان
یارەکەی من وەک پێخۆرە بۆ ناو نانی هەژارەکان
یارەکەی من شەخڵی سۆزی شەیداکانی لێ دراوە
جێم مەهێڵە بەشوێن پێتا خۆم ئەڕژێنم شوێن بەشوێنی
جێم مەهێڵە منیش ئێستا ڕێبوارێکم ڕێگەم ئەوێت
تۆ بەولاوە بۆ هاوسەریی کەس نابینم بەمن بشێت

***

باشە ئەگەر ڕێگەم هەبێت گوڵ بەولاوە هیچ ناچنم
وەکو (مەحوی)ی ئەم جیهانە، هەرگوڵ ئەدەم بەڕووی خەڵکا
ئەگەر بەردەباران کرێم وەک (حەلاج)ە سەرمەستەکان
هەرچی حەرفێک لە سنگمایە ئەی کەم بەفیشەکی لەعنەت
لە تفەنگی (أنا الحق)دا ئەیدەم بەڕووی سەد مانشێتا
دڵدارەکەم! (شێخ ڕەزا)یش بم، (بێسارانیم) لەسەر ڕێتا!

***

گری گری ئەی شەیداکان لەگەڵ کۆچی شەما هاتم
من ئەمجارە لەگەڵ کۆچی شەمەکاندا دێم و دەچم
من لە وەلی بێزاربووم، لە دوای سووتان، خۆڵم نەبێ
لەناو بارگەی شەمەکاندا خورجم نەبێ، کۆڵم نەبێ
هۆ شەمەکان وەلیی تازە دەستی هەیە، چاوی هەیە
لە لەشکری شەیداکاندا سەربازێکە ناوی هەیە
ڕوو مەکەنە ئەو کوێستانەی خاڵ خاڵ ئەبێ لە چلەدا
بۆ نازانن زستانەکان باریان نییە، ساتیان نییە
زستانەکانی ئەم سەدە، کتێب ئەڵێ، هاتیان نییە!
بیرێکی نەوت کە هەڵکەنرا بزانن کێی لەناو دایە
بیرێکی تر کە هەڵکەنرا بزانین چی لە چاو دایە
بیرێکی کە هەڵ ئەکەنرێ ئەژدەهاک دێ خۆی و ماری
جەجالێش دێ خۆی و کەر و کورتانەکە و دەست و داری
ڕێگەی کۆچی شەیداکانیش ئەکەن بەکلکە نەوتینە



ئاشتی و شۆڕش بەیەکەوە لە چاڵێکدا سەرئەبڕن
بیرێکی کە هەڵ ئەکەنن بۆ ئەیلوولی ڕەشی تازە
«گردی زەعتەر» تەخت ئەکەن لەگەڵ ئەحمەدی زەعتەرا
نەوتەوانی ئەم جیهانە حەز بەگرد و چیا ناکەن
شەقامە ڕێی تەختیان ئەوێت بۆ هەڵپەڕکێی نەوتینەکان
بۆ چاوڕەش و بۆ چاو سەوز بۆ چاو کاڵ و چاو شینەکان

***

«وتیان شێخێکی نوورانی هاتووەتە ئاوایی دەمی گورگ ئەبەستێ...»
یا شیخ ئەرێ تۆ ئەتوانی دەمی گورگە نەوتینەکان...
وا ببەستی: لەم کۆچەدا لە بارگەی شەم جێ نەمێنم
هۆ شەمەکان دەمی گورگی کۆچەڕێگە خڕ دابخەن.
ئەڵێن باوێک داهاتووە وا شەم ئەکڕن لەو خوارانە
وەک پێستە مەڕ بۆ گورگەکان، وەک ئارایش بۆ سۆزانی
هۆ شەمەکەم هەر گەردنی منی هەژار بەتوانایە،
ئازارەکانت هەڵگرێ بەڕێی خوادا تا سەر بڕوات
جێم مەهێڵن گورگی شەم خۆر لەم ڕۆژەدا وەلی ئەخوات

***

هۆ... خەڵکینە لێرە هەستان شیعرەکانم یەخسیر مەکەن
وا بەتوانجی بێ سەروبەر وشەکانم دڵگیر مەکەن
دایکەکانتان بەئێوەوە ژان گرتنی هەردوو سات بوو
شاعیر هەموو عومری ژانە ژان ئەیگرێت هەموو ساتێ
بەڵکو تولفی شیعری ببێت دەنگی گریان بتان گاتێ!
جێم مەهێڵێن منی شاعیر تەوژم وتینی کاروانم
لە نوێژی گشت نەورۆزێکا قەسد و تەکبیر و قورئانم.

***

## سەردانێک لە گوڵەژاڵە- پەخشان

١٩٧٨

گوڵە ژاڵە... چۆنی؟
- زۆر چاکم، لە چاکیدا ڕووم ئاڵە-
- ئەی بۆ ئەڵێن تاڵیت؟!

– ڕاسته چونکه من هەم–
– لەبەرئەوەی که نەسووتێیت؟
– نه، نەخێر لەبەرئەوەی مێش و مەگەزم پێوه نەنیشێت–
– هەر لەبەر ئەوە؟!
– نه، نەخێر نامەوێت هەنگیش شیلەم لێ وەرگرێ و بیکات بەهەنگوین بۆ ئەوانەی ئەیانەوێت بەر و بەرهەم و شیلەی هەموو ڕووەکێ هەر بۆ خۆیان بێت
– هەموو وەرزێ، هەر سەوزی و گوڵێشت سووره؟
– بەڵێ چونکه خولیام لەسەر دایه و بڕوام له دڵدایه
– باشه گوڵه ژاڵه ئەی بۆ کابر...؟
– کابرای گۆرانی بێژی شاییەکەی میدیه و ئاشوور ئەڵێیت؟
– بەڵێ
– کاکه ئەمه خۆی هەروایه هەر شاییەک ئەگێڕێ و دوایی به دەست بەتاڵی لەو سەرەوە دێتەوە، دەست ئەکات بەجنێو پێدانی من وا ئەزانێت من پاڵم بەوەستا کاوەوە ناوه و فڕەیدونم له جێگەی دا چەقاندووه!، وا ئەزانێ من میمکه میدیەم بەزۆر داوه بەمامه ئاشوور! وا ئەزانێ من پێش دەروێشەکانی مامه شێخ کەوتم هەتا گەیاندمنه قوللەی قاف!
وا ئەزانێ من جێ سەیرانی چوار چرام کرد بەخوێ ڕێزگەی فرمێسک و خوێن! ڕەنگه واش بزانێ من ئەم نیشتمانەم سەرەولێژ دروست کردووه، ئاوی بەرەو خوار بڕوا و بڕژێتە ناو دەریا گەورەکانەوه! یا من دەستم هەیه لەوەش دا که نەزرگەکەی ئەم لابەلا بێ و ڕووی لەو دەم کەله تاریکانەبێ که ڕووناکی ڕۆژ ئەخۆنەوه بۆ سەیر... که چادرەکانی (ئای پی سی) شەماڵ لوولی ئەدا، ئەم هەر جنێوی بەمن ئەدا وەک تۆ ئەڵێی... خه...؟
– ئەی چۆن؟...که له شاییەکەی ئەم دواییه گەڕایەوه دەسته بەرەیەک نانه ڕەقیشی پێ نەبوو، دەهۆڵ کوتەکانیشی لێ تەکینەوه
– ئەی ئێسته...؟
– ئەیەوێت وەکو خورووکی چەپڵه بچێته ناو لەپی ئەوانەی که هەر شایی بێت ئیتر تەماشای سەرچۆپی کێش ناکەن سێ پێیی ڕەشبەڵەک دادەکوتن
– ئەی تۆ ئێسته ئەڵێی چی؟
– هەتا ڕێگەی ڕاست بەدی نەکەیت و ئەنجام ڕەچاو نەکەی هەنگاو هەڵمەهێنه، که هەنگاوت نا بڕۆ بڕۆ قسەیەکیش دووجار مەجووەوه له قسەیەکیشدا دوو ڕا، فڕێ مەده له شاییشدا هەڵمەپەڕه
تا نەزانی سەرچۆپیکێش کێیه و بەرەو کوێت ئەبا بەکام بەزم
منیش بۆیه ڕووسوورم چونکه تاڵم و مێش و مەگەزم لێ نانیشێ



با گۆرانی بێژ بکوتێ دەهۆڵی
پشت بکاته من، ڕوو بکاته چۆڵی
ژاڵه ئەڵێ شیله نادەم
مێش و مەگەز لەخۆم لادەم– شیله نادەم–

***

## شەمی خۆم

١٩٧٨

دەچم کاکه دەچم بۆ لای شەمی خۆم
دەزانم من له ئەمڕۆوه خەمی تۆم

کزەی لێی دام کزەی گەرم و جگەر سۆز
نمای عەشقم سەری ناخات له ئاسۆم

بەرەو پیریی دەچم، ڕێگەم بزانه
که بارت خست، نەکەی ماتەم بخەی بۆم

له هەورازی گڕی ئارام که دەخزێم
ئەبینم خۆم له ئاخێزام و ئەشڕۆم

که ڕێگەم گرت، وتم با شەو درێژ بێ
قەڵای مێردانه ژەنگ نادا له ئەژنۆم

شەمی شیرین... که پەیمانتم لەبەر کرد
له بیرت دێ وتم: شەیدایه ئەوتۆم...

له ڕێگاتا ئەسووتێم و ئەبرژێم
له چاوانما نمەی ئازارێ ناشۆم

له غوربەتدام، وەکو نەی بم، دەناڵم
خەمی تازەم ئەوێ، من کۆنه ناخۆم

ئەگەر ئاسمانی زوڵفت هات لەسەردا
ئەمن ئەو کێلگه دێرینەم بەتاپۆم

لەژێر زەخـــــمی هەزار بارا شکست بم
کــــــە چاوی من لەتۆدا بێ، بەرەو تۆم!

***

## گردی زەعتەر

١٩٧٦/٧/٢٦

وا ئەزانم دەریا لووشی و پەیت نییە
دەروونێکی، هەرچی جەنجاڵیی دنیایە وا گێژ ئەخوات لەناو دڵتا
هەرچی دۆزەخ هەیە ئەمڕۆ چنگیان داوە
لەگەڵ پۆپەی لق و چڵتا

***

ئاگر کوژێن، ڕێ برانە، ڕێ قاتییە
جێگەپێیەک بێ ئاگربێ... وەکو کۆرپەی ئاواتییە
لەوێ وەرزی قوتابخانە پانزە مانگە، نەهاتییە!

***

نەنە (ئەرزی) باوەش گەورە، لە دامێنتا ئاگر کڵە
(گەلگامش)یش تیایا قاڵە
لەناو چاویا گۆڕستانێک ئەڕوێ، ئەکشێ، بێ قەواڵە
گۆڕهاوێژان بۆ (ئەنکیدۆ) گۆڕ ئەهاون
لە جەنگەڵی دار خورماوە
یەک لە دوای یەک چنگ لە چاون

***

گردی (زەعتەر) ئاخۆ دووریت؟!
ئاخۆ سەوزی، زەردی، سووریت؟!
ئاخۆ چاوی، ئاخۆ دڵی؟
ئاخۆ پشکۆی، ئاخۆ گوڵی
ئاخۆ چۆڵێکی ئاموونی؟
یاتۆ وێنەی ئەو ئاوارەی...
هەرچی گورگێ پەپکەی داوە لە پەیکەری ئازادیدا
لەتۆ چیرە و پێت وەڕیوە و، پێت ئەوەڕێ
هەرچی خۆی لە کورسی توندکا
پێت زەڕیوە و پێت ئەزەڕێ،



هەرچیش پەیام دەستنووس ئەکات
لە گۆشتی بەر پێی ئەو ئەخوات
هەتا پێیەک بەرەو ماڵی باوان نەبات
داری (ئەرز)یش لە ڕێگەیا سێبەر نەکات!

***

ئەوساکە (شام)ڕێی مەحشەر بوو
جێی پێوانی خێر و شەڕ بوو
ئێستا (شەمخەی)ی داڕزاوە
هەتا (زەعتەر) بەپانایی ڕێی هاتوچۆ ڕاکشاوە
سێ دروشمەی لەسەر داوە
هەرچی داوێن پیسی شارە تێی ئاڵاوە
لەسەر ڕان و سینگ و مەمکی
هەزار کۆڵکەی لێدراوە
بەرەو زەعتەر مەرگ بارانە
شەمخە شادێڵی شارانە

***

گردی (زەعتەر)...!
وا لە تۆوە هەرچی ڕێگە و بانە دیارە
تەنها ڕێگەی لوولە تفەنگ نەخنکاوە
تەنها فیشەک لە ڕێگەدا
بۆ هیچ کەسێ نەبچڕاوە.

***

## ١٩٧٥ی ئافرەتان

١٩٧٥/١/٢٨

لە تەلیسمی ئەفسانەدا
لە یادنامەی ڕۆژانەدا...
هەر نیگارە دێت و دەڕوا و تۆ هەوێنی
هەر خامەیە...
لە هێڵی ئەشک و خەندەیا خۆت ئەنوێنی
هەر دەفتەرە...

تۆ گەوهەری پوخت و پاکی لێ دەردێنی
هەر باخچەیە هەر باخ و ڕەز
بە نەورۆزی سۆزی گەرمت
لەژێر چنگی بەستەڵەکا ئەی هەژێنی...

***

من تۆم بینی... لەگەڵ کاوە
کوورەی دڵت بۆ تاو ئەدا
کلی خوێنی سەر بڕاوت لە چاوی زەرد و کاو ئەدا

***

من تۆم بینی...
لە دامێنی شوورا بەخوێن تەنراوەکەی لای -ڕۆما-وە
باڵات بەسێدارەوە بوو ئەشەکاوە
من تۆم بینی لە کوێربوونی چاوی سووری - باستیل-دا بوو
دڵت لەناو دارستانی نێزە و قینا هەبروون ئەبوو
لەناو هەڵپەی ڕابەراندا!!
چێژی عومرت بێ نوون ئەبوو

***

من تۆم بینی
لە سیمفونیای (ئۆرۆرا)دا ئاوازێک بووی ئەزڕایتەوە
لە دوای تۆفان دەرگایەک بوویت
بۆ پەیامی دڵ و ئاشتی ئەکرایتەوە

***

من تۆم بینی
لە شەپۆلی ڕۆژی ڕەشی شارەکەما
کە مەرگ و چاو تێکەڵ ئەبوون،
بەئەشکی سوور...
سەری تاڵی ڕێگەی هیوات ڕەنگ ئەڕێژا
بۆ ئاسۆی دوور

***

لەناو گێژاوی غوربەتا بەستەی دڵدار
خۆی ئەگرێتە دامێنی شار



سەرخۆشێکە سەر لێ شێواو
پەتیارەیە
بەدوای تاپۆی ڕەشی خۆیا ئاوارەیە
لە ڕێگەی دا هەر تۆ دیاری
لەبەر چاویا هەر تۆ شاری
کە تۆی بینی خۆی دییەوە
تاپۆی ڕەشی دۆزیەوە

***

ئەو ئاوازەیت وەک خوڕەی چەم
گەردوون ئەتلێ و نابڕێتەوە
لەبەر پێتا لووتی نەمان
بەڕووی شەرما ئەدرێتەوە
پێکی پڕی دەستی نازت
لە ئاهەنگی ئازادیدا
وەکو مژدە ئەخورێتەوە
گرێی دڵت وەکو ئاسۆ
پڕ بەم دنیا ئەکرێتەوە

***

خانمەکانم...
خۆشم ئەوێن
وەکو ئاووهەوای بەهار
خۆشەویستی من و ئێوە
تابلۆیەکە تازە نیگار

***

چاوەکانت دوو هەڵۆن و وان لە هێلانەی گوڵا
ئێستە ئامادەن بەجووتە بەن بەسەر کۆتری دڵا

***

بەمیوانی خەمیشت بم وەکو خۆت جوان و نازارە
خەمی تۆ گشتی خۆم ئەیخۆم ئەگەر کێشی هەزاربارە

***

ڕەقیب ئەیوت کل و کلتور شکۆفەی چاوی تۆی بازە
دەبا کوێرایی چاوی بێت کە ئێستا چاوت بێ نازە

***

## نەورۆز و ژوان

١٩٧٥/٣/٢١

*ئەم هۆنراوە لە ئاهەنگی نەورۆزی **١٩٧٥**دا لە زانکۆی سلێمانی خوێنراوەتەوە و لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)ی ژمارە (٤١) **١٩٧٥/٦/٢١** بڵاوکراوەتەوە.*

دەستت بێنە ئەی کیژی جوان
گوڵ بەدەمە جێگەی ژوان
بەفرمێسکی وشەی کوردی
من گەردانە ئەهۆنمەوە بۆ گەردنت
شیعر ئەدەم لە پەرچەمت
ڕۆژی هاتوچۆ کردنت
دەستت بێنە وەکو خامە
شاعیر دڵی شووشەی کامە
شاعیر هەستی وەک نەمامە
شاعیر هەموو لەشی زامە
شاعیر و زام؟
شاعیر و کام؟
شاعیر لە کێڵگەی زاماندا
کام ئەڕوێنێ
پەیام شیعر و خوێن ئەدوێنی
دەستیان لەناو پرچی دێڕا تێکەڵ ئەکات
وەک دۆست ویار
وەک وشە و زار
شاعیر ئەگەر زامی نەبێ کامی نییە
پشکۆی وشە ئەگەر بەناو زامدا نەیێت
تامی نییە

***

لەسەر بەرکۆشەکەی کاوە،
ئاڤێستای گڕ هەڵکرابوو وەک کڵپەی زام
بۆ پێشمەرگەی وشەی یاخیی کوڕی پەیام
بەگوڕ فڕی بۆ سەر کێوی قورسی سزا



شاپەڕێکی بەناو چاوی حەقی وڕا
وەک تیر چزا...
– ئەم ڕۆژیساڵی تازەیە نەورۆز هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە– پیرەمێرد

***

دەستت بێنە ئەی کیژی کورد
من دەفتەری مێژووم پێیە
بۆتی ئەخوێنمەوە ورد ورد...
زەمان دەور و بەری زامە
تەمەن گێژی ناو ئەنجامە
نووسراوێکم وەکو نوشتە قەدکردووە
دوو سێ جارێ ڕێی قووت دانم بۆ بردووە
ئەیخەمە ناو پەڕەی قورئان لە ماڵەوە
بەبەرگی سوێنی تاڵەوە
ئەیخەمە ژێر بەرماڵەکەی دایەگەورە
سەری ئەچێ نوێژی ناچێ...
کە بەرتیلی دەنگ نەکردن لە دەستیایە، جێگە ماچێ!
بۆ سەر لەم خەڵکە تێک بدەم
کاسەی شکاو لە پێک بدەم
ئەی کیژی جوان دەستت بێنە
من ئەمەوێ بچم بۆ شاخ
من ئەمەوێ بچمە ناو باخ
من ئەمەوێ ڕووتوقووتبم ئاوی تاڤگە
بەسەر سەرما بێتە خوارێ
من ئەمەوێ خۆم هەڵکێشم لە دەروونی گەشی جارێ
من ئەمەوێ لووتم نەدا لە سەهۆڵی لا دیوارێ...
پەشیمانیی بەشاخەوە لێ ببارێ
من ئەمەوێ بێم و بچم بەناو وشەی کوردستاندا وەکو خامە
من ئەمەوێ بیدۆزمەوە هەرچی پیتی ئێش و زامە
بیکەم بەسەر مەشقی نامە
شاعیر شێتە... گوێی مەدەنێ

هەرچی گردە لەناو دڵیا هەڵی کەنێ
قسە لە شێت یا لە منداڵ...
با بێمەوە سەر قسەی خۆم
ئەی کیژی جوان من شێتی تۆم
نەورۆز لە گوێی ساڵا دەرهات
چیە لەگەڵ کاوە دەکات
تۆ بەگەرووی منا هاتی بۆ سەرزمان
کفرم نەکرد...
بۆچی تۆشیان وەک من ڕمان؟!
هەر دوێنێ بوو جەژنەکانی دەوروپشتم
خۆیان لە من ئەشاردەوە
جوێنی دەمی وشکی خۆیان
بۆ چاوی من ئەناردەوە
پێیان وتم بووە بە...
بۆ گیرفانی بەیاننامە نهێنییەکان ڕاوی بنێن
هەر ڕۆژێکی لێ بووەوە ناوی مەنێن
ئا... کچی کورد دەستت بێنە
لەناو دڵما خەم برژێنە
– دەسا ئەی خەم دەسا هاورێی شەو و ڕۆژ و هەموو ساتم
دەستت ڕابگرە بۆدەستم زەبوونم ڕوو بەڕووت هاتم
لە مەیخانەی شەوا بابێ مەیی خەستی هەزار ساڵە
لە تالاویا وەهام گێژکە نەزانم عومری خۆم تاڵە!
شاعیر شێتە؟!...
خوا نەتگرێ دار و دیوار گوێیان لێتە!
ئەی کیژی جوان وا نەورۆزە کوا جەژنانەم؟
ئاش وەستاشبم کوا ئاشانەم؟
دێوانەشبم کوا ئاسانەم؟!
منیش وەک تۆم لە خەیاڵتا پێ دائەنێم...
کە ڕووباری هۆرە هات و لەبن ڕوودا ڕژایە گوێم،
–ئەو ڕەنگە سوورە بوو لە ئاسۆی بڵندی کورد
مژدەی بەیانی بۆ گەلی دورو نزیک ئەبرد– (پیرەمێرد)



ئەی ئەهریمەن دەرگای گوێی خۆت بخە سەرپشت
کتێب ئەڵێ تۆ نەورۆز و شاعیرت کوشت
تۆ کچت کوشت!
– تا ئێستە ڕووی نەداوە لە تەریخی میللەتا
قەڵغانی گوللە سینگی کچان بێ لە هەڵمەتا– (پیرەمێرد)
ئەی کیژی جوان
بۆم بێرە ژوان
دەم و چاوی تۆ ساڵێکی پڕ نەورۆزە
منیش چۆغەم لەبەردایە
کلاوی خولیای دڵدارم لەسەردایە
چاوم واله باخی بەردار!
وەک باخی تۆ تەڕو بڕێ
چاوم وا لە گوڵی گەنم
وەک پەرچەمت پەخش و پڕ بێ
چاوم وا لە نیشتمانم،
لە گۆچانی نەڕەی شانم
چاوم وا لە شیعرەکانم
لەناو کێلانی خنجەرا
ڕاهێنانی دوای وانەکان ئەدەن لە سەنگ
بەپێوقوومی ئازارەوە ئەدەن لە زەنگ
گوڵی نەورۆز بەئاوازی یەکی ئایار
پاراو ئەکەین...
لەناو خەندەی کوردستانا
هەزار جەژنی پڕ لە ئەوین ڕەچاو ئەکەین
لە ئاونگی گڵکۆی شەهید
کلی خۆبریزگەی چاو ئەکەین
وەک (پیرەمێرد) ڕوو لە چیا ڕوو لە کەژ و لە کاو ئەکەین
– ئەوا ڕۆژهەڵات لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە
خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوقەداتەوە

***

# کیژێکی جوان

١٩٧٣/١/١

کیژێکی جوان...
هەر بەڕێکەوت...
لەپێش دەمما چەمایەوە
لە ئاسمانی سینەیەوە
چەتری مەمکی کرایەوە

هەردوو چاوم وەک پەپوولە
بەرەو گوڵۆپی مەمانی
هەڵفڕین و تاسەم بەهیچی نەزانی

ئەمجا بوون بەهەنگەژاڵێ
نیشتن بەخونچەی مەمەوە...
وەکو خاڵێ

گەڕانەوە و
بینم تاسەم وەکو ئاگر
لە ناخ و گیانم دەئاڵێ

ئەوسا چاو و دەست و دەمم
وەک منداڵی پیاوی نەدار
کەوتنە باخی سێو و هەنار

لقوپۆیان دا بەیەکاو
مەمەکانیان داکرۆشت و
لە چڵەوە سووک بازیان داو
هەڕایان کرد هەتا ناو شار
***



# بەبۆنەی لادانی تارا لەسەر پەیکەری شاعیری مەزن حاجی قادری کۆییەوە(١)

١٩٧٣/١١/١٥

حەرفی کوردیی، گیانی کەی بوو پێش ئەوەی تۆ دەرکەوی؟!
تۆ بەپرچی ڕۆژی ڕوونا بۆ نیگای بیر سەرکەوی،
قۆڵی مەردیی هەڵبکەیت و پێشەوابی و بەرکەوی
مامە حاجی ئەو تەوژمەی دات بەحەرف و بیری کورد
وای شەپۆل دا تۆ ئەمێستا پێشی سەد ڕەهبەر کەوی
کاتێ دنیای ئەم گەلەی تۆ یەک تروسکەی تیا نەبوو
دەستی شەوگاری دڕندە قەت لەبینی جیا نەبوو
لەم سنوورەی بێ سنووریا بێ قەباڵە و یانەبوو
مامەحاجی، ئەو چرایەی تۆ هەڵت کرد بۆ ژیان
دای لە چاو و چاوگە دەرکەوت پڕ لە خوێی ئەفسانەبوو
کاتێ پێیان نایە بینی شیعری کوردی و هاتوچۆ
گۆشتی برژاوی دەروون و قیمەکێشی جووت برۆ
ماری زۆڵف و تیری برژانگ وەعد و پەیمانی درۆ
مامە حاجی شیعری تۆ بوو بانگی ئەم خەڵکەی ئەکرد
تیشکی ئاسۆ، باسکی ئیشە، بۆ بەیانی ڕۆژی نۆ
کاتێ لەم خاکە بەتەنها دەنگی قرخی تەیلەسان
بۆنی جادوو قرچی تەزبیح هەڵمی یاهوو، هەڵ ئەسان
ئەم وڵاتە پاکژێک بوو بۆ لە وەڕگای ناکەسان
مامە حاجی نوکی خامەت وەک بروسکە دای لە شاخ
تاڵی تەزبیح پێچی مێزەر تۆپی ڕیشیشی پسان
ئەو دەمەی کورد ڕووی لە دەرگای پان و دەست و پا ئەسوو
بۆ هەموو قیلێکی فەتوا و خوتبە کانیش دائەبوو
بۆ دەوامی تەختی زۆردار هەر دەسەودۆعا ئەبوو
مامە حاجی دەنگی تۆ بوو جوێنی بەو قیلە ئەدا

(١) ئەم هۆنراوەیە لە شاری کۆیە لەپێش دەم پەیکەری حاجی شاعیردا لە ئاهەنگی لادانی تارا لەسەر پەیکەرەکەی خوێنراوەتەوە.

خەنجەری لۆمەی کوشندەت ڕووی لە سەد فەتوا ئەبوو
کاتێ فێڵ و دەس بڕین و خۆپەرستی پایە بوو
نۆکەریی زۆرداری خوێن مژ بۆ گەلێ کەس مایەبوو
چاوی خامە و دێڕی تۆمار ڕووی لە دەست و سایەبوو
مامە حاجی خامەکەی تۆ دێری بۆ زۆر ڕانەخست
مانگی تۆ، ماو، دێڕی سەر شۆڕ وەک حەپەی سەگ زایە بوو
کاتێ هێشتا دەنگی ئازاد ناوی ئازادی نەبوو
ئەم دەسەی کورد لەو دەسەی کەی تێغی زۆرداری ئەسوو
بەردی دیواری سنوورمان هەر بەرەو خۆ، ڕۆ ئەچوو
مامە حاجی باوەڕی تۆ بانگی یەکێتیی ئەکرد...
شێری مەیدان خۆت و ئالآت بێ کەسی تر دوو بە دوو
پێشەوای حەرفی دلێر و خوای وشەی بێ باکی کورد
حەرفی کوردی: شیعری کوردی ناو نیگاری خاکی کورد،
جێ دەسی تۆی پێوە دیارە، ڕابەری ڕێی چاکی کورد
وەک قوتابی وام لە ڕێتا دەست لەسەر چاوی هیوا
شاعیرێکم ڕابەرم تۆی بۆ مەبەستی پاکی کورد
دەنگ دلێرین خۆم و حەرف و شیعرەکانی پڕ هیوام
وا مەزانن شاعیرێکم بێ مەبەست و بێ خووام
بۆ هەژاری کوردە بەستەم من بەهەر سۆزێک دووام
شەرمە بۆ هەر شاعیرێکمان ڕێ بەدێیی تۆ نەکات
مامە حاجی شایەتم بە من لەسەر بنجت ڕووام
خاکی غوربەت تۆ ئەزانی کێ لە دڵتا نوستووە؟!
ڕابەری ڕێی میللەتێکە دادی بۆ تۆش ویستووە
ئەو شەهیدە شۆڕەسوارە باوەڕی هەڵکردووە
پێکی ئازاری ئەنۆشێن کەس نەدا ئازاری ئەو
مامە حاجی ڕەهنمایە و نامرێ هەر زیندووە

***



## دێوانەیی

١٩٧٣/٧/١٢

جوانە وەک تۆفان بێرە ناودەنگم
بروسکەت بدە لە شەوی زەنگم
با تیلەی چاوت چاوم لەت بکا
با تاڵی زوڵفت نەوسم پەت بکا
زریکەی قاقات هەستم کڕ بکا
تیغی لالووتیت ڕێزم شڕ بکا
بەقسەی ڕەقت بمدە بەر ئاگر
هیچ، کۆم لێ مەکە، تاو لە تاو زیاتر
بمهێنە و بمبە بمدە بەدارا،
بەنووکی نێزەی زمانی قارا
وەکو گەرداو و تۆف و ڕەهێڵە
ڕام بدە تۆزم لێ جێ مەهێڵە
چونکە من خەفەی پەستی و بێ دەنگیم
چونکە من دژی سێبەر و مەنگیم
چونکە دوژمنی ئارام و قوورسیم
تێریم لاشەرمە، من نەوسی برسیم
نامەوێ جێگە وچیە و ڕاز و ناز
چاوەڕێی ڕقم لە خەنجەر و گاز
تف لە نزیکیی ڕێی دوورم ئەوێ
کڵپەی ناو گەرووی تەنوورم ئەوێ
ماچ بۆ بێ ددان، من گازم ئەوێ
من مەلی دڕی وەک بازم ئەوێ
بەدەنووک دڵم شڕ و وڕ بکات
بەمۆنی و گرژی چاوم پڕ بکات
ئەو دنیا خۆشە، ئەوساتە خۆشە
عارەقی حەیا دواپێکێ نۆشە

***

## گۆران

*لە یادی هەشتەم ساڵی کۆچی گۆرانی نەمردا*

لەتانوپۆی گوڵی کالای بە کوردی تازە چنراوا
لەناو سەرمەشقی نووسینا لە ویژەی پوختی ژەنراوا
ئەبینم تاڵی ئاوریشمت وەکو ئەستێرەیە و دیارە
بەروبوومێکە هۆنراوەت، کە ئەمڕۆشی وەکو پارە
لەناو باخچەی وشەی جواندا گوڵی تۆ بۆ هەموو وەرزە
لەسەر ڕووی مانگە ورشەی دێت ئەوەندەش پایەکەت بەرزە
لە دێڕی زەرد و ژاکاوا وشەت پاراو ئەکات پیتی
لەپێش مندا وتی وایە ئەوەی بینیتی، ناسیتی
وەکو ئاوازە حەرفی تۆ لەژێی دەنگی هەوا خۆشا
وەکو سیحرە لەناو خولیای سەری گەرمی سەدا خۆشا
لەناو تاڤگەی قژی زەردی هەزار قژ زەردی چاو مەستا
لەسەر لێوی تەڕ و ئاڵی وشەی ڕازاوی هەڵبەستا
گزنگی نوکی خامەی تۆ شەپۆلێکە و لەبن نایە
گرنگە وێنەکێشانی لە پەنجەی کرچی من نایە
لە زاری بولبولی کوردیی بەداو جێ چینە پەنگاوا
لە قولپەی زامی سەد ساڵەی هەناسەی ڕق نەخنکاوا
جریوەی هەستی تۆ هێشتا کلیلی تاری سەد دەنگە
تریفەی دێ لەنێو دەسدا تەلای خاوێن و بێ ژەنگە
لەناو زیندانی سامناکا کە ئەت ناڵان بەهێز و تین
لە گوێ پێ چاڵی مەرگیشا سروودێ بوو بەکامی ژین
لە گشت دێرێکی نووسینا خەمی کوردت لە خاتربوو
لە پرسەی مەیتی کۆریا دا وتارت پڕ لە ئاگر بوو
لەلای جاندارکی پەرتووکا لە (ماکارسی) تفێکت کرد
لەناو چاویا وەها چەسپی نەشۆراوە هەتاکوو مرد
بروسکەی پیتی ئاگرینت لە دەریای هەوڵی بێ پەی دا
لەناو شڵپەی شەپۆلایە و خەریکە ئاگری کەی دا
لە باخی شای ستەمکارا گڕی شیعرت گوڵی سوورە
لە بیری نەوتی زۆر قوولا ئەسووتێ ئاگرە و نوورە



ئەبچڕێنێ پەتی جەرگی بتی نەوتینی خوێناوی
کە نەیتوانی لەڕێت لادا بەرەو ئامانج و پێناوی
سلاو بۆ تۆ، سلاوی من کە چاوم هەر لە ڕێگاتە
لە چاوما دام ئەنای ئەوسا، دەروونم ئێستە جێگاتە
لە کاتێکا کە یادی تۆ لە ئینجانەی دڵم دایە
بەرامەی هۆش و هەستیشت لەناو باخچەی گوڵم دایە
پەیامی شیعر و گۆرانیم لە ناخی دڵمی نووسیوە
بەشانازیی ئەزانم من، کە گۆرانم بەچاو دیوە،
هەموو کوردێ، ئەوەی پێنووس لەپەنجەی دەستی ئالاوە،
کە بۆ سوودی هەلێکی خۆی بەشیعرا هەڵنەکالاوە،
ئەوەی شیعری وەکو تۆێشوو لە پشتا بوو لە برسانا،
نە پێ دزکەی ئەکرد لادا، نە ئەشگریا لە ترسانا،
ئەوەی هەر سەر لە ئێوارە، لەناو خەودا سەر و چاوی...
نەپێچاوە کە خۆی کەڕکا لەناڵەی حەرفی سووتاوی،
کە ئەمڕۆ یادی گۆرانە وەرن تەختی خلوود بێنن
ئەوی نووسراوە بۆ گۆران لەوێ دا گشتی بڕوێنن
لەسەر گڵکۆی، خەمی بیرچوونی هەشت ساڵەی لە ڕووبسڕین
بەفرمێسک و وشە و هەڵبەست، هەزار وێنەی گەشی بگرین

***

## شێتیی شاعیر

١٩٧٢/٢/٢٢

بەبرژانگی خۆرەتاوا
گڕی شەوی نەورۆز دێنم...
ئەدەم لە دەرگا و پەنجەرە،
ئەدەم لە پێڵووی باڵ شکاو
ئەدەم لە حەرفی لێو پواو،
ئەدەم لە شیعری سەرخۆشی
ناو باوەشی خەیاڵی خاو
ئەدەم لەپێچکەی تەختی قورس

ئەدەم لەمانشێتی درشت
لە ئیشەڵڵای زۆر بێ بڕشت
ئەدەم لە کۆڵان و شەقام
ئەدەم لەبنی کوولەکە
ئەدەم لە پەترۆی سەری زام
من شاعیرم،
من دێوانەم، پەل ئەهاوم
دەس ناکەم بەچەتری چاوم
پەڵ ئەهاوم
وەک شێخ ڕەزا جنێو ئەدەم
دەس بەدەمی سەگا ئەکەم
بۆ قافیە و کێشی ئەمیر
ڕائەکێشم ملی حەمیر
وەکو فەرهاد،
بۆیەک تیلەی چاوی شیرین
هەزار خەسرەو بەپەن ئەکەم
هەزار کێوی بێستوونی ڕێز
بەڕەشەبای تانە و تەشەر
بن کەن ئەکەم
من شێتێکم وەک (ئەوڕەحمان
پاشای بەبان)
قومێ بەفراوی کوردستان؛
ناگۆڕمەوە
بەمۆڵکی ڕۆم، تەختی عەجەم،
نایگۆڕمەوە
بەسەد دەردی ناسۆرمەوە
وەک (مەولەوی)
بۆ چاو ڕەشێکی لای دەوار
بۆ ڕووی گوڵێ لێی باری بێ
بزەی پرچی سوورە چنار
هەزار بەستە هەڵ ئەبەستم



هەزار قەڵەم ئەتوێنمەوە
هەزاران جام ئەزڕێنمەوە
شێت تر ئەبم
ترسی- ئەلەست- ئەکوژێنمەوە
وەکو (حەمدون)
بەیاخی لەشکری غەزا شیتاڵ ئەکەم
ئەیکەم بەپەڕۆ بۆ کڵاش
لەگەڵ میری ڕەواندزا
فتوای ڕەشی پێ ئەشێلین
دەمودانی دێڕەکانی
لەجێ بەزمی ڕەشبەڵەکا
جێ ئەهێڵین
وەک (شێخ مەحموود)
نەک مێزەرم،
پێڵاوەکەم توند ئەهاوم
بۆ ئەو کەسەی لە مەرقەدی باوە گوڕگوڕ
بێژنگ ئەداتە بەرچاوم
وەکو (حەمدی)...
دیاردی ئەکەم
لەناو ڕیشی تۆپ و چڕا
هەزار شەیتان هەڵ ئەسێنم
دەرگای خەڵوە ئەڕووخێنم
بەگوێ تەپەی زاهید ناکەم
ڕازی عەشقی خۆم هەڵدێنم
وەکو (بێکەس)...
هەموو بەهەشت
ئەدەم بەچێژی جامێ مەی
سەرم گێژکا
وەکو (گۆران)...
بۆ قژ زەردێکی بەردەرگا،
بەنێو نیگایا هەڵزنێم

خۆم ببینم چەند مەزنم
وەک بولبولبی وشەی کوردی
لەناو قەپی زنجیریشا
هەزار فەرهەنگ چینە ئەکەم
حەرفی ناسک هەڵ ئەچنم
وەکو (قانع)...
بۆ نانێکی جۆی بێ سێبەر،
لەناو ئاشا،
دەوەن بەئاش ئەنێمەوە
پشکی سەرچیخی قوربانیی
بەرشەق ئەدەم
بۆ کوێرایی چاوی واعظ
خاتو شەیتان ئەخوێنمەوە
مافی نەوسی کپ کراوم
لە ڕاو ڕەوشت ئەسێنمەوە،
وەکو (وەلی)... ئەبم بەشەم،
ئەسووتێم و ئەتوێمەوە
بەسەر خۆما ئەڕژێمەوە
لەو سەرەوە وەک مەشخەڵان
بە چوار لاما ئەشنێمەوە
وەکو بەرقی دڵی (مەحوی)
لە ئاویستای کورەی کاوە
هەڵ ئەقوڵێم
بۆ کوڕوکاڵ،
بەستەی تازەی شێتیی ئەڵێم
من شاعیرم...
حەرفم هەیە وەکو پەڵە
حەرفم هەیە وەکو شنە
حەرفم هەیە زۆر بچووکە
دەریایەکە شەپۆل ئەدا
چیایەکە زۆر مەزنە،



من شاعیرم...،
زمانم زەنگی کوردییە
لاوک ئەڵێم بۆ گەلی کورد...
لە غاری مەغریب دەنگی دێ
قوڵەڕەشێک سەرخۆش ئەکا
لە خڕکە بەردی شیعری من
پڕکۆش ئەکا
سەر و گوێلاکی پەیکەری
داوێن پیسی- خوای ئازادی-
پێ ئەشکێنێ،
هەرچی درۆی بۆ وتراوە...
لەناو دێرا ئەیرژێنێ
من شاعیرم
دەنگم لەو بڕیارەدایە
بۆ باخی زەیتوون و لیمۆ
ئەڕواتەوە
بەئاوی شیرینی (یافا)
شەرمی بەزین ئەشواتەوە
من شاعیرم برسیم ئەبێ
من شاعیرم سەرمام ئەبێ
دڵم سۆزی زوو پێ ئەگا
دڵم ئێشی زوو پێ ئەگا
هەستی من سەرزاری نییە
وا لە ناخی بنج و ڕەگا
بۆ بتخانە پەڵ ئەهاوم
بۆ مەیخانە گوڵ ئەهاوم
بە دۆترشی مەشکەی ژەنراو
خوماریی خۆم ناڕەوێنم
پۆپەی لقی ڕوو لە خۆرم
ناخەفێنم
من نامرم... من ئەمێنم

هەموو ساڵێ بەزمی تازە
لە ڕەشبەڵەکی نەورۆزا
بۆ مرۆڤی کورد ئەخوێنم

***

## ئەو چیرۆکەی هەتا ئێستا دوایی نەهاتووە

لە مێژەوە... شوێنی هەڵگرتووم وەڵام
کەوتۆتە دوام،
لە کتێبی زەرد و زلا
لە کاوێژ و دەم و پلا
وەکو داخێک چزا بەلێوی ژانما
بۆیە منیش حەرفەکانم
کرد بەدەفێک لە شانما
حەی... هوو... ڕووم کردە ئاوایی
لەسەر سەکۆی بەر مزگەوتا ،
پەنجەم دا بەکەللەی دەفا
پەند دەرپەڕی لە پێخەفا
قریشکانی... جەجاڵ، جەجاڵ
تۆپەڵەیەک جوێنی هێنا
ناخنییە دەمی شەماڵ، دەنگم نەبا
گوڕی لێم بەست وەک ڕەشەبا
لە ئاگری نەمروودەوە
هەتا عەسای دەستی مووسای بەتاو هێنام
وەک سێدارە لە گۆڵگۆسای توند هەڵپێچام
لە کەعبەدا کردمی بەبت
تا لە شیوی (یەهیموون)دا بمتەزێنێ
لەپاش خوانی خەلیفەدا بمرزێنێ
بەسەرسینەی کەنیزەکی دەستا و دەستا
بمرژێنێ،
لەپاش ماوەی مووچرکێکا
بەسەرخۆشی بمزرێنێ
هەزار مەعقوول و مەنقوولی دا بەڕووما



هەزار ناتۆرەی گرتەوە و
دای بەشوێن پێی ئێستە و زووما
ئاوایی لێ ورووژانم
دەفەکەم کردەوە شانم
وتم ئێستە من ئاوارەم
سەڵایەکی بێ منارەم
خۆم لە خۆما گێژاوێکم
دوو سەر و تاقە چاوێکم
دوو سەری تاقە داوێکم
کام سەر بخەمە بەر چاوم؟
کام سەر هەڵکەمە سەر ناوم؟!
وەڵام وەک گل هاتە چاوم
شۆڕ بووەوە بۆ هەناوم
– تۆ پەروەردەی گۆشتی خاوی
مێشی دەوری ڕێی دۆشاوی–
لەعنەت لە پیاوی درۆزن. سەرم کزکرد
پڕ گیرفانم کرد لە ڕۆژگار
ڕێگەم گرت و ڕووم کردە شار
بۆ پێشەوە خۆم هەڵ ئەدا
چاوم لێ بوو... لە کاروانا ،
نەوسیان لە شەیتان کەڵ ئەدا
هاتنە ویزەم، وا پوورەیان لە چاوم دا
هەزار ڕەنگیان لە ناوم دا
لەناو توێشووی پێچراوەما
حەرفەکانیان ئەخواردەوە
گشت فرمێسکی هەڵهاتوومیان
لە پاروودا ئەشاردەوە
چەرمە چولەکەی دنیایان تێ هەڵکێشام
بریق و باقی بەر دەرگا وای وڕکردم
نەم ئەزانی وا لە ئێشام،
پیرێکم دی لەسەر سەرم

ویستم پرسیاری بۆ بەرم
کە چاوێکم پیاهەڵگێڕا بینیم نوقمە
قەڵەم کاغەز مەزات ئەکات
لە ئازاری دەمودانی
وەک شمشاڵی قامیشانی ڕێی (مەسنەوی)
شکات ئەکات
لەبرسانا خۆی با ئەدا
لەبرسانا خۆی دا ئەدا
تومەز بەدەنگی زەنگەوە
خالۆ لە شار دەرکرابوو
وتە نەختینەکانیشی وەک میزەڵدان فوو درابوو
هەر کە نیازم دای لە دەرگا
باوێشکێکی هەڵی لوویشم بۆ ناخی شار
لە گوێ شۆستەی گۆڕەپانێک،
ڕواندمی وەک چڵێ دار
بەسەر شەقامی ڕژاوا پەندەکانی جارانی زوو
لەناو دەمی بێ سمێڵا ئەڕشانەوە
هەتاو لە گۆمی سێبەرا بەسەریەکدا ئەتلانەوە
هەموو شتێک سەرەو ژێربوو
لەو وێنەدا ئەشکانەوە
لووتی شەقامی هەڵکراو
لە بەردەمی پەیکەرێکا ئەبوو بەقۆڵ
شانی وەها بۆ دائەدا
سەد کۆڵانی ئەگرتە خۆڵ
چاودێری ڕێی هەڕاج خانە بە دۆژەنکی پشی پشی
خەرمانی خوێی ئەکوتایەوە
ئەوەی ئەیوت ئەیووتەوە و سڵاویشی ئەدایەوە
دروشمەکانی بەردەمی،
لە شەرمانا ئەتوانەوە
حەرفی لە حەرفەکەی تری
پێزو واتەی ئەکوژانەوە!



هەموو شتێ بۆ بازاڕ بوو، بەپارە بوو
هەموو کەسێ بەدوای شتا ئاوارە بوو
لە قوڵایی تاریکی دا،
جارجار لە ئەستێیان ئەدا...
مەستێ، توراوێ، عەودالێ
کۆڵانەکان لە ژانا بوون بۆ منالێ
ئا لەو جێگەی تیا ڕوابووم...
لەبەر چاوی حۆلەکاندا
چمکێ لە سێبەری خوابووم
بای داراوس ڕێگەی نییە ڕامتەکێنێ
چرۆی تازەم لەسەر بدا لە ناخەوە بمشەکێنێ
لەسەر هەرزاڵەی دوکانێ لەوبەرمەوە
چەند داستانی وەک ئۆدێسا...
ئینجیلێک بوون بەبێ عیسا
وردە قەشە هاتوچۆیان تێدا ئەکرد،
بۆ کەرەسەی پەندی تازە
هەر تاڵیکی پچڕاوەیان ئەدییەوە
ئەیان قیژان... سەری ڕازە!
بەگالیسکەی چەپڵە لێدان
سێبەری (میر)گەیشتە لام...
هەردوو گوپی پڕ کردبوو
لە وەڵامی درۆی سەلام
سەرێکی بۆ منیش لەقان
یەک دوو حەرفی خۆشکراوی بەفیزەوە بەلێو تەقان
بەناو شەپۆلی چەپڵەدا لە تاوێکا
هەرچی دەفتەری مێژووە هاتو ڕژایە ناو دەمم،
تیکەڵ بوو بەژان و خەمم...
تفێک بوو دام بەڕووی ئەوا
لە پێش بەیانی دوا شەوا!
وتم... ئەڕۆم...
زێیەوان نیم بۆ ئەم شارە،

یا ساوڵ نیم بۆ ئەم شەقامە سەر خوارە
من؟!... من چۆن بڕۆم؟
چۆن لەبەری حەرفەکانم نابێ بخۆم؟!
گوێگرەکان...
ئا لێرەدا وا دێمەوە بۆ لای ئێوە
پاڵەوانی چیرۆکەکەم هەروا لە شار
دەفتەرێکی دایە دەستم...
وەڵامی نوێی پرسیارەکان
نەخرابووە بەر هەوێلی کڕیارەکان
نەدرابووە بەر ساتوری بڕیارەکان
پێشەکییەکەی نەنووسراوە
بەقەڵەمی بەڕێزەکان
دەست و پەلی نەبەسراوە...
بەڕێی پەندە بێ پێزەکان
حەرفەکانی لە نەورۆزدا
گوڵی مژدەی تۆووبەرە
لە هەورازی ڕێی کارواندا
داری سەهەن و سێبەرە
بۆ ئاخێزی هەڵسانەوە
سروودی قوڵپی سەنگەرە
کە بۆ شەو چووینە کوڵگەوە
لەگەڵ شیپی سەد خنجەرا بەرانبەرە
لەناو خونچەی ئاگرە سوورەی بەربەیاندا
خۆی ڕابەرە،
لە پەردەی بووک و زاوادا باوەشی ناز و ئارامە
لە چاوی بووکی ڕووسووردا
هەزار بێشکەی پڕ لە کامە
خۆ بەقسەی خۆشم نەبێ
بەستەیەکم تیا خوێندەوە،
لەم خاکەدا هۆنرابووەوە
بەستەیەکی کەم خۆێندەوە،



لە گۆڤەندی (ڤێتنام)دا خوێنرابووەوە،
لە کۆڵانێکی (غەززەدا)
لەناو گەرووی خەوی تاڵا
هەڵکرابوو وەکو ئاڵا،
بەسەر گڵکۆی (لۆمۆمبا)دا
خوێنی (مەحجوب)ی گڕ ئەدا،
لە جەنگەڵی ئەفریقادا
تۆوی لە داری زڕ ئەدا
لەناو گەرووی (پۆڵ رۆپسن)دا
دەنگی (ئەنجیلا)ی خول ئەدا
لە زنجەکەی (مامە تۆم)دا
عارەقی سوێری (هارلمی) لە پەترۆی زام و گل ئەدا
باوە گوڕگوڕ کە کەوتە ژان بەینی کۆڕی شەوارە بوو
بۆ ڕەسەنی ئەم میللەتە،
تاپۆی ڕەش و قەبارەبوو
گوێگرەکان...
ماوەی چیرۆک بۆ سبەینێ
سبەی ڕۆژێکی نوێترمان بۆ ئەڕوێنێ
سبەی بەستەی ئازادییە...
کە لاوک خۆی تیا ئەنوێنێ
سبەی چاوی چاوەڕوانییە
شنەی ئاونگ ئەیشواتەوە
سبەی دایە گەورەی ئێمەش
خورجی مێوژ ئەکاتەوە
لەچاوی ڕەنج ئەخواتەوە
چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز
مەرگتان نەبینم هەرگیز
***

## جوانێکی داوێن پاک

بەڵێ جوان بووی
هەتا نێر حەز بکا جوان بووی
خۆراکێکی پوخت و خۆش بووی
لەسەر تازەترین خوان بووی
هەموو بەهاری ئەم دنیا لە چاوتا بوو
هەموو چێژی ئەم دنیایە لەناوتا بوو
تامی شەرابی ئەم دنیا لە لێوتا بوو
هەرچی مەزەی مەیخانەشە...
لە گۆنای شەکرەسێوتا بوو
هەرچی بەستەی خوای جوانییە
لەناو مەمە و سینەتا بوو
ئاوی چاوگی زیندەگانی
لەناو چاڵی تینەتا بوو
ئای کە جوان بووی!
ئای کە شۆخ و خان و مان بووی
هەموو باڵات جێگە چاو بوو
پوورەی گڕی نەوس و هەڵپە
بەگشت گیانتا وروژاو بوو
بۆ هەر کوێیەک بچوویتایە
ئەبوو بەدوای هەنگاوێکتا
سایەی سەری یەک لە دوای یەک
لەبەر پێتا ڕاخرایە
هیچ کوێیەکی لەشت نەبوو...
لێوی کورنووش نەیماڵی بێ
لە لیکی بەرتیل و تکا...
شوێن دەمێکی لێ خاڵی بێ
چونکە جوان بووی...
چونکە جوانی دەستەوسان بووی
لەهەر کوێوە دەرکەوتایەی
هەر قەپ بوو لێت ئەکرایەوە



هەر لافی حورمەت و ڕێزبوو
لە دامێنتا ئەشکایەوە
شالاوی ئاگری شەهوەت
بە دواتەوە لرفەی ئەهات
شەیتانی نەوس خۆی ئەکوتا
لەناو کۆشتا پەپکە بدات
دوێنێ گورگێ لە نێرەکان
ڕەنگە چەن جار لێی خواردبیت
لەگەڵ ئەوسا بەیاری
سەد (قوربان)ی بۆ ناردبیت
جێ قەپی خۆی لێ داخ کردی
بەئاگری خەش و کینە
کەس نەیپرسی ئاخۆ کێیە...
کام ڕەوشتە، کام ئایینە؟!
بۆ کەس نەبوو لەناو قەپی هەڵپەی گورگا
دەرت بێنێ!؟
بۆ کەس نەبوو پرسیارێکی سەرزاریش بێ
بەرەو مەرگت بپرژێنێ؟!
ئەی جوانەکە...
ئەو گورگەی دوێ
بەهەرخەشێ هات و تۆی کوشت
لەگەڵ تۆدا
لافی شەرەف
لافی ڕەوشت
بڵقی ڕێزی گورگە نێری
شارێکی ڕشت!
ئەی جوانەکە...
خۆزگە لەشت دوو سێ ڕۆژێ دابنرایە
پسپۆڕێکی مۆرشناسی بۆ ببرایە
ئاخۆ مۆری لێوی چەند نێر
بەگیانتەوە خۆی مات داوە

که لای خەڵکی
تا ئەم ساتەش،
ناویان کەسە ناویان پیاوە!؟

***

١٩٧٢/٤/٩

خەندەی لێوی تۆ و بەیانێکی ئاڵ کامیان جوانترن؟
باخی سینەی تۆ و بەهەشتی یەزدان کام نیانترن؟
خۆزگە ئەبوومە تۆسقاڵێ خەندەی ئەو دەم و لێوە
چش نەم بووایە، بوون و ئاوات و بەرهەم و شێوە
چوومە ناو باخان بەڵکو گوڵێکت بۆ هەڵبژێرم
لە مژدەی لێوت جوانترم نەدی چیت بۆ بنێرم؟!
توخوا خەندەیەک لەو لێوە ئاڵە تەڕ و پاراوە
دڵم... لە دڵتا سۆز و بەزەیی تۆزێکی ماوە!
سبەی تۆ ئەڕۆی شیعرم ئەسووتێ و دنیام ئاخرە
هەستی ناسکم ستوونی ڕووتی سەر بێ چادرە
ئاخۆ جارێ تر بتبینمەوە هەستم پێ ئەکەی،
قومێک لەو پێکە پڕ لەهەنگوینە بۆ من تێ ئەکەی؟

***

## بۆرانی ڕەش

*بەبۆنەی شەڕی تشرینەوە*

بۆرانی ڕەش،
بۆرانی خەش...
وا جارێ تر ئاگر ئەنێ بەشاخەوە،
وا جارێ تر ئاگر ئەنێ بەباخەوە
بەهێلانەی پەلەوری -جەلیل-ەوە
بە جۆلانە و مناڵەوە
بە پرتەقاڵ و زەیتوونی ئەمساڵەوە...
بۆرانی ڕەش



کەفی چەریوی -هیتلەرە-
وا هەڵی کرد دیسانەوە
بەلمۆزی شەیتانەوە
لەبەر لووتی تەختی خوادا خۆی گێژ ئەدا
لەناو لیتەی ژێڵەمۆدا
لەسەر ڕێگەی هاتوچۆدا
بەری بەیانی تشیرینی مانگی پەڵە بەگڕ ئەگرێ
پرچی گزنگی بەربەیان بەقوڕ ئەگرێ
خۆڵی پێیە بۆ ناو لوولەی تفەنگەکان
کە فیشەکە پێشمەرگەکان ڕێ دەرنەکەن
بەناو دڵی شەوی ڕەشا گوزەر نەکەن
زووخی پێیە بۆ سەر لێوی برینەکان
نەکرێنەوە!
پەرۆی پێیە بۆ ناو هاشە شکاوەکان
نەزرێتەوە
شەوی پێیە بۆ ڕووی شڕی بێژنگەکان
هەتاوی پێ بگرێتەوە
هاواری بۆ ببرێتەوە.
بۆرانی ڕەش!
ئەی پاشماوەی خوار ماڵەکان لەم دنیایە
هێڵنج بدە بەو زووخاوەی لە دڵتایە
وا دێمەوە
وەکو دەریا سەرئەکەم و ئەرژێمەوە
وا چاوی چاڵی پێ دزکێ ئەنێمەوە
وەکو دڵی هیوای تازە ئەکرێمەوە
بۆرانی ڕەش!
ئاگر بنێ بەخاکەوە
ئاگر ئەنێم بەپەترۆوە
ئاگر بنێ بەژینەوە
ئاگر ئەنێم بەو گەردەوە وا بەسەری برینەوە
ئاگر بنێ بەچۆلەکەی ناو هێلانەی جەلیلەوە

ئاگر ئەنێم بەخوتبەوە، بەسیلەوە
ئاگر بنێ بەڕۆژەوە
ئاگر ئەنێم بەشەوەوە
بە خەوەوە،
بەگرێ کوێرەی گرەوەوە
***
ئەی میللەتان ئەی ڕۆژ و شەو
ئەی چاو و خەو،
ئەی مەرگ و ژین
وا هەڵ ئەچم بەبورکانی دەمی برین
لە ئازاری لەشی خۆما مەلە ئەکەم
بۆ سێبەری داری زەیتوون پەلە ئەکەم
بە ئاوات و بەچەکەوە
بەناو گەرووی گڕی سوورا
لە هەنگاوی سەر سنوورا
ئەو فیشەکەی ئەیتەقێنم بەیان ئەدا
لەسەر کڵپە لێوی سنوور
بانگی بەرزی ژیان ئەدا
گۆرانی بۆ ئاشتی ئەڵێ لە ئاگرا
دڕن بەشێ و چڵک ئەدا لە چادرا
ئەی میللەتان دەستم بەنێ
ئەی میللەتان لە مێژووتان هەزار پێکی خەستم بەنێ
تفەنگ خەنجەر
وشەی دنیادیدەی ڕەهبەر
وا هەڵساوم، وا هەڵساوم، من شاییمە
منی دوێنێ وا دواییمە
منی ئەمڕۆ، منی ئەمڕۆ، بژیم بۆ خۆم، ئەژیم بۆتۆ.
***



## بەستەی شاعیر

١٩٧١/٧/١٠

بەستەم لەناخی دڵمایە
وا تێ مەگەن کە شەوچەرەی...
شەوی سووری کۆڕی شایە
یا خەونامەی خەوی وێڵە
کە پێی هێشتا لە یاردایە
بەستەم ڕێچکەی ئەشکی سوێرە
ڕەنگی تابلۆی ڕووخسارمە
نۆتەی لێدانی ناخمە
خوێنی بیری زامارمە
بەستەم لەناخی دڵمایە
تۆزی جێگە ڕەش بەڵەکی...
شایی خوێناوی لۆرکایە
لەسەر باری هیچ چەرچییەکی ناکڕم
لەکۆنەی کەس دای نادڕم
بەباڵای هیچ پەیکەرێکی ڕاز و شانامەی نابڕم
دەستی کەسی پێ ماچ ناکەم
بەفرمێسکم ئاوم داوە!...
چڵێکی لێ سەرپاچ ناکەم
نایکەم بەساباتی سەراو بەمێرگوزار
بۆ شۆڕە سوار!...
بەسواری ئەسپی بایی بوون...
تیا تاوبدا
جێگە سەمای زەردەخەنەم لەناو بدا
بەستەم مەلێکە ناسرەوێ
بەسەر مشتێ حەرفی زەقا، کڕ ناکەوێ
وەکو گزنگی ڕۆژی ڕوون
لە پەنجەرە و دەرگا ئەدا
لە تاریکیی شەو ڕائەدا
لە هەر سەرچاوەیەک پاکە

ئەخواتەوە
هەر گوڵێ خۆی بۆ بنوێنێ
باڵی شنەی ئەکاتەوە
بۆ هەر دایکێ لە ژانا بێ
ئەیلاوێنێ، خۆی و ژانی
هەتا لەسەر خەتی لێوی
دەرئەکەوێ بزەی جوانی
بەستەم سەربازی ژیانە
بەگریانا پێ ئەکەنێ
لەناو جموجۆڵی ڕۆژا
کێوی تەپاوتل، ئەژەنێ
بە ئاوازی بیری تازە
هەڵئەپەڕێ
بەرە و هەستی یارانی کۆن
ئاوڕ ئەدا وەرناگەڕێ
تەلیسمی پەرتووکی تەپیو
ئەپچڕێنێ
لەناو گەرووی حەرفی ڕەشا
لە سێبەری تەڵخی لەشا
بازووی هەزار(ئەحمەد)ی کورد
دەرئەهێنێ
بەستەم لەناخی دڵمایە
تاری گەروو ئەیڵێتەوە
بەلێوی ئاسۆی کوردەوە
ئەکرێتەوە
لەسەر پێڵوی چاوی هیوا
ئەشنێتەوە
بەدەستێکی ئەفسوناوی
فرمێسکی وشک ئەسڕێتەوە
هەرکاتێ کۆڕ گیرایەوە،
فیشەکێکی سوور هەڵکرا...



بەپێکی ئاڵ ئەخورێتەوە
من دڵداری بەستەکەمم
بووکی دڵی خۆم خۆش ئەوێ
پێکی تاڵی، پێکی مزریم، بۆ نۆش ئەوێ
هەموو زامی خۆم و گەلم
ئەهۆنمەوە بە سینەیا
هەموو هیوای خۆم و گەلم
ئەخۆمەوە لەتینەیا
ئەیدەمە بەر تیشکی چرا
هەتا چاوم لێی تێر ئەبێ
تا مۆتەکەی پەردەگیری پێ کوێر ئەبێ
سەیرە...
تاپشت توند پێچ بدەم
هەتا قوڵ بێت ئازارم
هەتا مۆن و تاریک تر بێ
تەمی لینجی دەوری شارم
هەتا بلوێرژەن– بژەنێ...
بۆ سۆزانی سەما بکا
تا کوێخاژن خورجی پەیمان
پڕ لە پشتی تەما بکا،
هەتا لە پشتی ڕۆژەوە
ڕاوێژ کرێ
هەتا کای کۆن، کاوێژ کرێ
بەستەم زیاتر لە کوڵ دایە
ڕیشەی قووڵ تر لە دڵ دایە

***

## بت

١٩٧١/١/٢٦

لەبەر چاوم گڕێ دیاربوو... گڕی سوور
لە ڕێما بوو وەکو ئاسۆیەکی دوور
بەدیم کرد و بەرەو ڕووی چووم لە شەودا

دڵی بەردام لە گێژاوی گرەودا
لەبەر ڕووناکی ئەو شوعلە شتم دی
چەمی لێخن، دەمی بۆگەن، بتم دی
لەناو کۆچا سپی و دێزم بەدی کرد
تەوژمی گڕ لەناکاوا بڕی کرد
بتم بینی دەسی خستبوە ناو بار
بەسەر بارا خپی دابوو، وەکو مار
بەدەم جوێنی ئەدا و ئەیوت کوڕینە
ببیسن لێم دەسی دز بۆ بڕینە
بتم بینی لە پەرتوک و لە دێڕا
یەخی بەستووی بەدوای خۆیا ئەگێڕا
بتم بینی لە باوەڕدا وەکو دز
لەشی مت دابوو چاوانی گڕ و بز
بتم بینی لەناو کێش و لەمەن دا
لەسەر لێوی وشەی پیری پەسەندا
بتم بینی لەناو چاوا چەقی بوو،
لەناو باوا دەمی بەرگ و پەلاسا
لە کوپەی کۆنی بۆ ترشاوی باسا
بتم بینی لە هەڵبەست و وتارا
لە پیتی زبری بەیداخ و شیعارا
***
ئەوا هاتوومە هاوار و ئەڵێم... هۆ
ئەرێ کاروان لەگەڵ تۆمە لەگەڵ تۆ
ئەبێ لابەی قسەی چڵکن لە گوێتا
ئەبێ رادەی چەمی لیخن لە ڕیتا
دەمی بۆگەن بە(بەرد) پڕکە مەترسە
لە کاوێژ و لە بەڵگەی هیچ مەپرسە
بە (بەرد) بشکێنە گۆبلاک و دەمی بت
بت و بت خوا هەمان چەشنن کوتومت
ژیان بۆ بت پەرست نابێ کەسینە...
وەرن داخی هەمووی دەرکەین لە سینە
***



## داری قەرەداخ

١٩٦٦

داری قەرەداخ گەڵا گەڵایە
هاواری لە دەس دەرد و بەڵایە
کۆترە گاویلکە هێلانە وێران
وەکو بەراوی دوور لە ئاولەێران
چۆلەکەی گەرمیان کە چوو بۆ کوێستان
بۆ لە شەوڕەوا لێرە نەوێستان؟!
سوێسکەی ڕووتەن و سوورکە نەماوە
شۆڕەبی گوێ چەم لۆژی داداوە
وەردی خۆشکراو ماڵە دراوە...
بۆ شەستە نەدرا بێ شەتڵ و ئاوە؟!
دووکانە شەتڵی توتنی پڕ خار...
بووە بەژاژ و قەڕەم و بژار
سەربانی مزگەوت بێ بانگ و سەڵا
تەپیوە وەکو پێ چاڵی جۆڵا
قاسپە قاسپی کەو دەمەو بەیانی
کەوتە بەر جامی جەمی کەیانی
قۆپچەی سوور و ئاڵ وا ڕەش کراوە
سەرپۆش و هەوری هەمووی دڕاوە
لە شمشاڵی شوان سۆزە بڕاوە
پاکژ و نزار هەمووی سووتاوە
گوڵە گەندمی پڕدان وەریوە
ترس لە دەمی داس وشەی بڕیوە
بزەی سەر لێوی ساوا هەڵوەری
وەک گەڵای ڕەز و باخی بێ بەری
نەشەو هەڵپەڕکێ نەقریوەی عیو عیو
ئاوایی خامۆش وەک ئاشی تەپیو
***
ئاخۆ ئەم وەرزە بەهار هاتەوە
(دێوانە) هەروا چەم ئەشواتەوە؟!

دەمی جۆگەلەی بنەوان رووخاو
چاوەڕوان ئەبێ تا تێی بزێ ئاو ؟!
مەڕی لە قۆپی هەر تەریو ئەبێ
سەرچاوەکانی، ڕوو لە شیو ئەبێ ؟!
بایەقوشی ڕەش هەروا ئەخوێنی
لەسەر کەلاوە پەپوو ئەدوێنێ ؟!
شۆخی (سەرچاوە) دەمەو بەیانی...
گۆزەیەک نابات بۆ –هەزارکانی– ؟!
***

## شیوەنی جوانەمەرگمان (جمال)ی حاجی شێخ کریمی قەرەداخی

مانگی پێنج/ ١٩٧٠

خامە فرمێسک ئەڕێژێ حەرفم برا ڕۆیەتی
هەست و هەناو و چاوم... (جمال)شینی تۆیەتی
لەناخی جەرگ و دڵما مەرگت کسپەی خستەوە
لە فرمێسکی بەقوڵپەم جۆگەلەم هەڵبەستەوە
بەدەست ئەڵێم بنووسێ هەڵبەست لە ڕاگوزەرتا
کەچی پێم ئەڵێ ئەی تۆ کێ قوڕ بکات بەسەرتا ؟!
برام ئەی شۆخی نەوجوان جوانەمەرگی کوتوپڕ
کەوتیتە بەر بروسکەی ڕەشی مەرگی زۆر بەگوڕ
هێشتا تامی خەوی خۆش لەسەر لێوت بزەی بوو
هێشتا ڕازی ئاواتت تافی گەرمیی وزەی بوو
هێشتا قسەی بەنازی خوشک و براو پێکەنین
وەکو مژدەیەکی خۆش لە دڵتا هەڵ ئەپەڕین
کاتێ لەشی بێ گیانت گەڕایەوەماڵەوە
بە ئاواتی شکاو و خوێنی گەش و ئاڵەوە
شیوەن و کۆلیلمە بۆ گوڵی کەم بەهارت
بۆ ئەو کەژاوە ئاڵەی گەیشتە سەر مەزارت
دە بۆچی دێوی مەرگی ڕەش چۆڕی بڕی لە کانیت
هێشتا بەتامی ئۆخەی لێوت پاراو نەبووبوو
تا بەکۆڕی شین و ڕۆ نرخێ بدەین زوو بەزوو



لە سینەما خەم و سوێ دڵم ئەدەن بەداخا
تەمی هەناسەی سەختم وا وێڵ ئەکەن بەشاخا
بەسوێی دڵی دایک و شیوەنی خوشک و برا
ئا بەو تارا گوڵ گوڵەی بەسەر بێشکەتا درا
هەتا سەر ئەنێمەوە ئەی جوانەمەرگی هەژار
بۆ کۆچی ناوەختی تۆ شیوەن ئەکەم بەڕەفتار
***

## خۆشم ئەوێیت

١٩٦٩

ئەزانی چەندم خـــۆش ئەوێیت گـــیـــانە
بۆ نەت ناسیـوم؟
خـــــــــۆشـــــــــەویـتـی تـۆ ڕازی ژیـانـە
پێیان بەخشیوم
ئیــتــر لەو ســاوە کــات لە کــات جــوانتــر
ئەچێــتـــە ناخم
ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش تۆ خـــان و مـــانتـــر
دێیـــتـــەوە باخم
گـــزنگی ڕۆژی خـــۆشـــەویســـتـــیـــە
چاوم ئـەی بینـێ
شنەی شـــەتاوی ڕوونی هەســـتـــیـــتـــە
گـیـان ئەبزوێنی
ئاســـــمــــــان شین و خـــەندەی بـەیانم
بۆیە خـۆش ئەوێ
مـــــــژدەی تـۆ ئـەدەن کـــــــاتێ ئـەزانم
ڕووت دەرئەکەوێ
کـــە چاوم هەرگــــیــــز پەپوولەی گـــوڵە
ئـیـلهـــامی تۆیە
کـــە دەســـــتم دایم لەســـەرگـــوێ دڵە
پـەیـامـی تـۆیـە
ئـەبـیـنـی لـەنـاو گــــــێــــــژی ژیـانـا

هەر پەل ئەهاوم
لەبەردەم هەموو دەرد و زیانا
کپ نەبوو چاوم
لە خۆشی تۆیە بەهەموو هەستێ
بەهیوای مانم
ئەگەر من نەبم کێ بت پەرستێ
وەک خۆم ئەزانم
لە چاوما هیوای، لە دڵما ڕازی
لە دەمما شەکر
لەسەر لێویشم بەستەی بەنازی
لە چەشنی خۆشتر
لەسەرما هۆش و هۆنراوەی جوانی
جیهانی خەیاڵ
لە گوێما سۆزی لایەی شەوانی
گریکەی مناڵ
خۆشەویستی تۆ چەند لە دڵمایە
هەروەها بەدەم
ئاسمان و ئەرزیش لە کێشی نایە
بەمەرگت قەسەم
بۆ خۆشم ویستی هەر بەسەرینیم؟
بەکام تەمایە؟
کە دەرگای دڵم کردەوە بینم
شێوەتی تیایە

***

## جووجەڵە

بۆ منداڵان

١٩٦٩/١٠/٢٨

جووجە جووجە خەپەتۆڵە
دانم بۆ هێنای... پرپۆڵە
بۆم ڕۆ کردووی لەو سەرخۆڵە



ئای کە زۆرە ئای کەمۆڵە!
چینەی بکە هەڵی کۆڵە
جووجە، جووجە، خەپەتۆڵە
جووجە جووجەڵە خرپنە
وەرە ئەودانە هەڵچنە
کاتی یاری و قونەقونە
وەک ئەم بەبە جوانەی منە
خۆت بنوێنە تۆش بەشنە
جووجە جووجەڵە خرپنە
جووجە جووجەڵە خنجیلە
خڕو خەپان و نەشمیلە
ترست نەبێ ئەی وردیلە
پەنجەی بچێتە کلیلە
چاوی کوێرە ئەو پشیلە
جووجە جووجەڵە خنجیلە
جووجە زیتەڵە و بزێوە
بەباز بازێن بێ بەڕێوە
منیش نزام لەسەر لێوە
ئەوانەی چنگیان وا پێوە
هیچیان نەمێنن بەپێوە
جووجە زیتەڵە و بزێوە

***

## ئەتهێنمەوە

١٩٦٩

ئەتهێنمەوە
بەنیم نیگایەکی گەشم
ئەتکەم بەنوێنی ئارامی گەرمی لەشم
نابێ خۆتت لێ بگۆڕێ
چۆنم بۆییت ئەبێ وابی

که بووم بەگەرداوی تووڕە
ئەبێ لەڕێگەما دابی
چۆنم ویستیت ئەبێ وابی
ویستم هەڵ بێبیت ئەبێ هەڵ بێبیت
که نەمویستی زوو ئاوابی
ئەتهەژێنم
چۆن ڕەشەبا
پەڵەی گەنم لەپێ دەشتا
دێنێ و دەبا
ئەتسووتێنم لەپێ تا سەر
چۆن بای شەماڵ نێڵەی ئاگر ئەداتەبەر
ئەتتۆرێنم
بەیەک تیلەی ڕقی چاوم
لە ڕووت نەبێیت بڵێی خەڵکە
دڵ شکاوم

## گۆرانی

١٩٦٩

ئێسک سووکی تازە تەمەن
بۆم هەڵبدە جووتێ کەمەن
کەمەنی قژ، کەمەنی چاو
هەموو گیانمی پێ بگرە داو
لەپێش دەمتا وەک بت پەرست
ڕام وەستێنە
باخی شیعرم بەدەستی ناز
ڕام وەشێنە
حەرف و بەستەم وەکو ئاونگ
بەسەر کۆشتا با هەڵوەرێ
ئاورێکم پێ ببەخشە
کاتێ وەک ڕۆژ دێیتە دەرێ



هەر حەرفی گوڵ هەر حەرفی سۆز
دیاریمە پیرۆزت بێ
هەموو دنیا بەهارێک بێ
ئەو بەهارەش نەورۆزت بێ

***

## لە وێنەت کوانێ
### بۆ گۆرانی

١٩٦٩/٥/٣

دەسا کێ وەک تۆ بەهاری جوانە
لە وێنەت کوانێ؟!
ناوە خۆشەکەت نەغمەی دوانە کێ بێ نەزانێ
ڕوومەت گوڵاڵە
خونچە و هەڵاڵە
بەژن و باڵاکەت لەنجە و لارەکەت
هێناوێتە فەڕ هەموو شارەکەت
لە وێنەت کوانێ؟!
کێ بێ نەزانێ
ئای کە جوانی تۆ
خان و مانی تۆ
گوڵی بەهاری بەربەیانی تۆ
لە وێنەت کوانێ
نییە و نەش بووە، خوداش ئەزانێ
گوڵاوی لێوت مەیی بەهەشتە
پەیکەرت جوانی هەموو سروشتە
توخوا دڵوپێ بۆ لێوی وشکم
ئەبووژێمەوە
بۆچی بەهارم بێ بارانی بێ
بۆ بشکێمەوە؟
لە نیگاری تۆ پێکم پڕبووە

لە نێو نێگای تۆ گیانیشم مەستە
یازوخ نییە بۆت تۆ و خۆت و هەر خۆت
نەیدەیتە دەستم ئەو پەنجە و دەستە
لە وێنەت کوانێ
وێنەت لە کوێیە لەلای چ جوانێ؟
لە گۆمی شینی چاوانی مەستت
نیگایە ئەکەم
بەئاواتی خۆم، بەهیوای هەستت
بگاتە باخت
باخی مەی و بەی
هیواشم زۆرە ناکامم نەکەی
گوڵ بۆ گوڵ پەرست مەی بۆ مەی خۆرە
نازەنین توخوا سروشت مەگۆڕە
لە وێنەت نییە تاقانەی جوانیی
تریفەی کانی سروەی بەیانی

## ئەم شەقامە

بەغدا- ١٩٦٨/٤/٨

ئەم شەقامە،
پڕ لە سامە،
لە گشت لاوە
بەسەرگیانی ڕووناکیا
سێبەری سارد بۆی کشاوە
ئەم بەرەو بەر
لا دیواری...
سەد کەلاوەی تێ ترشاوە
لیتە و زەلکاو و بۆگەنە
بێ بووارە
مێش و مەگەز
لەسەردەمی پوورەی داوە



گزنگی ڕۆژ ڕووی تێ بکا
پەلکی زێڕینی پیس ئەکا
درەخت و دار
گوڵ و بەهار
هەرچی بۆنی خۆشی لێ بێ
بەکفرە کونێ سیس ئەکا
***
چەند کاروانی تیا چەقیوە
قۆناخێکی لێ نەبڕیوە
لەسەر هەموو کۆڵانێکیا
دێڵە شڕێ ڕەق وەستاوە
خۆی بەرداوە
لەش ئەفرۆشێ
بەهەر کەسێ
پێکی ڕەشی پەشیمانی
لەسەر لێوی ئەو بنۆشێ
دەستی ئەگرێ بەرە و ماڵی
لە شەرم و لە چرا خاڵی
بەماچی سارد ئەی برژێنێ
پێکی هیوا بیری ڕوونی
پێ ئەڕژێنی
***
خانووی هەموو ڕوەو شەوە
گۆڕی هۆشە
ئاشی خەوە
پڕ لە کوپەی تاڵ و ژاڵە
جێگە بووسەی خێو و هاڵە
«بلالی تیا ئەخنکێنن
ئینجیلی تیا ئەسووتێنن
دەرحەق بە(مریەمی) ڕووسوور

هەزار ناحەق ئەدرکێن
لە کاسەی مێشکی عیسادا
پێک هەڵ ئەدەن
ئەگەر چاو ساغێکیش بڕوا
دەم و چاوی بەر پەڵ ئەدەن
دێنە سەری
بەپێکەنین
ئەی پێچنەوە بەکفنی شین
لەناو مۆڵگەی گۆڕستانا
ئەی نێنە چاڵ
سەری بەشووشەی سەوز و سوور
ئەنێنەوە وەکو مناڵ

***

ئەم شەقامە
پڕ لە سامە
ئەمپەڕی وا!
ئەی ئەوپەڕی لە کوێیە؟
کوا؟!
بۆ بیر ئەخوا؟!
بۆ ڕۆژ ئەخوا؟!

***

لە کام ڕۆژا!؟
لە کام ساڵا!؟
دەنگی ئێمە ئەگاتە خوا
ئەم شەقامەی پاک پێ بشوا!
گزنگ بدا لە ئەم سەری
لە ئەو سەری
هەتاو بدا لە ئەم بەری
لە ئەو بەری
پەچە لەسەر ڕووی دێڵەشڕ



فڕێ بدا ونجڕ ونجڕ
ڕێ دەربکەین
ڕاوێژ بکەین
ئیتر بەس خۆزگەی خۆڕایی
کتێبی کۆن
دەنگی دەهۆڵ
کاوێژ بکەین
هەرچی بتێ دانراوە
پاژنەی لەسەر دڵ و چاوە
فڕێی بدەینە ئەولاوە

***

ئەم شەقامە– جۆماڵ بکەین
بۆ ئەم کامە:
هەر لایەکی جیهانێ بێ
هەر ساتێکی ژیانێ بێ
چاوگەی خەبات
بداتە دەست
نگێن و هات

***

## شاری کپ

١٩٦٦/٣/١٤

شاری نیوە خاپوور
شەوە
تاریک، نوتک...
خنکاوی ناو دەریای خەوە
خەوێ: نیوە مردنێکە
گیان لە ئاوات کردنێکە
خەوی کفتیی گەرمەشینە
سزا و ئازار و برینە

تەلیسمی دێوە – جادووە
قورس و ڕشە
هەورێکی چڵکن و تاڵە
لیتە و هەشە
بەستەڵەک و سەرما و تۆفە
پڕ لە تاپۆی بیم و خۆفە

***

عیسا هێشتا هەڵواسراوە
چاوی گەشی
بەخۆڵی گۆڕستانەکان
پڕکراوە!
لەبەر پێیدا
پەڕەی ئینجیل
سوتێنراوە
دەستی ڕاستی داهێنراوە
سنگی پڕ لە ڕاز و خەمی
ئەم دیوە و دیو
کونکراوە
مارشی ڕەوی چەتەووڵە
بۆقێی مەرگی زۆر بەکوڵە
چەتەووڵی ڕۆمای چاو سوور
پێ لە پۆستاڵی قورس دڕ
سەرخۆش و
جانەوەری چاو زەرد و مۆڕ
کەپو بەرزی
نێوچاوان شۆڕ
دەڕۆن و دێن
کەس نازانێ
کێ و کوڕی کێن
ئەڕواننە باڵای ماتی
دڵی شکاو و هەپرووونی



جامی ڕژاوی ئاواتی
هەڵی ئەدەن پێکی تۆڵە
بۆ ئەو چاوە پڕ لە خۆڵە

***

ئەو دزانەی واشە بەیخوون
لە سۆزانی بێ باری بوون
دایان بەسەر شارا بەتاو
شاری دەرگا ئاوازکراو
هێشتا هەروان لە بەر دەرگا
لەناو هەمان چەک و بەرگا
نەخشەی شەقامی تێک ئەدەن
چەپ و ڕاستیشی لێک ئەدەن
بەپەڵ چرای ڕێ ئەشکێنن
ئاواتێکیش نۆش کرابێ
لە قووڵایی دەروونیشا
پەیتا پەیتا ئەی ڕژێنن

***

کونەبەبوو– هەر ئەقرێنێ
بەسەر دیواری لاشەوە
بەری داری ژیان و گوڵ
ئەوەرێنێ...
بۆ سەگ و گورک
بۆ گیرفان و بۆ لەوس و ورگ
بۆ تاریکی بۆ کەلاوە
بۆ بوێژ و دەهۆڵ کوتی
هەڵپەرکێی ئەم پەند و باوە

***

عیسا...
سا تۆ کەی هەڵ ئەسی!...
لە زەنگ بدەی
شاری کپم بۆ دەنگ بدەی!

زڵە بخەیتە گشت لایە
لە هەر کوێیە کە ئەی بینی
پزیسکی ئاگری تیایە
گەرمی بدەی بەدڵی خاک
بەستەڵەکی پێ بشکێنی
فرمێسکی بەستووی ناو چاومان
بوەرێنێ
دەنگی کپ کەی – کوندەبەبوو
وەک چیرۆکی هەبوو نەبوو
چەتەوڵی ڕۆما مۆڵدەی
لووتی بەرزیشی بشکێنی
داخی گوڵی هەڵوەریوی
پێ بڕژێنی
جا سەرلەنوێ
گوڵ ئاو بدەین
بەسواری ئەسپی پرمەدار
لە مەیدانا...
چۆن تاوبدەین!

***

## دێوڕەشی لاڵ

١٩٦٨/٦/٢

لە جەنگەڵی مەرگ و شەوا
بەسەر چالاوی بۆگەنا... دێوڕەشی لاڵ
هەوری ڕەشی زوخاوی ڕق،
بەرەو چیای بەهاری بیر،
بەرەو ڕەزی خەیاڵی ژیر... ئەبا بەپاڵ
ئەگرمێنێ بەپەند و باو
پزیسکی ڕەش ئەدا لە چاو
خۆی گێژ ئەکا
زوڕناژەنێ بەنگ ڕێژ ئەکا



دوو سێ بەزمێ کاوێژ ئەکا
ئاغام بەڵێ دەس ئەگرن
لەسەر چوار پەل هەڵ ئەقونن
بەئاواتی بارانی ڕەش
بەبار خۆزگە هەڵ ئەچنن
بەرەو تەشتی نانی گەرم
چۆپی ئەبەن بەهەڵ قونین
بەدوای خۆیانا جۆگەیەک
لە لیکاوی دەمی برسی
لە فرمێسکی چاوی برین
بەکێش ئەکەن گوێ بدەنە
سۆزەی بەسۆزی گەرمە شین
ئەیکەن بەگۆبەن و باوێ
سەگ خاوەنی خۆی ناناسێ
پێک هەڵ ئەدەن لە کوپەڵەی
ترشەڵۆکی هەموو باسێ
لە سێبەری سەری دێوا...
بەکاسەی سەر
ئەخۆنەوە جواناوی بیر
ئەیکرۆژن دەست و قەڵەم
داخی ئەکەن زمانی ژیر
لە خۆڵی ڕێگای دێوی ڕەش
سەد گوێرەکە دروست ئەکەن... ئەی پەرستن
بەویشەوە ڕاناوەستن
چەقۆی زمان هەڵ ئەکێشن...
بۆ هەر کەسێ کورنووش نەبا
هەزار بەیتی پیا ئەبێژن
لە میانی (مەم و زینا)
بەبار دڕک و داڵ ئەنێژن

***

ئەی دێوی لاڵ
ئەی دەست و پێ
وەک ئەبیسم...
بازووی (ئەحمەد) لە تەلیسم
دێتە دەرێ
هەر ساتێ بێ
***

## گۆرانی هۆنەر

بەغدا- ١٩٦٧/١١/١٤

منی هۆنەر...
بەسۆز و کوڵ
وا گۆرانی ئەڵێم بەدڵ
کام گۆرانی؟
گۆرانی گوڵ
بێ گت وەکو خورەی کانی
وەکو سۆزەی لای بەیانی...
بەسەر چڵا
بەسەر گەڵای دەم لە گوڵا
بکشێ دڵی نەخورپێنێ
ئاونگ لەسەر لێوی چرۆ
نە پرژێنێ...
بدا لە باخ
لە پێ دەشت و بناری شاخ
بگاتە کاو بشکێتەوە
وەک تەلی تار بزرێتەوە
وەکو گزنگ
وەکو دڵۆپی دەمی گوڵ
بوخرێتەوە
چاوی وێنە تیا قەتیس ماو



چاوی رووناکی تیا پرواو
بشواتەوە
قوفڵی گڵینەی واق و وڕ
بکاتەوە
دڵی خەمبار
دڵی زامار
زاماری تیر
تیری بەدکار
بداتەوە
گەنجینەی ڕاز،
هیوا و تاسە
ژیان و ژین
بێ ترس و بیم
بکاتەوە
خامەی شکاو بگرێتەوە
دەستی بەسراو
بەئاوازی پڕ نازی ئەو
بکرێتەوە
زمانی لاڵ
بێ گروگاڵ
سووتاو بەتامی تفت و تاڵ
بێتە وتن:
وەک بولبولی بەهاری جوان
کە گوڵزاران بکا بەخوان
ئالای گوڵ ڕەنگ
بێ شنە و دەنگ
لەسەر کێوی خەبات و جەنگ
بکەوێتە قاقای بەکوڵ
بیسرێتەوە
زوخاوی دڵ

لەگەڵ قاسپەی کەوا بەجووت
بەرزبنەوە تا کەشکەلان
هەتاوەکو پەیامی خوا
ئەگاتە گوێی هەموو گەلان...
گۆرانی کورد و کوردستان
چەپکە گوڵی دیارییە
بۆ ئازادی
بۆ سەربەستان

***

## سۆزێ بۆ زەردیاوا

نیسان - ١٩٥٦

یاڵی - گومەزی - و گۆڕستانی دێ
بۆنی کەلاوەی تێک ترشاوە دێ
ڕوانیم بەرەو دێ وام زانی ژیان
لە پێستی لە ڕیا تێیدا ماوە گیان
کەچی - زەردیاوا - کاولە و وێران
بێ باخ و پەرژین وەک چاوی کوێران
بەسەر دیواردا دیوار ڕماوە
وەک قەلاچۆگەی سپای شکاوە
خانووی سەرەو ژێر سینە دادڕاو
ئێق ئەداتەوە لە پەردووی سووتاو
دێڕاوی تووتن پڕ لە بژارە
(هەزار کانی)یان بێ بەرخ و کارە
پەرستگای خوای سەرەو ژێر کراو
سەری ناوەتە ناو ڕیخ و قوڕاو
ڕەشاد هەڵ ئەدا لەژێر بەلادا
بەرووی ئاسمان و خوتبە و سەلادا
کام خانووی بەرز و گەردن کولابوو
دەمی وەک مردوو لەناو گلابوو



وەک پیاوی تینو و خێرا تەکان بێ
ڕووکاتە چەمێ کەچی وشکان بێ
تاسێک بەسەرما هاتو تێپەڕی
بەپێڵووی چاوم فرمێسکم سڕی
کەی ئێمە نەوەی ئەم خاک و ئاوەین
پشتێن پچڕاو و قۆپچە کراوەین
چاومان بووەتە ڕەفەی خوڵەمێش
پێمان لە دوایە و دەمان وا لەپێش
بووینەتە پەپووی کەلاوە ئاشنا
شەو دروست ئەکەین بەرۆژی ڕۆشنا
زەردیاوای خامۆش ڕەنگ ڕەش هەڵگەڕاو
مەمک پڕ ئاو و ئاو لە لێو بڕاو
دەست نوێژی پاکمان دەستی دێڵە شڕ
شکانی نوێژمان نە پاکە و نە خڕ
بۆیە شای پەپوو شاباڵی ڕەشی
داهێشت بەسەرتاو تۆش بووی بەبەشی
دارێکی گەورەی هەزار ڕەگ هەبوو
ئەوی نەی دیبێ ئەڵێ وا نەبوو
چەند ئەیان سووتان، چەند ئەیان بڕی
یا چوار دەورەیان بەپاچ هەڵ ئەدرێ
کە بەهار ئەهات بەکوێرایی چاو
چرۆی ئەخستە سەرپەڵ بۆ هەتاو

***

## لەژێر دووشا

١٩٦٥

هەناسەم لێ بڕاو چاوم خەریک بوو بێتە دەر بفڕێ
دڵیشم کەوتە لێدانی وەها ناخی دەروون بدڕێ
کە دەستی برد بەرەو دوگمەی بلووز و وازی کرد باخی
مەل و لانە و دەس و سینی و مەی و ئاوات و پەرداخی

لەبیرم چوو تەماشاکەم کە دەستی برد بەرەو خوارتر
کە دایمالّی تەنوورەی تەنگ، بەلاّم قەی ناکا ئەو چاتر
ئەگەر تاس و وڕی پێشوو دڵ و چاوی نەبەستایەم
بەبینینی لەژێر دووشا ئەبوو یەکسەر بخنکایەم
لەژێر دووشایە وەستاوە ئەلّێی تاڤگەی چەمی ڕوونە
بلووری پڕ لە یاقووتە کەناری زیو و ئالّتوونە
قژی خاوی بەسەر لەشیا دلّۆپی ورد ئەبارێنێ
وەکو بای وەشت نمەی بارانی ژێر داران بتارێنێ
وەکو ڕووی ئاو نەسیم لێیدا لەشی وا کرژ و هێلّ هێلّە
بەپرژی ساردی ئاوی ڕوون بەسەر لەشیا کە دێ وێلّە
دلّۆپی ئاوە ملوانکەی لە دەوری گەردن و شانی
وەکو گەردانەیە چین چین لە ئاسۆی سینگی تابانی
لە پەنجەی پێی هەتا زولّفی بەڕووتی دیارە وەستاوە
ئەلّێی سەروە لە دوای باران گزنگی ڕۆژی لێداوە
پلوسکی ئاوی سینە و مەم بەرەو خوارتر ئەوا ئەپژێ
وەکو تاڤگە بەسەر تەختی قەدیفە ومەخمەلا ئەڕژێ
لەسەر شانی خپی داوە لقی پەلکی کپ و ماتی
لە جیاتی من ئەویش ئەگری لەداخی ساتی بێ هاتی
ئەگەر ڕێمان بدەن هەردوو هەتا سایەی کەمەر ئەکشێین
لەبن ڕانیا وەکو شۆکە بەسەر مێرگی گەشا ئەڕژێین

***

## مریشکی سوورەوە کراو

١٩٦٥

ئەی مریشکی سوورۆ کراو
لەسەر ڕێگا نیشان دراو
بەیانی سلاّو... نیوەڕۆ سلاّو
شەوێ نزیکی نیوەشەو
هەزار دۆعا و هەزار سەلاّو
ئەی ملهمی خەیالّی خۆش



ڕەونەقی سەر تەختی پلاّو
کە ئەتبینم بەشیشەوە
ئالّ ئالّ و سوور سوور هەلّگەڕاو
هەنگاوم هەلّنایەتەوە
دەمم پڕی ئەبێ لە ئاو
برژاوبێ یا سوورۆکراو
لەسەر چێشتیش هەزار سەلاّو
سێ ژەمەی کاتی برسیەتی
کە ئەگەمە عاستت بەتاو
موچڕکێ وا دێ بەلەشما
ئەمە نەمامی گوێ شەتاو
خۆمم لەبیر ئەچێتەوە
کار و فرمان شۆرەت و ناو
دلّم دێتە هەلّقونێنێ
وەکو مریشکی سەر بڕاو
نەوسم ئەڕژێتە ناو چاوم
بەشەپۆلی دوعا و سەلاّو
بلّێی ڕۆژی خوا وا بکا
تۆم دەسکەوێ مۆر و تەواو
وەک ڕوومەتی کچی نەودەم
سورۆکراوبی یا کولاّو
ولّمەی ڕانت بەلێو بگرم
هەلّتمژم وەکو گولاّو
ئیتر هەتا گیانم تیابێ
دەمی من و دۆعا و سەلاّو
خۆزگە گیرفانم پڕ ئەبوو
لە بەنکەنۆت و لە دراو
هەموو ڕۆژێ سێ چوار کەڕەت
یا هیچ نەبوایە ناو بەناو
تێر خوتوکەی ڕان و سنگم–

ئەدایت... بەلێو بەدەم بەچاو
تا منالّی گڕۆزی نەوس
خپی ئەکرد خەوێکی خاو
ئینجا منیش شەو تا بەیان
بۆم ئەناردی دوعا و سەڵاو

***

## چپەی یاد

١٩٦٤/٣/٢٩

ئەی پەروەردەی خۆشەویستیم
یاری جوانم
ئەی ئەو گولّەی باخی هەستیم
خۆم ڕوانم
بنجت لەناو ناخی دلّما
داکوتاوە
تەرزت لەگەلّ لق و پەلما
تێکەڵاوە
نمەی بارانی ئەسرینم
شەواوە بۆت
گزنگی چاوی تۆبینم
هەتاوە بۆت
چپە و سروەی هەناسەمە
لەگەلّ هیوام
سۆزی گیانی پڕ تاسەمە
ئەی نەونەمام
خونچەی لێوی تەڕ و ئالّت
ئەبزوێنن
قژی لوول و دەق و کالّت
ئەشێوێنن
فریشتەی دلّمە بێدارە



لە دەرگاتا
وەکو ئێشکچی خەمخوارە
لە هەر ساتا
هاقووی کۆتری دلّداریمە
بەرۆژ و شەو
قولّپەی گریان و زاریمە
ئەتکاتە خەو
پەروانەی مۆمی جوانیتە
پەپوولەی گیان
شێتی بزەی بەیانیتە
پەریی ژیان
وەک ڕۆژ پەرست دوور وەستاوم
دەستە و نەزەر
بڕیومەتە بالّات چاوم
لەپێ تا سەر
ئەلّێم تاڤگەی بەر هەتاوی
بەپرشە پرش
ئەلّێم مرواری بن ئاوی
بەورشە ورش
ئەلّێم زەردەخەنەی ساوای
زۆر خەپانی
ئاواتی بەرچاوی زاوای
چاوەڕوانی
ئەلّێم ئاونگی ڕووی گولّی
کە ناو بەناو
ئەتکێتە سەر لێو و دلّی
تیشکی هەتاو
ئەلّێم کوێستانی خالّ خالّی
ئێوارانی
ئەلّێم بەرخۆلّەی لاپالّی

بەهارانی
ئەڵێم تۆ پەلکە زێڕینەی
دوای بارانی
ئەڵێم تۆ سینەی بێ کینەی
هەژارانی
ئەڵێم ئاوازی دڵگیری
دەنگخۆشانی
ئەڵێم چاوگەی هۆش و بیری
تێکوشانی
جوانی سروشت پێکێ مەی بوو
تۆ نۆشت کرد
چرای ژیان شەوقی کەی بوو
تۆ خۆشت کرد
ئەی پەروەردەی خۆشەویستم
یاری جوانم
ئەی ئەو گوڵەی باخی هەستیم
خۆم ڕووانم
گوێ شلکە بۆ ئاوازی دڵ
ئەو بێ نازە
وەک بولبولی شێتی سەرچڵ
لانەوازە
بێ ئۆقرەیە بێ ئارامە
شێت و وێتە
چاوەڕوانێکی سەرسامە
چاوی لێتە
بەیەک بزەت لە هەر ساتا
یا دوو چپە
لەناو هێلانەی ئاواتا
دەرسات خپە

***



سەلمان ١٩٦٤

کەسم سوێندم بەخەمباریت، بەناوت
بەدڵ سۆزیت، بەرووی مەنگت، بەچاوت(١)
کە کفنی خۆم دڕی لەم گۆڕە تارە
کە ڕزگار بووم لەژێر ئەم دار و بارە
بەیانێک ڕۆژی ئازادی لە ئاسۆ
گزنگی دا لە تاریکی کەژوکۆ
بەکوێرایی خەم و دووری و هەژاری
دڵی باوەڕ بەتینم وەک دیاری...
بەتۆی پێشکەش ئەکەم ئەو ساتە جوانە
گوڵی هەوڵ و وەفا و وڕک و ژیانە

***

## وەرگیراو

بەرەو مانگی شەوی ڕووناک هەموو شەو
ئەگەر دیقەت بکەی هەرسات لە ڕووی ئەو
ئەبینی چاوی پڕ سۆزم بەوێیەوە
کە بۆ بینینی دیدارت پەشێوە!

***

## لافی مەرد

١٩٦٢/١١/١٤

مەرایی دێو سپیش ناکەم لە هەر چیش حەقە لا نادەم
لە ڕێی ڕاستیش بە کەر پیاوێ مەحاڵە نوختەیەک لادەم
کە من ڕۆڵەی هەژاریی بم نەژادی ڕۆژی بەدبەختیی
دڵۆپی ئاوی ڕووخسارم بە سەد ملیۆن تەلا نادەم

***

١٩٦٠

کاتێ کە گوڵ خونچەیە دەمەو بەیانی بەهار
خەریکی پشکوتنە بەباو شنەی گەلادار

(١) پێشکەش بوو بۆ هاوبەشی ژیانم

ئەوەم دێنیتە بەرچاو یارم لە شیرین خەوا
خەونێکی خۆش ببینێ و زەردەخەنەی لەسەر زار
وەختێ گوڵی تەواوە و شەونمی لێ ئەبارێ
گزنگی ڕۆژ لێی ئەدا و بولبول ئەکات شێت و هار
ناگات بەکوڵمی یارم کە شڵپێ ئاوی کانی
گەرد ماڵی کات ڕوومەتی پەکوو لە خوای کردگار!
***

## دەوری نامەردانە

لە وەڵامی چۆک دادەرێکا

١٩٥٥/١٢/٢٥

دەوری نامەردانە مەردی کەوتە ژێر کێوی ڕماو
دەفتەری مەردان و مەردی زەرد بووە و کۆنە و دڕاو
بێرە ناو ڕیزمان بەسی بێ گێلەگێل و خاوەخاو
چییە پیاوەتی چی؟. دەم لە یەکنێ ژاوەژاو
بەسیە بەس خۆت گێژ و کەرکە، مەردی مردووی نان بڕاو
گفت و پەیمان چین و چی بوون ئەم قسانە بێ بەرن
ڕۆژی نامەردانە نامەرد عاقڵە و مەردان کەرن
خۆ ئەگەر داد و نزاشیان بۆ پەنای خواوەن بەرن
تازە واهاتوە ئەڵێی چی؟ تازووە فەرموون وەرن
بام لە ئابڕو و هەڵبدەین و بۆ سەفا هەڵدەینە تاو
کاکی مەردی تڕزل و وڕ کردەوەی جوان کەی شتە؟
هۆش و هۆشیاری و سەلاری ئەم هەموو ڕاز و وتە...
باوی کەی ماوە؟ شەرافەت هەر قسەی ڕووتە فتە
بانگی داوێن پاک نزایە، نووزەیە، بۆڵەی متە
بۆ کچێ یاخود هەتیوێ فەرموو با دەست کەین بەڕاو
مەبدەئی چیو باوەڕی چی؟ چوار دینار مووچەو خەڵات
واتە دایماڵی لە مەبدەء پاڵەوانانی وڵات!
ئەوکەسەی دوێنێ بەهووشە بۆ وەتەن ئەی کرد خەبات
وا لەقەومیەت، لە مەبدەء لائەداو تۆبەش ئەکات



دەستی تۆیان بەزاخا گێژ و وڕ سەد جار سڵاو
چەند بوێژم دی وەکو گا هەر کە ئەی بۆڕان بەتین
بابڕوخێ زۆر و زۆردار گەل ئەبێ سەربەست بژین
ئێستە وەک ماکەر ملی خۆی شۆڕ ئەکا بۆ لێپەڕین
ئەوزەمانە شێتو کەر بووم ئێستە وامن بووم بەپیاو!
کۆنە مەردم من گەلێ دی بۆ حەقی گەل ئەی نەڕان
وەختێ گەل پێویستی بەو بوو وەک سەگی دز ئەیمڕان
دوای قڕان هاتن بەرەو لاک هەر وەکو داڵاش قڕان
خوێنی گەلیان خستە گیرفان سەدسەر و جووتێ قڕان
میللەت و ئاوات و باوەڕ بوون بەقوربانی دراو
قاتی ئەمریکی لەبەرکە سەمتی سمتت هەڵپەڕێ
خوشکی مەرد تەنگبێ تەنوورەت با (...) باش دەرپەڕێ
خوێن لەسەر سینگت بڕێژین نەک لەسەر دوو گاو کەرێ
چش لە جووتیار و کرێکار چش لە سەد خوێنی ڕژاو

***

## ئەی گەل(*)

١٩٥٥/١١/٢٥

باخەوی غەفڵەت بەسیبێ ئەی گەلی مەردی عێراق
ڕۆژی یەکبوونە دەخیلە لابەرە کینە و نیفاق
أشرقت شمس النضال حان یوم الانطلاق
والی الثورة صفاً یا جیوش الانعتاق
بەسیەتی تاکەی قوبووڵتە دەرد و ئازار و سزا
کاری بێ کارانە ئەی گەل ئاخ و ناڵە یا نزا
لن تنال الحق قط بالسکوت والرضا
والی الثورة صفا یا جیوش الانعتاق
بەسیەتی دیلی و زەبوونی بەسیە ئابڕۆ نەمان
چاوەڕێی خۆزگە خواستن بەسیە وەک دایکی خەمان
فقیام منك یوما یعدل مجری الزمان
والی الثورة صفا یا جیوش الانعتاق

(*) ژمارەی بەیتەکانی ئەم هۆنراوە زۆرترن.

بەسیە وەک دەروێشو صۆفی هەر بلێیی شاهم مەدەد
نوستن و نالە بەدەرت سوودێ نابەخشن ئەبەد
لن یفید النوم الاخصمك الوغد الالد
والی الثورة صفا یا جیوش الانعتاق

دوژمنت چینێکە ئەمڕۆ چەند سەگێکن پاسەوان
خوێنی پاکی تۆی گلاو کرد بارەها چلپەی ئەوان
هب الی الثأر جریئا یوم تأتیك الأوان
والی الثورة صفاً یا جیوش الانعتاق

ئێستە هەر تۆ نیت کە قوربانی بدەی بێ لام و جیم
قۆڵی ئیستعمار و زۆردار بابدەی بێ ترس و بیم
قامت الدنیا بوجه ذلك الوحش اللئیم
والی الثورة صفا یا جیوش الانعتاق

ئەمڕۆ ڕۆژی هەوڵی سەختە چوونە ناو کۆڕی خەبات
ڕۆژی خۆ بەختکردنە بۆ میللەت و بیر و وڵات
یوم نشدان السلام والوئام والحیاة
والی الثورة صفا یا جیوش الانعتاق

ڕووبەڕووی دوژمن بەجارێ ڕاپەڕن میللەت بەگەل
پاک لە ڕیشەی بێنە زۆر و تاقمی جەردە و دەخەڵ
سروخض غور الجهاد دون خوف أوكلل
والی الثورة صفا یا جیوش الانعتاق

شۆڕشە ئاوات و هیوامان چنگ ئەخات یەکیەک هەموو
ماڵ و روح و سەر فیداکە ڕاپەڕە تۆیش زوو بەزوو
ان من یبدون رأیاً غیر رأیي قد عموا
والی الثورة صفا یا جیوش الانعتاق

***

## بەختیار(*)

١٩٥٥/٧/١٥

لەلای من کەسێک زۆر بەختیارە
زۆر کامەرانە زۆر شەرفیارە
لە ماوەی ژینا هەتا ئەمێنێ
بە کردەوەی پیس کەس نەڕەنجێنێ
لە ڕێی پێویستی گەل و وڵاتی
بەدڵ بەختی کات ماڵ و حەیاتی
کەڵکی میللەت و خەڵک و نیشتمان
پێش کەڵکی خۆخات بەدڵ و ئیمان
بەکەوچکێ دۆ و نانێکی جۆ و بەس
ڕازی بێ نەوەک سەر شۆڕکا بۆ کەس
دەست بڕو دووڕوو ڕیاباز نەبێ
لە کەوڵی بەرخا وەک بەراز نەبێ
لاشەی خەڵک نەکات بەبەردەبازی
بەسەریا بڕوا بۆ بەخت و نازی
پایەی کۆمەڵی بگاتە ئاسمان
قەت لە کەساسان نەبێ هەراسان
هەر ساتێ بوو بەمیری سەر کورسی
نەیخاتە پشتگوێ داوای سک برسی
بۆ خاوەن زێڕ و زۆر و چەک و تیر
ڕاست بەچەپ نەکا و شیر نەکا بەقیر
کە خۆی بەخۆیوە دی بەخت و شادی
بەدبەختی خەڵکی نەچێ لە یادی
پیاوی بەختیار وەک وتم وایە
بشمرێ ناوی هەر لە دڵدایە

***

(*) ئەم هۆنراوەیە بەیتەکانی لەمە زیاتر بوون.

## لەیلی لە خۆبایی(*)

١٩٥٥/٢/٢

ڕاستە وا پەرژینی جیایی لەیلەکەم تەنرایە بەین
تۆ بەمردووم نابێ دانێی گیانەکەم هێشتاکە هەین
با زەمانیش بۆم بهاوێ تیری چەنها کەین و بەین
عەیبە بایی بوون بەجارێ چاوەکەم ست میم و عەین

ڕاستە من ڕووم نایە ئێستە خۆم نیشانت دەم بەڵام
قەت ئەوەم لێ ڕامەبینە تۆم لەبیرچێ نەونەمام
ڕێزت لێ ئەگرم هەمیشە ئەتپەرستم وەک خودام
تا هەناسەم تیابێ شەرتە یادت پیرۆزبێ لەلام

داخەکەم ئێستە ئەوەی تۆ خۆشتەوێ من نیم و نیم
گفتوگۆ و پەیمانی جاران هەر خەوێکی خۆش بوو دیم
گەرچی نۆ غونچەی دەست بووم دانرام وشکم ڕزیم
ئێستە باوی دەوڵەمەندە، لاتی وەک من بۆ چ بژیم

من ئەزانم ئێستە تۆ خاوەن مەعاشی و خۆش ئەژیت
پاش دەمێکی تر بەهاوڕێی خاوەنی کۆشکێ ئەبیت
دیتنی ئەمڕۆم حەرامە لات وەکو سەودایە دیت
تۆ لە دڵما هەر ئەمێنی گەر بۆ ئاسمانیش بچیت

***

## شاعیر کێیە؟(*)

ڕۆژنامەی (ژین) ژمارە (١١٩) ١١مارت / ١٩٥٤

ئەو شاعیرەی کە ئەمڕۆ
ڕوو ڕەش نابێ و ڕەنجەڕۆ
مێژوو ناوی بەبێ تۆز
بخاتە بەرچاوی هۆز،
شاعیرێکە نیشتمان
نەدا بەکۆشک و سامان
شەخصێ خاوەن شعوربێ
لە گشت خەوشێ بەدوور بێ

(*) ئەم هۆنراوە کۆپلەکانی زیاترن.



سەر کز نەکات بۆ بەهێز
لە بێ هێز نەکات تەرێز
شیعر نەکات بەدیاری
بۆ پێکهێنانی کاری
گەر لەپەتی دەن سەری
بۆ کەس نەکات نۆکەری
لەماڵی خۆی نانێ جۆ
بخوا لەگەڵ ئاو و دۆ
بنوێ لەسەر حەسیرێک
نەبێ بەپیاوی میرێک
هەر لە دەوری چاوی کاڵ
کولم و لێوی پڕ لە خاڵ
یا شاخ و چیا و نەسرین
ئەستێرە و ئاسمانی شین
پەتی شیعری با نەدا
ڕەنجی خۆی بەپا نەدا
گورگێ نەبێ و بەپێست مەڕ
ڕیوی نەبێ و باڵ و پەڕ
بکاتە بەر بەجۆرێ
ڕەنگی ڕاستی بگۆڕێ
بۆ کەس نەکات ڕیایی
لە خۆیشی نەبێ بایی
ئەگەر لە عیلم و فەندا
یا لە جوانیی بەدەندا
تاکی سەری زەمین بێ
بێ هاوشان و سەرین بێ
خاوەن فیز و درۆزن
نەبێ هەتاکوو مردن
چرای ڕوونی ژیان بێ
زمانی بێ زیان بێ

کوشتن و دەرد و ئازار
حەپس و دووری و داروبار
بۆ سوودی گەل قبوولکا
لەعنەت لە تەخت و پوول کا
ئەگەر هات و زەروور بوو
نزیک بوو یاخود دوور بوو
فیدا بکات سەر و گیان
بۆ میللەت و نیشتمان
خۆپەرستی و بەدخوویی
کەڵک نەبوویی و دووڕوویی
هەرگیز نەیان کات بەخوو
لە حەق لا نەدا یەک موو
شیعر و وتەی هەمیشە
لە پۆپەوە تا ڕیشە
عیبارەت بێ لە باسی
دەردی گەلی کەساسی
تێکۆشان و خەباتی
بەختیاری و نەجاتی
لە ئاسۆی ڕەنج و کۆشش
کە هەڵهات ڕۆژی شۆڕش
لەگەڵ گەلا بۆ مەیدان
خۆی بهاوێ بێوچان
ئەگەر هاتو وا نەبوو
یا هەتا سەر چا نەبوو
ڕەنجی شیعری بێجایە
هەنگوینی وەک ژار وایە
میللەت بەپیس و ناپاک
لەسەر زەوی لەناو خاک
ناوی ئەبات هەموو کات
مێژوو تفی لێ ئەکات

***



## بۆ لیژنەی تەمثیل(١)

ڕۆژنامەی (ژین) ژمارە (١١٩٤) ٨ نیسان ١٩٥٤

سلاوێ لیژنەی تەمثیل سلاوێ
سلاوی گەرمی بێ نان و ئاوێ
سلاوی ڕووتێ بێ ئیشوکارێ
لانە شێواوێ، لاتێ، هەژارێ
پێشکەشی تۆبێ لەگەڵ کەسانێ
بێ گیروگرفت هەموو بەئانێ
بۆ پێک هێنانی کارت بێوچان
ئامادەن هەموو بەرۆح و بەگیان
سلاوم پێشکەش ئەو گەنجە بێ وا
دەوری موفەتیش بەڕێوە ئەبا
کەوا کرداری بەرتیل خۆرەکان
مودیر و حاکم خاوەن زۆرەکان
دەر ئەخات بۆ گەل. زۆر زۆر بەچاکی
بێ شەرم و شکۆ زۆر بەبێ باکی
بۆ گەل دەرئەخات کە چۆن ئەوانە
لە زۆر کۆنەوە تا ئەم زەمانە
هەروەکو گورگ و وەک سەگی هەوشار
کەڵبە گیر ئەکەن لە لاشەی هەژار
کە چۆن مناڵ و ناموس و خێزان
بۆ کورسی ئەدەن بەکاربەدەستان
سلاوی گەرمم پێشکەش بەولاوە
کە مەحموود بەگە و خۆی نووری ناوە(٢)
چۆن خۆی و هەردوو بەگی میوانی
بەگ ڕیسوا ئەکەن بەرێک و جوانی
کە چۆن جەنابی ئاغا و بەگ و میر

(١) ئەم هۆنراوە وەکو هاندانێک و ئافەرینێک پێشکەشم کرد بەو لیژنەی تەمثیلە لە ئامادەیی سلێمانی پێک هاتبوو ئەو ساتەش شانۆ گەرییەکی پێشکەش ئەکرد داخەکەم ناوەکەیم لە یادا نەماوە.
(٢) محمود بەگ یاخود نوری، ئەمیش یەکێک بوو لە ئەکتەرە سەرەکییەکان.

کەروێشکی میللەت ئەکەن بەنێچر
کە مەعنای شەرف لایان پارەیە
بێ پارە لایان زۆر بێ کارەیە
خوایان دینار و مبدایان مەیە
کار و کردەیان بۆ خەڵکی وەیە
کاکە -برووسکە- هەمڕازی دەردم
منیش وەکو تۆ هەناسە سەردم(٣)
بەڵام ئومێدم وایە بەم زووانە
وەکو تۆ ببمە خاوەنی لانە
وەکو تۆ بگەم بەئاواتی خۆم
ئەگەرچی ئێستە لات و ڕەنجەرۆم
لەژێر سێبەری کۆتری ئاشتیا
لەپاڵ نظامی عەدل و ڕاستیا
ببمە ڕەفیقی ئاشتیی ئاشتیخواز
بەبێ ئاخ و داخ بێ پلە و هەوراز(٤)

***

## نابەزم

ڕۆژنامەی (ژین) ژمارە (١٢١٠) ٥ / ئاب ١٩٥٤

نابەزم هەرگیز هەرچەند ڕێگاکەم
پڕ ترس و بیمە
ئەڕۆم بەبێ باک لە کەس کۆناکەم
چ باک بێ نیمە
تێلای جەندرمە و زنجیر و زیندان
هیوام نابڕن
قسەی شیرین و کاغەزی گیرفان
دینم ناکڕن
ڕووتی و هەژاری بێ ئیشوکاری
ڕیم پێ وێڵ ناکەن

(٣) (برووسکە) ناوی یەکێ لە ئەکتەرەکان بوو.
(٤) ئەم ئاشتییە ئێستە هاوسەرمە و دایکی منالەکانمە.



نۆبەی بازمە تاقمی زۆرداری
ئەبێ پشت داکەن
هیچ گوێی نادەمێ بڵێین کافری
چون لەسەر هەقم
با خۆشکا دوژمن کلپەی ئاگری
من پۆڵای ڕەقم
تاریکی زیندان لەلام زۆر خۆشە
چون دڵم ڕوونە
جارچی جاڕ ئەدا سا تێ بکۆشە
دوژمن زبوونە
نابەزم شەرتە گەر وەکو یاران
گوللە ڕێژکرێم
گەرچی بەزەبری داری زۆرداران
کاس و گێژ کرێم
لەم ڕێیەدا هیچ سەرسام مەبە
تیا بچێ گیانم
ئەی پەری هیوا بێ مەرام مەبە
من خۆم ئەزانم
خوێنی ڕێژراوی من و هەژاران
بۆ ڕێگەی نەجات
ئەیکا بەمەشخەڵ سپای هەژاران
لە ساحەی خەبات
چی وا پیرۆزە؟ کام شەرەف کام باو؟
فریشتەی مێژوو...
ناوت بەپاکی بنووسێ لەناو
پەڕەی ئابڕوو
نابەزم چونکە هەرخۆم تەنها نیم
گەلیش بێزارە
سەرخۆش و شێت و وێڵ و گومڕانیم
حەقم لێ دیارە

خۆم لە خۆمەوە وا هاوار ناکەم
برای هەمڕازم
بێ هیوا من خۆم شەرمەزار ناکەم
پیرۆزە نیازم
نیازی پیرۆزم نیازی میللەتە
نان و ئازادی
نەمانی زۆر و دەرد و مەینەتە
ئاشتییە و شادی
کەمن ڕەهنمام گەلی هۆشیاربێ
بەزین یانی چی؟!
ئەگەر ڕازی بم بەشم بێگاربێ
سا ژیانی چی؟!
ئەڕۆم کۆڵ نادەم ڕێگەم گرتووە
تا دوا کاتی ژین
ڕێم لێ وێڵ نابێ ڕێم دەرکردووە
بۆ بەخت و نگین
لەگەڵ کاوانی گەلا بێوچان
بۆ بەختیاری
ئەڕۆم نابەزم بۆ بەرزی ژیان
بۆ ڕستگاری

***

## زیارەتی ئاسانەی لەیلی دەربەدەر(*)

١٩٥٣/٥/١٠

تێپەڕیم ئەمڕۆ نزیکی ماڵی لەیلی دەربەدەر
دیم کە چۆڵە خۆم لە قوڕنا هەر لەپێ تا تەوقی سەر

بولبولی عەشقی زەبوونم وەک مونادی بانگی کرد
حەسرەتا کوانێ گوڵی من ئەی خوا أین المفر

کوا شەوی دەیجووری زوڵف و کوا نەمامی سەروی قەد
کوا شوعاعی کوڵمی ئاڵ و جەبهەیی چەشنی قەمەر

(*) ئەم هۆنراوەیش لە هۆنراوە کۆنەکانمە و ژمارەی بەیتەکانی زۆرترن.



کوانێ پەنجەی پڕ خەت و خاڵ، کوا مەمەی وەک سێوی کاڵ
کوانێ قەوس و تیری موژگان، کوا لەبی هەروەک شەکەر

کوا نموونە صنعەتی خوا و هەیکەلی حوسن و جەمال
کوانێ نەغمەی سەر کەژان و کوانێ لەنجەی ڕاگوزەر

کوانێ لەیلی دڵ ڕفێنم، کوا خەیاڵی سەر نوێنم
أین من کانت حیاتي ثم نوراً للبصر

هات نیدایێ تێگەیانم لەیلەکەتیان دا بەشوو
چوو لە دەست چوو، هەڵسە ماچ کە شوێنی لەیلت بێ خەبەر

تۆزێ خۆڵی شوێنی پای و چیلکەیەک ئیکتیحال
قسمەتم بوو لەو حەدیفەی عەشقی بێ سود و سەمەر

وەختی ئێوارە و بەیانی جەزبەیی عەشق بانگ ئەکا
أي حسيبا كن وفيا والوفاء لا تذر

***

## هەیکەلی ئیخلاص(*)

١٩٥٣/٣/٢٨

سەرم قوربانی گەنجێ بێ کە بۆ میللەت بەقوربان بێ
سەری بۆ تیری بەدخواهی وەتەن دائیم بەقەڵغان بێ
سەرم، ڕۆحم، دڵ و دینم، بەقوربانی دەماخێ بێ
بەبادەی عیشقی ئینسانی ڕەئیسی جەمعی مەستان بێ
کە ڕۆژی سەندنی حەق هات و ڕۆح و فیدایی بێت
نەترسی کوشتن و لێدان، نە ئەندێشەی لە زیندان بێ
هەزار پەیمان و کورسی بەرز، هەزاران سەفتەیی کاغەز
بەرانبەر عەشقی میللی ئەو وەکو پووشێکی بێ دان بێ

(*) ئەم هۆنراوەیشم هەر بۆ بەراورد کردنەوەی لەگەڵ قۆناغی ئەمڕۆی شیعرم دا بڵاودەکەمەوە. ژمارە بەیتەکانی زۆرترن و بۆ مێژوو ئەڵێم لە کاتی خۆیدا کە بۆ شاعیرێک لە شاعیرەکانم خوێندەوە وتی (هەموو- بێ کانی سەرەوای بەیتەکان لە کێشی گشتیی هۆنراوە کە زیادن) بەمەرجێ هەموو (ان)، سەرەواکان بزوێنی (ە) بدیتە پاڵ.

بەقوربانی ئەبم گەنجێ دڵی وەک بەحری بێ پەی بێ
لە وەختی بیم و خۆشیدا وەکو یەک پڕ لە ئیمان بێ
بەدڵ ڕەنجێ بدا بۆ گەل لە دوای ونبوونی جیسمانی
کە ناونووسی لە مێژوودا لەگەڵ ناوی شەهیدان بێ
مەبەستی هەوڵ و ڕەنجی ئەو فەقەت نەفعی عومومی بێ
بکا نەفرەت لە خۆ خواهی بەگشت مەعنایێ ئینسان بێ
ئەگەر علیم و هونەرمەندیی بکات قۆچان لەگەڵ خۆرا
لەگەڵ فەخرا قبووڵی کا کە هاوشانی کەساسان بێ
کە هات و میللەتی بانگ کرد ئەبێ گشتمان وەهاو وا بین
مەبەستی ڕەهنمایی بێ نەوەک میللەت فریب دان بێ
کە ڕۆژی شۆڕشی میللی لە ئاسۆی ڕەنج و تێکۆشین
طلوعی کرد بەبێ سستی چەی سەر شاخ و هەردان بێ
ئەگەر هاتو زەرووری بوو ببێتە کارگەری مەعمەل
موهایا بێ بەبێ کولفەت ئەگەر تاجی لەسەرشان بێ
بەکورتی هەیکەلی حوب و وەفا و ئیخلاص بێ بۆ میللەت
نەوەک چاوی لە کورسی بێ وەیا چاوی لە سامان بێ

***

١٩٥٣/٣/١٦

من کە مجنون بم ڕەفیقان، لەیل ئەبێ لەیلا نەبێ؟
عەرزی کەن توو چاوی لەیلا، لەیلێیی کەی وا ئەبێ؟
من ئەوا سووتام و برژام بۆ نیگای چاوی ڕەشی
بوخل و بێ لوتفی جەنابیشی هەتا کەی وائەبێ؟
خونچەیی داری حەیاتم وا خەریکە سیس ئەبێ
عەرزیکەن سروەی نەسیمی لوتفی کەی بەرپا ئەبێ؟
لاشەکەی خەستە و زەبوونم بوو بەکۆگای دەرد و ئێش
پێم بلێن توخوا خەزێنەی ڕەحمی ئەو کەی ڕائەبێ؟
من ئەوا عومرێکی زۆرە لێم نەبیست جارێ بەڵێ
عەرزی کەن توخوا هەتا کەی جوابی ئەو هەر نا ئەبێ؟
لێوی من تاکەی بەبار و دیمەنم وەک زەعفەران
ئەم هەتا کەی یاسەمین و هەم گوڵی ڕەعنا ئەبێ



من هەتا کەی بێ نەوابم وەک هەتیوی بێ پەدەر
ئەو هەتا کەی ڕاوکەرێکی بێ غەم و پەروا ئەبێ
من هەتا کەی هەر بناڵم شەو هەتا کاتی سەحەر
ئەو هەتا کەی بێ خەیاڵ و هەر لە جێی خەودا ئەبێ
ئەو هەتا کەی هەم نشینی مەجلیسی مەی خۆرییە
من هەتا کەی مەجلیسم هەر مەجلیسی وەی وا ئەبێ؟
من هەتا کەی چاوەڕوانی وەسڵی باڵای ئەو بکەم
ئەو هەتا کەی نووری چاوی غەیر و ئەم لاولا ئەبێ؟
من هەتا کەی بولبولێک بم شەونخوون و دەم بەزار
عەتری ئەو تاکەی هەمیشە هەر نصیبی با ئەبێ
شەرتە من هەر چەشنی خۆم بم کەم نەکا مەیلی دڵم
خۆری ئەو گەر خۆشی گوم کا، خۆری من ئاوا نەبێ

***

١٩٥٠/٣/٣٠

(*) دڵ غەمین و بێ نەوا خۆم دەردەکەم زۆر کارییە
دەردەکەم دەردی بەسۆزی دڵبەری دڵدارییە
تەن ئەوا جوانا و ئەرێژێ، دەم ئەوا زووخاوی دڵ
وا لە چاویشم بەجارێ ئەشکی خوێنین جارییە

ڕوومەتم وەک گۆشتی برژاو وشک و چرچ و ڕەش بووە
لێوە لەرزێمە کە لێوم هەوری مردن بارییە
ڕۆژ هەتاکوو بانگی شێوان، شەو هەتا کاتی سەحەر
کار و پیشەی من بەدایم ناڵە ناڵ و زارییە

دەردەکەم دەردێ خراپە جەرگ و دڵ بیمار ئەکا
خەڵکی دوور لێم ڕائەبوورن، چونکە یێژن سارییە
دەردەکەم دەرێکە، لاشەم وا بەئێش و سوێ ڕزی
سەهوە هەر کەس پێم بڵێ خۆ شێتییە یا هارییە

(*) ئەم هۆنراوەیە چەند بەیتێکم لێ پشت گوێ خست بۆ یەکیش بڵاوم کردوەتەوە تا ڕێنمایی خەڵک بکات بەرەو قۆناغی شیعر نووسینم.

وا خەریکە پاک لقوپۆی داری جوانیم شڕ ئەکا
دەردەکەی پڕ داخ و ئێشم هەر بەچەشنی هارییە
داخی دەردی دڵ بەنەوعێ ژینی لا تاڵ کردووم
یەک هەناسە ژینی تاڵ و مانەوەم بێ عارییە

دەردەکەم دەردێکە یاران دەردی عەشقی بێ ئەمەل
نەک قسەی شیرینی نالی و لەف و نەشری نارییە
هەرچی ئاخ و ئوف و ناڵە و داو و بێ دادی ئەکەم
ئەی ڕەفیق بێ سوودە چ بکەم هەر لەبەر ناچارییە

سەد حەکیم هاتن هەموویان یەک دەوایان بۆم نواند
ئەم کەسانە وەصلی یاری باشترین تیمارییە
وەصلی یاریشم مەحاڵە چون هەژار و بێ دەسم
جا کەوا ڕوو لە مەرگە دەردەکەم ئێجگارییە

مانعی وەصلی حەبیبەم دوژمنی خوێن خوارەمە
ئینسە، جننە، حوکمە، بەختە، لای خودایی بارییە
هەر کە مردم لێی بنووسن کێلی سەر گۆڕم (حەسیب
جوانەمەرگی داخی وەصڵی چاو جوانی یارییە)

***

## سڵاو بۆ یار

١٩٤٩

سڵاوێ بۆ تۆ بووکی نەوبەهار
ئەی نازک بەدەن باڵا وەک چنار
ئەی ماە جەبین و ئەبرۆ چون کەوان
نازاری بێگەرد، سالاری زەمان
بەهاری پڕ گوڵ گوڵباخی سەرچڵ
چەمەنگاهی شین قیبلەکەی بولبول
بێ عەیبی نەجیب ئەی پەنجەی شمشاڵ
پڕ خەت و خاڵ و کچۆڵەی ناوماڵ



تاقانەی باوک قیبلەگای دڵان
ئەندام وردیلەی سەرباشقەب گوڵان
درۆیە- نییە بەندەیەک بێ عەیب-
أنت برهان وما فیک ریب
بۆن خۆش و ڕووخۆش، ئارەقت مسکین
بۆخرش و دڵ دەوایە تەسکین
هاتومەتە ڕێت دەس مەیەنە ڕێم
خێری جوانیی خۆت ڕەحمێ بکە پێم
بەتیری عەشقت دڵم بیمارە
بەماچی لێوت دەردم تیمارە
ماچێ کەرەم کە لەیلی نازەنین
فلا یضاع أجر المحسنین

***

## بۆ شانازیی گەلی کورد سەید علی أصغر

١٩٥٥/٩/١٠

فریشتەی دەنگ و ئاوازی دڵگیر
سەی علی أصغر
چریکە دڵگیر وەک داو و نێچیر
فەنانی اکبر
فریشتەی نەغمە و سەدای خۆش ئەدا
لە وێنە کەم بوو
بولبولی باخچەی خلوودی خودا
هەرگیز نەمردوو
دوادی کورد و فەخری کوردستان
نەوەی کوردی مەرد
زەنگی زەواری گەرمیان و کوێستان
دەنگخۆشی بێگەرد
سید هەڵگری ئیلهامی ئاواز
بۆ هەموو جیهان

گەرووت بوو لانەی پیرۆزترین ڕاز
مەعنا بۆ ژیان
ئەی نەخشەی دەستی فەنانی بێچوون
تاجی دەنگخۆشان
لە دنیای خەما تروسکەی زەبوون
هۆشی بێهوشان
ناڵە بەسۆزی دەروون گڕ پێدەر
قیبلەی دڵ پەشێو
فیدای یەک کزەت سەد مێزەر بەسەر
سەد عابیدی کێو
ئەی پێغەمبەری وەحیی خۆشی دەنگ
ئەی سۆزە بەکار
چریکە قلپەی شوشەی مەیی مەنگ
بۆ جوان وختیار
کوا ئاوازی خۆش دەنگی ڕەوانت
وەک جاری جاران
کوا نرکەی بەستەی قۆچی قوربانت
ئەی داخی یاران
گوایا تۆ مردووی نەماوە ناوت...
ئیتر بەجاریێ!؟
ناڵە و چریکەی وەک تاڤگەی ئاوت...
چوونە ژێر غاریێ!؟
نەخێر فریشتەی کزەی خەم ڕەوێن
خەمی هەژاران
نەخێر ئەی دڵی داماوان خەوێن
زەدەی ڕۆژگاران
ئەم کوردستانە ئەم دەشت و کێوی
قەوانی دەنگتە
دەروونی هەموو کوردێ چوارچێوەی
شێوەکەی شەنگتە



سلاوم هەتا ئەبەد پێشکەشی
گیانی پاکت بێ
بەخراپە لێدووت ڕەبی ڕوو ڕەشی
بەر دیوانت بێ

***

## بۆ جوانێکی ڕەنگ خورمایی

زۆر لام سەیرە
ئەو جوانانەی
ئێستە بەختی خوا پێ دوان
بۆچی ماون؟!
هەر کامێکیان ببنە بەختم...
وەکو ئەو شوانە کرمانجەی...
زۆری حەز لە خورما ئەکرد،
شار و دوکانی نەدیبوو
کە هاتە شار
– دای بەسەرا وتی هاوار،
ئەوە خورمایە ناخورێ؟!،
دەست و دەمی بۆ نابرێ؟!
ئەگەر ئەو خاوەن دوکانە...
گۆج و کوێرە،
بۆچی یەخەی خوا ناگرێ؟!
ئەگەر ناتوانێ بشیخوات...
لە ئێستەوە بۆ نامرێ؟!
ئەی جوانەکەی ڕەنگ خورمایی...
چۆن نەخوراوی؟!
چۆن وەک ئاڵای ڕۆژی حەشر
هەڵنەکراوی؟!

***

## بۆ دەستە کچێک ناوی (شیرین) بوو

له شیرینیی (شیرین)دا هەموو گیانم شیرینه
شیرین خونچەی نەودەمه و، شیرین باخی بەرینه

ئەگەر لوتفی هەبێ پێم سەرم وا له ڕێگەیا
نیونیگایه لەو چاوەی هەموو ئاواتی ژینه

خەندەی شنەی بەیانه چپەی ئاوازی بولبول
گولاوی دەم و لێوی شیفای هەزار برینه

سینه نەرم و نیانه، گەردنی بەرز و سافه
عارەق دڵۆپی نەبات تامی چەشنی هەنگوینه

چاوانی سیحری ڕووته نەقشه برۆی کەوانیی
زوڵفی پەخشان و خشتی سەر لقی یاسەمینه
بەخ بەخ له بەژن و باڵای هەی هەی له لەنجەولاری
لەشی لەناو پۆشاکا شەپۆلێکی لەرینه

ده بێ و بچۆ بەلاما نیگایەکم تێگره
هەموویت پێشکەش ئەکەم هی من بێ ئەم زەمینه

شیرینەکەی (وەفایی) تەشی ئەڕست جاربەجار
شیرینی من سۆز و حەز هەڵ ئەکاته سەر سینه

دەستم یەخەت بەرنادا ئاهم ڕێگه و دامێنت
لەسەر کەلی بێ لوتفی چارت هەر دابەزینه

له ئاوێزانت دەگرم وەک گوڵ ئەتدەم له یەخەم
تیشکی هەزار ماچی گڕ ئەدەم له چاڵی تینه

له گولاوی لێوەکەت لەبەر تیشکی چاوانت
پاراو ئەکەم دەروونم ئۆخەی چەنێک شیرینه

***



## بۆ کچێک ناوی (بەختەوەر) بوو

خۆزگه چاوم وا تیژ ئەبوو
ئەم دیوەو دیو بیبینیایه
توێ توێی گیانی ئەو (...)یەم
ئەپشکنی هەرچی تیایه

دانه دانەی ئەو گەوهەرەم
وەکو شیعرێ ئەهۆندەوە
دێڕ بەدێڕی ئەو دیوانەم
بەبەستەوە ئەخوێندەوە

چاوم ئەکرد بەسارییه
باڵای بەرزی هەڵکاتەوە
له سێبەری پەخشی ئەوا
دڵم پشتێن بکاتەوە

پاراو ببێ بەو ئاونگەی
درەختی ئەو پەخشی ئەکا
کڕنووش بەرێ بۆ پەیکەرێ
دیمەنی ئەو نەخشی ئەکا

هۆ (...) که، ئەی شۆخەکەی
هاوتا کەمی نیگا بڵاو
پێشکەشت بێ لەم بەستەدا
هەزار خۆزگه، هەزار سڵاو

نیگایەکم لەو چاوانەت
ئاراستەکه بەپەرۆشم
گوناه نییه من عاشقم
پێکی ئەو چاوەت بنۆشم

***

## بۆ جوانێکی بەناز و نەخۆش

ئەڵێن نەخۆشی قەزا و بەڵا دوور
بەڵا بەجەستەم چۆن بێمە حوزوور

دووریت دەردێکە دۆزەخ بەحاڵم
لە ناخی خۆمدا بێ دەنگ دەناڵم

خۆم بەقوربانی چاوت دەزانی
بۆ لە ڕێگەتا نەبمە قوربانی؟!

قوربانی خۆت و ئیش و خەمت بم
قوربانی لوتفی زۆر و کەمت بم

لە ئازاری تۆ پێشوازی ئەکەم
بەبەرتیلی گیان دەرد ڕازی ئەکەم

هەستە و وەرەوە دەروونم تەنگە
بەچاوت قەسەم قافیەم لەنگە
بۆ خۆت نازانی ئەی نازی نازار
کە شاعیر ناژی بێ چاوگە و بەهار!

***

## بۆ کچێکی ڕووخسار جوان

ئەوەندەت لێ هاتووە چاکەتی شینی سەرشان
خۆم ناگرم لە جێدا وەها دڵمی ڕاوەشان

شان و گەردن کەوتوونە تۆێی ئاسمانی شینەوە
ئەستێرە پێ ئەکەنێ لەکن دوگمەی سینەوە

لەژێر تاڤگەی پەرچەما لامل نێرکی چنوورە
لەبەر تیشکی چاوانتا ڕوومەت خەرمانی نوورە

ئەی خوا ڕەحمێ بەدڵم شێت و شەیدا و پەرۆشە
ئا لەو بۆن و بەرامە قومێکی پێ بنۆشە

***



## گیپە

گیپەکەم گەرم و خڕ و خەپانە
وەکو بەرسینگی کۆتری گوێ بانە

گیپەکەم پڕی هێل و گولاوە
چەور و بەتامە شلشل کولاوە

گیپەکەم هێشووی ترێیە زیوە
مەمەی کیژۆڵەی پەنجە نەدیوە

گیپەکەم قوتووی زێری بێ گەردە
چاری نەوسن و دەرمانی دەردە

گیپەکەم بۆن و بەرامەی خۆشە
بەبەی خڕپنی باوەش و کۆشە

گیپەکەم دەم و لێوی لێکناوە
گەنجینەی دڵی قیمە کراوە

گیپەکەم کوڵمی ڕووی نەونەمامە
سەرباشقەی هەموو چەشنی تەعامە

گیپەکەم وەکو گۆنای بووکی فەڕ
تەنها بۆ لێوە پیا بکات گوزەر

گیپەکەم هێشتا هەرچەند خەیاڵە
ئاواتی خۆشی خەونی چەند ساڵە!

لە خوانی شیعرا هێندە بەتامە
وەک سەر گوزوشتەی شیرین کەلامە

لە دەوریی دڵما هێناومە بۆتان
بەر چەتاڵی دەن بەدەستی خۆتان

***

## ياصاحبي

ياصاحبي لك منى السلام
فالشاعر أبي لايضام
ذو مهجة يملؤها الحنان
فألف حيف ان هو يسام
أبث ما يختلج في ذاتيا
وبعده فهل أنا ملام؟
جارتك... الله من قسوتها
خيالها في مهجتي ضرام
هذا الكيان الشاعري قد مضى
قصته حزينة أثره ركام!

***

ياصبحي المرتعش... فستي الاميرة
غائبة في سفرة رجوتها قصيرة
هل تسمع آهاتي الغاضبة النذيرة
تداخلت في داخلي أوركسترا هديرة
أني على جناحها – أحلامي الفقيرة
نستعطف عودتك يا ستي الاميره

***

## الشامتون

الشامتون – يا ويلهم
يشمتون بأنها لن تلبي الرجاء!
لن تلبي الدعاء
يا ويلتي أقول حق أم ادعاء؟!
فهل من شيمة الاله
أن يخيب الرجاء؟!
أن يسحق الدعاء؟!
يا ويلتي ان كانت السماء



لن تنزل المطر
لن تفتح ثغر الافق
لطلوع السحر

***

## عيناك هما الخلاصة

عيناك ان بزغتا تندحر الظلام
وتومض البارقة فتنبت الاحلام
عيناك ان ضحكتا لنكتة التباعد
تنفعل الاهزوجة نشيدها الوئام
عيناك ان أمطرتا على أديم حبنا
تفجر التنبؤ وخابت الاوهام
عيناك ان اطرقتا مغالق الاشعار
تدفقت قافيتي وأزدهر الكلام
عيناك ان صاحبتا مدار حبي مرة
لاصبحت مغاربي مشارقا تقام
عيناك ان أوجزتا حكاية كتبتها
لكانتا الخلاصة وما بقي قوام
عيناك ان ابحرتا عبر دروب فطرتي
شهدتا بانه لم يدركني الفطام
عيناك ان اشرقتا كمبسم لقبلة
سأغرق في الزرقة وليخسأ العوام

***

فاتنتي لكم أهفو اليك واشتاق
افتش عنك الحارة دربا فدربا حتى الرواق
لو تظهرين كالقمر ذات مساء عند المحاق
أو تقابلنا يوما بعد هذا الفراق
لأروي ضمأي بارتشاف العناق
من جيد عسجدي الملمس وعطري العباق
اي (...) لقد قلت يوما فيك:

(يا أنسة مازلت بدون منافسة)
واليوم فان مهر فتنتك في السباق
مازال هو السباق

***

## الى بسعاد

رمـيـــتنى – مــا أقــســاك من رامـيــة
حذار ان تداعبي تلك السـهـام الدامـيـة

قــد تتــرك في ناصع راحــتك وشم الدم
قــافـيـــة قـصـيــدة مـعــجــونة بالألم

وتشـهـد بأنك قـتلت يومـا شـاعـرا بغـيلة
فلم يكن يدافع عـن نفــســـه بحـــيلة

فـــوقع في مــــوقع الـشـــــهــــيـــــد
دون الرثـاء والبكـاء والـنـشــــيــــــد
جــــزاؤه بـارقــــة من افق العــــيـنين
وخـفـقـة تطلقـهـا حـمـامـة النهـدين

***

## السجل

ان تصـورت سـجلي لم يعـد شـيـا صـوابا
دقـقـيــه يا جـوان جـملة هذا الحـســابا

ان قـيــودا مــركــزية لم تسـجل حـبك
عـدليـهـا ان اردت وأشطبي بابا فـبــابا

ان رأيت ان شـــعـــري لايـغني حـــسنك
بددي تلك القـوافي وأحـرقي هذا الكتـابا

ان سـمــعت ان قلبي لم يعـد عـشـاً لك
فــجــريه ذات يـوم واجــعلي منه يبــابـا

***



## عيناك

عيناك سماوات اهدابها تعج بالنجوم والاقمار
عيناك مدينتان شرفتاهما تطل على البحار

عيناك بساتين من نخيل واعناب
تجري من تحتها الانهار

عيناك بحران صافيان يغدقان علي الاسرار
عيناك ليتني لم اراهما
فقد تورطت في شجار مع الاشعار

هيهات للشعر سبر غورهما
بعد مئات من القصائد ومئات من الاسفار

حبيبتي: إنني مذ وعيت اشرب
في كأس العيون رحيق الأشعار
فهل لك ان تنهي هذا الشجار ؟!

***

### سهام

١٩٧٦/١/٢٤

سهام منك تأتيني
فما اقساك من رام!

تعاليت فأهديت
أريج قلبي الدامي

فبعد البين عاداني
فلم اصبر لالآمي

قذفت البعد بالضجر
تداعى عند الهامي

فكان الحب في الشعر
يثير موج انغامي

ليعنيك تهاويت
صريع الرمي والرامي

***

**أميرة**

١٩٧٩/٣/١١

أيتها الأميرة
أنتظر بلهفة زيارة قصيرة
الا ترين صبوتي جديرة
بهذه المكرمة الصغيرة؟!
أيتها الحورية
الله ما اجملك- من غادة نافرة المسيرة
أيتها الفاتنة
لاتدعي ان أغرق في بركة من حيرة
فهل ترين ناقصا ان تجبري لشاعر
ظلوعه الكسرة؟!
بحسنك حلفتك-
ان تحسني يا الطف مخلوقة
ليست لها نظيرة
امدي روح شاعر
بقدح من روحك
لينشد في دربك على الف وتيرة
ينتظر بلهفة زيارة قصيرة

***

عيناك نبعان دافقان من سماوات السحر
عيناك تستجدي الشمس منهما البصيرة والبصر
عيناك ارجوحتان تتأرجحان في ضوء الفجر
عيناك تحملان للعاشقين الف نبأ والف خبر



عيناك قافيتان لبيت من قصيدة يغنيها الغجر
عيناك تحملان على امواجها اسمالي المندثر
عيناك محاربتان من يحظى في نزالهما بالظفر؟
عيناك اهدابهما اذاقتني الام وخز الأبر
عيناك فتاتان صلبتان لايقضى منهما الوطر
عيناك قدران بل اقوى من القدر
حبيبتي اني رايتهما تنفذان الى القلب دون الخدر
اتوسل اليك ان لاتحملاني فوق طاقات البشر

# فەرهەنگی خەم

# ٣



## پێشکەش بێت بە:

خوێنەوار و ئەدەب دۆستی کورد.
ئەو یاد و یادگارانەی بەشیان هەیە لەم شیعرانەدا.
بەخەم و ئازاری ساڵەکانی ١٩٨٠- ١٩٨٨.
بەگیانی لە گوڵ پاکتری- کەژاڵ و بەهار.

بەئافرەتێک لە یەکەم ڕۆژی هاوسەریمانەوە هەتا ئەمرۆ لەگەڵ هەموو دڵوپێک فرمێسکی وەریومدا دوو دڵۆپ ئەشک دەرێژێ- دایکی کەژاڵ و بەهار- بەبێ ڕتووش بێ پەراوێز و شیکردنەوە، بێ پێشەکی و پیاهەڵدان. ڕاست و ڕەوان وەکو بینایی چاوان فێنک و سازگار وەکو بەفراوی کوردستان. سەر بەرز و گەردن کەش وەکو شاهۆ و پیرەمەگرون و قەندیل و کەژی زەردە، وەکو سۆزی خانی و نالی و مەولەوی وەکو عیشقی کاکەمەم و دەروێش وەلی، وەکو ڕاستگۆیی مەحوی وەکو شیعری بەنەزم و فەڕی گۆڕان وەکو سۆزی گەرمی ناخم. وەکو کاتی دەمەو بەیان و ئێوارانی ناو شاخ و دۆڵەکانی قەرەداخم.

## نازی یار

١٩٨٥/٥/٦

تۆ خۆت وتت نازپەروەرم، نازی یاری خۆم لە لایە
ستایشی ئەو بەڵێنەم هەتا مردن لە کۆڵایە
هەتا ئێستەش لە سروودی جوانیی تۆدا دەنگم هەیە
لەسەر ئاڵای مەمکەکانت من جێ پەنجە و ڕەنگم هەیە
ئیتر چۆن لە بیرت بچم کێ لەو بڕوایەدا ماوە؟!
ئەی نەیاری ئەوینی من، خەیاڵی تۆ پووچ و خاوە
خۆ یارەکەم هەر ئەو یارە کە شانازیم پێوە ئەکرد
بۆ سەر مەزرای تینووی هیوا ئاوی ڕوونم لێوە ئەبرد
خۆشم ئەوێ و نازی ئەویش لەسەر چاوی چاوەڕێمە
لە مۆبەدی عەشقی ئەوام هەتا دەمرم ئێرە جێمە
هۆ خەڵکینە من مەستەکەی بادەی دەستی ئەم یارەمم
شایی گێڕی ڕەشبەڵەکی خوێنجمانی ئەم شارەمم
من و یارم نیگارێکین ڕەنگ و بۆمان تێکەڵاوە
کووپەی بادەی ئەم عیشقەمان دەستی کەسی بۆ نەبراوە
هەر چەند شنەی یادێکی تۆ ئەدا لەم لێوە تینوومە
باخی شیعرم پاراو ئەبێ و پەیڤم هەمووی بەروبوومە
وەرە بەرچاوم پڕ بکە، هەر تۆ ببینم چاترە
خۆت ئەزانی تەمەن چییە سبەی دنیام لێ ئاخرە
تۆ خۆت وتت نازپەروەرم نازی یاری خۆم لە لایە
ستایشی ئەو بەڵێنەم هەتا مردن لە کۆڵایە

***

## «من»ێک کە عیشقم

١٩٨٥/٥/٢١

من ئاژانسی دەنگوباس نیم کە بێم بۆ لات خەبەر بەرم
من دێم قەندی لێوت بخۆم لە باخانت سەمەر بەرم
من بارانی بەهاران نیم باخی جوانان بشۆمەوە
من دێم لە چاڵی تینەتا ئاورنگی تۆ بخۆمەوە



من پەروانەی شەم پەرست نیم نوورم بینی خۆم نەبینم
من دێم هەنگی هەنگەژاڵم، شیلە ئەبەم بۆ هەنگوینم
تێکۆشەری نموونەش نیم قەناعەتم بەهیوا بێ
من دێم بۆ ناو شاری دڵت ئەبێ حوکمیشم ڕەوا بێ
من بەستە نیم بوێژەکان بمکەن بەدار و بەردەوە
من دێم شۆڕەسواری زاوام ئەبێ خۆم بچمە پەردەوە
من خەونێ نیم بمبینن و خەونامە نەمگرێتەوە
من دێم وەکو پرسیارم، ئەبێ جوابم بدرێتەوە
من بای شەماڵ نیم ئێواران شانەی پرچی خاوت بکەم
من دێم وەکو ڕەشەبایەک، کەشفی هەموو ناوت بکەم
من فەلسەفەو فەیلەسووف نیم، باسی، ڕاستی وەک ڕاز بکەم
من دێم وەکو حەقیقەتم، گرێ کوێرەت بۆ واز بکەم
من میوانی ناوەختە نیم لە دەرگا دەم جێم بدەنێ
من دێم و خۆم خاوەن ماڵم، کەس ناتوانێ هەڵم کەنێ
من ساقی نیم مەی بگێڕم لە ئاهەنگا بۆ زین و مەم
من دێم ڕابەری مەستانم، پێکم لە پێکی تۆ ئەدەم
من دەروێش نیم بێم بەچۆکا لەبەر دەرگەی نەزەرگەتا
من دێم پیری تەریقەتم دەرت دێنم لەو بەرگەتا
منارە نیم مۆذنێک بێت و بانگم لەسەر بدات
من خۆم بانگی-انا العشق-م، کێ بانگی وا خەتەر ئەدات؟!
من (وەلی) نیم، کێلی قەبرم کاتێ ئەمرم باڵای تۆ بێ
من دێم بەرزیی ئەم باڵایەم بۆ بەختی باش لەلای تۆ بێ
من (مەحوی)نیم. لەجێی بەردێک فەرهەنگێ‌جوێن ئەوەشێنم
لالەزارە پەژموردەکان بێ یەک و دوو ئەسووتێنم
من مێژوو نیم هەڵسوکەوتت تۆمار بکەم هەموو ساتێ
من دێم بتگرمە باوەش و چرکەی ساتیشت نەگاتێ
کاتێک نایەم ئەو کاتە بێ هەڵسی چرام بۆ هەڵبکەی
من خۆم چرام هەر کە هاتم ئەبێ گوڵم بۆ ڕابخەی
من ئاژانسی دەنگوباسی نیم کە بێم بۆ لات خەبەر بەرم
من دێم قەندی لێوت بخۆم لە باخاتت سەمەر بەرم

***

# رووباری شێت

رووباری شێت لرفەی دەهات
پێیان وتم: ماڵ وێرانە
هەرچی لەبەر هاتنیایە تلی دەدات
هەرچی ئامبازی ڕێگەی بێ
بەناو گەرووی شیوەکاندا
بەبەردەمی کێوەکاندا
وەک ئاومالٚک خولی دەدات
سینگ و بەرۆکی داخراوی پێ دەشتەکان
بێ شەرمانە دەپروێنێ
لەناو چاوی بووکی ئەرزی داوێن سەوزا
ڕق ئەستوورە
پێکەکانی خۆی دەشکێنێ
هەر کێڵگەیە و ڕای دەماڵێ
هەر درەختە و دای دەپاچێ
بەست و سنوور ناهێڵێت و تێکیان دەدات
هەر خوا دەزانێ ئەم شێتە
چی کردووە، یا چی دەکات؟
وتیان لە کەس ناترسێت و تکای کەسیش وەرناگرێت
لەبەر نرکە و ناڵە و هاژەی
ناچار دەبێ گوێمان کەڕ بێ و دەم داخرێت
کەوتینە دوای...
هەتا دەریا دەمی دەرکەوت
دەریا تاوێ دەکرایەوە
تاوێ وەکو پیاوی دوودڵ
بەپێ دز کێ دەکشایەوە
هەر کە لرفەی ڕووبار دەهات
لچی شەپۆل دای دەماڵی
وەک بەربینی چەمی خاڵی



وتمان:
شێتی ماڵ وێرانی ڕق ئەستووری گۆبەن گێڕی بێ داد و خەم
ئەگەر مەردی ئادەی شەقێ لەناو دەمی دەریا هەڵدە
دەبڵێ من لە تۆنیم و بەهیچ جۆرێ لە تۆ ناگەم
بەلام هەیهات
هەرچەند دەهات
چەمچەیەک بوو لەناو دەما
نە نرکەی ما
نە لرفەی ما

***

# ئۆپەرێتی کێشەی ژیان

١٩٨٥/٧/١٠

* ئەم ئۆپەرێتە بۆ ئەڵقەکانی نمایشی ژاڵە دانراو
مامۆستای هونەرمەند (صلاح رؤوف) ئاوازی بۆ دانا.

١

لەو ڕۆژەوە کە بازورێک لە بازوویێک بەهێزتر بوو
لەو ڕۆژەوە کەسێکی وا سەری هەڵدا
زۆرزانتر بوو،
فێڵبازتر بوو...
کێشەی ژیان هاتە گۆڕێ
وتیان گرەوی ئەم کێشە هەر دەمێنێ و قەت ناگۆڕێ
تای ئەم کێشە بەلای ڕاستا لارە سەنگە
لە نێوانی دوو دژوارا، حەق و ناحەق
هەتا ئەمڕۆیش کێشمە کێشە و هەرا و جەنگە
دەڵێن حەق وا بەسەر نووکی شمشێرەوە
دەڵێن: ئەگەر شمشێر نەبێ
ئەوا حەق وا لەژێرەوە
دەڵێن نەخێر حەق هەر حەقە
شمشێر هەبێ یاخود نەبێ

کەسێک لاریی لەم یاسایە نییە مەگەر زۆر گەمژە بێ
ئەم جیهانە هەردوو ماکە
شەو و ڕۆژە، مەرگە و ژیان
هەر یەک و یەک ئەکاتە دوو ناکاتە سیان
ئا لەم ڕێگە جەنجاڵەدا بە ملیۆنها ڕێبوار پسان
ئەگەر بێت و تاڵی نەبێ خۆشی چییە؟
ئەگەر بێت و شەوگار نەبێ ڕۆژگار نییە
هەموو شتێ خۆی لە دژی خۆی ئاوسە
شتێکی دی لێ دێتە دی
هەوەڵ کوانێ؟ ئاخر کوانێ؟
دەسا خەرەک بۆ چنینی ئا ئەم ڕێسەیەمان دانێ!
مرۆڤ خۆی خاوەنی ڕێگە و کاروانیشە
مرۆڤ خۆی ئاگری بن کا و بارانیشە
مرۆڤ خۆی داس و سەپان و خەرمانیشە
با بزانین ئاخۆ ڕاستە حەق هەر حەقە؟
ئاشکرایە...
حەق کێوێکی وا مەزنە...
گەردوون ئەگەر ببێ بەتەور
چلۆسکێکی بۆ دانایە
مرۆڤ ئەگەر هۆشیار نەبێ
ئەم مەتەڵەی بۆ هەڵنایە
مەلەوانە جەربەزەکان
خۆ دەهاونە ئەم دەریایە
دەبا ئێمەیش گوێ ڕاگرین، ئاخۆ مێژوو
ئەم مەسەلە چۆن دەردەبڕێ و چیشی تیایە؟!

***

**٢**

دەمەو بەیان کە ڕۆژ هەڵدێ ڕوخسەت لە کەس داوا ناکا
ڕۆژ هەڵهاتن پرسی ناوێ
ڕۆژ هەڵهاتن ترسی ناوێ
ڕێگەی هەزاران فرسەخیش بەهەنگاوێ دەست پێ دەکا



مەرد ئەو مەردە: وتی دەڕۆم،
هەنگاوی هەڵهێنایەوە
کۆڵی لە خۆ نەگرتەوە، پشتێنیشی نەکرایەوە
یا بەئاواتی خۆی دەگات
ئاوی باخی خۆی دەدێرێ
یا بەچەشنی ئەمانەتێ بە ڕێبواری کەی دەسپێرێ
بەرەو بەیان ڕێ ڕچاو کە
بەرەو بەیان ڕێ ڕەوایە
سەفەری وا موبارەکە و ڕۆژێکی ڕوونی لە دوایە
قەڵای مەردان، هەزارانی وەکو تۆ بوون
چینی دیواریان بۆ هەڵساند
نەخشەی هەبوونیان بۆ سەپاند
برای ڕێبوار، خاوەن بڕیار
بڕیاری چاک ببەیتەسەر
چەند پیرۆزە لەو قەڵایە تۆیش چینێکی بخەیتە سەر

***

**٣**

ئێجگار خۆشە...
مرۆڤ باخی تێکۆشانی بۆ بێتە بەر
لەناو دەریای شێتی ڕەنجا گەوهەری خۆی بۆ بێتە دەر
ئێجگار خۆشە...
بەروبوومی ئەم جیهانە
لەگەڵ عارەقی نێوچاوان سەربەسەر بێ
تەنها ستەم لەم کێشەدا
داری بێ سایە و بێ بەر بێ
ئێجگار خۆشە...
کە هەنگاوت بەرەو ئامانج هەڵهێناوە
بۆ پێشوازیت خەڵکی هەبن دار نەدەنە بەر هەنگاوت
کەمتەرخەمی تۆپەڵ نەکەن...

بیهاون بۆ سەر و چاوت
کە پەیکی خێر موژدەی خۆشی و گەیشتنی کاروانیدا
بانگی بەیان خەبەر بدا
بووکی ئاوات لە گوڵزاری وا وەرزێکا
چەپکە گوڵی هەمەرەنگە
لە بەرموور و لەسەر بدا

***

## ئەو دیوی شووشە

١٩٨٥/٨/٧

مـن مــــەلێکی لانـەوازم وێڵـی دوای هێـــلانـەمم
مـن نمەی بـارانی ئەو دیـو شـــووشـــەکـــەی وێرانـەمم
مـن غــــــەریبم خـــــۆم ئـەزانم ئـەم ژیـانـە لایـە لـێم
تۆ نەبی ئەی خەونی مەستم کێ دەزانێ ڕوو لە کوێم

بیــرو مــادە.. کێ هەوەڵ بێ، گـەوهەری تـاکی منی
دەنـگ و هـاواری منی تـۆ خـــورد و خـــۆراکی منی
ئەی فــــەریزەی ئـاینـی دڵ هەر ئـەدای تۆ ســــاتمە
ڕاو و ڕەســـمی مـــەیکەدەی نوێ باوەڕی دوو پاتمە

قـــایلم بەم داخ و دەردەی بۆ ئەوین پێـــشـــوازییـــە
بـا گـــرفــتــاری خـــەمم بم، پێم مـــەڵێن ناڕازییـــە
ئەی نیـگاری پڕ لە کـێشـەم ڕەنگی ئـازار دەر مـەخـە
ڕەنگی ئـازار توخمی عیـشقە، بۆ نەزانی سەر مەخە

خـۆم لە خـۆمـا ڕەنگی عـیـشـقم تێکەڵاوی خـوێنمـە
ئەو لە گـەردوونی نیـهـادمـا نـاونیـشـانی شـوێنمـە
من لە ئەشکەوتی خـەمـا بـووم وا پەیامێ هاتەخـوار
-کوێرە دێش بی‌هەستە جارە: خەڵکە وامن‌بووم بەشار

مـن مـــــەلێکم لانـەوازم، وێڵـی دوای هێـــلانـەمم
مـن نمەی بـارانی ئەو دیـو شـــووشـــەکــەی وێرانـەمم

***



## ئەز خولام

پەیامنێری ئەنجوومەنی ڕەنگ شوناسان خۆی هاتە لام
«تۆ.. ئەز خولام...
شارەزایان لە ئەنجومەن وا دانیشتوون
دەمەتەقێ بەردەوامە، زۆریش ماندوون
ڕەنگ لادەبەن، ڕەنگ دەگۆڕن، ڕەنگ دادەنێن
قسە دێت و قسە دەبات
هەر کەس بەگوێرەی بۆچوونی جۆرە ڕەنگێک دەگرێتەوە و
لە ڕووی ئەم و ئەوی دەدات
ئەی لە بارەی جەنابتەوە...؟»
- دوێنێ وتم بەیاری خۆم..
بە دەنگی خۆم بەزاری خۆم
بۆ ئەنجوومەن پەیامێکی وام ناردووە:
منی عاشق تەنها لە فەردی لێوی تۆ...
قەندی شکاوم خواردووە
لەناو چامەی سینەی تۆدا...
بە باقە خۆزگەم چاندووە
بۆن و بەرامەم گرتوویێت
ڕەنگی تۆیشم بواردووە
بەمەرگی تۆ زۆر دەمێکە
گیانی خۆمم بەفریشتەی چاوەکانت سپاردووە!.

***

## لەگەڵ شێخێکدا

١٩٨٥/١١

لە دڵمـــەوە تۆم قـــبـــووڵە ئەی شـــێـــخـــەکـــەم بە ڕابەرم
لەبەر تۆفـانی مـەینەتا ئێـــســـتـــێکە تۆی چەتری ســەرم
تۆ ڕێنمـــــاو دەسگیـــــرمی ئا لـەم ڕێگە جــــەنجـــاڵەدا
حـاجـەت چیـیـە منی مـۆمن بۆ چۆک دادەم سـوجـدەبەرم؟!

خۆم دەزانم ئەم هەویرە پڕ دەریاکان ئاودەکێشێ
کێ دەتوانێ بیسەڵمێنێ ...(مسیر)م، (مخیر)م ...!
شتێک نییە بەینە بەین بێ هۆشی منی پێ قایل بێ
ئەم گڵۆڵە ئاڵسکاوە. جا من هاوار بۆ کێ بەرم؟!
دڵم مۆمێکی تیا ماوە ئەگەر بسووتێ چاترە
با، ڕەشەبای لۆمە و تەشەر کپی نەکات (منور)م
شێخەکەی خۆم باش دەزانێت مۆمی دڵم پەروەردە کات
واعظ چونکە سەری قاڵە، وا دەزانێ بێ خەبەرم!

***

## سەفەر و سۆناتاکانی

١٩٨٥/١٢/١٥

من ئەمجارەش دێمەوە سەفەرەکەم درێژ بوو
توێشووم دوو پارچە شیعر و یەک دوو ڕکاعەت نوێژ بوو
من ئەمجارەش دێمەوە سەفەرەکەم تاڵی بوو
توێشووم وا بۆ بەسرابوو وەکو ڕێگەی خاڵی بوو
لە پێچی مێزەرێکدا کامی سەفەر تکا بوو
پێکم سەرەو نخوون بوو دەفری حەزم شکا بوو
من ئەمجارەش دێمەوە سەفەرەکەم هەواڵ بوو
شیعرم دیوانی نەدی کەچی خوێنم حەڵاڵ بوو
بەڕێی گەڕانەوەمدا ڕێچکەی ئەشکم کشابوو
دەسکەوتم دوو جوانەمەرگ بنکەیەکیش ڕمابوو
وا، هاتمەوە... دەپرسم لە دیوەخان چ باسە؟
دەڵێن جێی باس نەماوە لەبەر هەڵمەتە کاسە!
هەموو شتێک هەڵمەتە و هەموو شتێک کاسەیە؟
هەموو شتێک لای هەموان بۆخاتری خاسەیە

***

وا ڕەوتی شیعرم تێکچوو سەفەر بوو بەژەهری مار
ساڵێک باوکم نەخۆش بوو، لە جێگەدا کەوتبوو
ڕۆژگارێکی زۆر ڕەش بوو، باریان ئێجگار گران بوو



منیش باری سەرباربووم
وتی ڕۆڵە گوێ بگرە من وا عومرم تەواوە
تۆ بۆچی دەستە ئەژنۆیت، ئاخۆ چیت لەبەرچاوە؟
وتم: «باوکە... ڕۆژی ڕوون»
وتی: «ئیجگار مەحاڵە
تۆ خۆت شایەتبە ڕۆڵە ئەمە ڕۆژگارە دەورە
منیش ئەم خەونەم بینی، تۆ ساوای ناو بێشکەبووی
ئەوا وزەم لێ بڕا
خوایە خای سەبرشێوی، ئەوا پەردەی دڵ دڕا»
ئەی مەینەتی ئەم عومرەم ئەی سەفەری دوورە ڕێ
هەتاکو کوێ لە دووت بێم؟
تاکەی بەستەت بۆ بێژم
کێش و قافیەی شیعرم بەکام بەستە دێتەزار
چۆن بۆ (کەژاڵ)م بگریم، کام باڵورە لەبەرکەم بۆ ساڵە ڕۆژی(بەهار)؟[١]

***

برادەرێک هەرچەندە دەمبینێت و پێم دەگات:
- کاکە ئەمە ژیانە. کاکە ئیتر چی بکەین خۆڕاگرتن چارەیە
هەر مرۆڤی واقیعی لە عاستی کێش و ئێشی ئا ئەم جۆرە بارەیە!-
هۆ شاعیرانی دنیا ئێوە هیچ نەگریاون؟!
کاکە (ڕەسووڵ هەمزەتۆف) خەمخوارەکەی (داغستان)...
لای تۆ پیاو ئەو پیاوەیە کە بتوانێ بەبێ دەنگ
کە بتوانێ بەبێ ئۆف بگری و فرمێسک بڕێژێ
تۆ داغستانت دەوێ و منیش چیای کوردستان
منیش وەک چیاییم
منیش وەک تۆ چیاکانمان، وەک تۆی عاشق و گریان
دەگریم بەبێ ئاخ و ئۆف

(١) (کەژاڵ): کچی گەورەم بوو ١٩٦٢-١٩٨٣بەکارەساتی ڕێویان لە ١٩٨٣/٦/١٧دا جوانەمەرگ بوو.
(بەهار): کچی بچووکم بوو ١٩٦٨-١٩٨٤ لە ٢/١٠/١٩٨٤دا بەدەردی شێرپەنجەی خوێن جوانەمەرگ بوو.

بەخۆڕ فرمێسک دەڕێژم نای کەم بە زریان و تۆف

***

باشە، وا من لەم ڕۆوە دەبمە واقیعی تەواو
سەرچاوەی ئاهو ئەشکم وشکایی دێ و بنەبڕ
ئیتر فرمێسک ناڕێژم
هەرچی ئاخ و ئۆفیشە، هەرچی یاد و ئازارە
لەناو دەروونی زامی جەرگی دووجار بڕاوما
لە قووڵایی زۆر قووڵا
ئەوا گشتیان دەنێژم:
بەڵام مەڕۆن پرسم هەس، مەڕۆن، پرسم هەس
لە مێژەوە تا ئەمڕۆش، هەتا سبەینێ و ئەدوویش
ئا ئەو مژدەم نیشان دەن
لە خەندەی لێوی کەژاڵ بکا و بێتە بەرچاوم!
ئا ئەو سروودە بێژن وەکو ناوی کەژاڵ بێ
یا وەک گریانی گەرمی بەهاری جوانەمەرگم
بەسەر مژدە و سروودی هامزەتۆفیشدا زاڵ بێ!

***

کاکە ڕەسووڵ، داغستان ئاوە و ئاگرە و هەڵو
ئەبوتالیب و شامیل بوون بەهەوێنی شیعرت(٢)
بوون بەهەوێنی بیرت،
بوون بەخنجەر و شیرت
داخستانی دەروونم... ئاگری گرت و سووتا
ئاگر بوو بەمەشخەڵی مانگ بینینی جەژنی نوێ
بڵێین چۆن شکایەوە؟
ئاهەنگ چۆن بڕایەوە؟
بادەی تاڵی نەدامەت لە پێچەکانی ڕێدا چۆن بینی پێودەنرا؟!
خەونامەی زەرد و دڕاو چۆن کەوتە بازاڕەوە
بێ کێڵان و بێ بژار...

(٢) ئەبوتالیب: شاعیری گەورەی داغستانە و شامیل پاڵەوانی گەل.



تۆوی تازەی بێ دەخەڵ
چۆنیان کرد بەجاڕەوە؟!!

***

ڕەسووڵی داغستانیی... بووی بەگۆرانیی شامیل
کەچی شامیلی ئێمە خنجەرەکەی گوم دەکەن
جامانەکەی گوم دەکەن
کوڕە گۆڕی گوم دەکەن
بۆ شێخەکەی ئاوباریک من بەیتێکم داناوە(٣)
ئاوازی بۆ دانانێن، نایکەن بەبەستە و لاوک
نایکەن بەتەپڵی لەشکر
بەشیلەی حەرفەکانیا خەڵووز و خوێ دەڕێژن
بەیتەکانی دوای ئەویش لەناو توونی حەمامدا
حەرفەکانیان دەنێژن!

***

توونی حەمام پێویستە، توونی حەمام با قووڵ بێ
هەمیشە ئاگریش بێ
ئاگر و توونی حەمام، کتێب و شیعر و هەناو
دیاردەیەکی تازەن ئیتر گەرماو هەی گەرماو

***

پیاو کە ناو چاوی ڕەش بوو هەڵی دەبڕن دای دەنێن
ژیلەی بەردەرکی سەرا و چاڵی جەرگی پیرەژن
هەموو چاڵەکانی تر...
– من لەدایک نەبووبووم بەردە قارەمان سووتا–
چاخانەکەی (حەمەرەق) من دووشەشم نەهێنا(٤)
بۆیە زەردە زیرەیان کردە پیاڵەی چاکانی
کردە حەوزی ئاوەکەی

(٣) شێخی ئاوباریک: مەبەست شێخ محموودی نەمرە، قارەمانی شەڕی ئاوباریک کە بەرەنگاری هێزی سوپای داگیرکەری ئینگلیزی بوو.
(٤) حەمە ڕەق: پیاوێکی پیاوانە و ناسراوی شاری سلێمانی بوو.

کردە سۆنی ناوەکەی؟؟
کورتە نیم و لێم دەدەن
بزنەکەی دەستی مەلام، ڕاناکەم و لێم دەدەن(٥)

***

من چیاییم چیایی
ناچمەوە ناو ئاوایی
منیش وەک ئەو عالەمە وا بایی دەبم لە خۆم
ئەی داخستانی شیعرم منیش کالآی بالآی تۆم
تۆ هیچ ناگریتە خۆ، هیچت لەبیرنەماوە
هەر پێکێ دەگریتە دەست سبحان الله لە بەختت
کاسەی ناشی کردەیە و خوێواوی تێکراوە!
من لە چیام بێ خەتا، بێ خەتام وەک چیایی
بەیتی دەهۆڵژەنەکان بێ بەهایە و بێ بایی

***

ئەی بوێژی داغستان...
زۆڕناژەنی لای ئێوە بۆ داغستان دەیژەنن
دەهۆڵکوتی لای ئێوە لە شاییدا دەیکوتن
زۆڕناژەنی لای ئێمە سەری پەنچەیان لووسە
هەر پارەی بێ دەژمێرن
دەهۆڵکوتی لای ئێمە
هەر بەدەهۆڵەکۆنی جاری جارانمان فێرن
لەعنەت دەکەن لە شاعیر
بۆ دانەری (فەتەرۆ)، سێ پێیی (بەیتی بلە)(٦)
هەزار ڕەحمەت دەنێرن

لە چەپەوە دەخوێنن لە ڕاستەوە تێدەکەن
بەتووتنی حکایەت قلیانی شەو پێدەکەن

(٥) مەلا: مەبەست مەلای مەزبوورەیە.
(٦) فەتەرۆ و بەیتی بلە: دوو چۆپی بەزمی بێ چێژ و زۆرویێژن.



لەچەپەوە دێنە ناو لە ڕاستەوە دەردەچن
هەرچەندە لووتیان بەرزە، لە ڕاستیدا مل کەچن
بەم چاوانەی خۆم بینم ئا لەو چەوتە شێتانە...
چوونە سەر ڕێگەی (گۆران)
دایانە بەر قسەی سارد
لەو ساتەیدا دەیان ویست ببن بەجوێن و شاڵاو
ببن بەژەهر و تاڵاو
ئەمیش سەری هەڵبڕی و هەمووی گرتنە بەرچاو
لەڕێی ئۆغری شیعرا، کران بەجووتێ پێڵاو

***

ڕەسووڵ دەیگێڕێتەوە:
جارێک و دوان و چەندجار
لە داغستانی ئەودا سەد دانە هەزار هەڵۆ
چریکانی بەجارێ
بوون بەئاگر و چقڵ لەڕێی هێلانەکاندا
لەڕێ تەبارەکاندا
سەد هەزار دانە ساوایش خرایە ناو لانکەوە
بۆیە هەڵۆ هەرماوە
بۆیە هێلانەی هەڵۆیش ترۆپک زەرد و کاوە
بۆیە دەهۆڵیان کۆکەو
زوڕناژەنیشیان پەنجەی زبرە و نووچی نەداوە

***

داخستانی دەروونم... گوێت هەڵخە بۆ ئەم ڕازە
لە دارستانی بەختا کە شاعیر تەپڵی لێدا...
کاتی هەڵدانی بازە
جارچی فووبکە بەشارا
جارچی پەنجەیەک بێنە بەسەر زمانی تارا
کوڕە کەچەڵ کە دەرکەوت ئەوساکە باز هەڵبدەن
دەهۆڵەکانی ئێمە هەموو دەنگیان گربووە
زۆڕناکانی دێرینمان کونگیراو و ژەنگاوین

«وەرن وادی بەوادی
لێدەن لە تەپڵی شادی
وەرن کاکی بەکاکی
شمشاڵ لێدەن بەچاکی»
وەرن ئەی دادە و کاکە شیعر لەبەرکەن چاکە
من ئەو ساکە دێمەوە بۆ سەرکێشی شیعری خۆم
سەرەوای شیعرەکانم لە پیتی ئاوێستایە
حەشرم دێتە شارەزوور، پشتم لە دەشتی شامە
بەهەشت بێتە دەشتی (ڕەی) تاران لەمن حەرامە
گۆڕەپانی هەڵسوکەوت دەکەم بەتەختەی دامە
هەتا دوو بەرد لوول نەدەم بەردێ نادەم بەدۆستیش
هەر ڕۆژێ چووم بۆ سمێڵ ریشم نانێمە بانی
هەر دەهۆڵە ناکوتم: «نەردی بەختم وای هانی».

***

هۆ دایکی داخستانم لانکە پڕکەن لە ساوا
دایک گەوهەری تاکە
دایک خوداوەندێکە تەوانایە و بێ باکە
دایکی داخستانی من عەردی بەپیت و پاکە
نەوەک بەغایای عەسرە
نەوەک جەواریی قەسرە
هۆ دایکی داخستانم، ئەم نازەی من مەشکێنە
ئەم شیعرەی من مەدڕێنە
لەناو کێڵگەی پوختەدا تۆوێکی پاک بروێنە
مەمکی پڕ لە شیری خۆت با دوگمەی سینە وازکا
بیکە بەئالای ژیان
بەدروشمی ئاگر و بەفر و باران و چیا
بەشیعر و بەستەو سروود، هەرچیش کە من نایزانم
بۆ ئاهەنگی شەوارەت
دەهۆڵ و زوڕنا و شمشاڵ من دەیخەمە سەر شانم
دایک شیر با بەساواو باوک خنجەری باتێ



هەر شیری مەمکی دایە
بەرامەی خاکی تیایە
باسی شیر و خنجەریش ئێمە دەیکەین بەبەستە
شیری دایکە کوردەکان لە سەرچاوەوە خەستە

***

هۆ ڕەسووڵی داغستان، داغستان داغ و ستان
داخستانی دەروونم داخە و ستانی داخە
فەرموو نەخشەی خۆت ڕاخە
بزانین داغ گرانە یا داخ و ئێش و ئازار
ستانی داغ زامدارە یا ستانی داخی من
لای تۆ خۆری ئێواران تیشکی قەزوین هەڵدەخات
ترۆپکی شاخەکانتان هەمووی هەڵدەگیرسێنێ
لە داخستانی دەروون هەر کە ئێوارە دادێت
سەگی شەومان تێدەکات
سەگی شەو پێم دەوەڕێ منیش ئەم شیعرە دەڵێم
سەگوەڕێ و شیعر بڵێم:
مەڵێن لە خۆی بابیە
بەخوا زۆر ئازاییە

***

شامیلت شێخ مەحموود بێ، ئەبوتالیب گۆرانە
با من و تۆیش بزانین کامان فرمێسکمان زۆرە،
کامان برینمان قووڵە
کامان شیعر بێ نازین
کامان بادەمان تاڵە
کێمان بەرپێمان چاڵە؟
کێمان بۆ ژنی چاو جوان کۆڵەشیعر پڕ دەکەین
کێمان دوژمنی ستان بەجنێوی (شێخ ڕەزا)[٧]
باب و داکی مردەکەین؟

(٧) شێخ ڕەزا: مەبەست شێخ ڕەزای شاعیری مەزنە کە لە ساڵانی ١٨٣٢-١٩١٠دا ژیاوە.

جنێو چەکی دەستمە
جنێو بادەی خەستمە
جنێو دەگرمە دنیا وەک خڕکە بەردی چەمان
جنێو دەدەم بەوانەیش هەر دەهۆڵی بکوترێ
ئەوان خەریکی سەمان
جنێو دەدەم بەو حەرفەی هەرچی تامە نەیماوە
کەوچکی ناو کاسەیە
مارەیی فاتەڕەش و خاڵی لچی عاسەیە
شاعیر جنێو نەزانێ مردنی زۆر چاترە
مردن جامی هەمووانە
ئێمە هەموومان دەمرین
گریان بۆ شاعیر چاکە، ئێمە هەموومان دەگرین
گریانی من بەکۆڵە و چبکەم نابڕێتەوە
کەعبەم (گردی سەیوان)ە و بۆم پاک ناکرێتەوە
ئەوەی قیبلەم پیس دەکات، ئەوەی گۆڕێک دەشێلێت
ئەوەی دەچێتە سەیوان فرمێسکێ جێ ناهێڵێت
جنێو ئەدەم بەداکی بەکردەوە و کرداری
بەبیری، بەباوەڕی، بەزمانی، بەزاری

***

## دوایین سۆناتا

سڵاو لە هەمزەتۆف بێ بوو بەئیلهام و پەیام
سڵاو لە شێخ و گۆران، لە ئەبوتالیب و ئیمام(٨)
ڕاستە دەمبینن تووڕەم کێ دەشکێنێ نازی من؟!
هەتاکو باش بمناسن بینووسنەوە ڕازی من:
ڕۆژێک لە ڕۆژانی ساڵ ژیان کرایە کۆڵم
ڕێگەم گرت و نەمزانی چی لە کۆڵەکەمدایە
ڕێگە هەتاکوێم دەبات

(٨) ئەبوتالیب و ئیمام: شاعیر و پاڵەوانی گەلی داغستانن.



لەکوێ کۆڵەکەم دەخات
دەستی منی تیا نەبوو ڕێگەم ڕووی کردە ئێرە...
کوردی بوو بەزمانم
نەورۆز و خەم و هەڵبەست بوون بەپێخۆری نانم
ئەمن ئەمڕۆ میوانم
میوانی ئاسایی نیم خانەخوێکەم یەک ماڵ بێ
دەروێشی بێ پیریش نیم سۆزم دەنگی یەک حاڵ بێ
من میوانی خاکێکم کە ناوی کوردستانە
من دەروێشی پێریکم پیری هەموو مەستانە
هەمیشە شیعر و بەستەی کوردیم لەسەر زمانە
شیعر لە حوکم ناچێت، گۆرانیش خوتبە نییە
شاعیر و گۆرانیبێژ ئەمانە جووتێ بران
لای خەڵک خۆشەویستترن لە قڕاڵ و حوکمڕان
زۆردار ئاگرە و کورسی، شیعر پەیام و ڕازە
ئەو چەپڵەیەی حوکمڕان لە دەستی پانی دەگرێ
لەبەردەمی نووچێکدا خۆی لە خۆیەوە دەمرێ
شیعر و ڕەسووڵ و حەسیب، بەستەو و مەحموود و ئەزغەر
ئەگەر سەد ساڵی کەیش بێ، دەبێ بێن بەرەهبەر

***

## بۆ ساڵ ڕۆژی- مەلاعزیز-ی مەلا خالیدی مەحوی

خۆ ئەگەر خەمی باری شانی من باری کێوان بێ
خۆ ئەگەر جۆگەی ئەسرینی سوێرم بۆ قوڕپێوان بێ
کاکی عەزیزم کێو بەدوای کێودا هەرەس دەهێنێ
خەمباری دنیا بێن قوڕپێون هێشتای دەمێنێ
کە یادی ساتێک دەکەم لەگەڵ تۆ ساڵانم شینە
پلەی ڕێزی من بۆ تۆ بەمەرگت پلەی ئەوینە
ئەی خاکی سەیوان عەزیزی ئێمە لێرە میوانە
حەفیدی مەحوی عزیز النفس و عزیز الشانە

***

## بۆچوون!

١٩٨٦/٢/٣

له پەنجەرەی برینمەوە دەڕوانمە ئەم ڕۆژگارە
شیکردنەوە هەر نەماوە
ئەوەی  هەیە هەر بۆچوونە
کاتێ برین دەبێ بەچاو خەندە دەبێ بەشەوەزەنگ
هەزار حەکیمی دانشمەند...
ئا لەوانەی یەکیان یەکە و دوویان دووە
یەک و دوویان کەس نازانێ دەکاتە چەند!
ڕێکەوت و بەخت بەم ڕۆژگارە شیکردنەوە ڕیسوا دەکەن
دەیکەن بەپەند

* کاتێ مرۆڤ دەبێ بەسەگ...
هاوار بۆ حاڵی سەگەکان
چڵکاو خۆری دیوەخانێک دەبێ بە بەگ
هەزار ڕەحمەت لە بەگەکان
کە ئاوی چاوم دابێت و دڵم پڕکەن لە فرمێسک و
گوێچکەم بکەن بەکولانە
هیچ دوور نییە لە دەممدا زمان ببێ بەگەماڵ و دانەکانیش بەتووتەڵەو
لیکیش ببێ بەڕووپایی
ژیان خۆی و چەمکەکانی لەپێش چاوی برینمدا
دەبن بەشینە بۆشایی
نرخ و ڕێزم لا دەبێتە ئەو خواردنەی
وەک قوزەڵقورد دەچێتە ناو گەروومەوە
بەپێلەقەی شکاندنێک، ڕاچڵەکینی هەر ناکاوێک
بەترشاوی دەیرپێژمە ناو ئاودەستی مفاهیمی سەردەمەوە
خۆراکی خەم خەپلە دەکەم، تف لەسەردەم و خۆراکی
لە خومخانە...
لەپێ وە تا تەوقی سەرت هەڵبکێشی لە خومی شین
کێ پێت دەڵی پیاوی چاکی؟!
بۆچی دەبێ هەرچی بکەم مەرج بێ خەڵکی بڵێن باشە



خەڵکی ئاگای لە من نییە سەرم ماشە و ژێرم ئاشە
کە تەشتی نان بوو بەچڵکی دەستی کەسێک
ئای ئای مرۆڤ دەبن بە سەگ
ڕیشی درێژ دەتاشرێت و سمێڵ دەکرێ بەبۆیەدا
ئای دەم هەڵبەست، ئای دەست هەڵبەست
دەبنە فرمایش و ئایەت
ئای کە بتیش دەکرێت بەخوا!!

* برین برین دەخواتەوە، برین هەڵدەپێچێ و
برین برین دەسووتێنێ و داخی دەکات!
ئەوسا برین داخ کرایە کۆی نەدەما
ئێستە لەسەر برینێکت ئاگری خوێ دەکەنەوە و
دەڵێن خەتای خۆتی تیایە

* دەست دەنێمە بینی کتێب دەنگی نابێ بێتەدەرێ
دەیسووتێنم، دەیدڕێنم، دەیشێوێنم
هەرچی زاری دێڕەکانە بەپیاڵە لیکیان تێدەکەم
نێوانی دانی پەیڤەکان بنێشتی بیمیان تێدەخەم
جا خۆیشم دێمە بەردەرگا قاچ و قولی لێ هەڵدەکەم
لەسەر پانتایی ڕووڕەشیی ئەم گەردوونە
کوڕنووش بۆ خوای تەشتان دەبەم
ئەی چار؟ ئەی چار؟...
سەردەم دەمی چار بڕانە
شیعر پرسە و شاعیر ئەمڕۆ پرسیارە
شیعر هەرگیز وەڵام نییە
خەملّی شوێن و کاتیش ناکات
کە سەگ وەڕی، کاروان هەمووی ڕادەچڵەکێ
سەگی ئەمڕۆ کاروان ناسە
مرۆڤە سەگ دەست و دەمی تەورواسە
من دەروونم ئاوێنەیە بۆ ڕووخسارم، بۆیە ماندووم
گەردن لە کلّپەی ناکامیی سەفەر دەسووم

دەستم لە ڕوورەشی ڕۆژدا نەبووە و نییە
خەڵکی لە شیعر و لە شاعیر گلەو بناشتەکەی چییە؟!
مێژوو بوو بەئاودەستخانە و هەرچی هەڵسێ گووی تێدەکا
شیعریش کرا بەمیزەڵدان هەرچی هەڵسێ فووی تێدەکا
نرخیش بووە بەپێڵاوێ
ئەوی پارەوپوولی هەبێ لە پێی دەکا
جرت بۆ کتێب، جرت بۆ ڕۆمان
جرت بۆ ئەوان، جرت بۆ خۆمان
ڕێگە هەمووی پێدزکێیە و جرت و فرتە
ئاواز هەمووی بای گەدەیە و ماوەی کورتە
* من ڕەشبینم... ئاوی ڕەشی چاوم هاتووە
زۆر دەمێکە من پەیامی خەمی قورسم
بۆ گشت سەر ڕێیە ناردووە
کەس نەی بیست و لەسەر شەقامی تڕەڵلی
هەر پێکدادێن
چاویان لە دەستی سەر تەشتە
پەیامی خەم ئەو پەیامەی دەستی چزا بەسەد داخا
هاواردەکات...
دەڵێن ئەم پشکە نەویستەیش بێزار دەکات!

***

*لەسەر ڕەوتی سوارچاکانی شیعری کوردی*

## جوانی مەی گێر

١٩٨٦/٢/١٨

جوانی مەی گێر... تێکە پیاڵە، کاتی هەڵدانی مەیە
پێک لە دوای پێک بۆمی پڕکە پێم مەڵێ ئێستا کەیە
من ئەمێستا شت دەبینم، ئەو شتەی ئێستا هەیە
دەردی بێ دەرمانە چ بکەم چاری ناچاری مەیە
بادە بێنە، با... دەروونم پڕ لە کڵپەی مەی بکەم
کەعبە کەچ نابێ ئەگەر بێ و جارێ من ئۆخەی بکەم
بادە تێکە و پێشکەشم کە تا زمانم لاڵ دەبێ



مستی مەستیی با... لە ڕوومدا، تاکو مێشکم قاڵ دەبێ
ئەی ڕەزی ئەو شاخە بەرزە کوانێ خوێنی جەرگی تۆ
جەرگی من دووجار بڕاوە بۆچ ببینم مەرگی تۆ؟!
قڵپە قڵپی قوڕگی شووشە سۆز و هاواری منە
ڕەنگی ئاڵت بێتە بەرچاو، چاوی بیماری منە
ئایەتی ئەم سۆز و ڕەنگە بۆ منە و کەس دەنگ نەکات
خێرە یا شەڕ قایلم پێی کەس بەشی خۆی تێ نەخات
پڕکە پیاڵە جوانی مەی گێڕ قەت یەک و دووی لێ مەکە
خەست و خۆڵ بێ گڕ لە کۆڵ بێ چۆڕێ ئاوی تێ مەکە
زامی قووڵی دەم کراوەم هەرگری تۆی چارەیە
ئاگری تۆ تین و تاوە، کێشی بۆ ئەم بارەیە
ئاگرت ئاگر بڕێکە دەردی دڵ بێ دەنگ دەکات
خەم کە دەریای تاڵ و ژاڵە پەی بەتاڵاوی دەبات
واعظی مێزەر زلیش خۆی کلکی دنیای گرتووە
پەی بەبۆ شایی کەلام و مەنتیقی خۆی بردووە
دێ... دەری مەیخانە داخات، چاوی کوێربێ بۆ خەمی
بۆ نەهات ڕۆژێ وەکو من چۆڕێ ڕۆکاتە دەمی؟
جا، دەزانێ تینی بادە چۆن سەری دێنێتە جۆش؟
خۆی دەبینێ ئەو دەمانە وەک دەهۆڵی کۆن و بۆش!
من لە باخاتی ژیاندا نۆبەرەی داری خەمم
من نە فەرهادم نە مەجنوون عاشقێکی سەردەمم
نەخشە دانانت لەبەر من واعظا کەی وانەیە؟
پیری من پیری موغانە و مۆبەدم مەیخانەیە
جوانی مەی گێر پیاڵە پڕکە مەرگ لە پێجۆری مەیە
هەر مەیە ئەمڕۆ بەقوربان بۆ خەمی من بێ وەیە
خۆ ئەگەر ڕەخنە لە شیعرم بەربدەن بەردەم هەیە
تۆوی خۆم ناکەم بەجاڕا، پایزە و وەردم هەیە
ڕەخنە باز ڕسوا دەبێ خۆی دەست بخاتە کاری من
دەستی ئەو وێڵ و زەبوونە چۆن دەگاتە داری من؟

***

## بۆ ئەمین زەکیی نەمر

سەدەیەکە و سەردەمێکە کە خەونی کورد
بێ خەونامە و بێ سروودە
ئەمین زەکی بەتۆ قەسەم لە- تەقەلای بێ سوودتەوە-
تەقەلامان هەر بێ سوودە

***

## خونچە و خاک

١٩٨٦/٣/٢٣

کاتێک خونچە هەڵدەگیرسێ
نەریت وایە دەبێ بەگوڵ
کە گوڵ گڕی تێبەر دەێ
لەو ساتەدا دەبێ بەدڵ
دەبمەخونچە لەسەر لقێ... وەیشوومە دێ و دەمتەزێنێ
ڕق ئەستووره ئەم چەپگەردە هەردەیەوێت بم بەزێنێ!
دەبمە لقێک لە درەختێ ڕەشەبایەک تێم بەردەبێ
دەڵێی ئەگەر منی تیابم ئەم جیهانە بێفەڕ دەبێ!
دەبمە درەخت لە باخێکدا گەرداوێک دێ هەڵم کەنێ
سەرمایە، بایە، گەرداوە هەرچونێک بێ ڕێم نەدەنێ
دەبم بەباخ لە خاکێکدا دەڵێم باخ بۆ بەرووبوومە
دەڵێن کە باخ بەری داهێشت سەرمان دەخوا، ئێجگار شوومە
دەبم بەخاک نیشتمان بم بۆ ئەو گەلەی خاکەوازە
پاژنەی پۆلایین دەمجنێ دەڵێن ئەم ڕازە کەی ڕازە؟!
دەبمە دەفتەر دەڵێم ڕازی خونچە و خاکم تیا بنووسن
لەناو توونی تاودراودا دەمسووتێنن وەک ڕموزن
دەبمە شیعرێک لە بەستەدا هەژارەکان لەبەریەکەن
دەمکەن بەتاجی دروشمێ زۆردارەکان لەسەریەکەن
دەبمە شمشاڵ ئەمە خوایە شوانە کوردێک بیبا بۆ لێو
هەر واعظەو لەولاوە دێ ڕێم لێ دەگرێ و دەمکاتە کێو
ئەی خونچەو خاک بۆ کوێ بچم سەرم لە کوێوە دەردەچێ؟
ئێوە وەرن تێم گەیێنن ئەم ڕێگەم لەبەردەچێ؟



خونچە... هیوای هەڵگیرساومە
گوڵیش دڵی گڕگرتوومە
خاکیش بیلبیلەی چاوانە
گەلی کوردیش باوانمە
هەتا دەژیم ئا ئەم نوێژە
هەرخۆی ئەرکی سەرشانمە
لەناو هەژاری کوردیشا خۆم دەبینم کۆڵ بەکۆڵم
ئەگەر ئەم خاکە پیرۆزەش بابم نەبێ ئەڵبەت زۆڵم
شیعرەکانم دەبن بەخەم وشەکانم دەبن بەدەم
ئێوەش هەموو بەشایەت بن بەردی ئەم ئەندێشە نەخەم
کێوی خەمی ئێجگار قورسم جەرگی دووجارە سووتاوم
ئەمن بابی خەم و ئەشکم دەست مەخەنە ناو هەناوم
دڵم جێگەی ئەوینێکە پیریش سواری سەری نابێ
مەڵێن درەختی باخی خەم دەیبا گڕەو بەری نابێ
دوێنێ عارەقی بیست ساڵم کرد بەکۆڵێک و سووتانم
ئەمڕۆ عارەق دەرێژمەوە خۆ من خاوەن نیشتمانم
شیعرەکانم بارگەوبنەن تۆماری چیرۆکی خەمن
بەداخەوە هەتا ئێستەش نەیانزانی زۆرن کەمن؟
ئەوا پڕ بەم کوردستانە هاواردەکەم من ڕووبارم
هەر ئەوساتەی دەڵێن خۆمم خۆشم نیم و بەهرەدارم
هەرخەم دێت و خەیاڵ دێنێ هەر خەیاڵە و خەم خڕدەکا
هەر ئازار و ئەشکەنجەیە پێکی ژیانم پڕدەکا
مرۆڤ ئەگەر خەمی نەبوو شاعیر ئەگەر ژانی نەبوو
واتە ئیتر ئەم مێژووە، هەر پۆیە بوو تانی نەبوو

***

## هەژاری تاوانە و هەژار تاوانبار

١٩٨٦/٤/٣

«علی» فەرمووی:
- گەر هەژاری مرۆ بوایە، ئەمن دەمکوشت-
کەسێک وتی:

-گەر دەرامەت فرمێسک بوایە، هەروا دەمرشت
شاعیر پێنووسی هەڵگرت وەهای نووسی:
«من شمشێری خوا بوومایە:
گەر هەژاری مرۆ بوایە یا هەر شتێ
لە تەوراتا بۆم نەکرایە
لە ئینجیلا نەڕەخسایە
لەقورئاندا
خۆم تیژ دەکرد
سەرم دەبڕی، لاشەم دەخست
هەژاری نا!...
ئەو کەسانەی هەژارییان بردە عاستی خودای باری
ئەو وشانەی بوون بەڕستەی ئامۆژگاری
بۆمەبەستی سڕکردنی گشت ئەزنەقێکی بێزاری
ئەوکەسانەی مەمکەمژەی دەق و وتار
دەمی گرتوون دەمژن
وا دەزانن شیری مەمکی دایکیانە و
هەزار قوربانیی هەژاری بۆ دەکوژن!

***

## بەدموجازات

١٩٨٦/٤/٩

داوام نەکرد...
کەچی خرامە سەر سەفەر
توێشووی ڕێگەم مەتارەیەک مەیی خەستە
کە من پێکم لێ سازکرد و
دامنا هەتا بیخۆمەوە
ئەگەر ڕشتیان، چی ناودەنێن؟
من وەک (خەیام) ئەم مەسەلە
ناکەم بەهاوار و شکات
دەڵێم خەتام نەکردووە...
بۆ ناوتان نا بەد موجازات؟!

***



## تینوێتی

١٩٨٦/٤/٩

کە تینووت بوو...
کانیاوێکی سارد و ڕۆشن هاتە ڕێگات
ئەگەر موڵکی هەرکەسێک بوو هیچ کۆمەکە
هەتا تەواو تێراو دەبی
ئۆباڵی تۆ بەئەستۆی من-
بێیەک و دوو بخۆرەوە
لە تینواندا هەر دەمریت
ڕێیان نەدایت
خۆتیان لەگەڵ بگۆڕەوە

***

## نزا

١٩٨٦/٤/٩

جوانی مەی دێر...
کە من دوا چۆڕی پێکی خۆم
کرد بەگری ناخی دڵما
نەکەی ئاوی تێ وەربدەی
ئەو پریشکە دەئاڵێتە دەست و سینیت...
دێیت بەلامدا
نەکەی داوێکی بەربدەی
ئەویان فرمێسکی گەرمەو
وا لەبنی پێکەکەمدا جێی گرتووە
ئەمیان ئاوات و خۆزگەمە
بەبالآتا
پەلوپۆی خۆی هەڵکردووە!

***

## کفرە حەمەد

١٩٨٦/٤/٩

کفرە حەمەدیش......
کە داوای کرد کەر بتۆپێ و گاکەیان کوشت
پەلی کوێرێکی ڕاکێشاو بردیە گەوڕ
وتی:
«ئادەی گاو گوێ درێژ جیاکەرەوە»
ئەمە گوێیە وا تەپەی دێ،
ئەوەیش شاخە بەسەرەوە

***

## ئەی هاودەرد

١٩٨٦/٤/٣

ئەی هاودەردم مەڕۆرەوە
ئەمشەو لای من بمێنەوە
وەکو دیمان دوێنێ ڕۆیشت
حکایەتی سبەی ڕۆژم لە ئەلفەوە بخوێنەوە
ئەم پرسیارەش هەرچەند کۆنە
هەر دەپرسم سبەی چۆنە؟
چ ڕووداوێک ئاخۆ لەپڕ
چاوی ڕۆژم دەکاتەوە
لەتۆ زیاتر هیچ کەسی کە ئەم وەڵامەم ناداتەوە!

***

هاودەردەکەم ئەمشەو ئێجگار حاڵم بەدەو پەرێشانە
ترس و پەژارەی سبەینێ وەک تاشەبەرد
بوونەتە باری سەرشانم
ماڵی دەروونی ئاشیفتەم خەڵوەی خەم و بێ چرایە
هاودەردەکەم ئاگر بنێ بەم خەڵوەوە وەک برایە
ئەمشەو هەر تۆ ئەم وەڵامە پڕ لە سیحرەم دەدەیتەوە



ئەمشەو هەر تۆ وەک فریشتە
ئەم تەلیسمە دەکەیتەوە.!

***

هاودەردەکەم سبەینێی من ئاخۆ چەندێ دەخایێنێ؟
مەلی ئەندێشەی بێ لانەم بەکام بەستەی خەم ڕادێنێ؟
کێها عاشق...
ئەم ڕازەی  من دەکا بەسەرمەشقی خەمی؟
کام دێوانە...
ئەم ڕازەی من دەبێ بەوێردی سەردەمی؟
کام دەروێشی بێ پەروا دێ...
سەوزەم بکات بەمەزارێ،
چەند وەرز دەبێ چاوەڕێکا بارانێکی لێ ببارێ؟
کە بوو بەشەخصی عاشقان...
کام کیژی جوان بۆ نەزری خۆی
لکی لەچکی پێ دەبەستێ؟
کام ڕێبواری ئێجگار ماندووی ڕێگەی ئەوین،
بۆ پشوویەک تیا دەوەستێ؟

***

## کەپر

هەبەینۆ بەینۆ بەینۆ
دەرگای مێژوو دەکەینۆ
من شاعیری ئەو گەلەم
بەهار کەپرێ دەبەستین
پایز تێکی ئەدەینۆ
-ئیبراهیم-ی مام سەعید(١)
بەم دوو کەلیمە قنجە
وەجاخ بۆ تۆ دەخەینۆ

***

(١)گۆرانی بێژێکی میللییە لە شاری سلێمانی

## دار بەڕوو

١٩٨٦/٦/١٤

کێ دەزانێ و لەبەرچییە کە من داربەڕووم خۆش دەوێ؟
لەسێبەریا خۆم هەڵدەخەم،
لە هەرکوێیەک بۆم هەڵکەوێ؟
-کاکە... ئەم دارە پیرۆزە کە نەزەرگەی پیر و موغە
جێ ژوانی عاشقانە،
ساوسەهەنی حەوانەوەی کۆڵ بەکۆڵ و ماندووانە
خۆی کۆڵەکە و خۆی شادارە
یەکەم مەشخەڵی بەهارە
دەی سووتێنن، دای دەپاچن
ڕاناوەستێ... وەرز بێتەوە
بەناو شەقاری زەویدا
وەکو دەنگی ئازادیخواز
پەل دەهاوێ بەرزبێتەوە
پەیامێکە لە خاکەوە
گەڵای سەوزی دەشنێتەوە
هەزار تف و لەعنەتیشم لەو کەسانەی
دەیسووتێنن، دای دەپاچن
خۆرە بگاتە ناو دڵیان بۆچی وەها کوێر و کاسن
ئەی بۆ هاورێ دێرینەکەی باب و باپیریان ناناسن؟!

***

## ڕەیحانە

١٩٨٦/٦/١٤

کێ دەزانێ و لەبەرچییە کە من ڕەیحانەم خۆش دەوێ؟
چەپک چەپک دەیکەمەوە لەهەرکوێیەک بۆم هەڵکەوێ
- پاش نوێژێکی ئێواران بوو...
لەڕێی کانیدا وەستابووم



کچێکی جوان کوندە بەکۆڵ
بەرگەردنی وازکردبوو
ڕێگەم پێ گرت
نوخشەی ماچی لێ بدزم.... خۆی ڕاپسکان
دەمم کەوتە نێو مەمانی،
دوو تەڵ ڕەیحانەی ژێر چەنەی
یەکەم شت بوون بۆنیان دامێ و
بەم دزییەی منیان زانی!...

***

ڕووباری شێت هات لەسەردا
ئاگرێکی سووری هێناو لە پێدەشت و شیوی بەردا
وتم لێرە مەگرمێنە
سەر سینگی خاک شەقارمەکە
شڵپ و هووڕت لەم چەمەدا دێنێ پووشێ
ها... لەو خوارە دێوی زریان چاوەڕێتە
بەجورعەیەک هەڵتەلووشێ

***

## چۆن و بۆچی

١٩٨٦/٧/١١

بۆ دەترسی کە من بەدوای -قەول-ی تۆدا
چاک بگەڕێم؟
بۆ دەترسی بڵێم: بۆچی؟
ڕامەچڵەکێ... ئەوی گوێی لە من و تۆیە
هەموو هەرخۆن
وەک من و تۆن
بۆ ڕادەکەی چمکی کەوات کرد بەچەتر و
هەرکەس دەپرسێ «هۆ لالە
ئەوە چییە؟»
دەڵێی ڕاکەن، ڕاکەن، برۆن

ئەو بێ دینە هەزار بۆچی لەسەردەمە
ئەو بێ دینە هەزار چۆنی لەسەردایە
دەیەوێت لێمی داماڵێ هەرچییەکم لەبەردایە!
هۆ خەڵکینە زۆر ڕاست دەکا
لە «چۆن» و «بۆچی» ئێمەدا...
مەرگی ئەوانگەلی تیایە

***

## ڕەوتەنی

١٩٨٦/٧/٢٣

من ڕەوتەنیم...
ئەمڕۆ، سبەی
کۆڵی تەمەن لە پشتی خۆم دەگرمەوە
ڕێنمایی کەسم ناوێ
مەگەر دنیای ئەم ڕۆژگارە دنیای کەڕ و کوێران نییە؟
منیش دەستم لەسەر چاومە
هیچ نابینم هیچ نابیەم
گوێم لە تەپەی پێی خۆم نییە لەگەڵ ڕێدا بەیەکا دێن
ئەو تەمەنی من هەڵدەکا و منیش بەسەر دڵی ئەودا
هەر مل دەنێم
گەردەلوولی ئامۆژگاریی ئێستگەکان
پڕوپاگەندەی ئەم دوکان هی ئەو دوکان
نامگرنەوە
ئەوەتای کەوتوومە ڕێگە و هەنگاو دەنێم
بەرگێ نەبوو بەمن بشێ
لەبەریکەم نەچێتەیەک یا نەکشێ
گوزەرانی ئەم ڕۆژگارە چوونەیەکە یا کشانە
دەچێتەیەک دەتتاسێنێ
کە دەشکشێ دەبێت بەجرجی هەڵواسراو لە گوێنی دا
قەیچی و دەرزی لەتۆ نییە(١)



بەرگدروویش زۆر ناشییە
ئەوەی ئەمڕۆ بەتۆ دەشێ سبەی دەیدەن بەخەڵکی دی
شەرمیش ناکەن!
باو و بایەخ هەر ئەوەیە...
ئاخۆ کای کۆن چۆن بەباکەن
هەزار هەنگاوی ئاغرت دەکەن بەژێر بۆچوونەوە
جێ پێیەکی لارت هەبێ ئابرووت دەبەن
ڕێناس کوێرە، پەیام لاڵە
بەرووبوومی ڕێی مەخابن هەتا ئەمڕۆش کرچ و کاڵە
وەکو بەردی هەڵدراوم
وەکو تۆپی خڕکراوم
گیرسانەوەم بەدەس خۆمە
کەچی جێگەی گیرسانەوەم بۆ دادەنێن
دەچێتەیەک یاخود دەکشێ
هەر ئەوەیە بشێ و نەشێ!
خوا بی بڕێ چارەنووسم ...
دەنگی دەهۆڵ لە دوور خۆشبوو
من هەڵدارم بۆیە هاتم
مەخابنە ڕێگە نییە دابزفڕم
بۆ، خەونامە خوا بڕیویە، گرێی خەونم بکاتەوە؟!
بۆ، شاخەکان تەپەدۆرن
سروودم دەنگ نەداتەوە؟!
ئای ڕەوتەنی، وای ڕەوتەنی
نابێ ڕێی خۆت ڕچاو بکەی
حەڵاڵ نییە ئیستێ بکەی
نابێ تۆ ڕێناس بناسی
نابێ گرێ بکەیتەوە
تۆ بەرپرسی
بەڵام ژەهرت دەرخوار دەدەن ئەگەر وەڵام بدەیتەوە!
ئۆ خەڵوەگا، ئۆ خەڵوەگا...

ئۆ خەڵوەگای بێ تروسکە
لە تاریکەم هەڵبکێشە تۆپەڵە قوڕ دەگرمە خۆر
دەلاقەکان کونبڕ دەکەم
خۆ من بەردی **هەڵدراوم** لە داخاندا خۆم زڕ دەکەم
تف لەم عومرەی من بەدوایا **خۆم دەکوتم**
لە هەرکوێییەک گیرسامەوە
دەبێ بەگۆڕ
ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەم هۆرەم
چ دەمهارێ دەیکا بەکۆڕ؟
* هۆ... خەڵکینە، هۆ خەڵکی ئەو ڕۆژ و دەمە
گوێی لێ مەگرن
ئەگەر چوونە کۆڕەکەیشی
وتی: ئەم پیاوە ڕەش بینە...
سەنگ بارانی کەپووی بکەن
بڵێن: ئەو زوو هاواری کرد «جێم مەهێڵن»
بڵێن: ئەو زوو یارەکەی خۆی لە باوەش گرت
بڵێن: ئەو زوو پەیڤی کوردی بۆ ئازادی کرد بەبەستە
بۆچی یارەکەیان خنکاند؟
بۆچی هەموو بەستەکانی بوون بەتۆمەت،
دڵیان کرد بەگۆڕەپان و هەموویان تیا تەقاندەوە؟
کە ئاهەنگی ئەویندارا ن گەرم بووبوو...
بۆچی ناویان لەسەر کێوی پیرەمەگروون هەڵدەکڕاند؟
چی کردبوو؟
چی بردبوو؟
ئەوان چنگیان لەبینی یەک
لەبینی خۆر لە بینی پرس
بینی وەڵام گیرکردبوو
هێشتاکە ئەم نەمردبوو...
نەمردبوو.

***



## یۆتۆبیای چامە

١٩٨٦/٨/٣

کە خۆمم دی دەستم لە دەستی عیشقایە
ئیتر بووم بەسۆفیلکەیەک
لەسەر بەرماڵی لاپەرە بەردەمۆرەی حەرفم دانا
سوجدەم بۆ خوای کەلیمە برد
شیعریشم کرد بەکیتابم
بەزمیشم کرد بەشەرابم
خەو و خولیام هەر ئەوەبوو
«یۆتۆبیا»ی من چامەیەک بێ
یەک سەرەوا
بەیەک سەنگی مۆرکراویش بیکێشن و
لە بەستەدا
لە حەیران دا
لە لاوژەدا هەر دەنگێ بێ
هەر خەونێ بێ
هەر خەمێ بێ
«خانی»یەکان ئەم زینەیان
بۆ (مەم)ێ بێ
سۆزی هەموو دێوانەکان
لە دیوان دا بۆ (شەم)ێ بێ
من یازوخم یاخود مێژوو؟
من بەسراوم یاخود ژیان؟
ئەمن هەڵەم یا پەیامی پەیامبەران
من خەوتووم یا کتێبە ورگنەکان؟
من بێ کێشم یاخود بەیتە شەرمنەکان؟
ڕاو و ڕەسمی ئەم پەیامە کێ شێوانێ؟...
من یا قەڵەم؟...
من بۆ هەڵەم؟!

***

## خەریکی من ون دەکەی

١٩٨٦/٨/٧

کە پێت نایە سنووری من
بەو ڕێیەدا فەرشم ڕاخست، بتهێنێتە شاری دڵم
شاری دڵم ڕازانەوە
هەرچی شەقام و **کۆڵان بوو** دام بەدەمی بارانەوە
هەرچی ئەستێرەی گەش هەبوو هەمووم هێنان
لە ئاسمانی شارانەوە
قردێلەی بۆنی باخانم...
دا لە پرچی تاقاکانی ئاسکە زێڕینەی ئێوارە
پیا ڕەت ببیت
هەرچی سۆزەی شیعر هەبوو
خستمنە ڕێ...
نەکوو نەختێ شەکەت ببیت
ئیتر بۆچی لاڕێت کرد و پێچرای بەدرک و داڵەوە
ئەی نازانی من ئازاری تۆش دەکێشم ...
هەر لە ساتی یەکەم هەنگاوی تاڵەوە
تۆ خەریکی من ون دەکەی...
توو مەرگی خۆت بەرەو دواوە بگەڕێوە بۆ ماڵەوە
با من بژیم بەو ئاواتەوە
بمهێڵەوە بەم حاڵەوە

***

## جەنگ

١٩٨٦/٨/٩

ئەو دەمەیە... پڕ لە کەڵبە و کاکیلەیە
پێشی سەرێکی گرتووە... زێرابێکە
هۆش و بیری تیا ترشاوە
لە ڕەسەندا لە عەشرەتی
چڵم و لیک و گۆشتی خاوە

***



## کێم خۆش بوێت

١٩٨٦/٨/٩

کێم خۆش بوێت؟...
باب و داکم
ژن یا ، خاکم
پیت یا وشە
دێڕ یا کتێب
ئاو یا خۆراک
ڕۆژ یا شەوگار
خەم یا ئازار
شیعر و ئەوین
یاکەڵکەڵەی بەخت و نگین؟
هەموو وتیان: چاک وەهایە
ستەمکاران بەلەعنەت کەی
هەر جلێکیان لەبەردایە
هەر بۆنێکیان لەسەردایە

***

## مەسەلەیەک

١٩٨٦/٨/٩

چوومە بنج و بنەوانی مەسەلەیەک:
درەخت ڕەگی لە خاکدایە و لق و پۆپەی
وەکو چەتر بۆ هەڵداوە
بەدبەختیی من لەوەدایە
لق و پۆم بەرەو خاکە و ڕەگ و ڕیشەم بەحەواوە!

***

## سەرچاوە

١٩٨٦/٨/٩

سەرچاوەیەک بەکتێبی دەوت سەیرە
خەڵکی بەبێ ئاوی روونم دەخۆنەوە
کە تێراو بوون لەسەر چاوم
چڵکی خۆیان دەشۆنەوە!
کتێب وتی: هیچ سەیر نییە
خەڵکی خۆیان دام دەنێن و
دەمنووسن و دەمکەنە بەر
کە چاری دەرد نادۆزنەوە
بەردەبنە گیانی من و خەشی دنیام پێ دەڕێژن
حەرفەکانم لەناو کێڵگەی ژیلەمۆدا
دەکەن بەتۆو،
هەتا دەبم بەخۆڵ و خوێ،
هەتا دەبم بەتۆزی ڕێ

***

## گرێ

١٩٨٦/٨/٩

گرێیەکم دەستگیر کرد و پەنجەکانم لێ وروژاند
بیکەنەوە
وتی مەکەن
گرێی دڵی شاعیرێکم، کە شکانیان
منیش فڕیم
مەمکەنەوە
لەو ڕۆژەوە هاوار دەکا:
- هۆ خەڵکینە ئەگەر گرتتان
دەخیلتان بم بمەنەوە-

***



## پشت دانەواندن

١٩٨٦/٨/٩

دەمێ ساڵە وام بەپێوە
دەڕوانمە بەری داران
دەڕوانمە چرای شاران
دەڕوانمە دەمی یاران
ئەرێ برا ستەم نییە
چرایە بۆ خۆم هەڵنەکەم؟
لقێک بۆ خۆم نەتەکێنم
کەچی تەمەن وا کارێ کا پشت بۆ ئازار دانەوێنم!

***

## نیشتمان

١٩٨٦/٨/٩

ئێمە دوانین
جێ قەبرێکت نەدا بەمن
کەچی دووەم ئەسپی خوێیت تیا تاو دەدا
شیلەی چەوری لە جەستاتا لە بن هێنا
هەر بستێکی پاکیزەی تۆ نەرمایی بوو
گەرمایی بوو...
نەوسی تێنا
من لە برسا دەستم تۆ لە گیر کردووە... نیشتمانی؟!
ئەویش هەموو گوڵمەکانتی...
بۆ ژێر هەڵپەی خۆی بردووە... نیشتمانی؟!

***

## خۆر

١٩٨٦/٨/٩

هەر تۆ تینت بۆ هەموانە
هەر تۆ تیشکت خۆڕاییە
هەر تۆ باس و لێدوانت بەم زمانە ئاساییە

ئەگەر بڵێم با پێوانی هەموو شتێک بەو مەنەبێ
باقە بێنی هەموو شتێک بەو بەنە بێ
ئەوا زندیق و کافرم
لەم دنیایە و لەو دنیاشدا...
تەنها من بەندەی خاسرم!

***

## دڵ و ناخ

١٩٨٦/٩/٣

دڵم لە ناخم توورە بوو
ئەی توونی قووڵ بۆچی منت داهێشتووە بۆ ناخی ناخ؟
ئەی بۆ ڕۆژێ ناکرێیتەوە؟
تروسکەیەک وەک چەخماخە بەرچاوی من ڕوون کاتەوە
بارانێکی وا دابکات...
گەردی خەمم بشواتەوە
شانەکانی خەم دەرکەون
ئاخۆ قووڵکەی چۆڵی تیایە
من خەمی کەم زۆر لەپێشە
پێشوازییان فەرزە لەلام
بۆ کوێ بچن ئەگەر پڕبن،
ئەگەر بۆ پەند منیش خنکام؟!

***

## شەقام

١٩٨٦/٩/٣

ئەو شەقامە داڕێژراوە دەم و چاوی بێ گت بووە
توانای بێزاریی نەماوە
خاچی جەستەی لەبەر دوو خۆڵ سەپێنراوە
لە پێیەوە هەتا سەری بزمار ڕێژە و
سەد پشتێنی لێ بەسراوە



کۆڵانەکان ئەمبەرە و بەر تێی بەربوون
دوێنێ گوێم نا بەدڵییەوە
وتم بڵێی هەر لێ بدا؟
وتی: خاڵە
ئەگەر جەستەت بوو بەخاچ و دڵی خۆتیان پیاهەڵواسی
تۆش وەکو من پێخوست دەبی و
نە باسیت و نە سەرباسی!

***

## مەڵێن یارت ستەمکارە

١٩٨٦/٨/١٣

بە خەیاڵیش لە تۆم جوانتر نەویستووە
لە کۆڕی هیچ شاعیرێکا...
شیعری ڕێکم وەک نەزمی تۆ نەبیستووە
لە هیچ باخ و بەراوێکدا گوڵێک نییە...
لێوی بگاتە دامێنت
لەسەر تابلۆی ئەم جیهانە لە چەشنی تۆ نیگار نییە
ئاوی هیچ چاوگە و کانییەک
وەک ئارەقەت سازگار نییە
شنەی شەماڵی نێو گوڵان
فێنک نییە وەکو ناوت
خەندەی کەناری ئاسمانیش ناگاتە تیلەی چاوانت
ئەو ئاورنگەی لەناو گوپی گوڵە باخدا قەتیس دەبێ
چێژی ناگاتە ئەو شێبەی دەکەوێتە سەر لێوانت
چیم پێدەکەی دەستت خۆش بێ
بەردە فڕکێت شووشەی دڵم ناشکێنێ
ئازارێ تۆ پێم دەبەخشی
خوا نەی برێ هەر بمێنێ
من دەڕۆیشم... دەروێشی ڕاست کە خۆی دەدا بەدەستەوە

تەنها عیشقە
پاداشت هەرگیز ئامانج نییە
بمسووتێنە، مەمدوێنە
بمکە بەشێتی ئەم شارە
نیگەرانیم هەر ئەوەیە: بڵێن یارت ستەمکارە!

***

## سرتەسرتی دەنگوباسی ناخۆش

١٩٨٦/٩/٩

دەڵێی تەپەی پێی ئێس ئێسە و لەناو شاری
فەڕسۆفیادا، بەندی دەروون دەبڕێتەوە
دەڵێی بۆنی چاوەقووڵەی سەرنگۆومە
لەدوای سەد ساڵ بەناو خەڵکا دەکرێتەوە
عیسا دەکەن بەسەلیبا
یا ڕەفتاری ئەو گوندەیە
کە شەو ڕێگە لە ڕەوتەنی قفل دەدا
ئەوان دەرگای ماڵ خڕ دەکەن بەڕووی میوانی غەریبا

***

## جەردە و گەڕەک

١٩٨٦/٩/٩

کە ڕەشەبا بۆنی جەردە دێنێ بەسەر ماڵەکاندا
خۆ مات دەکەن
ترسنۆکی دووپات دەکەن
چبکەن کاکە... شار بێ قۆڵە
شاری مردوو هەروا چۆڵە
شار ڕزقێکی مفت و مۆڵە
جێگە کنەی جەردەکانە و هەر مڕ نابن
کونە ماری گەزندەیە و هەر سڕنابن
دوێ شەو کە ڕووم کردە گەڕەک



لێویان وشک و هەڵوەری بوو
تومەز نەکوو هەر جەردەیەک
ڕەوە گورگێ دابەزی بوو

***

## گەلگامش و من

١٩٨٦/٩/١٥

ئەو بە«شەمخە» گیانی «ئەنکیدۆ»ی ماڵی کرد
بوو بەهاوڕێی
کە تێریان خوارد لە ئافرەت و کووپەیان نا بەسەرەوە...
وتیان :
«ژیان... ئەوا ئێمە تۆ هەڵدەگرین
ئێمەت هەبێن... لە پێشبڕکێی مەرگ و تۆدا
هەرتۆ گرەو دەبەیتەوە» .
کەچی شەمخەی «ئۆرۆکی» من پیرەژنی فەرهاد کوژ بوو
ئەنکیدۆمی تووشی دەردی فەڕەنگی کرد
ڕێی سەرچاوەی نەمردنی لە من شێوان
خستمیە بەر دەستی دێوان
دارستانی بەرووم پێوا
ڕێچکەی خاکی ژیانیشم دا بەیەکا
هیچ کەس نەبوو دەستم بگرێ
دەستە و یەخەی «خەمبابا» بووم
هیچ کەس نەبوو پشتم بگرێ
چونکە منی گەلگامشی شاخی «گۆدی» هەموو جەستەم ئاو و گڵ بوو
بەشی خواوەندم تیا نەبوو
زەوی پەیامی پێم گەیاند
کە دەنگی دڵمی خوێندەوە ئەویش وتی بارت قورسە
پەیامی من لەسەر بکە و مەیخەرە دڵ
ئەگەر کرای بەڕێی ژیانی ئەژدەهاک...
هەر دڕک بە نەبی بەگوڵ

***

*لەبەر ئەوەی لەم ڕۆژانەدا بەشێکی زۆر لە ئەدیبەکانمان خەریکی شەڕە شیعر.. (ببەخشن) جنێون منیش ئەم هۆنراوەیە پێشکەش دەکەم بەئەدەب دۆستان.*

## شەرابی شیعر

١٩٨٦/٩/٣٠

سۆزییەک چوومە کۆنە خەرابات
شیعری ناو کووپەم بەسەرکەمەوە
منیش وەک بولبول بینیان پێوەنێم
ئاوازێکی نوێ لەبەرکەمەوە
ئەو دەنکێ خورما دەخاتە ژێر لم
لە دوای چەند ڕۆژێ هەڵیدەداتەوە
لە جامی گوڵدا بەرەو ڕووی گەردوون
شیلەی شەرابی خۆی دەخواتەوە
لە کووپەی خەمی منی شاعیرا
بەدەیان چامە ئێستە شەرابن
کە خەڵکێکی زۆر وەها دەزانن
لە کۆچە ڕێما وەکو سەرابن
ئەی ئەو کەسانەی لەلاتان سەیرم
دڵۆپێ ئەشک و ئاهێکتان نییە؟
گەر شیعر نەبێ و نەکرێ بەشەراب
تێم ناگەیێنن ئەی ژیان چییە؟!

***

*لەم ڕۆژانەدا دوای کربوونی چەند ساڵێک سەرلەنوێ لەلایەن کەسانی هیچ لەبارانەبوو، کەسانی پێ داخزیوو پاشگەزەوە هێرشێکی ناڕەوا دەبرێتە سەر گۆرانی پیرەمەگرون. بۆیە ئەم داکۆکییە لە دایک بوو.*

## داکۆکییەکی ڕەوا

١٩٨٦/١٠/٤

لەلا کۆڵانی ژیاندا دەرکەنارێ لادرابوو
جامبازەکان هەموو لەوێ کەپووی خۆیان
کرد بەکەندووی وشەی مۆرانە تێداودا



شایەت هات و شایەت ڕۆیی
بوو بەکۆکۆیی و خۆخۆیی!
جامبازەکان سەروچاویان ئارداوی بوو
دووانیان خەریکی نووسین بوون
دەیان لەوێدا ڕاوی بوون
جاڕچییەکان جاڕیان دەدا:
ئادەی پلار، ئادەی تەشەر
ئادەی بێژنگ، ئادەی چەپەر،
ئادەی مێژوو سەرەو ژێرکەن
لە چەپەوە بەرەو لای ڕاست ڕای بکێشن
دەستی چەوری پاشگەزیتان بێنن بەناو یادەکانیا...
پەڵ بارانە
... بازار بازاڕی کەرانە
هێرش گەیشتە سەر شەقام
من لە کورتیی دەیبڕمەوە
پیشکەشتان بێ لوبی کەلام:
گۆران وەکو پیرەمەگروون ڕاوەستابوو
پەیامێکی لە هەستا بوو
«بەڵێ دیارە لەناو قەومی بەسیتا قەدری سنعەتکار
وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لێخن دا»
حەوزی لیخن پڕکەنەوە
ئەم هێرشە ناڕەوایەش کڕکەنەوە
دەبێ هەموو جامبازەکان شەرمەزاربن
دەبێ هەموو شایەتەکان
بێ نق و جق
سەری لا کۆڵان چۆڵ بکەن
چاوی وشە لاڵەکانیان
لەبەر پێیدا پڕ خۆڵ بکەن
لالەزارە پەژموردەکان ئاویش بدرێن هەر دەکەون
هەزار دەهۆڵیان بۆ لێدەن...

پارشێو ناکەن هەر دەخەون!

**بۆ ئەنجومەنی خۆراکی جیهان**

دەڵێن هەتا ڕۆژو نەگریت دەردی برسێتی نازانی
کە تێر باسی برسی دەکات ژەمی چەورە بۆ سەر خوانی

## بەشی بێ بەش

١٩٨٦/١٠/٥

ئەوەی لەسەر باڵەخانە کەڵەشێرەی شووتی دەخوا و
پاشماوەکەی فڕێ دەداتە خوارەوە
بەدەردی بێ بۆی قووت نەچێ
ئەگەر بەشی من ئەوە بێ
توێکڵەکانی هەڵگرمەوە و بیانهێنم بەلا ڕانما و
ئەوسا بیانکرێنمەوە
با کفرە حەمەد دڵنیابێ
ئاگر دەنێم بەو بەشەوە...
سەلامیش بێ نایسێنمەوە

***

## ئەوانەی دەژین

٩٨٦/١٠/١١

بۆ سبەینێ سێ کەس دەژین...
ئەوەی دەبێ بە«دێوانە» و ئاهی «شەم»ێک دەباتە خاک
ئەوەیش لەناو شەوەزەنگا وەک دەستەوسان
ڕاناوەستێ، مۆم هەڵدەکات
سێهەم دڵی لە مستیایە و کەچی چاوی هەر بۆ باخی
گوڵ هەڵدەدات

***



## من و بێسارانی

١٩٨٦/١٠/٥

«بێسارانی» دارێک بەرچاوی گرتبوو
باڵای یاری نەدەبینی
کەوتە نزا...
با ، هەڵیکرد ، درەخت شکا
لەیلی بوو بەباخ و باڵا
هەر گۆرانی بۆ دادەنا ، تا هەردووکیان چوون بەساڵا
منیش درەختێ خۆزگەمە سێبەر بکات بۆ یارەکەم
فەیزی بگاتە شارەکەم
درەختی وا نابێ بەکلکی تەورەکان
درەختی وا نابێ بەلانکەی قەل و داڵ
درەختی وا دەبێ بەوەرز
درەختی وا دەبێ بەساڵ
ئەوەی دەمی بۆ درێژکا ، ئەوەی دەستی بۆ درێژکا
واتە شیعر دەشێوێنی
ئەوەی قەستی کوشتنی دەکات
ئەوا حەلاج دەسووتێنێ
ئەوەی جامم گڵاو دەکات
ئەسکوێ لە کووپەی وەردەدەم
ئەوەی ڕێ لە چاوم بگرێ...
سەگی جوێنی تێ بەردەدەم

***

## ئەمڕۆ و دوێنێ

١٩٨٦/١٠/١١

پێی وت: بۆچی نەت دەزانی کە تۆ بەمن سکت پڕە
نیوەی یەکەمی شەو ڕۆیشت تۆ دەڕۆیت و من دێمە ڕوو
بۆچی بیرت نەکردەوە چیم بەسەر دێ؟

چیم دێتە ڕێ؟
بۆ ڕووی پرست نەکردە خۆت،
ئاخۆ لە کێشی ئەمبارە و ئەم دۆخە دام؟
کە –سبەینێ–م لە دایک بوو ئەو چی بکات...
ئەگەر منیش وەک تۆ شکام؟!
– من ڕۆیشتم، تەنها یادم بەجێ ماوە
دەبم بە پیر، بە بەسرپێر
دەبم بەکۆن، دەبم بە دێر
تۆ هێشتاکە چێشتەنگاوتە.
ئێستاکە تۆیش سکت پڕە
هەتا خۆر وا بەڕووەوە...
بۆ(سبەینێ)ت شتێک بهێنەوە ئەنجام
کە شەو داهات نۆ مانگانی
ژان دەتگرێ و هیچ ناتوانی
با (دووسبەی) پەخەت نەگرێ
نەتداتە بەر تانە و تەشەر
کوڕە ئەوسا یادەکانت ناخەنە ناو هەگبەی سەفەر
***

## سەنگەری دڵ

١٩٨٦/١١/٣٠

ئەمشەو دڵم وەک سەنگەری چۆڵ کراوە
هەستەکانم هەموو خەوتوون
جەنگاوەری تیا نەماوە
وەنەوز باڵی چاوەکانمی تەڕ کردووە
ئەو پەیڤانەی لە دەروونما قەتیس مابوون
وەکوو کەسێکی ماڵوێران دێن و دەچن
پەیتا پەیتا ڕووی حەپەسان دەگرنە من
دەواری شەو بێ ستوونە و
دەلاقەکانی ئاسۆیشی ڕەش کردووە
چلوورەی خەم بەجەستەما لەسەرمەوە تا بەری پێم داچۆڕاوە



کلێپەی ئازاری عومرێکیش لە ناخمدا هەڵگیرساوە
سەربازەکانی ئەندێشەم
وەک لەشکری بێ فەرماندە حەپەساون
بۆ بڕیاری جموجموڵێ لە گۆڕەپاندا داماون
منێک کە شەو سەنگەرم بوو، خەوی نەیار
نەی دەوێرا خۆی لە قەرەی چاوم بدا
نەی دەتوانی قفڵ لە هەنگاوم بدا
پەیڤیش لەناو شانەی شیعری شەوەکانمان پێ دەگەیی
سازگار وەکو ئاوی شەویی
کە دەواری شەو بڕمێنین...
سەنگەری دڵ چۆن چۆڵ نابێ
سەر و چاوی ڕەوتەنیی وا
گومان نییە بێ خۆڵ نابێ
لە سەنگەری چۆڵ کراو بۆنی مەرگە خۆی مت دەکا
کە ئەستێرەی شیعرێ کشا
ئاخۆ گەردوون بۆ سبەینێ کێ قت دەکا؟!
ئەی دڵەکەم ئەی سەنگەری چۆڵی ئەمشەو
کوا لەشکری نەیاری خەو
خۆ تۆ ئەمشەو بێ شەیپووری
خۆ تۆ ئەمشەو وەکو دەشتی شارەزووری
لێوی تانجەرۆت لە خۆڵا
باری کۆچی مەلا خدر دەکا بەبار
ڕێگەی کۆچی هەموو مەلا خدرەکانی شیعر و بەستەت
ناگاتە شار
کوا لەشکری نەیاری خەو لەگەڵ شەوا بێ و بتگرێ
کە سبەینێ ڕۆژ بوەوە و لە خەو هەڵسای
خۆر ببینی
خەوی نەیار خۆر لێی بدا هەرکاتێ بێ دەتوێتەوە
ئەی دڵەکەم... ئەی سەنگەری جەنگی ئەوین
ئەی دڵەکەم... ئەی مەیدانی ئەندێشە سوار

ئەی دڵەکەم... مەزرای یادی-کەژەو بەهار-
ئەی دڵەکەم... ئەی دیوانی خەونی هەژار
نابێ چۆڵ بی
هەرگیز نابێ تۆ سەنگەری چۆڵ کراو بی
لایق نییە بۆ تۆ شیعرێکی ژاکاو بی
نابێ و ناشێ تۆ سەربازی نەناسراو بی
با دەروێشی شیعرەکانم بێ و مەلاشووی
شمشاڵی نوێ هەڵباتەوە
جەنگاوەری وا دەتوانێ...
باوەشی تۆ پرکاتەوە
***

## سنووری خۆشەویستی

١٩٨٦/١٢/٢٧

هاتم... بەو نیازە سنووری خۆشەویستیت دەست نیشان کەم
سنوور هێڵە یا بازنەیە، ئەمیش دنیای ماتریاڵە
ئەم دنیایە و هەرچی تیایە...
لە گەردوونی جوانی تۆدا وەکو خاڵێکی بێ باڵە
خۆشەویستیی منیش بۆ تۆ لە جوانیتا خۆی بینیوە
کە ڕووم کردە چاوی شیعریش وەنەوزێکی گرتە خۆی و
وتی ئەم کاڵا نەخشینە، منیش بۆ خۆم نەم چنیوە
بۆیە دەڵێم خۆم نازانم کە خۆم چەندم تۆ خۆش دەوێ
دەڵێن گوایا تۆ فەرمووتە... تا ئەو ڕادەی خۆم بمەوێ!
ئاخر، ڕادەیش هەر سنوورە، بۆ بەدرۆم دەخەیتەوە؟!
ئەینا دەبم بەحەلاج و دەڵێم تۆ وای لە(ذات)م دا
ئەگەر دڵم نەدەیتەوە
درەختی باخی سینەتە ئەندێشەی من، سەرکوت دەبێ...
یەخەی باخت نەکەیتەوە
ویستیان بۆ پەند ئەم کێشەیە بدەن بەسەر هەرکێوێکا
کێو دانەوی
بوو بەکێڵگە و بانەزەوی!



هەر جەستەی من ئەو کێوەیە ئاگری تۆی لێ هەڵکرێ
دەستە چیلەی هەڵگیرساوی بدات بەگشت ئەوین دارێ
دەنگوباسی مەشخەڵی تۆی لێوە بگاتە گشت شارێ
زارم وەکو داربەڕوویەک لە دوای بەهاری خۆش باران
شۆکە و گەزۆی لێ بباری
من بۆ خەندەی سەرلێوی تۆ هەزار ئایەت لەبەردەکەم
هەر بەنیگای سەرپێیەک هەزار کولاە لەسەر دەکەم
کێ لە دەرگای دڵم دەدا من دڵی خۆم قەت داناخەم
جێ نەزەرگەی تەجەللاتە
بەیانیان تۆی لێ هەڵدێ و ئێوارانیش ڕۆژاواتە
ئەی تیۆری بەڵگەنەویست، دروشمی سەرزاری منی
وەکو ڕاستییەک سەلماوە...
جوانی وەک تۆ یاری منی
ئەی یارەکەم، من ئالاّتم، پیرەمەگرون سارییەمە
پیرەمەگروون... دڵدارەکان بەختی لەسەر دەگرنەوە
شیعری منیش نەخشەیەکە
ئازادی خوا قەوڵی لەسەر دەبڕنەوە
هەژاری ئەم شارەخەمەیش کاتی ئازاری برسێتیش
وەکو نانی تازەتەنوور، دەستی عەرزەت بۆ تۆ دەبەن
ئەو ڕوانگەیت کە تەماشای گشت باوەڕ و ئاینێکت
لێوە دەکەن
منیش کە دێم بۆ دەربارت بۆ یەک قومی خومارشکێن
دێوانەکان هەموو لەوێن
تومەز ئەوان لە مێژەوە مەستی شەرابەکەی شەوێن!
***

## ئێوارە ماج

١٩٨٧/١/٨

ئیوارەیە و ئەوا ئاسۆ...
داوێنی خۆر ڕادەکیشێ
تاڵێکی دی لە عومری من نەدیوییەک هەڵی دەکات
کێ دەزانێ ئەم ڕێکەوتە چۆنی هێنام، چۆنم دەبات؟!

چاوەڕێتم.. ئەی شێتۆکە، هەتا شەو دانەهاتووە
هەتا ئاسۆ نەخنکاوە
لەسەرکەلی ئەو شەیتانەت وەرە خوارێ
هەناسەیەکم تیاماوە
درەنگ وەختە، دڵ تۆراندن زۆر خراپە
نەکەی دڵم بتۆرێنی
خۆ تۆ عومرێکت دۆڕاندم، ئەم هەناسەش نەدۆڕێنی
وەرە پەیمانێ ببەستین...
تۆ بمدەرە بەر تیلەی چاو
منیش هەموو تیرەکانت دەگرمەوە
دەیانخەمە ناو ناخی دڵ
شەیتانی خۆت بەلەعنەت کە و
منیش هەموو شیعرەکانم لەرێگەتا دەکەم بەگوڵ
لێوت بێنە من چامەیەک ماچی لەسەر دەنووسم و
سۆزی عومرێکی تیا دەڵێم
ئەمجارەیان دەخیلت بم نەکەی کۆسپێ بخەیتەرێم
کە دڵۆپی ماچەکانم بارینە سەرلێوی ئاڵت
دەگاتە چێژ و هەناوت تینی شیعری ئەم دێوانە
باوەڕ بکە لەوانەیە ئاسۆ یەکالا بێتەوە و
تەخت بێ ئەو کێوانە
***

## شتێکە و دەیڵێم

١٩٨٧/١/٢٢

منیش وەک تۆ سەرم گەرمە
بەڵام دڵم خنجەرێکە و لە کێلانا دەست بەسەرە
کەچی وەهایش چاو لە دەرە
تۆ نازانی سەری گەرمی بێ دڵی وا
لەم ڕۆژەدا کەم هونەرە
سەری بێ دڵ لەم دنیایە بێ خەبەرە
– با، من و تۆ سەرمان بکەین بەناو یەکا
چونکە ژیان دووسەریە،



چونکە ژیان ئەم بەرەیە و ئەو بەرەیە–
نا... نا، هەریەک سەرەو یەک سەر و بەس
لە دڵەوە دێتە دەرێ
بۆچ نەیەوێ هەرچی خۆشی و تەما هەیە
لە بوخچەی نێ و بۆ خۆی بەرێ؟!
خۆ دڵی من خنجەرێکە و بەزووخاوی ئەم ڕۆژگارە ئاودراوە
لەناو کێلانی ناخمدا، مشت و ماڵێ واکراوە
وەکوو چاوی بکرێتەوە دەوروبەری خۆی ببینێ
دەبێ بەمەل
دەبێ بەتیر
دەبێ بەژیر
بەحەکیمی قسەڕەوا
دەبێ بەزاوای شۆڕەسوار لەناو پەردەی سووری شەوا.
دڵی من زۆر گەرمترە لەسەری تۆ
خنجەرێکە تازە ساوە و کۆنە کوورە
مەنزڵێکە زۆر نزیکە و ئێجگار دوورە
شاعیرێکە زۆر ئاسایی و زۆر مەغروورە
چامەیەکی ستوونییە و پەخشانێکی بێ سنوورە
کوانێ سەری گەرمت بێنە بەدڵی خۆم دەیبڕمەوە
دەیخەمە ناو کێلانەکەی
شانەی دەکەم بەژانەکەی
ئەمجا دەبێ بەخنجەرێ
ئەگەر سەری زۆردار نەبا، دەبا سەری خۆمان بەرێ
***
بەبۆنەی تۆپبارانی شارەوە:

١٩٨٧/٢/٣

## قۆڵ

(١٦ی یەکی ٨٧)ە، چلەی زستان
چلەی زستان بەفری لەخۆ نەگرتووە
تێن و تاوێکی هێمنی کرد بەشارا

کۆڕێ گیرا... چلەی کۆچی «کامەران» بوو
شیعر هەمووی هەر گریان بوو
وتار هەمووی هەر ماتەم بوو
لە دەروونی هەمووماندا هەر وشەیەک سەری دەکرد
زۆر و کەمی هەمووی خەم بوو
(١٧ی یەکی ٨٧)ە، نیوەڕۆیە...
ئەی داخەکەم... داربەڕووی شیعر ئەمڕۆ ئەم شارە بێ تۆیە
تۆ پێم نالێی مردن ئامانجە یا هۆیە؟
بۆ مەرگ بژین یا بەقوربانی ژیانی کوردانە بین؟
یا بەقوربانی هەڵوێستی منداڵێکی مەردانە بین؟
بم بم بم م م م ... ...م
ئەوە چییە منداڵینە؟
ئەوە چییە کۆترەشینکە بێ باڵەکان؟
ئاگر بارانە وە (ئەلی) منداڵەکان!
عەجەم... عەجەم
(پاشای بەبە) وا عەجەم هات بەسواریی تۆپی ئاگردار
بە -ئیللەللا- نادر شایە
قەڵاچۆلان چۆڵوهۆڵە...
ئەمجارەیان لەناو دڵی (مەڵکەندی)دا ئاگری سوور دەنێتەوە(١)
لە بەردەمی- مەولانا- دا «شێخ فاتیح»ێ دەتوێتەوە(٢)
مەتافی کەعبەی شاعیران ڕاگوزەری داخراوە
ئەی مەیدانی جریدبازی؟
باسی مەکەن. لەوێ منداڵ سەربڕاوە
بە -ئیللەللا- ئەم ئاگرە بۆنی ئەو داخەی پێوەیە...
پاشای بەبە کە تۆ خنجەرت هەڵکێشا: وتت نەیەن
هەنگاو مەنێن بەرەو سنوور
لووتکەی شاخێک ببڕنەوە، شیوەکانمان دەبنە تەنوور
* پیرەمێردێکی لادێیی وتی: ڕۆڵە
ئەمجارەیان پێنج مەزەوە

(١) مەڵکەندی- یەکێک لە گەڕەکە کۆنەکانی شاری سلێمانییە.
(٢) شێخ فاتیح- کرێکارێکی قەرەداخی بوو لەبەر خانەقا بەتۆپی عەجەم شەهیدکرا.



ئەمجارەیان هەر غەزەوە
حاجییەکی سەر لێ شێواو وتی:
وەڵڵا ئێمەیش هەموو موسوڵمانین
ئەم بمبە کوێی گرتەوە؟... چۆن بزانین؟
ئێستگە دەڵێ: تۆپی دوورهاوێژی ئێمە
ڕووی ئاگری لە تەئسیساتی سەنئەتی و نیزامییە!
- چاویان کوێربێ... ئەم قسەشیان نەفامییە-
ڕووی بێزاریم لە گەنجەوی... نظامییە
لە - سەعدییە لە حافظە
لە کەلیمی بێ کەلام و لە خەیامی بێ خێوەت و لە جامییە-
دروێنەی مەرگ لە شاری خەم ئەمڕۆ وەها!
سبەی وەها:
دووسبەینێیش هەر وەهایە
ئەم غەزەوە چ داخێکی لە دڵدایە؟
هەموو ماڵێک لەم شارەدا هەر ماڵەکەی-(عارف بەگ)ە و(٣)
دەنگوباسی ئەوی تیایە
ئەی سێ سبەی، ئەی چوار سبەی
ئاخۆ سبەی دەگاتە چەند؟!
ئەی زمانی ئاگری سوور لەدوای (بەبە) بەرەو
(پاشاکوێرە)ش دەبەن؟
کە حوجرەکەی (نالی) سووتا...
مەزاری (خانی)ش پڕی دەبێ لە ڕمووزن
چونکە چارەی نالی و خانی لەلای دوژمن لەیەک دەچن
هۆ... فەرزالی(٤)
نە فەجر ما، نە لەیالی
ژنێک وتی: ئەمڕۆ ٣٦ ماڵ دەگەڕێم
پێخوییێک قوڕ دەگرمەوە
هەتا دەمرم ئەی شاری خەم نابێ فرمێسک بسڕمەوە
پیاوێک وتی: مزگەوت نەما من فاتیحەی تیا نەخوێنم

(٣) ماڵی عارف بەگ- ئەو ماڵەیە بەر تۆپ بارانی ئینگلیز کەوت لە کاتی شۆرشی شێخ محموودا.
(٤) فەرزالی- ناوێکی ئێرانییە.

چاک وەهایە لە ڕێی (سەیوان) خۆم بڕوێنم
بۆ پێشوازیی تەرم و تارا
کە کشومات دێن بەشارا
– جیهان ئێوە کەڕوکاسن؟
هیچ نابینن، کەس ناناسن؟
ئەم مەرگانە هەر هەموویان نارەوان و سەپێنراون
هۆ... فەرزالی و هەر کەسی تر
باوەڕ بەکەوچکی شمشێر دەکرێتە ناو گەرووەوە
بەڵام هەرگیز هەزم نابێ
ئەو مرۆڤەی بەخەونی وا خۆی گێژ دەکا
زێرابێکە... کام زێرابە؟
ئەو زێرابەی کە پیسایی تیا ترشابێ!
ئەی فەرزالی و هەر کەسی تر ... من بێ چەکم
لە ڕیکابی ئەم چەرخەدا بێ خواستی خۆم من پاش تەکم...
وا... ئەو گۆزەم هەرچی قەزای دیزە هەیە ئەم دیوەودیو
بەسەر منا دێتە خوارێ
پەنا بەرم بۆ چ شارێ؟!
من بێ چەکم
من بێ تەکم
با ڕووبکەینە (مامە یارە)(٥)
تەپڵ لێدەین بۆ سوارەکان
تۆپی عەجەم هەر دوورهاوێژە
قسەی عەجەم هەر کاوێژە
خنجەری ناو کێلانەکان زاخاو بدەن
بەرەو مەرزی مەرگ و ژیان ئەسپەشێ کانتان تاوبدەن
با... ڕووبکەینە دەریای (مەحوی)
خۆ وڵاتی بەبە ئەمڕۆش وەک دڵی تۆ ئاشیفتەیە
خوێن دەچکێنێ

(٥) (مامەیارە) دەڵێن سوارێکە لە دوانزەسوارەی مەریوان.



ئەمڕۆ بۆپەندی ڕۆژگاریش کاڵەک بەئەژنۆ دەشکێنێ
٢٧ ساڵەکەی (بێکەس) لەنوێ لەبەر دەکاتەوە
–کەسێ ئەگەر خۆی بناسێ هەر ئەو گرەو دەباتەوە–
(گۆران)... ئەمڕۆ هەر ئاشی مەرگ لە گەڕدایە
جادە چۆڵ و بێ سێبەربوو
ئەو نازارەی کە لە عاباوە پێچراوە...
بووکە سوورەی چلەی شوومی بێ تۆفانە
پەردە... وێرانەی سەیوانە
هۆ (شێخ ڕەزا).. ئەو شارەی وا تۆ مەریوتی خاکی ئەو بووی
ئاگر بارانی لەسەرە
بۆ چ (کاک ئەحمەد) بێ خەبەرە؟...
دەمی گورگی لی ببەستێ و تۆیش شمشێری زمان کوانێ؟
کام تێکۆشەر شمشێری تۆ بەخنجەری خۆی نازانێ؟!
ئەی شارەکەم
شاری خەم و ئازارەکەم
ئەگەر مام و نەبووم بەخۆڵ
لەسەر سنوری شیعری تۆ شێخ ڕەزام و دەبم بەقۆڵ
تۆیش دەمێنی، ئەم ڕەشەباش دەبڕێتەوە...
دڵنیابە، بە –ئیللەلاّ– دەرگا لەسەر نەورۆزی خۆش دەکرێتەوە
منیش قۆڵم لەو ڕێگایە
چەکی شیعرم لە شانایە
***

## ئۆپەرێت

*ئەم ئۆپەرێتە بۆ ئەڵقەکانی نمایشی (گوڵاڵە) دانرا کە لە تەلەفزیۆنەوە پێشکەشکرا، مامۆستا (صلاح ڕەووف) ئاوازی بۆ دانا.*

١– وەستا... وەستا... کێ وەستایە؟
کێ بازنی ئاڵتوونینی لە دەستایە؟
وا خەڵکی شار بازهەڵ ئەدەن...
وەستا باشی بدۆزنەوە
بۆ ئەم ئامانجە پیرۆزە

هەموو هەوڵ و تەقەلایەک دەقۆزنەوە
وەستا... وەستا... کێ وەستایە؟
کێ هێزێکی نەبەزیوی لە مستایە؟
کێ دەزانێ دیوار بکا و چین هەڵسێنێ؟
کێ دەزانێ جێ دەستی خۆی بنەخشێنێ؟
کێ دەزانێ لەناو گێژاوی ژیاندا مەلەوان بێ؟
دەریاوان بێ؟
ئەو گەوهەرەی کە مەبەستە دەری بێنێ؟
کەشتی بەرەو کەنار بەرێ
لەجێی خۆیدا بڵێ ئەرێ
لەجێی خۆیدا بڵێ نەرێ
٢-وەستا جوانرۆ... گوڵاڵە گەوهەری تۆیە؟
گوڵاڵە بەرهەمی ڕەنجی خەڵکی ئەم شارە گەورەیە
گوڵاڵە بارانی خۆشی پایزان و سەرپەڵەیە
سا تێبگە خۆپەرستیت لەم ئاستەدا زۆر هەڵەیە
وەستا جوانرۆ کەس مەکوژە
وەستا جوانرۆ مەیدان پانە
کێ دەتوانێ با خۆی هەڵکا ئەم مەیدانە بۆ گشتمانە
وەستا جوانرۆ بام گوڵاڵەش خۆری تۆ بێ
بێ گومانبە کاتێ هەڵدێ، ئەم شارە گشت دەگرێتەوە
لە ڕووناکیی چاوەکانیا لەناو کۆڕی عاشقاندا
پێکی ئەوین دەخورێتەوە
وەستا جوانڕۆ... وا خەڵکی شار...
تێگەیشتوون، ئەم ڕۆژگارە بێ ئامانە
دووبەرەکی یەک مەبەستیش
ئاگر و خوێی ناو زامانە
وەستا جوانڕۆ وەستا هورمز
گوڵاڵە بەرهەمی شارە
لەناو ناکۆکی ئێوەدا بێ گومانین
ئەویش ئەمڕۆ هەر خەمبارە
ئێمە خەڵکی ئەم شارەین و ئێوەش گوایا وەستای شارن!



ئێمە مەبەست و ئامانجین، ئەگەر بەڕاستی دڵدارن؟
ئەم شارەمان ئەو باخەیە گوڵاڵەی تیا پشکووتووە
خەڵکی دەڵێن: وەستاکانیش
ڕێیان بەم هەستە بردووە!!
وەستا جوانڕۆ، وەستا هورمز...
قەڵاکەمان بەرزکەنەوە
ئەوسا وەڵامی پرسیاری دەردی دڵتان بدەنەوە

***

بەبۆنەی چلەی ماتەمینیی- کامەران موکری شاعیرەوە

## بۆ داربەڕووی شیعر

١٩٨٦/١٢/١٥

داربەڕوویەک کە ئاگری تێ بەردەبێ..
یەکسەر کوڕنووش نابا بۆ گڕ
یەکسەر نابێ بەخۆڵەمێش
کەتینی گڕ دەگات بەڕەگ، گڵمتک و خۆڵ دەچن بەقوڕگی شاڵاوا
نێڵەنێڵی کڵپەی ئاگر دەدەن بەچاوی گەرداوا
ئیتر بۆیە هەر ئەو ڕۆژەی -باوەنۆئێل-ی نەورۆزێ لە کەلەوە دێتەخوارێ
سووتەمەرۆ دەبێ بەخەڵفی نۆبەهار
بارانیشی لێ دەبارێ
* ئەی (کامەران) ئەی داربەڕوو
هەرچۆنی بێ و هەرچی بڵێن...
ئاگر بڕی باوەڕی خۆت چەند شاڵاوی کوژانەوە!
سوێراوی چەن ڕۆژی عومرت دەکرد بەپارووی نانەوە؟!
بەرگی چەند مەینەتی سەختت کرد بەچڵی زستانەوە؟!
خەڵفی دارستانی شیعرت بەلای ڕاستی هیچ هێزێکا نەشکانەوە
هەر ئازادی خەونی گەورەی کامەران بوو
تف لە ڕووخساری چەپگەردی ئەم ڕۆژگارە
کەی تۆ ڕۆژێ بەکامی خۆت بەیانیت بردە ئێوارە؟!
ئەگەر نازناوی کامەران، ڕێی لە بانگم نەگرتایە
کاکە حەمە... دەموت باوە خەمەی کوردی
بەڵێ دەموت تۆ داربەڕووی پیرەمەگروون و هەڵگوردی

وا خەمی تۆ دەگرمە دڵ، وا خەمی تۆ دەنێمە دڵ
لەناو چەپکێ یادی تۆدا...
وەکو شیعرێ دەبم بە گوڵ
ئەی ڕەوتەنیی ئەم ڕێگایە، گەیشتیتە هەواری مەرگ
هەوارگەیش گردی سەیوانە
– سەیوان ئاسۆی ئەم شارەیە
سەیوان کەعبەی بێ سادنە
بێ خادیمە، بێ دڵسۆزە
ئەی داخەکەم چەتری سەیوان گەردەلوول و تەپ و تۆزە!
لە بیرت دێ لەسەر گڵکۆی (فائق بێکەس) چۆن نرکانت؟
ئەو ڕۆژە تۆ تەپڵژەنی لەشکری ڕێی ئازادی بووی
ئەو ڕۆژە تۆ گۆیندەبووی هەڵکەوتبووی
ئەو ڕۆژە تۆ سوارچاکێ بووی تێ نەگلابووی، نەکەوتبووی
ئەو ڕۆژە تۆ گڕکانێکی تەقیوەبووی
گڕی سۆزت دەگەیشتە تەختی بەرزی زاتی خوا
وەکو نووری حەقیقەتێ جێی خۆی گرت و لەوێ ڕووا
تۆ لێرەوە شیعرت دەنارد بۆ جەمیلە
دەمی ئاژانسی ئەم دنیاش لە باسی تۆ
هەموو چووبوونە کلیلە
لەو ڕۆژەوە ئاژانسەکان دەعەجانی کەڕولاڵن
لە ئەحواڵی ئێمەمانان، دەبەنگێکی بێ هەواڵن
لەناو کولانەی درۆدا، شەمشەمەکوێرەی بێ باڵن
* ڕۆژگار هات و ڕۆژگار ڕۆیی
ڕۆژگار بوو بەخەونی شەوی
کێ سەرکەوت و کێ دانەوی؟!
گوایا دەڵێن چەپگەردی ڕۆژ، تۆی لە خۆیدا پێچایەوە!
خەڵکە داوای ئینساف دەکەم...
بەستەڵەکی ڕێی ئاواتی ئەم شاعیرە لەبەرچی هەرنەکرایەوە؟!
کامەرانیش وەکو ئێمە مرۆڤێ بوو
مرۆڤ جەستە و بیر و هێزە
کردەی مرۆڤ یەک ڕەوت نییە



ڕێگەی ژیان یەکسان نییە
باسکردنی شاعیری وا بۆ هەموو کەس ئاسان نییە
ئەو مەینەتەی لەسەر چاوی شیعری –حەمە– بوو بەوەنەوز
بیخەنە سەرچاوی شەتێ
هاوار دەکات: چاوم کوێربوو، خەڵکینە توخوا مۆڵەتێ!
سەیوان مۆڵەتی شاعیرە؟!
ئارامگەمان هەر مەزارە؟
وا لەم گردە بێ نازەدا –کامەران–ی شاعیری کورد
مامی–کەژاڵ و بەهارە–
چۆن ئازادی دەردی تۆ بوو...
دەبا منیش بەو دەردەبم
منیش وەک تۆ بەقورانی ئەم خاکەبم
ئەم بەردەبم

***

## نامەی خەونێک و خەمێک*

١٩٨٧/٧/٩

**١–** بۆچی نیگای چاوەکانت گرتە دڵم؟...
ژیلەمۆ بوو گەشانتەوە
خۆ من داوام لێ نەکردی
خۆ من پەیم پێ نەبردی
بووم بەکوڕێکی هەرزەکار دەستم گرتی
قسەی خۆشم بۆ ئەکردی
وام دەزانی هەژدە ساڵم
کە شیعرم دا لە ڕوومەتت، وتم نەخێر، من مناڵم
ئیتر ویستم پەل بکوتم بۆ گەردنی بەرز و وازت
بۆ ناو سینەی پڕ لە ڕازت
پەل بکوتم... من مناڵم ئەی هاودەمان
ڕێ لە منداڵ چۆن دەگیرێ دەمیش بەرێ بۆ گۆی مەمان؟!!
**٢–** لەم شارەدا

* ئەم چامەیە هونەرمەندی بەهرەدار (انور قەرەداخی) کردوویە بەکۆراڵ.

ئا لەم دۆخ و لەم بارەدا
دەرفەت نەبوو... دەمێ بنێمە سەر دەمت
هەڵیمژم بۆنی خەمت
تۆ وات دەویست، من وام دەویست
کەچی ئەنجام نەخواستی من، نەخواستی تۆ ... هیچی نەبیست
٣- سەد ڕۆژە من لە دووت وێڵم
سەد ڕۆژە من هەر ئەم خەونە دەبینم و ناێتە دی
تارماییە نایابەکە لە کوێ دەژیت؟
ئێستە لە کوێی بۆکوێ دەچیت؟
ئەی هاوارە لە ناخمدا چ ئاگرێکت نایەوە؟!
چۆن دەرگایەک کرایەوە؟!
لە مەجلیسی خەمەکانما... چ تاڵاوێ خواریەوە؟!
**٤-** چیای بڵند، بمناسەوە
هەر بۆ تۆیە ئەم نامەیە
شیعری وەها...
(اناالحق)ی ئەم دەروێشە کەم فامەیە
ئەم دەستەیە، ئەم خامەیە
ئەگەر ڕۆژێ بتبینمەوە...
هەر ئارەقی چاڵی تینەت...
شیفا بەخشی ئەم زامەیە

***

**بۆ گۆرانی**

١٩٨٧/٣/٢٨

## چیا خان

دڵم شێتە هەڵی بڕە بەرەو قەڵای سەختت چیا
با تێ بگا، بەختی باش بوو لەگەڵ تۆدا ساتێک ژیا
چیای سەخت و لووتکە بڵند هۆشم هەروا بەلاتەوە
بڵێی سۆزی ئەم شیعرەی من دەرگای دڵت بکاتەوە؟
کفرنابێ منی تینوو، بۆنی باخت بخۆمەوە
لەبەر تاڤگەی چاوی تۆدا دەردی دڵم بشۆمەوە



دەم و لەفزە شیرینەکەت وەکو خۆزگە بگرمە دڵ
هەتا وەکو هەردوو گۆنات دەکرێمەوە و دەبم بەگوڵ
شیلەی ئاونگی لێوی تۆ دەکەم بەپێکی گشت ژەمێ
لە شیعر و گیان و ئاواتم، چیت گەرەکە تا بتدەمێ

***

## چیرۆکێ لە هەندەرانەوە

*لە جەنگی دووەمی جیهانیدا نازییەکان چوونە (گریک) بەیارمەتی هەندێ لە خۆفرۆشی ناوخۆ هێرشیان بردەسەر گوندێ، ئەم ڕووداوە لەوێ ڕووی دا:*

«مەمەد» پێشی دێز کەوتووە
بەرەو گوندی بناری شاخ
فرمان وایە کاول کرێ
شوێنەواری تیا نەمێنێ
هەتاکو دێز چەک بەدەست بێ
تەنانەت نابێ مێروولەش دەنکێ گەنمی تیا بچێنێ
مەمەد خۆی لێ هەڵکردبوو...
کلاو بۆرێی لەسەر نابوو
لەناو قەپی ئامێرێکدا... لەسەر سەربانێ نیشتەوە
مەمەد چی بوو بەرپشتەوە؟
مەمەد نەکەی کورە مەمەد،
ئەوە چییە بەرووتەوە؟
ئەوە چییە بەشانتەوە؟
چی کراوە بەنانتەوە؟
مەمەد پێشی دێزکەوتووە... مەمەد نەی بیست
وێژدان دەستی بۆ ڕاکێشا، مەمەد نەی ویست
لە تەپمانێکی لامالدا چەپەر سووتا
مەمەد وەکو سەگی خوێڕی بۆی هەڵتووتا
خرتەقەڵێ کە جێمابوو
وەکو مێژوونووسی گەجەر لەپێش دەمی کارەساتا
گێژ و حۆل و تیرامابوو
نیگای چاوی بڕیە مەمەد
بەڵێ مەمەد هەڵتووتاوە

دەڵێی پووشێ نەسووتاوە
مەمەد وەها خلیسکاوە
ماڵی باوکیشی بسووتێ
هەروەک ئێستە هەڵدەتووتێ!
مەمەد بەشی هەڵتووتانە
چونکە چەکی شۆڕبوونەوەی لەسەر شانە
مەمەد ناوشانی زۆر پانە... کەری بارە
مەمەد دوێنێ چاوی لێ بوو ناوی باب و داکیان نووسی
لەگەڵ ناونووسی ئاوارە
قەل قیرانی ... مەمەد سمێڵی لێ بادا
لە سەربانێ هاتەخوارێ..
- وا ئامێرهات... وا ئاگر هات
ئەم گەرداوە وەها بڕوات... مسۆگەرە
کە ئەم قەلەم لە کیس دەدات-
خرتەقەلی لەبن دەست گرت...
قەلەزانی دەیگوێزنەوە، خۆی ڕاپسکان
سەعاتەکەی دەستی شکان
مەمەد چەکی شۆڕبوونەوەی لە شانابوو
بەلاقەدیا تەکەی دەهات
پڕ لە فیشەک لەسەر پێ بوو
قەرەوڵی پەناگوێ بوو
قەل خۆی نەدا بەدەستەوە
بۆ بەربوونی پەلی کوتا
بەلەپێتکەی چەکی مەمەی هێنایەوە
لەناو مێشکی مەمە دێزدا گڕکانێ دەنگی دایەوە
- هەموو وەختێ وەختی خوایە... ئەم حەلەبوو
مێشکی مەمەد تێکەڵاوی ڕیقنە و ڕیخی ئەو قەلەبوور-
قەل بۆی دەرچوو، گوندیش سووتا
کە خەبەریش گەیشتەوە...
باوکی مەمەد هەر هەڵتووتا!

***



## یوسف و زلێخایەکی تر

١٩٨٧/٨/٢

ئەم بیرە خۆم تێی نەکەوتووم
کاروانییەک دۆڵچەی داهێشت بۆ ئاوی سارد...
سەردەکەوم دێمەدەرێ
بەدوایەوەم بۆ کوێم بەرێ
یاخوا بمباتە بازاڕ و زۆڵەیخایەک بێ و بمکڕێ
لەبەر دەستیا ئەڵقە لە گوێم
ئەو لە کوێ بێ منیش لەوێم
دەبێ ڕۆژێ لەناخیدا ببمە خورپە
چاوی عیشقی بکرێتەوە
بەتەمابێ لەمنەوە وەڵامیشی بدرێتەوە
لەناو ژوورەکەی «عەزیز»دا
وەکو کەروێشک دەستەمۆم کا
ڕێگەبەستی هاتوچۆم کا
من خۆم دەگرم تا ئەو ساتەی هەموو شتێک لەبیر دەکات
وەکو تاڤگەی بەر سێبەرێ
گیانی خوێنم بۆ هەڵدەخات
بتی ژوورسەری لادەبات
من ئەوکاتە دێم بەچۆکا... ئەڵقە لە گوێی بێ خەبەرم
خواستی خانم لەسەر سەرم
ئەم دنیایە و هەرچی تیایە
هەمووی ببێ بەعەزیز و هەموو ببنە شمشێر و دار
من لە دۆزەخ دەرهاتووم و دەمم ناوەتە کەوسەریش
کەی ڕەوایە دەرم بکەن...
بۆ بمکوژن خوای کردگار؟!

***

## منی تەواو

١٩٨٧/٨/١

وتی... هاتووم ناخی دڵت بپشکنم!
ئەی تۆ ڕێگەم نیشان نادەی؟
کەسێک وتی:
– ئەی نابینی زامەکانی جەستەی هەموو
وەکو دەرگان... لەسەرپشتن
فەرموو برۆرە ژوورەوە...
قۆڵێک نییە ڕێت لێ بگرێ
ئەوی لە زام خۆی هەڵکێشێ قۆڵی ناوێ
دەبێ حیسابت بتەوبێ بۆ گواستنەوەی گشت هەنگاوێ
فەرموو پسپۆڕ... ئەوە دەرگای لەسەرپشت و
ئەوەش ڕێگا
دوای پشکنین ئەنجام چی بوو، بێ پێم بڵێ؟–
ئاخۆ دڵی دەپشکنرێ وەک گشت دڵێ؟–
دوای برینی دەرەی زام و سەختی شیعر و
هەرەسی خەم...
وەرای دڵمی دۆزییەوە، بۆی نەکراوە
گرەوێکی لێ بوو بەمەرج، بۆی نەبراوە
هێدی هێدی خۆی و هەموو ڕاو بۆ چوونی
گەڕانەوە
وەک دوادوایی بڕانەوە
نەیان زانی زامەکانم پێش ئەوانیش...
ویستیان دڵم بکەنەوە
لە دەرباری پاشای هیوای کەللە زلما
باری خەمم بخەنەوە
وەلێ هەیهات... نە پسپۆڕ و نە زام و خەم
کەی دەگەنە ئا ئەو پایەی من بناسن؟
من تەواوم... شوێن و کاتم لانەماوە
من تەواوم... تاجی شیعرم لەسەر ناوە
ئێستە وجوود هەمووی منەو



منیش هەموو ئەم وجوودەم نۆش کردووە
بەرەو کازیوەی خولوودیش...
ڕچەم بۆ خۆر خۆش کردووە

***

## بۆ گۆرانی

*مامۆستا (صلاح رەووف) ئاوازی بۆ ئەم هۆنراوەیە داناوە و هونەرمەندی لاو (عدنان کریم) پێشکەشی دەکات.*

ئازیزەکەم کەی دێیتەوە
ئەم تەلیسمە بکەیتەوە؟
بۆ چاوانی تۆ شەیدام و چارم نییە
ئەگەر دڵداری تۆ نەبم کارم چییە؟
ئەوین داران وا دەردی دڵ سەربارمە
بەرەو لای کێ پەنابەرم؟!
وا مەزانن بێ خەبەرم!...
من عاشقی ستەم دیدەم چاوم لە مەیلی یارمە
یارم خۆی خاوەنی ڕێگە و توێشووی ڕێیە
یارم کلیلی دەروازەی دڵمی پێیە
جامی ئەوین هاتا تاڵ بێ ئەوسا خۆشە، دەخورێتەوە
دەمی بەسراوی زاهدیش بۆ ماچی لێو دەکرێتەوە
ئازیزەکەم کەی دێتەوە
ئەم تەلیسمە بکەیتەوە؟
نەڵێی شاعیری شەیدایە و باری نییە
شاعیر ئەگەر عیشقی نەبێ زاری نییە!

***

## عیشقی ڕاستیی

١٩٨٧/٨/٢٥

ئەو خەمەی تۆ پێم دەبەخشی کەم کەمە
ماکی خوێن و ناو کرۆکی پێشەمە(١)
بەو هیوایەم تۆ دریغیم لێ نەکەی
بەخششی تۆ کەس نەداره و من هەمە
ئەم خەڵاتەت هەر بمێنێ بەردەوام
حەیفە خەڵکی پێم بڵێن خۆی بێ خەمە
پێکی هەرکەس پوخت و پڕبێ چاترە...
ئەو ژەمەی گەر بێ خەمێ بێ کەی ژەمە؟!
من کە چوومە کۆڕی یاران وا دەڵێم
عیشقی ڕاستیی جوانە چەمکی سەردەمە
خۆشەویستیت هێندە خۆشە. چاوی من
هەرکەدابێ، وا دەزانن دووشەمە
ئەو ڕەقیبەی مافی ژینی پێ نییە
ئێستە بۆچی داخ و دەردی عالەمە؟!
کەی خەمی تۆ بێ خەمی کرد؟... پێم بڵێ
خەڵکە بڕوای پێ مەکەن ئەم هەمهەمە
گەشتێ ناکەی تا بزانیت حاڵی من؟
سۆزی گەرمم خۆی نیگاری شێوەمە
بێ و دەروونی مۆزەخانەم تەی بکە
کۆی عەزابی عاشقانم لا جەمە
هەر نەیارێک باری سەختم خڕ دەکا
چاوەڕوانی ڕیشی پۆش و پەمبەمە(٢)
نەگبەتیمە یاری خۆم لێ زیزبێ
ئێستە باوە گشت خەمی من بۆ ئەمە
چوومە مەیخانە وتم مەی نۆشەکەم
خەستە کەوتم وایە شێرەوای لەمە

(١) ناوکرۆک: ناوی شت، لب، پێشە: ئێسک.
(٢) پەمبە: پەموو، لۆکە واتە سپی یا چەرموو.



دوێنێ هات و تێی ڕوانیم پێی وتن
ترسی ناوێت فێری بۆنی پەرچەمە
زۆردەمێکە چاوەڕوانی ئەم هەلەم
هاتنی تۆ گشت سەعاتێ تاسەمە
بازی مەرگە دێت بەسەرما تۆزەکا
باش دەزانیت ئان و ساتی ئەڵهەمە(٣)
قیبلەکەم تۆی خاڵی لالێو ئەسوەدە
گەردی ڕێگەی هاتوچۆی تۆ زەمزەمە
حەیفە شەیتان پێشی چاوم لێڵ بکا
سەلب و ڕسوام دەم نەنێیتە ئەم دەمە
یاری خۆم قەرزی لەلایە و نازەکا
مژدەبێ لێم وادەمیدا، وادەمە
***

## گیانەکەم

١٩٨٧/٩/٣

لە گیانەکەم- پەیڤێکی تر، جوانتر، خۆشتر گەر ببوایە
منیش تۆم پێ بانگ کردایە
ئاخۆ بەس بوو؟!
یا ئەو پەیڤەش بۆ بانگی تۆ هێشتا کەمە و جێ ناگرێ،
کۆرپەیەکە و پێ ناگرێ
هۆ... گیانەکەم چۆنت بانگ کەم
کە تۆ تیلەی چاوەکانت بگریتە من بۆ پێکانم
ببنە منەت لەسەر شانم
هۆ گیانەکەم...
با لە پێشدەم هەنگاوێکتا بەچۆکابێم، پێم لێ بنێی
من نامەوێ هەڵسمەوە هەتا دەمرم
ئەگەر ویستت ئەوا داوێنی تۆ دەگرم
هۆ گیانەکەم...
لە گیانەکەم... جوانتر نییە تۆی پێ بانگ کەم

(٣) ئەڵهە: لە ڕەگەزدا (ئەڵها)یە واتە سەرەمەگ.

كليلى رازى شيعرم بێ، بۆ تۆى هەڵخەم
دوڕى دەرياى عومانێ بێ، بۆ تۆى سەرخەم
گيانم بۆيە لا مەبەستە دەسكەلامە بۆ بانگى تۆ
چيم پێ دەڵێى، ئاخۆ بەكامە پێوانە من دەكێشى؟
كە كێشامت چيم پێ بێژى؟
– كەى من وتم دەم مەكەوە بۆ ئەم دەمە؟،
كەى من وتم ڕێگە مەبە و ڕوومەكەرە ئەم سەرچەمە؟
كەى من وتم... كەى من... وتم؟!.
دەست و قەڵەم، ئەى دڵ و دەم
پێويست ناكا هەڵەم بكەن... خۆم دەزانم
تەنها دەستم ڕەنگە بگاتە دامێنى
گەردى ڕێگەى بكەم بەسورمەى چاوانم
بەڵێنێكى بقۆزمەوە بيكەم بە ماڵەباوانم
بڵێم ئۆخەى... ماڵەباوان گرتميە خۆى جێى ناهێڵم
ئيتر ئەگەر ئەم زەمينەم پێ ببەخشن
بستێكيشى لێ ناكێڵم
چاو لە دوايم...
لە شوێن پێيا هەر چاوى من شەتڵى خۆزگەى تيا بچێنێ
با، بانگى من وەكو گزنگ بەيانيان
خەوى خۆشى لێ بسێنێ
لە ئاكامدا...
با، من ببم بەقوربانى و كە شيعريشم هاتە سووتان
تەنيا پەيڤى –گيانەكەم–ى تيابمێنێ
***

## خەم و تەم

١٩٨٧/٩/١٦

لە ئێوارە بەهارانى قژى خاوتا خەم دەبينم
لە بەيانە بەهارانى چاوەكانتا تەم دەبينم
لە گوزەرى هاتوچۆتا دەرويش وەلى و مەم دەبينم
لەناو باخى مەلووليتا خاتوزين و شەم دەبينم
زۆر دەبينم، كەم دەبينم



خەم دەبينم، تەم دەبينم
بۆ پێم ناڵێى چى ڕووى داوە، تۆ چيت لە باوەش گرتووە؟
وەك تر بڵێم خوانەخواستە منى دڵدار چيم كردووە؟
ئەوا وتمان ئەميش نازە و مەلووليشت هەر جوانييە
كە پێى خەميشت دادەنێى هەر باخچەيە و هەر كانييە
سوێندم بەجەرگى سووتاوم...
هەر لە بۆتەى عيشقى تۆدا دەتوێمەوە
ڕووبارێكم بەرەو هەركوێ ڕاپێچم كەن
بەلاى تۆدا دەشكێمەوە
لە دەربارتا ئەو شاعيرەم ئەوەى دەيڵێم نايڵێمەوە
بكرێرەوە، خەم و تەمت بدە بەبا... قوربانت بم
وەكو تاڵێكى پەرچەمت لەسەر گۆشەى چاوانت بم
***

## بەرد بارين

١٩٨٧/٩/٢٩

لەبەر دەرگا..
وەكو ئێوارە پايزێك دانيشتبوو
–ئێوارە پايزێكى لێڵ–
دەفتەرێكى قەبارە زل هەموو كۆشى پڕكردبوو
ئاسۆ... و
ئاسمان و هاتوچۆ
بەبێ مەبەست فڕێى دابوونە ئەولاوە
پەڕەپەڕەى دەفتەرەكەى هەڵدەداوە
دەيدايە بەرلووت و چاوى
دەيدايە بەر يادى خاوى
– سوارچاكێكى پەك كەوتەيە...
جێ ئامبازى كۆن دەگەڕێ–
هۆنهۆن فرمێسك بەروومەتيا هاتە خوارێ
– كەمەردى وا بێتە گريان بێ گۆمانم بەردەبارێ!–
***

## چەند کورتە شیعرێک

١٩٨٧/١٠/١٦

### ١- ماسی

گەورەت بچکۆلە و گەورەتر گەورەت دەخوات و دەڕوا
نازانێ دەشێ گەورەترینێ بێ و ئەویش بخوا
کەچی دەریاکان هەر جمەیان دێ
پۆل پۆل دەڕۆیت و پۆل پۆل دێیتەوە
مەرجی ژیانە دەبێ بمێنی ئەو ملەی ناوتە نەگەڕێیتەوە

### ٢- ژن

وتی: ژنەکە زۆر ناشیرینی، برۆ بەولاوە
جوانی لە لەشتا چەکەرەی نییە و بێ سەر و شوێنە
پەحا لە گەردوون، سروشت، کردگار
سەرم سووڕماوە
پێم ناڵێی ژیان بۆ ڕووخساری تۆی لە دامێن داوە؟!
وتی: بێ ئاگا... سەری بێ عەقڵ و
قسەی بێ باسی،
بۆچی نازانی وا پیاوێک هەیە کە خەم دەیگرێ
لەکۆشی منا جێگە خۆش دەکا بۆ سەری کاسی!

### ٣- تاوڵە

پوولم کوژراوە، مۆرە هەڵدەدەم مۆرەم بێ بارە
بەرامبەرەکەم خۆی هەڵدەکێشێ و زاری بەزارە
یاخوا کاری کەس بەمۆرە نەڕوا مۆرە بەدخووە
لە هەزار جارا جارێک بۆ داماو هەڵنەکەوتووە

### ٤- چامە

چەندێ هات و چوو، ساچەندی کێشا بەناو چاوانیا
وەیشوومەی خەیاڵ چۆن تەقییەوە لە کاسەی سەریا



فرمێسکی، هۆنهۆن سەری دەکرد و هەردەیوت بریا
چەند دەستی لەرزی، چەند لێوی کرۆشت، چەند بەکوڵ گریا
تا زەڕنەقووتەی چامەکەی هێلکەی پرۆژەی شکان
باڵی مەشکێن، فێر دەبێ بفڕێ دوای هەزار تەکان
ئاڵتوونیش دەبێ لە کوورە بنرێ، کە دەرهات لە کان

### ٥- رۆمان

بیگێڕەرەوە چۆن بوو، چۆن ڕوویدا، چی بوو ئەنجامی
ئەی دارە گەورە بۆ لە بیرت چوو ساتی نەمامیی؟
حیکایەت دەڵێ: ساڵێ بەو عەیام درنجێک هەبوو
خەڵکی دەیان وت: ئەمە سابرێنە ئەو دەیوت پەزە
مێژوویان هێنا بیکەن بەحەکەم لەنێوانیانا
پێی دایە بەر پێی وەها نووچی برد هەڵنەسێتەوە
کە شیعریشی دی، وتی هەڵپەڕە لەسەر کێشی من
تەپڵ و دەفێک بە لە بارەگادا بۆ دەرویشی من
گرێی درامای بۆ نەکرایەوە هات بچوڕقانی
تاوانی مەرگی ئەنجامی ئەویش کەوتە سەرشانی

***

## بۆ کۆچی مامۆستا و هاوڕێم د.کامیل بصیر

١٩٨٧/١٠/٢٨

ئەو ئێوارەم هەر لە بیرە لەبەر دەرگای ماڵەکەتا
«بەهار»ی من لە تەرمێکا بووکی مەرگی کەژاوە بوو
فرمێسکی تۆ تێکەڵاوی فرمێسکی گەرمی من دەبوو
باڵای بەرزت بەسەر منا وەکو داری چەماوە بوو
من دەگریام بۆ بەختی خۆم تۆش دەگریای بۆ دڵی من
گری دڵی تۆم خۆش دەکرد بەشیوەن و بەرۆڵە ڕۆ
نە تۆ بێدەنگ دەبووی بەمن نە من وازم هێنا لە تۆ
ئەوا دیسان مانگ ئەو مانگە وەرزیش هەمان وەرزی ڕەشە
ئەوا دیسان ماڵ ئەو ماڵە ڕازی مەرگت لەناودایە

ئەمجارەیان من دەگریم و دەنگی هەنسکی تۆ نایە
هۆ هاوڕێکەم، هۆ مامۆستا تۆ چۆن دەبێ وەها بمریت؟!
بۆچی مردن تواناى هەیە پیرەمەگروون بلەرزێنێ؟
بۆچی مردن تواناى هەیە باخی هیوا بن بڕ بکا؟
بۆچی مردن تواناى هەیە سیروانی خوڕ چۆڕبڕ بکا؟
ئەی بۆ مردیت بێ دەنگ و سەنگ ئەی بۆ وا زوو پەلەت چی بوو
پیرەمەگروون بۆ داڕما، سیروان بۆچی وشکایی هات؟
ئەی مەلێکی تاسوق وەک من دەم بۆ سەرکانیی کێ ببات؟

* چ تیرێ بوو دڵی پێکام لە نوێوە؟
لە کوێوە هات لەناکاوا لە کوێوە؟
دڵم دنیایەکی بەرتەسکە یاران
خەمی گەورەی وەها چۆن هات لەوێوە؟
نەفرمێسکم وەکو جارانی جۆرە
وەکو ئەوسام نە خۆیشم وام بەپێوە
ئەوەن بگریم لە سێلاوی سورشکم
چەمی سیروانی لێ پڕبێ بەزێوە
* هۆ «کامەران» هۆ شاعیرێ لە کوردستان
لە کوێی سەرمۆری ئەم شینەیش بگێڕی؟
پەیامی مەرگی مامۆستا بەسۆزێک
بەرەو دنیای جەمیلەی خەڵک بنێری

* هۆ شێخەکەی بناری شاخ هۆ «مەولەوی»
لە کوێی قوربان کە ئەم کۆچەیش ببینی؟
دەسا گۆران دەسا بابی هیوای ئازیز
لە کوێی قوربان، خۆ تۆیش خاوەن برینی؟
* من دەروێشی مەولەویم و شەیدای شیوەنی گۆرانم–
من کۆلیلی وا دەگێڕم، من بابی جوانەمەرگانم
خۆ مەرگی تڕیش برای گەورەم خەمێکی نوێی هەموو شارە
ئەگەر یارانی خەم نەگرین دەڵێم ئەم خەڵکە بێ بارە

* ئەو ئێوارەم هەر لەبیرە کە ناوەختە میوانێ بووم



تەرمی بەهاری عومرێکم هێنایە بەردەرگایماڵت
هۆنهۆن فرمێسک سەری دەکرد لە بازی چاوی بێ باڵت
هۆ مامۆستا، عەزیزەکەم... مردن زۆرە بەناکامی
ئەوا خەونی مەردی وەک تۆ مردن دەبێ بەئەنجامی!
هۆ مامۆستا، عەزیزەکەم، شاریش مەرگی تێ ئالاوە
مەرگیش دەمی نابەسرێت و هەروا دێت و هەر شالاوە
خۆزگە خەونت دەهاتە دی و خەونی خۆشی کەت بدیایە
مەلی وشە و زاری کوردی لەسەر زاری تۆ بژیایە
چ زیرەک بووی، چ دانا بووی؟
پەیامبەر بووی بەتوانا بووی
چ عومرێکی کەمت هێنا چ زامێکت هەبوو گەورە!
چ بالایەکی سەر بەرز و چ سامێکت هەبوو گەورە!
سوارچاکێکی بێ وەی بووی لە مەیدانێکی زۆر سەختا
سەرت نەیدا بەبەردێکا، دەجەنگای تۆ لەگەڵ بەختا
کەسێ نەیدیت بەچۆکا بێیت، کەسێ نەیوت بزڕکاوی
لە گۆڕی سەد وشەی بۆرا وەکو خۆری لەبەر چاوی
دەبا ڕۆژگار لەبەر پێتا ببێتە پردی ئامبازت
دەبا مێژوو پەڕەی پڕکا بەبەیتی عومری بێ نازت
چ زیرەک بووی چ دانابووی؟
پەیامبەربووی بەتوانابووی

* لە مێژەوە تۆم خۆش دەوێ
لە مێژەوە لەناو دڵما جێگە و مەقامی تۆ دیارە
لەمێژەوە تۆ دەناسم وەک هاوخەمێک
وەک هاوڕازێ
وەک سروودێ وەک ئاوازێ
وەکو دارێکی زۆر گەورە بەردەفڕکێیەک نەیگاتێ
هێند بڵندبووی دەکەوتیتە سەرووی هەموو هات و باتێ
هەرچەند بڵێم هێشتا کەمە
هەرچەند بڵێم هەمووی خەمە

له وێنەی تۆ لەناو کوردا دیاردەیێکی دەگمەنە
ئەوانەی بەرد دەگرنە گوڵ ئەوسا و ئێستەیش هەر هەرزەنە
من وا گیانی خۆم دەچکێنم
من وا خوێنی چاوم تکا
یاران بەردە فڕکێ بەسە، وا من شووشەی دڵم شکا

* هۆ مامۆستا، ئازیزەکەم ڕێی هاتنت هەورازێ بوو
قەت پشتت لێ نەکردەوە
تۆ نەبوایەی ئاخۆ کێی تر گرەوی وای دەبردەوە؟
بۆچی خەمت وا گەورەبوو لەدڵتەوە ببێتە خوارێ
بۆچی خەمی تۆ هەتیوکەوێ؟... ئاسمان بەردت لێ بباری
بازی نگێن تەنها جارێ بوو بەسەرەوای هەڵبەستت
نەک نامەکەت بکوژێتەوە (شاپەڕێک)ی دایە دەستت
هەرچەند بڵێم هێشتا کەمە
هەرچیش دەڵێم هەمووی خەمە
چەپکەگوڵی سەر پەرچەمی (کەژاڵ)ی جوانت بۆ دێنم
ئەیخەمە سەر گڵکۆی دوورت
لەگەڵ خۆڵی شاری خەم و دێی سووتاوی شارەزوورت
ئەو ئازارەی دڵی بڕیت لە جەستەما هەتا ناخە
لە دڵی من ئاشیفتەتر سەرچاوەکەی قەرەداخە
بەعیشقی تویش هەتا دەمرم دەرگای شیعرم لەسەر باخە
لەسەر ڕوومەتی کێوەکان ناوی تۆیە هەڵکەنراوە
دار بەڕوویەک تابمێنێ یادت دەدا لە پەرچەمی
لەناو دێڕی سیفرەکاندا بلیمەتێکی سەردەمی
هەتاکو لەم کوردستانەیش خوڕەی کانی و چەماوێ بێ
ڕێبوارێکی دەم و لێو وشک چاوی لە چۆڕە ئاوێ بێ
لە نەزەرگە و شوێنەوارتا ناونیشانت قەت نامرێ
دەستی ستەم، پەنجەی شکێ، هەر نایگاتێ و دای ناگرێ
ئاکام دڵی خۆی خۆش نەکا، گوایا کە تۆی بەزاندووە
لە سروودی ئازادیدا (کامل) هۆرەی تیا چاندووە
***



ئۆپەرێت

## لاوە و لەیلێ

٢٩-١٩٨٧/١١/٣٠

*ئەم ئۆپەرێتە مامۆستای هونەرمەند(صلاح ڕەووف) ئاوازی بۆ داناوە*

دەگێڕنەوە ساڵ بەو عەیام
ساڵ بەو عەیام سەرگوروشتەی پیر و جوانی خەڵکی دێ بوو
لاوێک هەبوو خولیایەکی گەورەی هەبوو
خولیای ئەم لاوە هەژارە بەگۆرانی بەیتێ دەبوو
شیعر بەستەی زمانی بوو
شیعر ڕاز و نیهانی بوو
شیعر باری دانەنراوی سەرشانی بوو
* گوندیش بەلێوی چیاوە هەڵواسرابوو
سینەی لەبەر خۆرەتاوی ئێوەراندا هەڵخرابوو
شەماڵ گڕ و ئاوی سازگار
نانی گوندی لە ئارەقەی نێوچاوان بوو
ئەمیانەیان بۆ ئەوی تر وەکو پاڵپشت و باوان بوو
دنیاش ئەو کاتە تاریکە و خەوەساڵ بوو
مەلی چاوان لانەوازێکی بێ باڵ بوو
* کیژێ هەبوو خان و مان بوو
ڕووناکی دیدەو چاوان بوو
چ لەعلێ بوو چ لەیلایە؟
چ شۆخێ بوو چ ئالآیە؟
* – من لەیلا بووم...
باڵابەرز و سینەپڕ و مێ چاوێ بووم
لەناو دڵی لاوەی خۆما، نۆباخێ بووم بەراوێ بووم
هەر بەشەکراوی لێوی من تێراو دەبوو
هەر لە پەڕەی گوڵی منا شیعری دەچاند
لە باژێڕی جوانیی منا وێنەی بۆ بەستەی خۆی دەساند
هەر لە کۆشی نەرمی منا سەری کاسی دەنایەوە

هەر بەدەم و لەفزی منیش سڵاوی خوای دەدایەوە–
* ئەو دڵی خۆی بەلاوە داو لاوەیش دڵ و زاری دایە
خونچەی کیژە بوو بەسوورین، بوو بە گوڵ و کرایەوە
خولیای لاوەیش پەرەی سەند و ئەویشی خستە دەفتەری
لە کۆچە ڕێی ئەندێشەیدا ئەمیشی کرد بەڕابەری
ئەم عیشقەیشی لەپشت بەست و کردی بەتوێشووی سەفەری
* شیو و نزار، سەر زەردوکاو
هەڵدەێرەکان، ترۆپکی شاخ
گوێ چەم و باخ
پەرێز و جاڕ
بەردەڵانی بەرەو بنار
هەموو بوون بەعیشق نامە
هەمووشیان بوون بەشایەتی
سۆز و گڕی ئا ئەم زامە
* بابێینەوە، بابێینەوە
پەڕەی عیشق نامەکەمان هەڵدەینەوە
کاروانی ئەم دڵدارییە ڕێی لێ گیرا
جەردە و چەتەی هاتنە ڕێ
گەردەلوولێک هەڵی کوتا عیشق نامەی دابەیەکا
لە ئەلفەوە هەتاکو بێ
* گوایا دەڵێن کە گەرداو هات
کە گەردەلوول کەوتە دەشتان...
ئیتر وەرزی نەهاتییە
بۆ ئاهی سوێن، بۆ ئاهی سوێن
دەستەملانێیش قاتییە
لێو سوێر دەبێ و ماچیش تاڵە
کۆرپەی عیشقی بەرمەمکانە گیرۆدەی دەستی سەد هاڵە
جێ ژوانی دڵدارەکان چۆڵ و هۆڵن
دەروێشەکان بێ مەولان و کۆڵ بەکۆڵن
چامەی هەموو حەبیبەکان تێکەڵاوی خاک و خۆڵن



شاعیرەکان لەسەر گلکۆی تازە یاران
شیوەن دەکەن
پەنا بۆ بەیتی عەنبەر و گوڵاڵەی گۆرانیش دەبەن
دەڵێن ئێستە شیعر و دەفتەر جێ ژووانی ئەو دوانەیە
دەڵێن ئێستە یاد و یادگار تەنها مەلی ئەو بانەیە
دەڵێن تەنها خۆشەویستیی خۆی سەردێری ئەو وانەیە
دەڵێن ئێستەیش لاوە خولیای ئا ئەو لەیلەی لەسەردایە
دەڵێن هێشتا دڵ زیندووە
کراسێکی ئەو عیشقەیشی لەبەردایە
جا، با گەرداو، با گەردەلوول، با زریان و تۆف و باران
بدەن لە شاخ
بدەن لە دەشت، بدەن لە دێ لە ڕووی شاران
چلۆن ئەوین لە دەروونەدا دەکوژێتەوە؟!
چلۆن دەرگە لەسەر زاری ئەوینداران دەکرێتەوە؟
کە کیژی کورد خاتوزین بن
کە کیژی کورد هەمووی شەم بێ
هەموو کەژێک وەلییەک بێ و
هەموو دوندێ کاکەمەم بێ
عیشق نابێ بەخۆڵەمێش، ژیلەمۆبە
بەستەی هیوای لاوە کوردێ
ئاڵای گوڵە، تان و پۆیە
تینی گڕی شیعری نوێیە
ئەو لاوکەیە خەفە نابێ و بۆنی هەنیەی لەیلی پێیە
***

## میوان

١٩٨٧/١٢/٢٢

وتیان: دۆینێ میوانێکمان بینی هاتە ئەم دەرگایە
لە کوێوە هات، بۆ کوێ دەچێ
لە دەنگوباس چی لەلایە؟

وتم: کاکە میوان نییە، فریشتەیە و لە خواوەیە
لەسەرمدا بیروهۆشم
لە ناخمدا کۆی دەروونم هەموو جێگە و ڕێگەی ئەون
کاکە وەڵڵا چاوەکانم -فرمان نەدات- قەت ناخەون
وتیان: واتە خۆشەویستە؟
وتم: نەخێر خودا نییە و کلیلی-قابەقەوسەین-ی
لەدەستایە
سازگارێکە.. چوڕی شیرە و لە شەرابی حەو ساڵەمدا
دەیخۆمەوە
دەست نوێژێکە من گرتوومە و جارێکی کە نایشۆمەوە
دەنگە، ڕەنگە بەیانییە، یا ئێوارە؟
وتم: کاکە هێشتاکە خۆم باش نایناسم
منیش وەکو ئێوەی بەڕێز هەر عەوداڵی دەنگوباسم
برام ئەگەر ئێوەی بەڕێز نوونێکی ئەم نهێنییە هەڵدەهێنن
شۆڕببنەوە بۆ ناو دڵم
لە دەرەوە بەستەو شیعرم، لەناخەوە باخی گوڵم
فریشتەی وا دەبێ شاعیر ناخی بکات بەگوڵزارێ
گەر خوا کردی و لە عومریدا بەهرەی وەهای لێ ببارێ
بۆیە دڵم وا شارێکە هەمووی قۆرخە بۆ ئەم ڕازە
گەرووم دارستانی ژێیە بۆ وتنی ئەم ئاوازە
داد ئەی مرۆڤ، داد فەلسەفە
من وا ئاڵای سپیم هەڵکرد
وا ئەم میوانە عەزیزەم ئەم ئێوارە
سەری ئاشیانەکەی دەدا و ئەمشەو لێرە دابەزیوە
گەرچی عومرم هەر شەو دەداتە دەستی شەو
بەڵام شەوی وام نەدیوە
بەرێزینە گەنم گرد و جۆ بڵاوە
ئیمشەو شەومە، خواتان لەگەڵ
وا مەستێکم جارێکی کە ئەگەر بێت و یەخەم بگرن
دەتان دەمە بەر بەرد و پەڵ



ئەو ئامێزەم خەرمانەی خوام گرتۆتە خۆ
کێ دەتوانێ بەحەق بڵێ...
نەکەی بۆ لای (حەلاج) مەچۆ؟!

***

** دواین شەوی ساڵی١٩٨٧ مان لە ماڵی دۆستم کاک ئەحمەدی حاجی عەلی بردە سەر من و کاک ئەحمەد و کاک نوری علی ئەمین، بۆ بەیانی یەکەم ڕۆژی ١٩٨٨ ئەم شیعرە لە دایک بوو:*

هێشتاکە من هەر خومارم
هێشتاکە من هەر پێکراوی دەستی گەوجی
خەم و ئەشکەنجە و ئازارم
کە من تۆ شەوێ هاوڕێی پێکی
خەستی هەتا لێو بووین
بەچاو فرمێسکان دەڕێژا
بەدەم و دوو شەکرەسێو بووین
هەموو قومێک هەڵمان دەدا...
جارێک فرمێسکی دەهانی جارێ دڵی دەکردەوە
جارێک ڕێچکەی تەمەنمانی بۆلای خۆزگە دەبردەوە
خۆشەویستیی لە دڵماندا وەکو ساوا
هەڵدەبەزی و دادەبەزی
کە پێکەکانمان لێک دەدا و بادەی ساردی تیا دەتەزی
من و تۆ بووین و کاکت بوو
ئەم دنیایە خۆش و تاڵی هەمووی لەتەک ئێمەدا بوو
وەک پێک و مەی
هەر شیعرێکمان دەخوێندەوە...
لەگەڵ خۆیدا بۆی دەهانین چێژ و مەعنای وێنە و وشەی
ئێمە هەرسێکمان برا بووین
مەشخەڵی مەی لە چاوانما کە هەڵکرا
ئێمە تەواو داگیرسابووین

ساتێ دەگریایین بۆ (کامل)(*) ساتێ (کەژاڵ)
ساتێ (بەهار)
ساتێ بۆ ئاگربارانی بێ ڕێ و جێگەی سەرقۆچکەی شار
کە دڵۆپی ئەشکی سوێرمان دەهاتە خوار
بۆسەر ڕوومەت
کە هەناسەی سۆز و خەفەت دەبوو بەتەم
لەسەر چاومان
دەستمان دەدایە جامی مەی
واتە دەرمانی بێ نوژدار
واتە بەستەی بێ تار و نەی
دواکاتی وا ساڵێک ڕۆیشت تف و تەشەر بەدوایەوە
هەر دەرۆیی و ئاوڕێکی زۆر نەگریسی دەدایەوە
«دەسا ئەی خەم دەسا هاوڕێی شەو و ڕۆژە و هەموو ساتم
دەست ڕابگرە بۆ دەستم زەبوونم ڕووبەڕووت هاتم
لە مەیخانەی شەوا بابێ مەیی خەستی هەزار ساڵە
لە تاڵاوا وەهام گێژکە نەزانم عومری خۆم تاڵە!»
برام ئەگەر مەی نەبوایە چۆنم دەتوانی بێمە گۆ
بتکەم بەهاوبەشی خەمم...
خەمی خۆشم بدەم بەتۆ؟
برام ئەحمەد برای ئازیز باری خەمم زۆر گرانە
خەمێ ناڕوات خەمێکی دی دێتە کۆڵی بێ جێ کۆڵم
دێتە گوندم، دێتە شارم، دێتە خاکم، دێتە خۆڵم
برایەکی وەک تۆ نەبێ، پێکێکی وا پڕمەی نەبێ
دەبا دنیا و دەوروبەریش وەچاخ کوێربێ و
وەچەی نەبێ
هێشتاکە من هەر خومارم
مناڵێکم بۆ پێ گرتن وا خەریکی دارەدارم
تەکان دەدەم پەل دەهاوم

(*) کامل= مەبەست د. کامل بصیرە



هۆشم هاتەوە تا سەرم
بینین گەڕایەوە چاوم
من ئەمێستا دوێنێ شەوی دانیشتنمان دەبینمەوە
دەوری هەموو هەڵسوکەوتێ دەکەمەوە
خۆم لە خۆمدا وەڵامی گشت پرسیارێ دەدەمەوە
با ، واز لەخەم، لە باسی خەم، لە فرمێسک و ئازار بێنم
با ، من بەم بەستە خەمگینە...
وەکو زستان بەهار بێنم
سبەی ئەدووی ئەوڕۆژەیە
(هەوار)ی شۆخ هەواری لاو
گوڵی دڵی خۆی بۆن دەکا
ئێمەیش هەموومان قایلین ئەو چی دەڵێ ئەو چۆن دەکا
بەری ڕەنجی کاک ئەحمەدە هەواری لاو
دووربێ لە چاو
سبەی ئەدووی دەستی دەخاتە سەر ئاوات
ئاواتی خۆش
ئەو ئاواتەی عومری مرۆڤ هەمووی بۆ ئەو دەبێ بەکۆش
هەواری شۆخ هەموو گیانی پێدەکەنێ
بەپەیامی بووکی هیوا لانکەی دڵی خۆی دەژەنێ
هەواری کوڕ سەد ماشەڵڵا خۆی هەوارە
هەوارێکی ئاوەدان و شۆڕەسوارە
سبەی ئەدووی (ئاڵا)یەکی وا هەڵدەکا
خۆی ئاڵایە!
جوانیی هەموو کوردستانی لە بەردایە
ئەو کاڵایە و ئەم باڵایە
سبەی ئەدووی جەژنی هەوار و ئاڵایە
بەشی شیعری منی تیایە
نووری (نووری) و بۆنی (بەهێ) و باڵای ئەحمەد
(گوڵاڵە)ی سوور لەسەر دێری (ئاوێستا)یە
(کارزان)یشمان لەناوایە

هەموو دەروونمان والآیە
بەستەی ئاهەنگ و ئاوازمان
هەر هەواڵە، هەر ئالآیە
ئەوا هەوار کاکەمەمە و ئالآی زینی پێشکەشکرا
بەکر مەرگەوەڕی بەدیش ئاوڕووی هەزار ساڵی برا
من و کاک ئەحمەدیش جارجار
جامێ دەگرین بەدەستەوە
لە چاوی تۆ هەڵیدەدەین هەوار بەچاوی مەستەوە

***

*گشت سەحەرێ دەڵێم خۆزگە مامە (سێوە) نەمردایە*
*بەسۆزی ئەوسۆزەی بەیان چاوی دڵمی هەڵکردایە.*

## ئەوەڵ سەحەرە

*پێشکەشە بەگیانی (سێوە)ی نەمر.*

١٩٨٨/١/١٨

*مامۆستای هونەرمەند (ئەنوەر قەرەداخی) ئاوازی بۆ داناوە*
**١-** وا سەحەرە و هێشتاکە خەو لە چاوانم نەنیشتووە
گەلی برادەرینە.
ئەوی خوێنێ کە دەچکێ لێم خوێنی شەوی ڕابووردوومە
لەوی کۆنە دنیایە...
کەسێک نەبوو؟... گەلێک نەبوو...
ناڵەی منی بگاتە گوێ!
دڵی خۆمی بنێرمە لا، ڕاز و سۆزی بۆ هەڵڕێژم
هەرچییەکم لە سینگ ناوە
هەمووی بڵێم هەمووی بێژم...
وەیلێ سەحەرە
**٢-** وا سەحەرە و کەچی خۆریش
کێوی قافەکان نایەڵن سەر لە تاریکیی دەربێنێ
مامە سێوە ئەمن چ بکەم..
کێوی قافان شەیتان کردن بۆم ناڕوخێنن



دەرکی ئەوان پۆلآرێژە و بۆم ناشکێن
چنگی ئەوان بەخوێن سوورە و هەڵناوەرێن
خەونی ئەوان هەر ئەوەیە... من دەکوژن، من نامرم
دەست لەسەر بەژنی باریکی چاوبەڵەکیش هەڵناگرم
ئەگەر ئیسرافیل بداتن لە نەفخی سوور
مەنسوور بدا لە کەوان و
موسا زارویەک کەلیمە بەخوا بڵێ لە کێوی توور
(نالی) لە گۆڕ هاتەدەرێ، هەر دێتەوە بۆ شارەزوور
منیش سوێندم بە- دەربەندگەور- بەداربەڕووی ئەو کێوانە(١)
جۆگە و چەمی ئەم دنیایەم بێننە ڕێ
ئاوەڕۆگەی گیان و شیعرم دەچێتەوە سەر(دێوانە)(٢)
وەیلێ سەحەرە
**٣-** وا سەحەرە و ئەمشەو چاوم خەونی نەدی
سەری ساڵ بوو
کە ساڵی نوێ هاتە لای من، بینیمی حاڵم ناحاڵ بوو
فریشتەی خەو دایکی هاڵ بوو
گەلی برادەرینە... دەڵێن ئەوڕۆکە جومعەیە
وا جێژنێیە
خەبەر تەرمی دەیان (مەم)ی ساڵی ناسالآنی پێیە
سا جومعەیە... نیوەڕۆیە
شین و شەپۆڕی نۆ بووکی زاوا نەدیو
لە شارەکەی من هەڵدەسێ و دەگاتە شارەکەی (کۆیە)
کە مەزاری خەمی تۆیە
وەیلێ سەحەرە
**٤-** وا سەحەرە و بێ بمکوژە مامەسێوە
ئەگەر فەقێیان دەخوێنن لە مەدرەسان
بولبولی خانەوێرانیش جێ ناهێڵێ جێ ڕاوگەی خۆی
کەچی گەلی برادەران لەماڵی خۆ دادەبڕن

(١) دەربەندگەور= یەکێکە لە قۆپییەکانی قەرەداخ پەیکەی (نارامسین)ی لێیە.
(٢) دێوانە= چەمێکە لە خۆرنشینەوە بەناوچەی قەرەداخ دا دەڕوات هەتا دەڕژێتە چەمی سیروانەوە لە خوارووی دەربەندیخانەوە.

هەرهیچ نەبێ بەڕامووسانی خاکی خۆ جەرگی دوژمنیان نابڕن!
هەر هیچ نەبێ لەعنەتی خوا لەنێوانی برۆ و برژانگی دوژمنا داناکوتن!
هەر هیچ نەبێ وەکو بولبول بەدوای هێلانەی وێراندا بێنە وتن!
وەیلێ سەحەرە
**٥–** واسەحەرە.. گەلی برادەرینە
ئەمن ئەمسالّ کە دێتەوە سەبارەت بەبەژنی یارم
جلکێ لە بۆ ئەو دبڕم لە کالاّی سووری ئەشعارم
وەستام ناوێ لە عەجەمێ
وەستام ناوێ لە هیچ لایە
ئەمن خەمی پیرۆزی خۆم نادەمە دەستی سەودایە
هەزار زارای شیعری سپی و هەزار تارای شیعری سوورم
لە دلّدایە
من بووکی خۆم لە ئامێزی خۆ دەگرم و بۆنی کەسی کەی لێ نایە
من دەسرۆکەی دەستی ئەوم لە دەستایە
چ پێویستم بەوەستایە
وەیلێ سەحەرە
**٦–** واسەحەرە و ئەو سالّەکە نیازی دلّی من وەهایە
لانکێ لە شیعری خۆم دەکەم بۆ لەیلایە
ئەنگۆ کەسم بۆ بانگ مەکەن
ئەنگۆ لەلای خۆتان نەبێ ناوم مەبەن
وەستای دوانزە عیلمم ناوێ
دەست و دەمی خۆی تێهاوێ
سینە و بەرۆکی ئەسمەرم هەر خۆم پێوانەی دەزانم
قوبەی قوتی هەردوو مەمکیم گرتۆتە بازنەی چاوانم
من دەمەوێ مەمەی یارە بچکۆلەکەم وەکو ئەشعاری خۆم ببێ
هەر پڕ بەزاری خۆم ببێ
پڕ بەزاری تولفی کوردبێ
من دەمەوێ ئەم ڕووبارەی کە هاتووە
بۆ نەیاران بوار نەدات و بێ پردبێ
وەیلێ سەحەرە
**٧–** ئەوەلّ سەحەرە... گەلی برادەرینە



وەکی عالەم من بۆ گراوی خۆم دەلّێم(٣)
گراوی من گچکەلەیە و ڕەزا سووکە
گراوی من ئەگەر دەستی دێوان نەبێ
هەموو شەوێ هەر نۆ بووکە
ئەو سالّەکە، کە دێتەوە سوێندم وایە
کە سوورەگولّ لەو کێوانە
لەو سەیوانە هاتەدەرێ
کە بۆی کەنێرەو چنووریش خەبەر بۆ ناو کەژان بەرێ
جۆلانەیەک بۆ ئەسمەری خۆم ببەستم لە دارەبەن
ببنەخشێنم بەنارەوەن
شێ سوارەکان بێنمە سەری
کە ئەشکی خۆمی تێ وەری
هەموو دەستی لێ دەگرین و هەلّپەڕکێیە
چاوی ئەسپی شێ سوارەکان گەلاّوێژی نێو سامالّن
بەرەو موسمی ئازادی شەقەی بالّن
یاری چکۆلانەی منیش لە جۆلانەی بێ خەمیدا تێر دەخەوێ
سەحەری نوێ، خۆر و سێوە و شیعری دەوێ
وەیلێ سەحەرە
**٨–** ئەوەلّ سەحەرە... گەلی برادەرینە
ئەمن دۆعایەکی دەکەم ئێوەش هەموو بلّێن ئامین
ئەوەی خەونم لێ تێکدەدا
ئەوەی سالّم ناسالّ دەکا
ئەوەی ئێسکی گەلی برای خۆم و خەلّکم لا تالّ دەکا
ئەوەی دەبێتە باعیزی دلّی من و جوانیی یارم
ئەوەی بەرەو قبیلەی ناحەق پێچی دەدا وشە و زارم
خێر لە مالّ و مندالّی خۆی قەت نەبینێ
لەسەر بەردی سەخرەتوللّا ڕۆژی حەشرێ
بەر لەعنەتی خودا کەوێ وەکو شەیتانی لەعینێ
وەیلێ سەحەرە
***

(٣) گراو: دلّدار، خۆشەویست.

# دڵ

بەدڵم وت: ئەوە چییە...
وا تەپەت دێ و هەڵدەپەڕیت؟
وەک چۆلەکەی سەر بڕاوی
دوا ئەزنەقی خۆت دەهاوی
وتی ئەمشەو خەمەکانت هێندە زۆرن
جێی هەموویان نابێتەوە
جمەیان دێ، وا خەریکە دەرگای خڕم دەکرێتەوە
نەکو منیش لەناو قەفەسی سینەتا...
بتەقێم و لە گۆ کەوم
وا دەمەوێ خۆم هەڵبدەم لە سینگتەوە بێمە دەرێ
بەڵکو شیعرێ ئەم دادەی من
بۆ مەجلیسی یاران بەرێ

١٩٨٨/١/٢٨

***

# پێکم

پێکم خەستەو لێوان لێوە
چاوی لە چاوم بڕیوە
منیش وەکو دەروێشێکی کەمەندکێشم
چاوم وا لە پیری خۆم و لەسەر چۆکم... دەستەونەزەر
پێک هەر چاوەڕێی هەڵدانەو
منیش لە پێکم بێ خەبەر
گەیشتمە حاڵی خۆم و هەموو دنیا بوو بەمەی و
گیانی منیش توایەوە
لەناو کوپەی مەی و خەمدا
لەناو پێکە پڕەکاندا
جامی عیشقم خورایەوە
دروشمێکی نوێ هەڵکرا
گیانی عاشق کە بوو بەمەی دەرگای مەیخانە داخرا

١٩٨٨/١/٢٨

***



# چاوم

بەچاومم وت: ئەرێ بۆچی وەکو جاران
شاپەڕی تۆ ناکرێتەوە؟
ئەی وەڵامی پرسەکانت
بۆچی ئێستە نادرێتەوە؟
ئەی بۆ لەناو برژانگیشتا چرای خەندەت کزکراوە؟
بۆچی نزیکت لا دوورە و دووریش نزیک؟
سامالێ ئەو گۆمە ڕوونەت تەم دەی تەنێ و
مانگ و ئەستێرەت وێڵ دەکات
خەون و خەویش بێزار بوون
کەوتوونەتە داد و شکات؟
وتی جۆگەی بێ جۆماڵم...
چەمی فرمێسکی هاتووی تۆ ناکێشم
کەی من چاوم
من ئەمێستا دەرەی خەمم...
تاکەی ئەم دۆخە ڕاکێشم؟!

١٩٨٨/١/٢٨

***

# ملوانکەی شاعر

١٩٨٨/٢/٦

کچە کوردێک شیعرێکی خۆی دەخوێندەوە
تاڵی هۆشمی وەها هەڵکرد...
چاوم ئاڵایە پەرچەمی
خۆزگەم بوو بە ئەو مەی دێرەی
هەرچی شەربەتی شیرین بوو
هەڵی دەبڕی بۆ لای دەمی
هەر وشەیەک لەسەر پەڕەی لێوی ئاڵی دەگیرساوە
حەزم دەکرد بەزمانم هەڵی ڕفێنم بەرەو خۆم
حەزم دەکرد ببمە باران
باری لێوی شیعری بشۆم

حەزم دەکرد وەک چاوچنۆک نوقڵی دەم و چامە و شیعری
هەڵگرمەوە و گشتیان بخۆم
حەزم دەکرد هەتا دنیا ئاخر دەبێ
نە ئەو بڕواو نە من بڕۆم
ئیتر گیان و هەست و بیرم بوون بەحەرفی ناو دەفتەری
هەرچی شیعر و بەستەم هەبوو
بوون بەگوڵێک دام لە سەری
بیرۆکەیەک هات بەسەرما...
تێر ببمژم دەست و پلی
هیچم نەبوو خەڵاتی کەم
هەردوو قۆڵم وەک ملوانکە
کردە ملی...
***

## گرۆز

١٩٨٨/٣/١٦

تۆ دەزانییت من چەندێکم
خۆت دەزانیت کە منیش چیم
تۆم خۆش دەوێت:
خۆشەویستیی ئازادی خوا بۆ ئازادی
خۆشەویستیی شاعیری کورد بۆ خەونی خۆش
خۆشەویستیی کۆرپە و ساوا
بۆ بەر مەمە و باوەش و کۆش
تۆی دەزانیت...
گیانم هەمووی کێڵگەی زامە
کۆچی سووری کۆرپەی خۆمم کرد بەچامە
بۆیە ئێستاکە گرۆزم
بە بیانووم لە دایکی خۆم
زەردەخەنەی دایک نەبێ
کفتوکۆی دڵ بەچی بشۆم؟
ئەگەر کۆشی دایکم نەبێ...



بۆکوێم دەبەن، بۆ کوێ بڕۆم؟!
ئەی دایکی شەم:
ئەی خاکی خەم
بە دێوانە وەلی قەسەم...
من ناوکێکم لە ژانی تۆ
خوێنجمانە، خوێن ناگرم هەتا دەمە قوربانی تۆ
***

## سیزیفی ئەندێشە

١٩٨٨/٣/١٦

کە سیزێفی ئەندێشەی من...
لوتکەی عومرم دابین دەکات
تاشەبەردێکی دی دێنێ
بۆچییەتی و بۆکوێی دەبات؟
کێ دەزانێ وەڵامێکی وام بداتێ
ئاوێک بکات بەئاگری بێ خەوێدا؟
جۆگەیێکی خوڕ ڕاکێشێ بەناو شەقاری زەوێدا
هەتوانێکی بێ ژار و ژەنگ بگرێتەوە و
هەڵی بخات بەلێوی زامی (علی)م دا
کێ دەتوانێ و کێ دەتوانێ...
کۆڵی قورسی سیزێفەکان بخاتە سەر دەمی ژانێ؟
کێ تیرێکی وا دەشانێ:
دوو جام ئازادی هەڵبدات..
ئەوسا دەس باتە گوێی نانێ؟!
***

## بۆ ئەو قومرییەی قەفەزی لێ نایە!

١٩٨٨/٣/٢٣

بڵێم چی من کە ڕۆژگارم هەمووی هەر بادە شێوانە
لە خومخانەی خەمی خەستا دەروونم تاکو لێوانە
خەمی دوێنێ و خەمی ئەمڕۆ لەسەر شانم وەها بارە
کە بێزاریی بەزاری خۆی وتی « لەم بارە بێزارە!»

مەگەر (قومری) وەکو قومری بخوێنێ بۆ دڵی پەستم
پەیامی زین و شیرینێ بکاتە ئایەتی هەستم
لە چاوی بەد بەدوور چاوت دڵی کردم بەپەروانە
گەلاوێژی دەمەو ئاسۆ وەکو ئەو چاوە کەی جوانە؟!
بەقوربانە مەڵێ پیری لە کاروانی خەما دیارم
بە چاوی تۆ قەسەم، دیسان منیش باوکە خەمەی شارم
لەگەڵ خەندەی کچی جوانا، دڵم شیعرێ دەبارینێ
لەنێو چاوی کەناری شەو پەڵەی تاریک دەتارێنێ
ئەگەر ئەمجارە بمبینی، نەڵێی ئەم شێخە شەیدایە
لە چاوی خۆت بپرسە پێت دەڵێ ئەم ناخە چی تیایە
لە سەوزەی ڕووت دەبارێ گوڵ لە لێوت خەندەیە و ئاڵە
لە گەردن قژ دەئاڵێنی لە سینەت سوێسکە بێ باڵە
ئەگەر بەم شیعرەدا هاتم بەتیلەی چاو نەکەی لێم دەی
دەمت پیاڵەی مەیی نابە، قومێکیش بێ دەبێ وێم دەی(١)
ئەمن تینوومە قومری خان، خەزانێکم لەڕێ دایە
هەزار کۆتم لە دەستایە و هەزار دڕکم لە پێدایە
ئەگەر بۆنی گوڵاوی قژ بەسەر ڕووما نەپرژێنی
لە تینوانا دەسووتێم و دڵ و ناخم دەبرژێنی
بە شاری باخەکەی میرم کە ئێستاکە گڵ و خوێنە
دەدەم سوێندت، بەقوربانە دڵم ئەمجارە مەشکێنە

***

## خوا حافیز

١٩٨٨/٤/٢٨

من ناتوانم بەسەر تۆدا
وەکو شەماڵ بشنێمەوە
خوا حافیزت دەبا بۆ خۆم
بەم داخەوە بتلێمەوە
مۆمی تەمەن جوانی تۆ
تازە تازە داگیرساوە

(١)مەیی ناب: شەرابی خەست و گەرم.



پێکی عومری تاڵ و ژاڵم
نیوە قومێکی تیا ماوە
پیرۆزتبێ ئازیزەکەم
ژیان وا لە پێشوازیتا
خەونەکانی منی داماو
وا لە سندووقی وازیتا
ئیتر خەندەیشم مەدەرێ
گوایا هیوام هەڵباتەوە
مەگەر کەسی بێ تەجرەبە
بەخۆڵ ئاگر بکاتەوە
چیای بڵند دامەنەوە
بۆ پێدەشتی شەقار شەقار
بەهاری تۆ تازە دەمەو
منیش پایز و کەفتەکار
کە نەتوانم بەسەر تۆدا
وەکو شەماڵ بشکێمەوە
خواحافیزت، دەبا بۆخۆم
بەوداخەوە بتلێمەوە

***

## ئەی شۆخە ژن

*وەرگێڕراوە بەدەستکارییەوە*

ئەوکاتە خۆشەم لەبیرە ئەی شۆخەژن
وەکو خەونێکی کوتوپڕ تۆ هاتیتە بەرچاوی من
وەکو جوانێکی زۆر نایاب
لەناو خەمێکی زۆر قورسا
لەناو ئازاری بێ پەسا
گوێم لە دەنگێکی ناسک بوو
شێوەی یاری خۆشەویستم لێ دیاربوو
چەند شیرین و چەند نازاربوو
ڕۆژ و مانگ وساڵ تێپەرین
سۆزی شێتم خەونی کۆنی لێ شێوانم

دەنگی ناسکتم لە بیرچوو
ڕووخساریشت نایێتەوە پێش چاوانم
عومری منیش هێواش دەڕوا
بەکۆڵان و لاچەپەکا
بەتاریکە و تەمومژا
بێ دڵداری و بەبێ ژیان...
دڵۆپێ ئەشکم نەڕژان!
دەبا گیانم لە خەو هەڵسێ کات لەبارە
دیسانەوە وەکو خەونێکی کوتوپڕ
لەبەر چاومی...
وەکو جوانێکی بێ وێنە
دڵ ڕاچەنی لە خۆشیا
ژیانی نوێ و ئەشکی گەرم و خۆشەویستیم مەشێوێنە
***

## من و بولبول

١٩٨٨/٥/١٩

لە دیوانی شاعیرێکا خونچە گوڵێ....
خۆی دەنواند و بەشەمالا بۆنی ئەنارد
بولبولێکیش وا مەستی بوو دەی چریکاند...
پڕ بە باخ و چەم و نزار
وەکو بلێیی کۆڕاڵێکە و هەزار مۆزارت
وتم: چییە وا شێت بووە و بێ ئاگایە!
لەچریکەی ئەم بەولاوە...
لەم سروشتە دەنگێ نایە؟
وتیان: سەحەر، هاتە ئێرەو...
بینی نا بەلێوی ئاڵی ئەو خونچەوە تا کردیەوە
ئەوساکە، تاسێ بردیەوە
مەستیی بەئاگای هێناوە
ئەم دیوانەی کرد بەنۆتەو وەها دەنووکی تێناوە
وتم هەژار ئەگەر بێت و ڕێگەت نەدەن
قومێ بەفراوی کوردستان بخوێتەوە



ئاخۆ دەرگای دادی خوداو خەڵک و مێژوو
چۆن بەیەکدا دەدەیتەوە؟!
ئاخۆ دەمی چەن سەد دیوانی شاعیرانی ئەم دنیا
بەنووکە پێ هەڵبەیتەوە؟!
.............................
.............................
.............................
لەناو ئەم خاک و بەردەدا؟
چلۆن هەموو پەیڤی کوردی دەکەی بەجوێن
بە ئاگر و بلێسە و خوێن
دەیدەی بەڕووی ئەم سەردەمە نامەردەدا؟
***

## کوردە عاشق

١٩٨٨/٥/٢٢

ئازیزەکەم... دڵی خۆم کرد بەسەنگەر و
بەرانبەری دوژمنی تۆ ڕاوەستاوم
دەستم لەسەر چەخماخەیە
چاوم لەو بەژن و باخەیە
هەموو بەستەو شیعرەکانم
چەکی تێزن
هەموو پەڕەی چامەکانم...
باوەشی گەرم و ئامێزن
ئەگەر بەردێ بگرنە تۆ دنیا دەدەمە بەر جنێو
پشکۆیەکت بۆ بهاون
بیر و هەست و خەون و خەمم
دەدەنە کێو
کێ دەتوانێ بەرەو ڕووی تۆ پەڵ بهاوێ؟
کێ دەتوانێ بەمەبەستی پێکانی تۆ
تیلە بخاتە ناو چاوێ؟!
کێ دەتوانێ لە عاستی تۆ باسی کلی بەرچاو بکا؟
کی بێژنگی شڕ بەپەچەی تیشکی سووری هەتاو بکا؟

من لێرەم و سەنگەریشم دڵی خۆمە
دەستم وەک خۆی لە کارایە
با ، دوژمنانمان تێبگەن
کە عاشقێک ئاڵای سووری بەرزکردەوە
زەبری گەورەی لە بارایە
ئازیزەکەم....
من لێرەم و سوێندم بەخاکی کوردستان
سەنگەری خۆم قەت چۆڵ ناکەم
لە ئاسانەی یاری خۆمدا
قەت ماڵی خۆم لە کۆڵ ناکەم
من خاوەنی باوەڕێکم: خوانی خوای خۆم
قەت بەچاشتی ڕەقیبی سەگ و زۆڵ ناکەم
ئەم بەهەشتەی کە تاپۆمە...
کە دوژمنم مرۆڤ نەبوو... بیکات بەدۆزەخ و ستەم
بۆ بەرگریی لە باڵای تۆ خۆم دەزانم من چی دەکەم
من شاعیرم دەنگم هەیە
لەناو دێری گڕی عیشقا پەیتا پەیتا زەنگم هەیە
لە زستاندا بەرووی وەریو
لە نەورۆزدا هەڵەکۆک و شنگم هەیە
لە هاوینا کوردستانی ئاوەدان و
بەفراوی کۆچەڵەی کێوە
ئەی نازانن لە ڕەسەندا عاشقی کورد...
نەوەی دێوە؟!
***

١٩٨٨/٥/٢٩

## نوژدار

نوژدار وتی: جەناب ئیتر مەخۆرەوە
خەمی دەروون بەئاوی ڕوون بشۆرەوە
وتی و وتی... تا کەف کەوتە لالغاوی
داوی پرسێکم بۆ هاویشت
کەوتە سەر بیلبیلەی چاوی...



سوور هەڵگەڕا وەکو شەراب
لەپێش چاوی پرسی تینووی چاوی مندا
بوو بەکێڵگەی بڵێق و سەراب
بە پیری مەیخانە قەسەم، قەسەم بەپیری مەیخانە
کۆڵێتی من لە ئەندێشەی نەیاراندا
بێ دیوارە و بێ سەربانە
دەڵێن ژیان وەکو بووکە، سۆزانییە
ئەوەی کە چاوی تێگرێ... وەک من و تۆش
هەر زانییە
خۆشم دەوێ چارم نییە پاڵەپەستۆیە پاڵ نانە
کەچ نیگایە بگرێتە من، دەڵێن شاعیر سەناخوانە
من بشتێنیان کردوومەوە و کۆڵی خۆمیان پێ بەستووە
ڕەنگ و ڕوومیان داکەندووە
نایانەوێ لەسەر عەردێ ڕابوەستم
بەحەواوە ڕاوم دەنێن...
وەکو بڵێی من بێ خاکم!
هەزار بڵقی جوێن و کەسەر دەدەن لە داوێنی پاکم
جەنابیشت هەر پێم دەڵێی:
جەناب ئیتر مەخۆرەوە!
پەڕەیەکی داوی ئەم باسە تەماشەکە و هەڵدەرەوە
من تەشتی مەی لە جیاتی هۆش دەنێم بەبانی سەرەوە
تۆ ئەم خولیام وەک تێبینی...
دەرگای لەسەر بکەرەوە
ئەگەر ڕەخنە لە من بگرن...
چرتێکی کەیش لێ دەرەوە!
***

## بۆ گۆرانی

چۆنی چاکی؟ قوربانتم
لە هەر کوێ بێت میوانتم
من عاشقی ستەم دیدەم، کوشتەی تیلەی چاوانتم
ئازیزەکەم هەر چاوەڕێم
بەرەو هیوا هەنگاو دەنێم

ئەی هۆنراوەی سۆز و ئەوین، خۆم دەفتەر و دیوانتم
لە شەکراوی لێوی ئاڵت،
لە بادەکەی چاوی کاڵت
من تینوومە بێنە جامێ، زۆردەمێکە حەیرانتم
وەک سێبەرت هەر لە دواتم
بێ هاوار و بێ شکاتم
من ئەو دڵەم کە هێلانەی چپەی دەم و لێوانتم
ئەی شاکچە ڕەنگینەکە
ئەی شانە پڕ هەنگوینەکە
تاجی بەڵێن لەسەر بنێ، فیدای سەر و سامانتم

***

## دز و قازی

١٩٨٨/٧/١

هەرچی گوڵی ئەم دنیایە
کۆی کەیتەوە و بیدەی لەسەر
هەر نابێتە ئەو سروودەی
بۆم چنیوی و دەیکەیتە بەر
کسپەی هەرچی داخ و خەمە
وەکوو دووریت ئاگر نییە
شیعری هیچ شەمس و حافظێک
وەکو لەنجەت ئاغر نییە
هەرچەند شیعرم گرۆز دەبێ
ڕوودەکەمە دەرباری تۆ
هەزار چامە دەهۆنمەوە
بەپەیڤێکی لە زاری تۆ
کە خونچە گوڵ دەکەیتەوە
کوڵۆ قەندی لێ دەبارێ
ئەو شیعرانەی بۆ تۆی دەڵێم
دەکرێتە بەستە بۆ شارێ
تۆ شیعری من گەش کەرەوە



منیش پشکۆی دەم و لێوت
یاری دەکەین تۆ قازی بەو
منیش دزی باخی سێوت

***

## تاقی کردنەوەیەکی نوێ لە ڕێبازی شیعری کلاسیکی کوردی دا

من کە توانا و عیلم و هۆشم دایە دەستی تۆ وتم:
یاری خۆمی خۆت دەزانی من دەروونم جێگەتە
چۆن دەهێڵیت شوێن و جێگەت تەنگ و تاربێ بێ چرا؟
چۆن دەبێ تۆ پێ بنێیتە کۆنە کوانووی خۆڵەمێش؟
ئێستە ناخم جەنەتێکە تۆ لەوێیت و ڕازی دڵ
کۆی لەشی من وەک سنوورە گاردە شیعرم وا لەوێ
بۆچی سەیرە گەر بڵێم من هەر نەبووم و بێ نیشان؟
ئافەریدەی دەستی تۆیە هۆش و فیکرە گیان و دڵ
هەڵسوکەوتم ویستی تۆیە داد و بێدادێ دەکەم
لێم مەرەنجێ خوانەخواستە پێی زمانم هەڵکەوێ
خۆشەویستی میهرەبانم تۆ دەناسیت باوەڕم
کەس نەڵێ من ڕوو لەکەسبیم من لەئەهلی موجبەرەم(١)

***

## بیردۆزەیەکی نوێ

١٩٨٨/٧/٢٩

ئەوەندەی من لە تۆ دەگەم گەر کەمێکی لێ بزانی
کەس نەیدەگوت دایکی سەرەڕۆی عیشقیت و وا نەوانی!
کە دروست بووی لەگەڵ هۆشما نۆبەرەتان ئەم خولیابوو
بۆچی دەستتان لەیەک هەڵگرت...
کێتان گیژ و کێ وریا بوو؟
بێ... با ، لە نوێ موتالآت کەم، داستانەکەت بخوێنمەوە
ئەستێرەی گلی چاوانت، بەرەو لای خۆم بهێنمەوە

(١) کەسبی: ئەو گرۆهە ئیسلامییەن کە بڕوایان وایە مرۆڤ توانای وەدەست هێنانی کردەوەی هەیە. موجبەرە: ئەو گرۆهەن هەموو کرد و کرداری مرۆڤ دەدەنە پاڵ خوا.

بیرکەرەوە لە دەردی من...
چاوەڕوانیی دەردی منە
چاوەڕوانی دووری کێشا ، چرۆی هیوا دەپرووێنێ
داوی خەیاڵ دەپچڕێنێ
جام دابنرێ و هەر خاڵی بێ، بەلادا دێ و هەپروون دەبێ
ڕێبواری ڕێی بێ هەواریش
ویلّی ساراو ئاموون دەبێ
دروودی من تەنها داوای باران دەکات بۆ بەهارت
بۆ سەر گیانی ڕوو لە خەمت
بۆ ئاسۆی چاوی شەرمنت
بۆ سەر دەمت
با هەڵگیرسێ خونچەی لێوت...
پشکۆی بەستە بخاتەوە
ئەمە خوایە وەڵامێکی ئەم بیردۆزەم بداتەوە
من شاعیری دەرباری تۆم، ئەوەندە لێم لووتەلا بی
چامەکانم لێ شێت دەبن
بەرەو کەلی شەیتان دەڕۆن
کێش و سەرەوای خۆ دەشۆن
لە ئامێزی ئاوازیشا جێگە بەخۆیان ناگرن
وا نەزانی ئەو شێتانە دەمێنن و قەت نامرن
ستەم دیدەی ئازارێکم...
ئازاری کێی تر وەهایە
هەر کورد دەزانێ چی تیایە
خۆشەویستم خۆت دەزانیت قومێک دادی ئەم خەمەیە
هێشتا تینووی کەربەلای من...
هەر بەتەمای ئەو قومەیە
***



قافییەی فەردم شێواوە، شێواو
فرمێسکی چەمان خوێناوە، خوێناو

## سڵاوێک بۆ مەولەوی

١٩٨٨/٨/١٦

من حوزورم هەن لەم ئاسانەتا(١)
چونکە دەروێشی دەستە و نەزەرم
پێم دەڵێن تۆ کێیت لەم باوانەتا ؟
مەواچوو پەنجە و شەقول قەمەرم(٢)
ڕۆژگار بەدبییەن، بەدبییەن ڕۆژگار(٣)
هیمەتێ قوربان منیش داماوم
باڵە تەپێمە وەک مەلی زامدار
ئەمسەرە و سەرەن دووربینی چاوم
تەژنەمەن قوربان، ئاوی حەوزەکەت(٤)
تەمیانی درنج وا لە نێوانا
چۆن بێم ماچی کەم خاکی سەوزەکەت
خاکیشت نوقمە لە قوڕ پێوانا
هەرچەند هەمیشە هەروام لە حالا
نەزەری قوربان بمهێنەوە حاڵ
با خۆم نوقم کەم لە کوپەی تالا
بەدوای لیقاتا دەبم بەعەودال
بگەڕێم وەناو قافیەی فەردا
تا بیدۆزمەوە فەیزی ئیلاهیت
با خاکی عالەم بکەم وەسەردا
ئەگەر وێرانبێ جێگەی تەباهیت
تۆ لە کۆلیلی «کەژە و بەهار»
نەتهێشت ئاگرم بکوژێتەوە
ئەو شیعرەی وتم بەباڵای شارا

(١) من حوزورم هەن: حوزوورم هەیە
(٢) مەواچوو: هەردەڵێم
(٣) ڕۆژگار بەدبییەن: ڕۆژگار بەدبووە
(٤) تەژنەمەن: تینوومە

کوانووی هەر گەرمە و دەگەشێتەوە
من پەی چاوەرەی ناو چیخ و دەوار(٥)
هەنسکم قوولە و گریانم گەرمە
هەر چەند مەیلەکەم لە کۆچ و هەوار
وەمەیلت قەسەم مەیلەکەم شەرمە
ئارو (تاوگۆزی) بوو بەخەراوە(٦)
خەراباتی من بێ موغ و مەیە
نە دڵ چەشمەیە و نە چەم سەراوە
دوایی مەینەتم کەی... هەتا کەیە
(ئەحمەد پریسی) بۆ دەرمان دەشێ
قەڵەم و دەوات عاشق و کەیلن
(خاڵۆی کۆماسی) بۆ هەر کوێ دەچێ
گڵکۆی بێ گوڵی سەد تازە لەیلن
وەدووریت قەسەم پەرێشان حاڵم
ئەگەر بزانو مەیلت کەم بییەن
گەردی سەری ڕات وەچاو دەماڵم
چێشەن... دێوانە هەر بێ شەم بییەن؟
قوربان هیمەتێ، ساکوانێ فەردێ
قافییەی شێواو گردبکاتەوە
وەکوو (شێخ ڕەزا) هەر قەلەوبەردێ
لەدڵی زاغا دەنگ بداتەوە(٧)

***

## بێرە

١٩٨٨/١٠/٧

* کات پێرە بوو
ئاژەڵ کرا بەناو دێ دا
کەفتەکار و نەخۆش نەبێ
کەس نەمابوو لەناو جێ دا

(٥) پەی: بۆ
(٦) ئارو: ئیمڕۆ
(٧) زاغ: قەڵەڕەش



دوای مەڕ دۆشین ڕووی کردە چەم
دەفرەکانی دەبوو بشوا
هەتا مێردە بێزراوەکەی
بۆ نیوەڕۆ...
دۆینە و ڕۆنێکی تیا بخوا
چەمیش چەمی بەهارە ئاو
گۆم و قووڵکەی بەخۆرەخساو
ژاڵەی چڕ و قەڕەمی پڕ...
هەردوو بەریان لێ تەنی بوو
گۆمەکانی گەڵا و پوشیان تێوەری بوو
* ڕێکەوت سەیرە -ئەویش-
لەوێوە تێپەڕی
یەکتریان دی، کە ئەم سەرێکی هەڵبڕی
هەنگاوی نا بەرەو شیوێ
بۆ ناو ژاڵە و کەس نەدیوێ
* ئەمیش- وتی: خوا هاوارە
بۆ کوێ بچم: کوانێ چارە
هەرچەند چاومی پیا دەتەقێ
دڵەتەپێ دام دەگرێ
بەئامارژەیش پەنام بۆ هیچ
پیاو خاسێکیش بۆ نابرێ!
* ئەو گەیشت و، ئەمیش مەلی
لێداروی پەلەقاژێ تیا نەمابوو
ئیتر هەر خۆی لە خۆبەوە...
باخی چەپەر لادراو بوو
ئەوبوو... وتی من تینووم بوو
لەم گوندەدا کوا کانییەک
موڵکی کەسێکی دی نەبێ؟!
کوانێ باخێ دەوران دەوری
دڕکە قالۆرە و زی نەبێ

منی هەژار دەبێ چبکەم کە تینووم بێ؟
گوایا نابێ دەم بنێمە هیچ کانییەک؟!
چونکە تاپۆی خەڵکی کەیە
یاسای- تەژنەو ئاوی ڕەوان
هێندە قووڵە وەک بێ پەیە!
* ئەمیش وتی: باشە چبکەم؟
خۆ من ئاوێکی سازگارم
خۆ من تاڤگەی بەر هەتاوی
سەر لە ئێوارە بەهارم
خۆ من دەمویست ڕۆم بکەنە
ناو قووڵایی دەروونیەوە
هەر بۆ ئەو بم...
لە زەبەندی ئارەزوویا
کانییەکی چاو لە خەوبم
لە شەوگاری ئەندیشەی دا
مانگەشەوی تەقلی تەوبم
* لە دواییش دا...
کە دەمیان نا بەیەکەوە
خوا دەیزانێ نەیانزانی
ئاخۆ دنیا ڕۆژە، شەوە؟
نەپرسێ ما، نەپاساوێ
تینوویەک ماو کانییاوێ!
***

## شەوێکی خۆش

١٩٨٨/١٠/١٨

ڕەقیب ئەمشەو شەوم خۆشە، نە ئەمناسن، نە کەستانم
لە کۆڕی گەرم و ئاهەنگا سەرێکی سەر بەمەستانم
دڵم شادە و هەموو گیانم لە ئاواتا دەگونجێنم
سەرم سووکە و خەمم خاوە، بەهاری دوای زمستانم



دەمێ بوو تۆ لە لات وا بوو درەختی من خەمی بارە
تەماشاکەن بزانن چۆن نەمامی تازە بێستانم
کە جاڕت دا بەناو شارا وتت گوایا سەرەو لێژم
نەخێر ئابێن بکەن دیقەت لە ئاخێزم لە هەستانم
کە یاری خۆم دەبینم من ئەویش وەک من دڵی شادە
پەڵەی سەرچاوی بوغزایی و گرێی ناخی هەوەستانم
گراوی خۆم سەرم لێ دا دڵ و ناخم هەمووی باخە
ئەگەر ئێوەش بەدواما بێن ئەوا داو و قەفەستانم
قومێکم دا لە لێوی یار، دەم و لێوم شەکر بارە
چریکەم دێ وەکو بولبول، هوزاری ناو گوڵستانم
دەسم کردە ملی یارم، چپەی شیعرم بەگوێدا دا
پەیامم دا بەدنیادا کە من ڕەنجی عەبەستانم
وەڕس نابم هیوادارم، ڕەقیب بمرە لە داخانا
مریدی پیری مەیخانە و لە ئازادی پەرستانم
لە کۆشی یاری خۆم نۆشیم شنەی عەتری بەهارانێ
بەگشت یارانی ناکامم دەڵێم هەر من عەوەزتانم
***

## شەوێکی تر

١٩٨٨/١١/٧

دیسانەوە هاودەردەکەم- وا پێم نایە شەوێکی تر، جامی خەمم هەتا لێوە
پیری موغان ئەمە جامی خەمی منە، خەمی کەسی پێ مەپێوە
لە چاومدا خۆی ناگرێ و من هەر دەینێم بەسەرەوە
ژیانی من چامەیەکە بەسەر یەکدا تێکشکاوە
سەرخۆشیش بم دێڕ بەدێریم بیرخەرەوە
وەک ڕخنەساز گرێکانیم بۆ واز بکە
هێماکانی هەڵبەرەوە
وا کوپەی مەی دەگاتە بن، باوەڕ بکەن تەواو مەستم
کەفتەم کەفتەی ئەم خەرابە سێبەر قورسەم
بێ داردەستم
هۆ... شەمەکەم، شەمی دێری تێ ڕوانینم

منی (سەنعان) مێزەرەکەم کرد بە زوننار
بەر لە ئەوەی سەرهەڵبڕێت
– کە من چاوم بەچاوت کەوت– چۆن دەتوانم
بڵێم من شێخی سەنعانم؟!
چۆن چۆن بڵێم من مەزهەبی (تەرسا)ی ئەوین
چاک دەزانم؟!
باشە ئاخر تۆ پرسیوتە... من لە کێشی ئەم بارەدام؟
باشە ئاخر تۆ زانیوتە من ژێیەکم لەناو گەرووی
ئەم شارەدام؟
– ڕۆژێ مێژوو هاتە ئێرە... لە لاپەڕەی دوو سەدی دا
وتی بینیم؛کۆڵە سواران بەپەنجەی کۆڵ ژێیان دەکوشت–
منیش لە ناخ و سۆزم دا ئەوەی هەمبوو...
فرمێسکی سوێر
بۆ (کەژاڵ) و (بەهار)م ڕشت
هەموو ساڵ حەقە پەڵە، داوای شەست و
لافاو دەکەم
چەمی ئەشکم بێ و سەر بکات
چەوی سووری دەردی گران عومری خۆم وەدەر بخات
ئەی تۆ هاتی ماڵۆچکەکانی دڵی من شەخڵ بکەی
بیبیان پێوی؟!
ئاخۆ ئەم عیشقەی تۆ دەگرن؟
بەچکە کەوی شیعرەکانم دەستەمۆکەی
ئاخۆ دەژین یا خود دەمرن؟
کە تۆ پرسیت –ئیمتیحان بوو– ناوی گوڵان چەند دەزانی؟
منیش وتم: باوەڕکە تەنها ناوی تۆ دەزانم
وەکو (سیزێف) هەر بەتەنها تاشە بەردی ئەم خولیایە
سەردەخەم و دەینێمە سەر نەڕەی شانم
کە تووڕە بوویت وتت ئەی تۆ داوات چییە لە خوای ئەوین؟
وتم هەرچی ژنە کوردە...
بڵێت بەخنجەر دوو گیانم
ئەم هەلەیە و لە دەستی خۆتی دەرمەکە



بێرە ناو خەڵوەی شێواوم
درەختێکم بێ سەیر بکە
ئاخۆ چۆن چۆنی ڕوواوم؟
ئاخۆ سایەم کەڵکی هەیە لە ڕێگەتا ببمە سایەت؟
لە ئینجیلی بەر باخەڵتا دەشێ منیش ببمە ئایەت؟
من ئەو (زەردە)م بێ ببینە، جێگە نوێژی
(نارامسین) بووم– چۆڵم مەکە
فێری حەوزی سەرچاوەکەی قەرەداخم
قەت ناچاری تەیەمومی خۆڵم مەکە
ئەی شەمەکەم ئەم شەویشم بەم سەر مۆرە
دەبەمە سەر
ئەی شەمەکەم مەیە و مەچۆ با (شەو لەبان)ی
شەوی تار نەتداتە بەر
هەر هیچ نەبێ تۆ بمێنە بۆ زاخاوی خنجەرەکان
هەر هیچ نەبێ تۆ بمێنە وەکو مۆمێ بۆ دەرەکان
لە کۆچەڕێی کۆچەری دا، هێندە دەرە
هەڵکەنراوە.
بێ شەوقی شەم ڕێ دەر ناکەن!
بێ شەوقی شەم شیعری منی بابی خەمان لەبەر ناکەن!
بێ شیعر و گڕ هەتا ماون تاجی ڕەواج لەسەر ناکەن!
ئەی جامی خەم کە شەو دا بێ هەر بەپڕی دەتخۆمەوە
سەوزەی مەزەم مەی ئالوودە، من مەزەی خۆم ناشۆمەوە
من لە ڕەنگی جوانی تۆدا چاوی شەمی خۆم دەبینم
من لە چێژی تاڵی تۆدا تالاوی ژین ڕادەماڵم
ئەی جامی خەم شێوەی شەمم لە تۆدایە...
هەموو شەوێ بێرە ماڵم
بێ تۆ گوندێکی وێران و بێ مناڵم
بێ تۆ ساوای زەدەی دەستی شەولەبان و دایکی هاڵم
بیرە ماڵم، بێرە ماڵم
شاپەڕێکی تازەم دەێێ بیخەمە سەر
پەڕۆ باڵم.

## دڵم خۆشه

١٩٨٨/١٢/٢٠

دڵم خۆشه، کوێره دێ نیم
من شارێکی ئاوەدانم، دەنگم دەگاتە گشت شارێ
وەکو سروودی ئازادی دەفڕم بۆ سەر هەموو زارێ
کە پێشەنگی قەتاری مەی گەیشتە مەنزڵی سەرم
خامەی خەمم لەو ساتەدا شۆکە و گەزۆی لێ دەبارێ
کە ئازارم لێ هەڵدەکا دەبمە گڕکانی هاوارێ
لە مەلاشووی داگیرساوم بەسەری نامەردانا
ڕەهێڵەی جوێن دێتە خوارێ
ئاگر لەسەر پشتی شیعرم بکەنەوە
کە پێی داگرت...
کڵی سۆزێ دەپرژێنێ
شاعیر شیعری بەسۆز نەبێ دارەو بەرێک ناگەیێنێ
دڵم خۆشه، چاوی تیژی هەژارانم
دەلاقەی سەر توونی خەش و کۆی ستەمی زۆردارانم
چاوی کوردی ستەم دیدەم ئەشکی تۆڵەم
تیا دەکوڵێ
گرنگ نییە ڕخنەسازێ چی دەنووسێ و هەرچیش بڵێ
بۆ لاسەرەی ئەوین داران
بەهاری نوێ دەبمەگوڵێ
بۆ بولبولی نەغمەی کوردی پەیڤ و لاوک و حەیرانم
ئەگەر کرام بەرەشەبا، گەردەلوولی بێ ئامانم
دۆزەخ دەنێمە سەر شانم
منی شاعیر لە ژێ کانی تاری دەستی گەرووی پاکی
کێوەکاندا تۆنێکی نوێم
لە تەک ڕێبواری ماندوودا
ڕێبواری ڕێی خەم و هیوا، سای سەهەنم
هەنگاو دەنێم هۆ ڕێبواری ڕێگەی
خەم و هیوای مەزن
قەت شاعیری دەربار نەبووم



لە دەربارتا بۆ شاعیری دەربار دەشێم
مردن هەیە... دوای ناشتنم، گیانم چەپکێ گوڵی سوورە
وەڵیای ژیلەی بن تەنوورە
بمدەن لە پرچی داربەڕووی کەلی (زەردە) و
مەودای تێروانینم دوورە
بۆنم دەگاتە گۆمی (وان) شەپۆلم ڕووی لە باشوورە
دڵم خۆشه هەموو شەوێ خەو دەبینم
(حاجی) لە کۆیە حەج دەکا و (نالی) هەر لە شارەزوورە
***

## بەفرو یادی گڕگرتوو

١٩٨٩/١/٣

پەنجەرەیێکی تەماوی کولوە بەفرم بۆ دەژمێرێ
کولوە بەفرە باڵندەکان لە ژمارە نەدەهاتن
کولوە بەفرە سووکەڵەکان کەی بەتەمای شوێن و کاتن؟
تەپ و نمن جار جارێکیش بەدەم باوە...
وەها دەچن بەناو یەکا دەڵێی پوورە هەنگی
شێتە و لە هەنگەڵان دەرکراوە
بەبێ تەپەو بەبێ سرتە لەسەر زەوی دەنیشنەوە
زۆری نەبرد بارساییان گەیشتە بەرد
زۆری نەبرد بوون بەزارا و خۆیان ئاڵان لە جاڕ و وەرد
دنیا سپی، کشومات و تەماوییە
گەردوون مۆنە، وەکو بڵێی ئەم ئاسمانە سەربانێکە
سکی داوە یا تەپیوە
بۆیە نە کەژ سەری دیارە و ماڵی زەویش
کەس قۆرتێکی تیا نەدیوە!
درختێکم لێوە دیارە دەڵێی پەنجەی هەڵوەریوە
سەر و پێچی وا شێواوە، چما زڵفی خۆی بڕیوە
ڕیشۆڵەیەک لەسەر لقێکی چەماوە لەنگەری گرت
شنەبایەکی بەفراوی ڕای دەژەند و دەشی تەکاند
ڕیشۆڵەکە و کولوە بەفری سەر چڵەکەی پێکڤە وەراند
ڕیشۆڵەکە بۆی هەڵفری بەناو تەما

خۆی دەهاویشت، تارمایی بوو
ئەم جمەیە، کێ دەزانێ بۆ گیانی من چەند بایی بوو؟
ئەندێشەی من بەدوای داوی ڕەشی ئەوا
بەناو تەما بۆ ڕابووردوو گەڕایەوە
وەکو بڵێیی ژماردنی کولوە بەفریش بڕایەوە
پەنجەرەکە بوو بەدەرگا و
لەسەر ساڵی هەشتا و سێیە
کات ئەم کاتە و لەبەر دەرگەم و وەستاوم...
چاوم لێیە
ئەوا (کەژاڵ) گەڕایەوە و
جانتایەک و سێ چوار تۆپەڵ بەفری پێیە
– هۆۆۆی هەولێری...
تۆ بە بابی خۆت دەوێری؟
نەک تۆپەڵێ یا دوان و سیان
جانتایەکیش بەفرت پێ بێ دەت گلێنم
لەم جەنگەدا دەت بەزێنم!
تۆپەڵێکی تێ گرتم و بەرەو ڕووم هات
وام دەزانی بەچکە شێرە و پەلاماری نێچیر دەدات!
کە باوەشمان گەیشتە یەک...
لەناو بەفرا تلاینەوە
بووین بەشێرە بەفرینەیەک بەرەو دەرگا خولاینەوە
خولامەوە... خولامەوە
بۆ خۆم هاتم بە ئاگادا
نێو چاوانم لەسەر شووشەی پەنجەرەکە چاک ڕچی بوو
چلوورەی ئەشکی ڕێ کردووم لەسەر گۆنام ڕاوەستا بوو
ڕیشۆڵەیەک لەسەر چڵی ژاڵەکەمان... لۆژ داما بوو
کە من سەری خۆمم لەقاند
ئیتر ئەویش بەناو لرفەی کرێوەدا ڕچەی شکاند
منیش... منی شپرزەی خەم
جا سەر لە نوێ ئەشکم ڕژاند
هەرچی گەڵای زەردوامی ئەندێشەم بوو



هەمووم وەراند
کۆست کەوتووم و یادم گڕی گرتۆتەوە
گوایا ڕۆژگار وا دەزانێ ئەزنەقی ئەم ئەسپە شێتەی بەستۆتەوە!
دەنگێ لە ناخی هەڵچووما بانگی کردم:
بۆ کوێ... بۆ کوێ ملت ناوە
هەموو کەسێک گوێ دەگرێت و هەموو پەیڤێ ئێستە چاوە
بانگت دەکەن دەڵێن ئێمە لە خاکی خەم، بەم کرێوە
خۆمان لە خاک و خۆڵ ناوە
***

## زامی سووتاو

١٩٨٩/١/١٦

ئەمشەو شەوم لێ هاتە یەک
ئاسمان تەپی، زەوی ڕۆ چوو
هەناسەی سارد لە سینەما هاتە کوڵ و
چکیشی کرد
بۆ زریانی ئەندێشەکان پەنام دەبرد
کەچی شەوم هەر خەست دەبوو
کەچی دڵم هەر پەست دەبوو
هەستام گەڕام بەناو شیعرا
بە کتێب دا
بە نەزەرگە و کۆچە ڕێ دا
بە کەنیسە و بە مزگەوتا
لە هیچ کوێیە ئۆقرەم نەگرت
کە تروسکەی مەیخانەم دی، لە دەرگام دا:
– من میوانم
بەخوا منیش «کفرە حمەدی» ئەم کێوانەم(١)
دێوانەکان بۆ نازانن ماومەتەوە خۆم و زامێ
مەی دێر دەستم بەداوێنت...
با زامەکەیشم نەسووتێ بێنە جامێ
***

(١)کفرە حمەد: کەسێکی باس کراوە لە گێڕانەوەی پەندە کوردییەکاندا.

## کراس

١٩٨٩/١/٢٥

که زمانم کەوتە مەلەو
دەستم بوو بەهاوڕێی خامەو
هەنگاویشم هەڵهاتەوە...
بەسەر سنووری ئاوایی سارد و سڕا
چووم لە دەرگەی بەختانم دا
شیعر بوو هات بەدەنگمەوە
وتم کاکە ڕێبوارێکم پرسم هەیە
ڕەجاڵێکم ترسم هەیە
کراسێکی کردە بەرم ئاودامان بوو
تانی شۆڕش...
پۆیشی خەم و خەونی هەموو هەژاران بوو
***

## دڵ

١٩٨٩/١/٢٥

دەمگوت نییە... شتێک نییە
لەگەڵ دڵما بیانخەمە تای بەراورد
کەچی ئێستە -بڕواتان بێ- وەکو بەرتیل
دەیخەمە دەستی جەللادێ
کە دەرگەی خەو بکاتەوە لە گیراوێکی بێ تاوان
مننەتیشە لەسەر شانم، هەر دەمێنێ
ئەگەر بیکەن بەنارنجۆک...
تەنوورێکی -بووخینفاڵد-ێ هەڵتەکێنێ(١)
***

## خواپێداو

١٩٨٩/٢/١٠

چەند ساڵ دەبێ من دروشمی-بژی و مەمرە- م
هەڵگرتووە؟!

(١) -بووخینفاڵد- جێگە یا ئەو کۆتەنوورانەیە کە (نازی)یەکان مرۆڤیان تیا دەسووتاند.



کە پێمان گرت، هەنگاویشمان وەکو یەک بوو
لە کام ساتا لێم دابڕان؟
ئەی لە کوێوە دزەتان کرد، چۆن هەڵگڕان؟
وەڵام ئەڵبەت چاو و ڕاوە
وەڵام ئەڵبەت هەر پاساوە
کە سەرچاوەی سامانەکان بەهەر چاوێ دەخوێنمەوە
ئاهی من و هەزارانی وەکو منی تیا تاساوە!
حەزم دەکرد.... چاوم هێندە پیس بووایە
بە پەححایەک کۆشک و تەلار و سامانی
نا بەجێتان هەڵتەکایە
دوو سێ ژەمێ نەوسەکەتان ڕێگەتانی هەڵپێچایە
بەرەو گۆشتی هەڵواسراوی قەسابخانە
هەناسەتان هەڵکێشایە
***

## شیعری ئاخر زەمان

١٩٨٩/٢/١٠

چوومە کۆڕێک... شیعریان دەکوشت
ئەندێشە و کاری ئەندێشە
بەناو دەست و پێی نەزاندا هەڵیان دەڕشت
لە خوێڕێژگەی چۆڵ کراوا
تاتە بەردی خوێ کراویان دەلستەوە
بەبێ ژان و بەبێ مامان
گەلە زۆڵیان دەخستەوە
بێ هەودا بوون، خوری نەبوو
پەتکە کۆنی عەمارەپۆی دەمی خۆیان دەڕستەوە
نە لە کۆڕ و نە لە گۆڕگێڕ...
- منیش وەکو یارانی خەم-
پەتێڤێکی ئەو بەڕێزانەم هەر بۆ نەکرا بەڕستەوە!
***

## مەی و حەقیقەت

*پەیامی ئەم چامە شیعرێکی مەولەوییە*

١٩٨٩/٣/٢٠

ئەوانە کێن لایان وایە
کە گوایا مەی نارەوایە!؟
وەک لاقرتی دەڵێن ئادەی، بۆچی باشە؟! بێ بەهایە
منیش دەڵێم دەسا ئێوە ئەم پارێزە قەت مەشکێنن
برەو بدەن بەم تەوبەیە و ڕدێنی لێ بەردەنەوە
لە هەر کوێیە مەی دەبینن جنێوی تێ بەردەنەوە
بەچۆڕاوگەی بەر سمێڵتان مەلاشووتان هەڵبەنەوە
بەدوای حەقیقەتی مەیدا لە دەروونی تاریکتانا
کەڵکی نییە فتیلەی ڕەش هەڵکەنەوە
وەڵامی ئەم پرسە قورسە ئەزەلییە نادەنەوە:
ئەگەر بێت و تای ئەگریجەی کەمێ لەسەر چاوی لادا؟
ئەگەر بێت و نیگاکانی بەنازەوە کەمێ بادا؟
ئەگەر خەندەی وەکو مانگی یەکشەوەیەک
خۆی بنوێنێ؟
لەسەر گۆنای شیعری ئاونگ وەکو خاڵێ خۆی بڕوێنێ:
کێتان هەیە ئەم پارێزە و ئەم تەوبەیەی نەپروێنێ
بەکاسە بەرماوەی بەزمی دێوانەکان نەخواتەوە
بۆی نەیێتە سەر چوار مەشقی و
سەد چوارینە نەڕواتەوە
هەموو پەند و بەڵێنەکان ڕۆژوو بدەن بەدەمتانا
دوعای هەڵهاتنی مانگی جەژن هەروا لە خەمتانا
قومێ لە لێوی پاراو و مەیلێ لە گۆشەی چاوی یار
زاهید خەمی منت نەبێ لە مەیخانەیش بمدەن لە دار
***

## بۆ گۆرانی

بۆ تۆ گشت دەرد و ئازارم
بۆ تۆ کێشی قورس و بارم
هەمووی لەلای من ئاسانە



ئەگەر لام لێ بکەیتەوە
پرسیارێکی ئەم دڵەی من بەخۆشی جواب بدەیتەوە
دێم و دەڕۆم
خوا خەم نەدا خەمی تۆمە
کە دنیا خۆ خۆیی بێ
من خەمی تۆم هەر بۆ خۆمە
بۆ تۆیە ئەم شیعر و بەستە
بۆتۆیە ئەم سۆز و هەستە
بۆیە دڵم هەروا سەوزە بەڵکو ڕۆژێ بیکەیتەوە
پرسیارێکی ئەوینی من وەک عاشقێ بدەیتەوە
ڕازی عیشقم بەستەی دڵە
ئەشکی چاوم ئاوی گوڵە
لە خەندەتا سیمای منە ئەگەر لێوت بکەیتەوە
لە دروونی خەمبارمدا چرای هیوا هەڵکەیتەوە

مەقام:
ئازیزەکەم شەو تا بەیان خەیاڵ دێت و خەم خڕ دەکا
جامی ئەوینی پاکی من بەداخی دووریت پڕ دەکا
تۆکەی وەڵام دەدەیتەوە.. دڵم وەکو گوڵی بەهار
ببێ بەپێکی ئاونگ و پاراوی کا دەروونی شار؟
بۆ تۆیە ئەم دادی منە
بەڵێنێکت زادی منە
مەخابنە لێم تێ نەگەی باوەشم بۆ نەکەیتەوە
وەڵامەکانی جارانتم بەماچێ بیرنەخەیتەوە
***

## بۆ گۆرانی

خۆشم ویستی تا ئەوڕادەی
کلڵپەی سۆزی لە ناخمدا مەشخەڵانە
هەرگیز کوژانەوەی نییە
چونکە دڵی من تەنوور و ئاگردانە!
بەڵام هەرگیز من نامەوێ

باری دڵی تۆ گرانبێ هەر تۆزقاڵێ
من نامەوێ ئەم سۆزەی من
وەک سێبەریش لە ڕەنگ و ڕووی تۆ بئاڵێ

خۆشم ویستی بەبێ هیوا
تا ئەو ڕادەی هەناوی خۆم دەخۆمەوە
یا ترس و بیم لێم دەنیشێ
منیش بەخەم ئەو ئازارە دەشۆمەوە

وەک عاشقێ خۆشم دەوێیت
خۆشەویستیم شیعر و نەغمە و گۆرانییە
لەسەر زاری شارەکەیشم
ئەوەی بۆ تۆی داوا دەکەم..
هەر خۆشییە و هەر جوانییە

***

## بۆ گۆرانی

هۆ یارەکەی سرک و سڵم
تۆم خۆش دەوێ پڕ بەدڵم
ئەو ئەندێشەم تۆی تیا دەژیت
شناسنامەت پێویست نییە
لە کوێوە بێیت بۆکوێ بچیت
تۆ هەوێژ و ئارای منی
پەیڤ و سۆز و شارای منی
خۆ من بێ تۆ شیعری لەنگم
ڕووبارێکی کشوماتم
ئاهەنگی بێ زڵە و زەنگم
بولبول بێ باخ لانەوازە
هەر مەلێکە و بێ ئاوازە
با کەس نەیلێ، خۆم دەیزانم
شیعر مەزاری بەهاری عیشقە
منیش بەتۆ ئاوەدانم
تۆ بولبولی منیش باخم
لەسەر پشتە دەرگەی ناخم



دڵم ئەو هەور و تاوەیە
عەتری سۆزی لێ دەبارێ و
جێ بروسکەی ئەو چاوەیە
تۆ شایەتی چامەی منی
دۆعای گەرمی نامەی منی
مەی بێ (خەیام) نازی نییە
ئەگەر سەختی عیشقم نەبێ
خۆ چاوی توێش بازی نییە

***

## هاتیتە ڕێم – بۆ گۆرانی

هاتیتە ڕێم، یا هاتمە ڕێت؟
کاڵای جوانیت بۆ من دەشێت
درەختی هەر بەهەشتێک بم
بەروبوومم بۆ تۆ دەبێت
ئەی ئەو ڕازەی قەت پەی نادەی
دەریای جوانیت و زۆر سادەی
شەپۆلت دا بەرەو کەنار
حەیفە بۆ تۆ لە من لادەی
دڵم قوڵپەی دێ وەک جوانیت
من دەزانم، خۆت دەزانیت
پەیامی ئەم گۆرانییەم
وەک فریشتە تۆ بووی هانیت
کە شەو دابێت دیوانی تۆم
من ئەستێرەی ئاسمانی تۆم
بۆ کێشانی نەخشەی ئەوین
پەنجەی نەرم و نیانی تۆم
ڕێگەی شاری تۆم گرتووە
پەنام بۆ ئاوات بردووە
من دەروێشی گەڕیدەم و
ئاڵای عیشقم هەڵکردووە

***

# فەرهەنگی خەم

# ٤

## قوڕە سووری زمان و گۆزەی شیعر

ستۆکهۆڵم ٩-١-١٩٩٨

زمانی کوردی: لە گەرووتا، شمشاڵەکەی (وەلی) بوو.

زمانی کوردی: لەبەر دەستتدا، ئەو قوڕە سوورە موبارەکە بوو، کە گۆزەی بەلەنجەولاری شیعرت لێ دروست ئەکرد.

زمانی کوردی: (دەربەند باسەرە) وتۆیش باڵی بەرینی قەڵەمێکی لە شینە شاهۆ چووی دەڤەری خەوبینین بووی.

تۆ! بە تاقە گیا کەڵەیەکی ناو مێرگی شیعر ئارامت لەبەر ئەبڕاو هەزار جار ئەم دیوو ئەو دیوت بەمەلۆتکەیەکی تازە زاوی باوەشی خەیاڵت ئەکرد.

ئەوەندەت بەسە
گوڵدانێکی شیعرت لەسەر بانێژەی هەتاو دانابێ
ئەوەندەت بەسە
دڵی زمانی کوردیت خۆش کردبێ
ئەوەندەت بەسە
(نالی)... یەک ماچی نێوچەوانی کردبی
ئەوەندەت بەسە
شاخی زەردەیش لەم کۆچەدا
یەک دڵۆپ فرمێسکی بۆ ڕشتبی!

شێرکۆ بێکەس



## نایێمەوە

١٩٩٣/٩/١٣

بۆ بێمەوە... تۆ دەتوانیت بەڵێنی خۆت بەجێبێنی؟
لە کوێ بەڵێنەکانت کوشت، بەڵێنی نوێ لەوێ بێنی؟
بۆ بێمەوە... بۆنی باخت دا بەباداو هێشتا سوخمەت نەکرابووەوە
بۆ بێمەوە...
خۆ بولبولی پاسەوانیش کە، دەرت کرد هێشتا سۆزی نەبڕابووەوە!
بۆ بێمەوە...
تۆ ئەو چامەی چەندین خامەم بۆت خستە دەنگ...
کەچی میحرابی چاوی تۆ بۆ نوێژێکم نەیدا لە زەنگ!
بۆ بێمەوە...
تۆ چیت بەمن بەڵێن دابوو... ئێستا لەگەڵ منا چۆنی؟!
ئەوساکە تۆ بۆن و گوڵ بووی، ئێستێکە تۆ تەنها بۆنی...
بۆ بێمەوە...
چراخان بووی، لە پشتمەوە کوژایتەوە،
وەکو ڕۆمانی (دلدارێی بێ قارەمان) بڕایتەوە!
بۆ بێمەوە...
تۆ ئەستێرەی شەوانم بووی من گەڕیدەی ئاسمانی تۆ،
من هەر شەوە و لە شارێ بووم، بانگ نەکرامە سەر خوانی تۆ!
بۆ بێمەوە...
تۆ پێت وتم جەژنانەکەم بۆ ئەم جەژنە، ماچی لێوە.
هەر ماچێکیش تامی نەورۆز و باران و، گوڵ و پەیامی وا پێوە!
نە ماچم کرد... نە جەژنانەت کردە کۆشم،
تۆ دەتەوێت، من ئەم عەیبانەت بپۆشم؟!
نایێمەوە... بۆ بێمەوە
لەکام تینا بتوێمەوە؟
بۆ کامەشم بخولێمەوە؟
منی باخی شیعر و بەستە بۆ کام وەرزت بشنێمەوە؟
نایێمەوە... بۆ بێمەوە
شکستی تازە جۆشخواردووم،
بۆ پێت خۆشە بشکێمەوە؟!

نایێمەوە
من ئەو دەرگام ...
لەسەر (مەهدی) بووم، داخرام!
زۆر حەستەمە بکرێمەوە!
بۆ بێمەوە. نایێمەوە...
نایێمەوە، نایێمەوە!
وانەزانیت وشک دەبم
من ئەو تۆوەم بەبارانی سەر پەڵەیێک دەڕوێمەوە،
دەبم بەگوڵ دەکرێمەوە!
دەبم بەمەی دەخورێمەوە!
لە بازاڕی دڵداراندا من ئەو قەرزەم دەدرێمەوە!
هەر گوڵ زۆرە بەیانییەک لەناو گۆپکەی یەکێکیاندا
وەکو ئاورنگ هەڵبێمەوە!
***

## سوجدەی ستایش

١٩٨٩/٦/٩

که هێنامە بەرچاوی خۆم
لەپێش دەمیا چۆکم دادا
چاوم بڕییە باڵای و ئەشکم بەخوڕ هاتە خوارێ...
-بۆ بێ دەنگی، بۆ بێ سەنگی؟
بەسەرمانا بەرد دەبارێ!
هەزار سۆزم کرد بەناوا،
ناوم نەکەوتە سەر زارێ!
جێ خەڵوەیەک نەمایەوە شەوێکی تار
بەناخمدا شۆڕبمەوە.
تاپۆی جوانیت لەناو گلارەی دیدەما هەڵکەمەوە!
گەوهەری خەم لە گێژاوی ئەندێشەدا
هێدی هێدی سەرخەمەوە.
بەرد دەبارێ... جێ ژوانم وێرانەیە...
گەردەلوولە...



هەڵسوکەوتی یارانی خەم هەڵکەوتنی کوێرانەیە.
منیش وەکو ئەوانگەلم...
لە جێی خۆما وەکوو تەشی با دەخۆم و
تاڵی خەمی دڵدارەکان هەڵدەکەمە سەر خەمانم
من زمانی بێ زمانم...
هەروا کتێب دەگرمەوە، بۆ کتێبی (ماریفەت)[1]ی،
کەس نەزانم...!
گەردولوولە، بورجیش بورجی ڕەشەبایە
یارم بێ ئاڵ و واڵایە،
بازاڕی ئەم کۆلیلەیشم وا دیبارە بێ کاڵایە
مەلی-سیمرخ- باڵ شکاوە
کێ خۆر سەرخا بۆ سەر قولە؟
کێ- مەرگەوەڕ- لە گۆڕدەخا... خینجەر کولە؟!
دەرفەت تا دێت، دەچێتە یەک
کوا دەستێکت... دەستگیرم بە
شیعرەکانم لەسەر لێوم دەبن بەبار،
ئەوساکە کێ لە ئامێزی خۆیت دەنێ،
هەتا دەگەیتە سەری شار؟
تەنها بەشی سوجدەیەکی ستایشم تەمەن ماوە...
هەر بەهیوای جێ ژوانی ئازادیم و
ئەم ئاواتەم پێ بڕاوە!
***

## پرس و وەڵام

١٩٨٩/٤/١٣

هێشتا گوڵی نەوبەهار بووی
منیش هاتم لە پێناوتا خۆم دابنێم
دەموت بڵێی بۆ کارێکی وەها بشێم؟!
خۆشم ویستی و بڕوام هێنا بەجوانیی تۆ

١-ماریفەت- کتێبەکەی پیرشالیارە.

من، ئاواتی عومرێ ئەشکەنجە و ئازارم،
هەڵکرد بەبەژن و باڵاتا
خوایە. خوایە چەندێ جوان بووی!
لەسەر ڕێگەی خەونی خۆشما
هەموو شەوێ چراخان بووی!
دڵیشم بوو بەو ئاسۆیەی ساتێ نەبوو بکوژێتەوە،
-خۆرهەڵاتی چاوی تۆیە-
شیعر و بەستەم لە پێدەشتی هاتوچۆتا،
سوورە گوڵی گەشاوە بوو
بولبولی زاری کوردیی من...
نەغمە خوانی ئەو ناوە بوو
دیم(غەیبە)تت، (ڕەجعە)ت کەیە؟
(تەوەققوف) باری شانمە...
هەڵوێستی ئەم ڕۆژە دوونە هۆی ئازار و گریانمە
بڵێی دەردم بێ دەرمان بێ،...
هیوا و تاسەم بتاسێنێ؟
لە ئاهەنگی پێشوازیتا وەکو (چایکا)
دوا سترانی خۆم نەبێژم؟!
لەناو کێلگەی شیعرەکانما ئاوازێکی نوێ نەنێژم؟
مەلی بەختیش هەر عەنقا بێ و...
بەوەراما گوزەر نەکا؟!
مێژوویش هەروا کەڕوکاس بێ،
چامەیێکم لەبەر نەکا؟!
پیری جوانم!... دەروێشەکەت،
بۆ(تەجەللی)ت دێوانەیە،
هەر سیفری تۆ... دەفری پاکی پێوانەیە!
جامی دەستم بۆ نۆشینی بادەی حەیات،
پێکی مەستی چاوەکانتە!
-فەرهەنگی خەم-... هەتاکو من شیعر بڵێم،
هەر فەرهەنگی ناوەکانتە!
***



## کێڵگەی زامان

١٩٩٥/٩/١٩

جەستەم کێڵگەی برینانە و ڕۆژگاریش دێت
تۆوی زامان دەوەشێنێ لەم کێڵگەدا
لە نێرینەی هەر زامێکدا، کڵێپە مەشخەڵی جلووسە
ئازار چەپک چەپک دەکەم، دەیدەم لە قژی خەمەکان،
ئەم کێڵگەیە زۆر بەپیتە و بەرێژەنە
دنیای منی پێوە بەنە
برینی خۆمم خۆش دەوێ،
دەردی لە لەشی ساغ کەوێ!
ئازار پاکی دەکاتەوە...
برینی نوێ بخاتەوە،
هەڵدەتۆقێن دەبنە چەتر
دزانێک دێن، دەچنە سایەی
بەزۆر دەبنە ئایە و مایەی!
چ بکەم، خۆمن هێزم نییە، دزان ڕاونێم
من هەر دژی هێز و چەقۆ و تیروشیرم!
بەرانبەری هەر کوتەکێک داگیرکەرێ دێتە بیرم،
کەوچکێ ژەنگ دەکرێتە نێوچاوی شیرم!
ئای دزەکان. کێڵگەی زامانم پیس مەکەن!
مەیکەن بەگۆڕی ڕمبازی...
هانا نابەم بۆ پاکسازی
پاکێک نییە ئەرکێکی وای لە ئەستۆنێم...
ئێوەی دزەل زامم مەکەن بەسەنگەر و،
خەمم مەکەن بەڕابەر و،
لێوم مەکەن بەقەڵەم و،
چاوم مەکەن بەتووتکەی ڕاو
خەونم مەکەن بەزێرابی وشەی ناودەم و کاوێژتان...
مەمکەن بەبەڵگەی ڕاوێژتان!...

برین شیعره... دەشێت بکرێت بەگۆرانی...
برین مەیە...دەشێ بخرێتە سەر خوانی عاشقەکان
برین چاوە، دەشێ لەودیو کێوی بەرزی قافانەوە شت ببینێ...
برین گوڵە دەشێ جوانێک بیکاتەوە و بیدا لە خۆی
برین وەها شەقامێکە، بۆتۆش هەیە پیایا بڕۆی
برین بوو بەسوێندی تەحریم،
بەئایەتی قورسی تەجریم،...
برین لەسەر تابلۆی خەمم هەڵدەواسن...
لەپێش دەمی دزەکاندا ساڵنامەیە یا تەقویمە،
ئەژنوێ شکاوی تەسلیمە!
ئای زامەکان... هەر یەکەتان هەوارێکە
لە کۆچەرێی تەمەنی بێ تەمەنمدا،
هەریەکەتان سەر مۆرگێڕی شیوەنێکن...
خەفەم کردوون
هەتانە، وەک لێوی ئاڵی کچۆڵەن و، لە خەویشا دەم و لێوم بۆ نەبردوون!
– برین ئامانە، برین ئامانە!
وارم نەزەرگەی شێخی زامانە.
دەستم دامێنت تەپڵێت دەنگی بێ...
میحرابی ناخت سەدای زەنگی بێ...
جامانی دەستت بالێوان لێوین،
ئەگریجەو پەرچەم دایم پەشێوین
باوەشت گەرم و زارت بەفەڕ بێ
وەرزی فرمێسکت بەهاری تەڕپێ!
کە، دەمرووتێ هات، بانگی جەژنی دا...
تفت پشکۆ بێ و هەردووگوێت کەڕبێ!
حەللاجەکانی سەرجەستەم!... برینەکان!
شمشاڵەکانی مەولانای ڕۆمیی مەزن،
شمشاڵەکانی مەعدومیی،شینی عەنبەر،
خۆش مرووره شەماڵەکەی مەلاخدر،
ئازارە زۆر گەرمەکانی زار و زامی (بێشکچی)مان،



ئەوەی هەیە و ئەوەی دێمان...
چییان بۆمان بەرجەستەکرد؟!
چییان بەو قوڕە خەستە کرد. گرتیانەوە؟
هێنایان و بردیانەوە!
دوێنێ دارێک لە زارەکان،
دوێنێ زارێک لە دارەکان، کەوتە سەر وێزەی هەردووکمان...
وەکو دەرد و وەکو ژانێک،
دەستی نایە بینە قاقای هەر وچانێک
پاشووی تەپاندە سەرخەندەی گشت بەیانێک!
برینەکەم!... ئەی هاوسەری دەیان ساڵم!
دان پیانانە من هێشتاکە ئەو منداڵم...
وام دەزانی پیاو، کوتەکە،
حەق، شەتەکە،
وەهام دەزانی ڕاست دەکات، ئەوەی دەڵێت: تا پەتەکە!
کاتێ تەماشای دۆزم کرد؛
کاتێ تەماشای دۆخم کرد؛
سۆسیاڵ تێلا چوو بەگژما...
ناسیۆناڵی دیموکراسی دایگرتمەوە!
مێژووم لێ بوو بەسەگی هار...
لەم ناوە دووری خستمەوە.
دزان، جرتیان تێ دەگرتین...
جرتێک بۆ من، دوو جرت بۆ تۆ!
سەد، بۆ کوردایەتی درۆ!...
برینەکان!... دەبێنە بەر،
لە جامێکی دەستی خەییام...
لە بەڵگەییێکی حەللاج و...
لە گەوهەرێکی مانەفسێت...
تاجێکی نوێ دروست بکەن بیکەنە سەر!
برینەکان!... دەبێنە بەر!

***

## لەگەڵ ئەویندارانی حەقیقەتدا

١٩٩٦/٧/١٨

١) شێخی بەستام!... بۆ ئەوینت چیت کردووە
نەم کرد بێ بۆ ئەوینم؟!
تۆ نوێژت کرد بۆ گەوهەری،
من نوێژم کرد بۆ چاوانی.
تۆ پێت خستە سەر ملی با بەرەو یارت...
من ڕووبارێک ئەشکم هەڵبەست،
هەڵیگرتم بەرەو یارم.
تۆ برینت بوو بەچرا
من هێشتاکە بریندارم!
تۆ، بات کرد بەگەردەلوول و
لەسەرپشتی بەرەو دیداری یار فڕیت...
من بەشەماڵی (نالی)دا هەزار شیعرم نارده ئەوێ!
تۆ بە بەهەشت ناڕازی بووی،
ئەستێرەیێک، نەبوو بەچاوساغی ڕۆحم،
تەنها شەوێ...!
تۆ بەدەوری باڵای یاردا خولت نەخوارد
من بەدەوری شوێن پێی یاردا وەکو دایکی
سکەڕۆبم، هەرخول دەخۆم.
تۆ گەیشتی و نەهاتیەوە،
من وەک ژیان دێم و دەڕۆم!
تۆ جێژوان لە پێشوازیتا وەستا بوو...
چەپکێ گوڵی لە بۆنی خوا لە دەستا بوو!
وتت: ئەمانە بۆ کێیە... من عاشقم یا میوانم؟!
بۆ نازانن پەردەی نەفسم دڕاندووە؟!
من گەوهەری نێو گەوهەرم،
من فێنکایی و چێژ و ڕەنگی هەزاران جامی کەوسەرم!
– شێخی بەستام!... شکات و داد و بێ دادبێ...



من مرۆڤم، خوداوەند نیم.
من هەتاکەی بۆ خۆزگەیێک هەروا بژیم؟
من بۆ دڵۆپێ شیلەی لێو، بۆ خەندەیێک لە چاوانی،
وەکوو(موسا)نەک بۆ دە ساڵ...
سەد ساڵ دەبم بەگاوانی!...
٢) پیرم!... حەزرەتی گەیلانی
هەر تۆ حەقیقەتت زانی!
وتیان: حیکمەت ناچێتە نێو ناخێکەوە
تێر و پڕبێ.
ئەم دەرفەتەی سەرو مڕبێ
قوربان... ئێوەش هەمووکاری سەر زەویتان
خستە پێش چاو...
لە نوێژەوە تا خوێندنەوە،
لە پەیامی(پێغەمبەری) تا (زەندەقە)!
لاتان وەها ڕوون بووەوە:
تەنها(إطعامی طەعامە)کە باشترین کاری حەقە!.
***

## وەرن

١٩٩٥/٧/١٣

وەرن خەڵکە... ئەوا لە نوێ... لێرە و لەوێ
هەواڵ هەواڵی داستانی مەرگ و خوێنە.
هەواڵ پارووی چاک پێچراوەی پڕ لە جوێنە!
هەواڵ ئاگر و باروت و قوڕ پێوانە،
فریشتەکان باڵیان سووتا، شەیتان ئەمڕۆ لە نێوانە!
ئەی هاوارە ئەی هاوارە...! خەڵکە وەرن،
بۆنی فرمێسکی خوێنینم
لە خۆمی دووربخەنەوە بۆ ناو سەنگەرێکی بەرن
ئەو سەنگەرەی دوژمنانی ئەم گەلەمان پێی خەنینە،
ئەو سەنگەرەی ڕەحمی ڕمان و بەزینە.

سەری خۆیان بگرنە خۆڵ...
نەبن بەگۆڕی ئاواتی وڵاتی چۆڵ!

***

کوڕە کاکە لەوبەرەوە، کوڕە لالۆ لەمبەرەوە!
ئەو شەپۆڕەی دێنێنەوە، لافاوی سەر ئەم ناخەیە...
لرفەی زێرابی بەدبەختیی ئەم چاخەیە.
دەست هەڵبڕە، ئەها دوژمن لەو سەر سنووڕە وەستاوە!
هەر چاوێکی هەزار چاوە... هەزار نێزەی تۆڵە و داخی تیا گڕداوە!
دەست هەڵگرە ئەها سروودی ئازادی خوێناوییە!
ئەها لە گشت گومرگەکان، زەمەن عادەی گلاوییە!
دەست هەڵگرە نیشانەکەت سینگ و سەری برای خۆتە...
دەست هەڵگرە لە کۆراڵی ئەم شەرمەدا بووی بەسروودی چەواشە...
بووی بە(فەتەرۆ)ی بێ نۆتە!
دەست هەڵگرە هەتا پەنجەت گۆی تیا ماوە...
دەست هەڵگرە هەتا لەناو پێناسەتا وێنەت وێنەی سەری پیاوە!

***

خەڵکە وەرن کۆلیل گەرمە، قوڕ پێوانە...
دایکی هەموو خەمەکانمان دەناڵێنێ و لەسەر ژانە...
کێ ئەم خەمەی بۆ سەر دەخات؟.
کێ نایەڵێت لەم ژانەشدا هەر بەر بخات؟!

***

خەڵکە وەرن... ئاڵاکانمان هەر هەموویان خوێناوی بوون.
خەڵکە وەرن... دروشمەکانی سەرزار و ئایندەمان، بێ بایی بوون!
خەڵکە وەرن، شەڕ زۆر گەرمە ئامار، تەرمی بەجێماوە...
ئامار، ژنی بەبێ پیاوە!
دەڵێی لەنێو ئەم خاکەدا لقێک بەزەیی نەڕواوە!!
تفەنگەکان دەرپێی خۆیان بەسەر شاندا هەڵخستووە...
مافی مرۆڤ قۆلانچەیە و لە شیاکەی ئەم شەڕەدا... پێخوست بووە!!
خەڵکە وەرن... دەپێم بڵێن بۆکێ بگریم؟
بۆ کێ سەرم لە زۆنگاوی ئەم خومەدا شین شین بکەم؟
نۆمای ئەندێشەی زامارم بەرەو کام لایە زین بکەم؟



بۆ کێ جەرگی حەرفەکانم پڕ لە ژیلە و برین بکەم؟...
ئەو بەر کوردە... شێرە کوڕێکە، کوژراوە...
ئەم بەر کوردە... شێرە کوڕێکە، پێکراوە!
ئەو ئەجەل بوو بۆ ئەمی دی،
ئەم ئەجەل بوو بۆ ئەوی دی... کێ بردییەوە؟!
فیچقەی ئەم خوێنە بەکوڵە چەقۆی کێ بوو...
دەری کرد و... ڕووی ئەم گەلە خەڵتان دەکات؟
تا خوا بنێتە ئەو لاوە و بۆ ئەهریمەن سوجدە ببات!
خەڵکە وەرن زەنگی قوڕگم، قوڕ گرتوویە، دەنگم نایە،
قوڕگم گێژاوی ئەم خەمەی ئەمڕۆی ئێوە و خۆمی تیایە.
کلاوڕۆژنەی سەر شارێکە، پەپوان ئێستە تیا دەخوێنن...
کەشی کێڵگە و پێ دەشتێکە، جووتیارەکان خۆ دەنێژن،
بانگی مزگەوتێکی شڕە، ئیمامەکان بێ دەستنوێژن!
کە دەشچنە سەر بەرماڵی پێشنوێژیمان، کەس نازانێ چی دەبێژن!

***

لانکەیەک هات- ساوایەکی سەربڕاوی لە کۆڵابوو... وتم: بۆ کوێ؟
وتی بۆ ناو دروشمەکان... لەعنەت دەدەم بەڕوویاندا...
بەیەکیاندا و بەدوویاندا...
ژنێک یەخەی خۆی دادڕێ و لەژێردا هات،
بەرەو هەموو هەواڵەکان، شالاو دەبات...
دەڵێن کوڕەکەم کوژراوە؟...
لە کام سەنگەری سنووردا بەرەو بەهەشت کۆڵی خەمی لەپشت ناوە؟
وتیان: بڕۆ لە یاریگەی زیارەت و نازەنیندا،
وەکو تۆپێکی بێ هەوا بەجێماوە!
وەکو شووشەی دەستی بەدمەست لەو سەرخۆڵە شکنێراوە!
وەکو شەقاری ئەم وارە بێ مەزرایە،
لێوی وشکی سووتێنراوە... بەجێماوە.
خەڵکە وەرن، بێن بپرسین:
تفەنگەکان!... ئێوە بەچی ئاو دراون؟
ئێوە بۆچی وەکوو تۆفان و وەیشوومە تێک ڕژاون؟
وەرن تەماشای نێو چاوی خۆتان بکەن؛

ڕوو لە تاک و کۆتان بکەن؛
گەردەلوولی ئەم خوێناوە بۆ کوێ دەبەن؟
بارگە و بنەی ئەم خولەتان...
وەک دیباری بۆ کێی دەبەن؟
خەڵکە وەرن... نۆرەتانە دەست هەڵبڕن!
شەقام پڕکەن بڵێین بەسە!
هۆ هۆ چەکە بێ شەرمەکان، وا مەزانن
دایکی ئەم خەمە نوێیەمان جگەر سووتاوی بێ کەسە!
ئێمە مێژووین... ئەو لەعنەتەی دەیدەین بەڕووی شەڕ خوازاندا،
بۆ پشتاو پشت، دەبێ بەبەیت!
چەکی شەرمن!... وەکو تاوان دەتناسنەوە،
ڕوو لە کێوی قافیش بکەیت!
***

## چۆلەکەی وشە

١٩٩١/١١/١٥

کە چۆلەکەی وشەی کوردی
بەپۆل بەسەر دان و ئاوی گیانی مندا دادەبارێ...
بەبرژانگما هێشووی هێلانەی پڕ بەچکە دێتە خوارێ!
پۆلێ دەچێتە چاومەوە، پۆلێ گەرووم...
بەتونێلی ئەندێشەما، پۆلێ دەگاتە هەناوم،
پۆلێ لەسەر پەڕەی دڵم چینەدەکا،...
لە دەرەوەش گیانم هەموو دادەبێژن.
سنگم دەکەن بەقەفەسی بێ دەرگەوان.
کە ئێوارانم لێ دایێ وەکو سەروێکی بڵندی،
لق و پۆ پڕ، دەبم بەتاڤگەی جرووکە...
هەر کە شەوم بەسەراهات خەونی خۆشم،
هەڵبەستێکی ئێسک سووکە!
***



## لە فەرهەنگی خەمەوە بۆ دەربەنی پەپوولە

١٩٩١-١١-١٨

ئەی هاوڕێکەم، هاوخەمەکەم!
خۆشم ویستی ئەو ساڵانەی نزیکم بووی...
لە هەندەران، ئاوارەبووی دڵم هەگبەی سەفەرت بوو،
بۆ هەر کوێ چووی.
خۆمن هێندە تۆم خۆش دەوێ،
لە دڵما جێت نابێتەوە گەورە و فرەی.
چاوم پڕە لە وێنەی تۆ.
سەرم پڕە لە خەیاڵت...
کە دەتبینم، وا، بازێکی ئاسمانێکت پڕ کردووە.
دەڵێم یاخوا نەشکێ باڵت!
ئەی هاوخەمم ئەی -شێرکۆ- گیان!
تۆ ڕووباری و بەرەو دەریای مەزن دەڕۆی...
تۆ بەهاری گەرمەسێر بووی،
بەرەو کوێستان سەردەکەوی...
خۆ تۆ ئێستە لە لووتکە دای
لێرەو لەوێ هەر بەهاری!
نەیارانت کوێرە دێن و،
لێرەو لەوێ گەورە شاری!
لە وەرزێکا خەم بباریێ تۆ بارانی...
تۆ هەر دێیت و نابڕێیتەوە،
ئەو مەسیحەی لەسەر خوانی خوداوەندی
بەهرە و هونەر،
جامی لێوان دەخۆیتەوە!
تۆ ئەو دەنگەی گەرووی شیعرت پڕ کردووە.
تۆ فەرهەنگی ئیستاتیکا پاراو دەکەی،
بەدەربەنی پەپوولەدا کە بەخوڕ دێی...
لە شەماڵ و لە ئاو دەکەی!

ئەی پێشمەرگە نەبەزەکە تۆ سەنگەرت:
داهێنانە و چەکت خامە.
دڵت دیوانی چەند زامە!
قەت زامی تۆ خامۆش نابێ، نابێ بە(خاش)!
لەسەر تەختەی دامەی هیچ کەس،
نەبینراوە بکرێ بەداش!
ئەی هاوڕێ کەم تۆم خۆش دەوێ،
وەکو زەردە و دار مازەڵە و شاخی سۆڵە...
کە تۆ لە خەما نەمێنی باوەڕ بکە خەمم چۆڵە!
تۆم خۆش دەوێ وەکوو زامم...
وەکو ئەشکی سوبح و شامم...
تۆم خۆش دەوێ وەکو شیعرم،
وەکو مەیم وەکو جامم!
وەکو- کەژەو بەهارەکەم...
وەکو فەرهەنگی خەمەکەم، ئازارەکەم...
وەکو ئەم ساتە عەزیزەم،
کە ئەم نامەت بۆ دەنووسم لەناو ژانا،
دەبا گیانداری تۆ خۆشبێ!
من گیانیشم خستە لاوە...
وا تۆم لە جێگەی داناوە!
***

## خەڵکی نیشتمان جێ دەهێڵن  من نیشتمان بەجێی هێشتووم

١٠-٢-١٩٩٥.

*پێشکەشە بەئەزموون کوژەکانی لەمەڕ خۆمان*
لە سوێرایی ئەشک و خەما،
من بەسراوم بەم خاکەوە... نیشتمانم جێ ناهێڵم!
نیشتمانە بێ باوکەکەم! ئەی تۆ بۆچی بەجێت هێشتووم؟
کەی دێیتەوە ناخی وێرانەی بێ دایکم؟
هۆ دایە گیان، هەویری تۆیش لەم خوێیە بوو، بێ ئاسەوار...



شیعرم هاوار، بەستەم هاوار ڕازم هاوار...
ئای دایە گیان... دەڵێن جێ پێت ئاواییە،
کەی دەگەمە ئاوی کوندەی سەر کوندەڵان؟
ئای بۆ کاسەی لیپ لە دۆی ساردی تۆ مەشکەی نۆی هەڵخراو!
ئای بۆ جامێ ماستی مزری (پێنجەی تار) و
نانێکی ساجیی گەنم و جۆ!
ئای بۆ دەستی بەدەستنوێژی بەیانیانی ڕوو لە خوای تۆ!
ئای دایە گیان: نیشتمانم بەجێی هێشتووم...
ئای دایە گیان: تۆش هاوارات لێ نەبیستووم؟!
ئەی بۆچ نە تۆ و نە نیشتمان نایەنەوە؟
پەردەی یەکەم دادەنەوە.
نمایشی ئەم چیرۆکە خوێناوییە،
ماری ئەم گۆڕە ئازارە- درۆیان کرد- وتیان مارێکی ئاوییە!
ئای دایە گیان ئای نیشتمان!
لە نوێ مەڵاشووی خەمەکان هەڵبەنەوە.
لە درەختی ئەم داستانە جەهەننەمە... هێشووە شەهید مەکەنەوە.
لەسەر پشتی ئەم خەرمانە نەکوتراوە... گێرەی ئاگر مەبەستنەوە!
ئای دایە گیان، ئای نیشمانی بێ بابم!
نان و دۆیەک لەسێبەری دار بەڕووداو،
کەوچک، هۆ هۆی... جووتیارێ بێ...
هۆرەی شوانی ژێر کەپنکی بەر ڕەهێڵەی بەهارێ بێ.
ئەینا منیش وەکو شیعرم،
ئەم ئەزموونە پەڵخوردەیە دەهێنمەوە.
مافی ئەم بێ دایکییەی خۆم لە خەونەکان دەسێنمەوە!
گومان، گوێ لە دڵم دەگرێ، زەنگی کاغەز لە ئاو دەنێم...
مێژوو فێری پرسێک دەبێ:
- من بۆ بەزمی وەها دەشێم؟!
خەڵوەتێکی هەفتا ساڵەی تر لوولمان دا
بەردە قارەمان نامێنێ،
شێخی نەمر بەپێکراوی سەرباتەوە...
بەچی سەری خۆی بشکێنێ؟!
***

## هاتیتەوە

١٩٩٢-١-١٥

هاتیتەوە... ئەم زستانەش هەم هاتیەوە؟
ئەم زستانەش بەری دەرگات پێ گرتووم و بەر پەنجەرەم
لێ دەگریت و هاتیتەوە؟
ئەم زستانە، نەک تۆپەڵێ دە تۆپەڵم تێدەگریت و هاتیتەوە!
وا دیارە تۆ، هەتا دەمرم هەرگیز لەمن نابیتەوە؟
هەرچەند باڵای چەرمووی کەوتووت بەدی دەکەم،
گیانم هەموو دێ بەیەکاو گەردەلوولێ لە ناخمدا.
هەرچی ئازاری یاد هەیە...
هەڵی دەگرێ، دەیدا بەدەم هەناسەوە.
هاوار دەکا، تۆفان دێنێ و
ڕوو دەکاتە دەرگای خەمی سەرکلۆمم.
دەڵێ: منم بمناسەوە!
خۆ جێگەی من کەس نایگرێ،
ئەوە بەفرە کلوو کلوو دێتە خوارێ و
ئەوە منیش بووم بەئاسمانێکی تر و،
نازانم چیم لێ دەبارێ!
کەچی ئەمڕۆ بووم بەگڕکان لەناو خەڵتەی کووپەکاندا تەقیمەوە...
لووتی بیرچوون درێژ دەبوو، بەگرمەیێک بڕیمەوە!
گەردەلوولی یاد و بەفرە، خۆیان دەکەن بەئاپۆرای خەمەکانما...
جێ پێکانیان دەپشکنن، ملی ڕێگەی ئەم کۆچەیان،
بەرەو دواوە گرتە بەرو... وا ساڵ ساڵی هەشتاو سێیە.
زستان ساردە و نیوەی ساڵە... ئەندێشەمان هەر کەژاڵە!
دووی شوباتی هەشتاو سێیە...
لەناو بەفرا دادەبەزێ، جانتایەکی ڕەشی پێیە.
باوکی کەژاڵ، دایک و خوشک و برای کەژاڵ لەوبەر بەفرە
چاوەڕوانن...
چاوەڕوانی و بەفر و کەژاڵ، کێ دەزانێ کامیان جوانن؟!



دیمەن هێندە دڵتەزێن بوو، تۆپەڵ هێندە قورس و سارد بوو.
گیانم لابوو بەهێلەک و عومری خامۆش چەشنی ئارد بوو!
من ڕاچەنیم. زستان کۆکی!
دەرگای خەمی سەرکلۆمم کەوتە سەر پشت...
بە دوو دڵۆپ فرمێسکی گڕ، ناسکە شیعرێکی خۆمم کوشت!
من لەلایە و گەردەلوولی یاد و بەفریش گەڕاینەوە...
شانمان کوتا... شانمان سوا...
هەرچی بەرگی درۆ هەبوو لەبەر زستان لەبەرمابوو،
هەمووی پووا!
خۆم ڕووت. خەم ڕووت. بەفر، بێ گیان سپی سپی...
گەردەلوولی یادیش وەکوو، ئاشە کۆنی جاران تەپی!
ئاخۆ تاکەی دەمێنم و حاڵی دنیاش هەر ئەم حاڵ بێ؟!
کوردیش هەروا سووتەمەڕۆی بەفری ئەمساڵ بۆ ئەو ساڵ بێ!؟
ئاخۆ تاکەی دەمێنم و گشت زستانێ،
بەفر باری، من ئاگرم تێچێتەوە؟!
کەژاڵ بووکی مەرگی ناوەخت بەرەو باوانیی بێتەوە؟!
توخوا خەڵکە، کە من مردم... بەفر باری لەبیرتانبێ:
نیوەی ساڵان لە (کۆیە)وە، کەژاڵی من،
هەولێر دەخاتە پریاسکەو هەڵدێتەوە!
***

## لەچلەی دوکتۆر فاضل قەفتاندا

ڕۆژێک هەواڵ گێڕایەوە:
لەم شارەوە وەکو-نالی- کەسێکی کە کەوتە سەر کۆچ!
کۆچی ئەمیش هەر ڕەش پۆش بوو...
کۆچی ئەمیش کە بەفرمێسک گۆڕایەوە،
لێوانەی جوتێ بەرکۆش بوو!
کۆچی ئەمیش مایەی خەم بوو...
توێشەبەرەی پشتی ئەمیش، دەفتەر و ژان و قەڵەم بوو.
وەکوو-سالم- ئەمیش وتی بەهەشت گەر بێتە مەڵکەنی،

بەم شارەدا گوزەر ناکەم!
هەتا مێژوو نەکەوێتە سەرباری خۆی...
گەڵای ڕەشی ئەم وەرزەیشی نەوەرێنێ... بەرەو دوواوە سەفەر ناکەم!
ئەمیش وەکوو خاڵۆ –مەحوی– وتی دەروونی من ئەمڕۆ،
وەکو خاکی بەبەو ئەوسا پەنگاوێکی ئاشیفتەیە!
ئەمیش وەکو –حاجی قادر– بەسەر لوتکەی باواجییەوە،
کە ڕاویان نا. وتی: مەیەن!
هەر چیم هەبوو لە حەمامۆک جێم هێڵاوە.
قەدەری شێت لەناو حەوزێکی لیخندا،
خولیای منی لەسەر شەپۆلێ داناوە!
کە، ئەم، بارگەی پێچایەوە دەربەندەکان لەسەر پشت بوون.
باوی مشیران نەمابوو بۆ چاوساغی.
داگیرکەر خۆی نەهاتەوە.
وتی نەکو ئەم نالییە ئاوورِ بۆ دوواوە باتەوە!
سەری تاڵی ئەم گوڵۆڵە چەواشەیە، هەڵکاتەوە!
ئەمیش کە ڕێگەی گرتەبەر وەکوو نالی...
تەنیا چاوی خەم و وشە بەرێییان کرد.
بەیانییەک بانگێ درا... هۆ خەڵکی شار!
–فاضل– ڕووی کردە هەندەران.
ئەمیش وەکو نالی و حاجی، دڵۆپێ ئەشکی هەڵوەران!
ئەمیش وتی، لە شامەوە ئاهم وەک پەیکی شارەزا...
دەنێرمەوە بۆ شارەکەم
لە سالمی نوێ دەپرسم کێشەی دڵە ئاوارەکەم
فاضل، بڕۆ، بڕۆ فاضل خۆ تۆ قەڵەم ... دار دەستت... بوو،
تۆ لە سفری ئەندێشەدا ئامۆژگاری بووی نوسرابووی
حیزبایەتی نەی خوێندبییەوە!
تۆ لەم چامە جەنجاڵەدا کێش و سەرەوای ونبوو بووی
–مەعدوم– بۆی کۆ نەکرایتەوە!
تۆ جامێکی وەها قورس بووی، بۆ سەرمێزی شازادەکان نەدەشیای،
بۆیە لە چەم نەخورایتەوە!



فاضل بڕۆ ئەگەر، سەیرە!
باژێرێکە، کیتاب ئەمڕۆ، هەر تەلیسمە و جەنجەلووتە...
بازارِ مەیدانی دەم ڕووتە!
ئیمەمانان ڕزقی سەگیشمان بڕیوە، ئێسقان دەکڕین، ئارد بەگیرفان دەبەینەوە!
بۆ نوشتەیەکی ئازارمان، پەڕەی قورئان ئەکەینەوە.
بازارِ سەیرە بازبازێنە، لەم سفرەوە بۆ ئەو سفرە!
سەنگەر گۆڕینە... هەرایە...
گرنگ تەنها هەر ئەوەیە، ئەو دەستەی بۆت ڕاگیراوە،
مەزەندەیکەی چەنی تیایە!
خەڵکی یاسای –ئەمەت لە کوێ بوو–ی دەست نەکەوت:
با بێن لە ئێمە بپرسن، چلۆن دەژین؟ ئێوە دەڵێن بێ ئەحواڵێن!؟
خەڵکە! ئێمە تابلۆیەکی سریالیزمی و هەمبانە بۆرینەی پری:
دەیان چەشنە ناوی (سواڵێن)!
فاضل بڕۆ! من پێت ناڵێم مەیەرەوە...
تۆ ڕۆییینت عەیبێ نەبوو، هاتنەوەت بێ بەدووان.
ئێمەمانان بۆ گورگان خوارد، هەڵخراوین، وەکو مێگەلی بێ شوان!
تۆ وڵاتت بەجێ هێشت و منیش وڵات بەجێی هێشتووم.
هەردووک ئاوارەین و نامۆین.
تۆ ڕۆیشتی و ئێمەمانان بەخۆماندا دێین و دەڕۆین:
زەردین، سەوزین، سووربین، شێن بین؟!
کێڵگەی کێڵراوی برین بین!؟
چۆکی هەنسک و بەزین بین؟!
چالاکیمان هەڵکوورمان بێ؟
دەردمان کوێر و بێ دەرمان بێ؟
شت بین، نەبین؟ لە کام سەنگەرا هەڵنیشین؟!
بڕۆ خاڵۆ بڕۆ کاکە بڕۆ بڕۆ!!
کێشی مرۆڤ فیشەکێکە، کێشی قەڵەم لاقرتییە...
هەرچی دەتکێشێ هەر چییە!! بەڵێن پەلکی شۆڕەبییە.
لەهەر کوێوە با هەڵبکات دەشنێتەوە.
بەڕەخنەیەکی زۆر بچووک، دەمی حیزبێک دەکرێتەوە!

بڕۆ خالۆ بڕۆ کاکە، ئەی نەتزانی!
دوکتۆر محمد و سەلاح، دوو گەوهەر بوون، خرانە گیرفانی عەوام!؟
کران بەزامی سووتاوی نێو ناخی زام!
وقال قائل منهم انغلت اليوم الزمام.
منیش لێرە وا هەست ئەکەم، پرسیارێکم بەبێ وەڵام.
فهذا بث لحزني اشكوه يا رب الانام!
ورضيتُ بقسمتي عودي ياحمامة السلام!
نیشتمانی خاک و خۆڵ و گڵکۆی تازە!
نامەم بەرە بۆ کاک و مام...
من نازانم... وڵات، ڕۆژگار،یا کۆمەڵمان بێ ئەمەک بوو،
بۆچی جێگەی تۆ لەم خاکە مین ڕێژ کرا؟
ئەی سروودی کوردایەتیی، بەدەنگ و ڕەنگ بۆ کوێ برا؟!
مردن، حەقێکە زۆر تاڵە، خۆ من ئەوە باش دەزانم.
هەقمە ئەگەر هاوار بکەم:
مافی خۆمە لەسێبەری دار بەڕوودا کەوچکێ دۆم پێ ڕەوابێ.
خەونی خۆشم لە پشوگەی چاوی بێ ترسی شەوا بێ!
لەو ڕۆژەوە مامەکاوەیان خەڵەتان،
ئەمڕۆ خاوەنی باوانم!
خەندەی لێوی زەرد و کاوان، دەکەم بەکلی چاوانم!
(سەیوان)!... ئەی تۆ باست چییە؟
نەجێی- نالی-ت نیشانە کرد نە بۆ فاضل جێگەت دانا.
(ڕەزا) وتی: بۆ ئەربابی حاجەتەکان مەتافت کەعبەی هەموانە
کۆشت خۆشترین باوانە.
تۆ پاشاڕێی شەهیدانی...
ئەی بۆ ئێستە، ویرانەیت و سەیوانێکی بێ زێوانی؟!
فاضل بڕۆ...! ڕەنگە لێرە بەدەردی دڵ نەمردبای،
چونکە دڵی تۆ پێکراو بوو،
خۆر هەر خۆرە لێرە و لەوێ لەهەر وڵاتێک ئاوا بوو!
***



## مەرحەبا ئەی جەهل و وەحشەت مەرحەبا

١٩٩١/٢/٣

* ئەم ئاگرە کێ خستیەوە؟
کێن ئەوانەی وا چاپوکن، هەر بۆ ئاگر خستنەوە؟
خەڵکی وڵات، لێی نوستووە، پەڕۆکۆنی بەربارانە
کێ بوو وتیان هەڵیان سێنن،
بێن بەپێیت بۆ سەرەوای ئەم سووتانە؟
خۆ ئەم خەڵکە کلاوێنی دۆڕاندبوو،
پشتێنی خستە ژێر سەری و لێی ڕاکشا
خەوی دەدی نەیدەزانی کە ئەو دۆڕا، کێ بردیەوە
ئێوە بڵێن ئەم ئاگرە کێ کردیەوە؟
* ئەم ئاگرە کێ خۆشی کرد؟
خۆ ئەم خەڵکە ملی نابوو بەلاوەوە،
خۆڵەمێشی ئاگردانی تەوەککولی
کردە ناو پێڵووی چاوەوە.
دەستی ستەم بەدەردێکی وای بردووە،
تەماشای کە، دەڵێی سەد ساڵە مردووە!
* ئەم ئاگرە کێ دانی داو شالاوی هات؟
خۆ ئەم خەڵکە هێشتا بۆ مەرگی هەڵەبجە
هەر کۆلیلی باوکە ڕۆ بوو
گای ژێر مژانی ماندوو بوو، ملی دەناو بێ سەرهۆ بوو!
* ئەم ئاگرە، کێ، دەی لێ کرد... باهەڵپەت بێ
با کڵپەت بێ!
سوبح و شام و حاڵ و ئەحواڵ،
کات لەبارە، گوێ ڕاگرن بۆ قیرائەی سەبعەی ئەنفال!
* بەژمارەی هەموو پیتی ئایەتەکان،
کچ، سەرنگووم، کوڕ، سەرنگووم...
ژن سەرنگووم، پیاو سەرنگووم...
بەژمارەی پیتی هەموو ئایەتەکان فرمێسکی سوێر

بینایی کوێر...
مەفاهیمی سەربەرەوژێر!
* ئەنفال هێشتا مارشی جەنگە و لوولەی تۆپان لەبەریانە،
ئەنفال بوو بەکلاوئاسن، حەزەراتیش... لەسەریانە.
قیرائاتی تیسعە دێن بۆ سوورەتی:
سەبعەی ئەنذال.
موفەسرین، حازریەکەن، هەزار قیل و هەزاران قال!
ئایەتەکان بهۆننەوە، قەطعی ڕەحم و قەطعی ئەوصال
ئەنذال دەبن، بە مامۆستا و ئەنفال دەکەن بەمەدرەسە
مێژوو وەکو سەگ ڕاودەنێن، بۆ ژێر هاڕەی ئەم هەرەسە!
* ئێوارەیە، تاریک داهات، گوڵۆپەکان بێ دڵۆپن...
دەرگای ماڵان وەکو دڵی خۆفرۆشان داخراوە.
گوێدرێژێکی بێ باوانیش، لەکۆڵانێکا زەڕانی،
سۆنی تیژی زەڕینەکەی کرد بەگوێچکەی خامۆشیدا.
کلیلی دەنگمی کردەوە،...
وتم: لەبیەیکە پەیامهێنی ئاشتی و ژیان!
ڕەمزی هەوڵ و دڵنیایی
پەیکی بەهار و شینایی!
ئەوسا کە تۆ لە مەیدان بووی،
هەر خەریکی بار بردن و بارهێنان بووی،
زەوی پاک بوو، ئاسمان بێگەرد...
خەڵکی ئاگای نەبوو لە دەرد!
دەبێرەوە بەکۆپان و توورەکە و گوریسەوە!
ئامۆژگاری لوقمانەکان مەبیسەوە!
دەبێنەوە...
دەهەزار، کەر، تڕ، لێ بدا
دەهەزار، کەر، تس، لێ بدا
جێ، گەشتێکمان، لێ پیس ناکا!
گوڵی باخێکمان سیس ناکا!
ئەوی سواری مارسیدس و ئەوەش سوارچاکی سۆخۆیە،
ئەمڕۆ هەزار خۆزگەی، بەساتێکی پشتی تۆبە!



دەبا، ئاگر بکوژێتەوە و تۆ وەرەوە!
دەوران! دەتۆش ڕابوەستە و پێچکەرەوە.
ئێمە سادەییمان جێهێشت!
ئێمە ئازادیمان جێهێشت!
ئێمە بۆتان و سۆران و بابانیشمان،
دۆڕاندووە!
باپیرە گەورەی بەختیشمان، هەتا ئەمڕۆش هەر ماندووە!
هەزار ساڵە نەمامێکمان بۆچارەنووس نەچاندووە!
* جانەوەرە نەوتینەکان! ئەم ئاگرە...
تاکەی نەوتی دەکەنە سەر؟
تاکەی ئێمە دەدەنە بەر؟
ئاگر بەدوای ئاگرا دێ و، ئێمە دەکرێین بە گرزە بۆی،
هاوڕێی ماندوو بۆ کوێ دەڕۆی؟!
تف لەپیشە و تەکنەلۆژیا، تف لە تەما!
خوایە هەرچی دەکەی بیکە. بەڵام نەڵێی وا کەر نەما!
دێڵە شڕی دایکی جەنگان، پیرەژنە کۆتەرەبێ...
ئەمجارەیان بێ سەروبەر، منداڵدانی لێ تەرەبێ!
***

## توورە

١٩٩٥/١١/١٢

چۆنت دەوێ وا توورەبە!
خۆ من نموونەی ئارامم...
خوێ بە، چەقۆبە، ئاگربە!
من دەمێکە کێڵگەی زامم.
چۆن دەتەوێت وا توورەبە...
ئەو ساتانە چەندێ جوانی،
کە تاو دەسێنی و هەڵدەچیت.
کە دۆزەخیت و بورکانی!
زریان و باران و تۆف بە!
چۆنت دەوێ وا بباریێ...
منیش وا خۆم ڕاگرتووە،

وەک پانتاییی گەورە شارێ!
ڕام بماڵە و وێرانم کە...
جەستەم هەمووی بۆ بکێڵە،
هەر بەو مەرجەی دوای کەف و کوڵ...
بۆ ناویش بێ، جێم مەهێڵە!
ئاگر لە خەرمانم بەردە
دانەوێڵەم بکە بەخۆڵ!
وەکو بۆڕفتی سەختە ساڵ...
بمکە بەشەختەی سەر سەهۆڵ!
کە ئاگریت، تۆ هەر جوانی...
کە بۆڕفتی، تۆ هەر جوانی
کە لووتەلای، تۆ ئەوکاتەش،
نانی گەرمی کۆشی شوانی!
ئەگەر ببمە ئێسکی پوواو،
نیگاییێکم بۆ بهاوێ...
دەبمە وەرزی پشکووتن و،
دەبمە نەمامی گوێ ئاوێ!

***

## ئاوی حەیات(١)

١٩٩٠/٦/٥

کە پێت نایە ناو خەرمانەی مەیخانەیەک...
(خدر)ت دی، پیاڵەیەکی بۆ ڕاگرتی،
ئاگات لێ بێ ئاوی حەیاتت نەداتێ لەجیاتی مەی!
کاری وەها نەک لە خدر لەهیچ کەسی قبووڵ نەکەی!
بڵێ: مەولام...! دەروشێکی خەراباتان
لە سەد حەکیم بەهۆشترە.
وشەی... خۆشتر... شایستە بێ،
مەی لە ئاوی زیندەگانی دە خۆشترە!
هەر چرکەیەک لە مەستیدا هەزار عومری لەرێ دایە...
کە شووشە سەر فڕۆ دێنێ...

(١) ئیلهامی ئەم هەڵبەستە دوو بەیتێکی فارسییە



کێ دەزانێ قامەتی مەست،
لەو کاتەدا چەند باڵایە؟!
کە جامی پڕ لەیەک دەدرێن...
کێ دەوێرێ، بڵێ: زەوی خۆت ڕاگرە!
ئەمە ئەمانەتی خوایە.!

***

## ئەو کەسانە

*لەسەر ڕەوتی سوارچاکانی شیعری کوردی*

١٩٩١/٧/٤

هەر کە دەگریم، ئەو کەسانەی گریە خۆرن خڕ دەبن
چەشنی شەیتان ئاوسانن، وا لە شیعرم پڕ دەبن!
هەر وەکو گای گێرە شێوێن مل دەنێنە ناو خەمم،
تا بەرەخنە و هات و هووت و حەوتە حەوتیان مڕ دەبن!
گەر کەسێکی هاو خەمی من پێی وتن وێژە چییە؟
لاڵ و داماو و کەساسن بێ وەڵامن کڕ دەبن!
بۆیە باخم لالەزارە و نەوبەهارە شیعری من،
ئاخ و باخی ناحەزانم شۆڕەکاتە و زڕ دەبن!
من بەشەهدی پەیڤی کوردی، شیعری خۆم پاراو دەکەم...
ئەو کەسانەش بێنە کۆڕم وەک کەڕوکاس وڕ دەبن!
بۆیە هەرکات بێمە خوێندن، سۆزی من ئێقلیم گرە،
ئەو حەسوودانەش لە داخا تاکو دێ هەر دڕ دەبن!
من بەجوانیی یاری خۆم، شیعرم هەتا بێ جوان دەبێ...
ناحەزی خۆخۆر فرەش بن، خۆ بەخۆیان قڕ دەبن!

***

## ڕووناک

١٩٩٧/١/٥

*دواین شیعری شاعیر (هۆیەی بووژاندنەوەی دڵ- سلێمانی)*
ڕووناک ڕووناکی بخە نێو دڵم...
خۆمن عاشقی بەرامەی گوڵم.
بەنێونیگایە دڵم بەیتەوە،

وەڵامی سۆزی خوا ئەدەیتەوە!
تۆ وەک فریشتەی ڕەحمەت و سۆزی...
دوای شەختەی ئازار مژدەی نەورۆزی...
جوانیت ڕەوشتە و ڕەوشتت جوانە
خەندەییێک لە تۆ ڕۆحی ڕەوانە.
کام زامە قووڵە پەنجەت بیگاتێ...
سارێژە وەکو هیوا و ئاواتێ
ئەم کوردستانەم بۆیە خۆش دەوێ
فریشتەی وەک تۆی تیاهەڵدەکەوێ!
دەستێ بدەیتە دڵەی زامدارم
هەروا دەزانم سەرداری شارم
خوا بەو چاوانەت مژدەم بداتێ
کە دەستی مەرگم ئیتر نەگاتێ!
***

## ( . . . )

ترازوویەک دروشمێکی
بەبەردەمی خۆیدا کێشا...
وتی: سەیرە...
لاتان وایە
من پێوەری کردارتانم
من نهێنیی قورسی و سووکیی ئێوەمانان،
باش دەزانم!
ئێوە خۆتان منتان هێنا بۆ ئەم کارە...
بێ خواستی خۆم خستمتانە ژێر ئەم بارە!
هەر خۆشتانن سەنگ و پێوەر دەگۆڕن و
قورس، سووک و
سووک قورسەکەن...
نە لە خوا دەترسن و نە لە منیش
ڕووی پرسەکەن!
***



## شەهید

١٩٩١/٧/٢٦

جوانەمەرگێک، لە تەرمێکا لەسەر شانی،
سێ چوار کەسێ، بەرەو سەیوان بەڕێ کرا
بێ دەنگ، ڕێگە، کشومات بوو.
زەوی جمەی لە خۆی بڕی،
ئاسمان تەوێڵی نابووە، سەر ئەژنۆی شاخ.
مەلان کەوتنە باڵە تەپە و لاربوونەوە بۆ چمکی باخ.
شاعیرێکیش دای بەسەریا، وتی: خوایە!
پێم ببەخشە هێزی گوتن و ئینشایە.
نیگارکیشێ وتی: خوایە هێزم بەرێ!
با تابلۆیێک بنەخشێنم،
وەک ئەو تەرمە و، واش بەسام بێ...
با لە ئەستۆی ئەم چەرخەدا باری گران،
لەناو دڵی ئەم گەلەدا، هەتا هەتایە هەر زام بێ!
***

## بێنەو بەرە

١٩٩١/٨/٢٢

* کە لەسەنگەر هاتنە دەرێ و
دوژمن سفرەی بۆ ڕاخستن...
(کلام الله)ی لە مل کرد و هەردوو دەستی بۆ ڕاگرتن.
نەکەن هێندە دابنیشن...
خوێنی لەکوڵ، ساردبێتەوە!
گاردێ بروا و، گاردبێتەوە!
زمان ناودەمتان جێهێڵێ...
قەڵەم دەفتەرتان بکێڵێ،
وەنەوز باڵی چاوتان تەڕکا...
زوڕنا گوێچکەی هۆشتان کەڕکا!
* کە لەسەنگەر هاتنە دەرێ،
هێند دوور مەڕۆن بۆتان نەکرێ

هەر بەبازێ بیگرنەوە!
هێندە مەڵێن داوی وشەتان، لوول بخوا و،
لێتان ئاڵێ و زۆر گران بێ بەخنجەرێ بیبڕنەوە!
*کە لە سەنگەر هاتنە دەرێ...
چاوێکتان هەر لە دواوە بێ
با، نەڕووخێ و پڕبێتەوە!
گەرداو، لەنوێش هەڵکاتەوە...
ڕچەی شکاو نەسڕێتەوە!
کە لە سەنگەر هاتنە دەرێ...
قەت باوەڕتان جێ مەهێڵن!
باوەڕ دەبێ لە دڵا بێ
دڵیش دەبێ لە کوڵا بێ
وەرزی هیوا، وا وەرزێ بێ،
با، هەمیشە لە گوڵا بێ!
*کە لە سەنگەر هاتنە دەرێ...
با، چەک نەخرێتە ئەولاوە،
وەکو دەست و پەلی شکاو
وەکو دەمی خۆڵ تێکراو!
کلاورۆژنەی ژووری ساردی کەس تیانەماو...
باجاڵجاڵۆکە نەیتەنێ!
کوڕە، ئەوسا، کە ڕاپەڕین...
دنیا بەئێوە دەخەنێ.
ڕیشی پاساو هەڵدەکەنێ!
***

## سەربەنەوە

١٩٩٢/٧/١٧

(من حەزناکەم ڕووپایی بۆ شەهیدیش بکرێ، چونکە خەریکە وای لێدێ ئەو ڕووپاییەش بکرێ بەتریاک و ئەفیون بۆ سڕکردنی هۆشی جەماوەر!.)

لە قەڵاکەی دەمدمەوە هەتا دەربەندی بازیان
لەوساکەوە هەتا ئەمڕۆ...
مشیر، مشیر، دەخاتەوە



مشیر، دەربەند دەکاتەوە!
دەمی کانی وشک دەکرێ...
بەفراوی ئەم کوردستانە، بۆ پێکی ملهوڕان دەبرێ!
دەربەند لە دەربەند دەتۆرێ...
ئەم دوند لەو دوند ناڕازییە...
ئەومان هەر خۆی ڕاستی بێژەو ئەممان هەر بۆ خۆی قازییە!
ئەمبەر لەو بەر ناقایلە!
ئەم دەم، بۆ ئەو، دۆڵابی پڕ لە فایلە!
کێ چاپووکە، فایل بخوا، کێ چاپووکە، فایل پڕکا!
کێ چاپووکە، دەم و پلی، ئەوی دیکە قپوقڕکا!
کێ چاپووکە، داوێنی پاک بێ شەرمانە شڕ و وڕکا!
لە گێل و گەوجیی، کاوەوە...
لە گلانی بابکەوە، هەتا دمدم، تا دەربەند و تا مەهاباد...
گەردەلوولی مشیرانە، بەپێی سیاسەت هەڵدەکات!
گۆچان، خەنجەر، جامانەی سوور،
چەکوش و داس و ئەستێرەی سوور!
ئاڵای شین و ئاڵای سەوز و ئاڵا، ئاڵا...
لە دەفتەری بەر باخەڵی مشیراندا، چوون بەساڵا!
ئەم، بەو دەڵێ: لە کوێوە دێی؟!
ئەو، بەم دەڵێ: بۆ کوێ دەچییت؟!
ئەوەی قەدی پڕ فیشەکە، هەموو شتی پێ ڕەوایە،
-هەروا، بووە و هەر وەهایە:-
تەنها کاسەی... ئەو، کاسەیە!
یا، بێ و، کاسە بلێسەوە...
یا، گوریسی خاوۆبووی خۆت برێسەوە!
یا، کەپەکی هزر و هۆشت بئاخنە بن پێسەوە!
کە سیاسەت هەرزەکار بوو هەر دەمان وت: ئیستیعمارە نەوتمان دەبات.
- بۆ تەعقیمی برینیشمان نەوتمان نییە-
دەڵێی ڕێچکەی مناڵانی کۆڕەومانن...
ئەی کێ دەبەی ڕیز کراوی شەقامەکانمان پڕ دەکات؟!
ئەم زستانە گەڕایەوە- کاکی مەنسوول!- بەچاوی تۆ...

سەرما ، کوردت بۆ قڕ دەکات!!
جنێو باپیرت مڕ دەکات!
وا گەردەلوول،ئالآوەتە ڕاپەڕینمان...
خوێ دەکاتە نێو برینمان...
هۆ (هەورامان) ، هۆ هۆ (بروسک)!!(١)
خوێنی ئێوە و هەڤالآنە...
دوژمن پشتی لە کۆلآنە!
وەک تەممووزی هاوینی پار... ڕۆحم ئاگر دەبارێنێ:
بەسەر گیانی مشیراندا.
– بەگیرفانی سێ بەچواری دزەکاندا...
بەبێ دەنگیی فەقیراندا!
خوێنی ئێوە، پەرلەمان و وەزارەت بوو...
خوێنی ئێوە، پانکردنی گۆڕپانی تیجارەت بوو!
خوێنی ئێوە، (ئەبو سفیانی) هێناوە!
خوێنی ئێوە، بۆرجواکان، دەس و دەمیشیان تێناوە!
خوێنی ئێوە، ڕێکخراو و بارەگایە،
مزگەوت و خوتبە و هەرایە!
خوێنی ئێوە، نەڕێژرایە، کێ دەیوێرا بڵێ: کوردیش بەندەی خوایە؟!
خوێنی ئێوە، نەڕێژرایە، کێ دەیوێرا...
بۆ، خرسەکەی عۆجە نەبێ، سەڵەواتی لە پێغەمبەری خۆی بایە!
مشیر زۆرە و ئەبوڕوغالیش فرەن و،
گەدە و گیپاڵ هەر پان دەبێ...
مەسئوول لەناو بامێی خەستا، حەزی لە گۆشتی ڕان دەبێ!
قاچاخچی، خاوەن لەشکرە،...
بەقەد ژمارەی چەک بەدەست، عەرەبانەی دەستیی هەیە...
کێشی مرۆڤ هەر دۆلارە.
سێرکیش، سێرکی پیاهەڵواسینی بێ بارە!
ژیان یا دوو مەمکی چەقە، هەرتەکەیە و هەر تەپەیە!

(١) ئەم دوو جوانەمەرگە ڕۆژی ٩١/٧/١٨ لە ڕاپەرینی سێیەممماندا لەم شارە قوربانی دەردەدا، گیانی خۆیان بەخت کرد لە پێناوی ڕامالێنی ڕەبییە گوێنییە خۆڵ و سەنگەری سەربازەکانی بەعسدا، کە لە نێو شەقام و کۆلان و سەربانەکانی شاردا قوتیان کرد بۆوە، بۆ تۆقاندنی جەماوەر.



یا دوو مەمکی دەرپەڕیوی تازە بەیە!
گورگ و مەڕی ناودارستانی بێ پەیە،
ئەو، لەو پەڕە و ئەم، لەم پەڕە...
لەو ڕۆژەوە، بەهێز، دارێکی کەوتەدەس هەر ئەوشەڕە، هەر ئەم شەڕە
لەو ڕۆژەوە، بەهێز تەشتی نانی ڕفان، شەڕ ئەو شەڕە، شەڕ ئەم شەڕە!
هەورامان و بروسکەکان! نەوزادەکان، ڕێبوارەکان...!
سەربەنەوە،...
ڕووبکەنە جەماوەر و هەزار شتی بیرخەنەوە...
ئێمە لە برسانا دەنووین تێریش لە دوو توێی دۆلارا،
وەها بڕوات...
مەگەر ئەبوو دوجانە بێ و دۆعا بکات بەسەر شارا!!
هەتا کەنگێ،...
ئێمەمانان ببۆڵێنین...
دزیش هەر گیرفان پڕ بکات؟!
سەربەنەوە...
مشیر، وا، بەدەربەنەوە
چش کە ئێمە برسیمانە، دەربەنەکان نەکەنەوە!
مشیر هەموو گوێ قولآخن...
– شەڕ لە دەربەند دوورخەنەوە!
ئەمجارەیان بەردە قارەمان شەرمن بێ...
مردن چاکە!
گوێتان لێیە؟...
هاوڕێ، هەڤاڵ، مامە، کاکە!
***

## حەیرانی نوێ

١٩٩٠/٥/٢٤

*پێشکەشە بە حەسەن چێشکەر، بەهەموو حەیران بێژەکان*

١– دەلێلێ، دەلێلێ، دەلێلێ،دەلێلێ
گەلی برادەرینە ئەمن نازانم نەشەوە،
نەنیوەشەوە، نەبەرە بەیانە
نەدەمی شیوەن و قوڕپێوانە،

ئەسۆزی لاوکە ئەئاهی گەرمی حەیرانە،
ئەشەهیانە، ئەلاوژە و هەڵپەڕکێیە،
ئەقیر و قاجی سوارانە، ئەتەقەیە وکێ بەرکێیە؟
دەلێلێ، دەلێلێ، دەلێلێ،...دەلالم!
٢– دەلالۆ، دەلالۆ، دەلالۆ، دەلالۆ
دەلالۆ ئەدی تۆ خۆت مەشارەوە
ئەمن هاتووم لە شارەوە...
بەپشتێ کۆڵ و بارەوە
بەداستانی سەد ئەندێشە و ئازارەوە!
دەلالۆ خۆت مەشارەوە
ئەمن بەرەو ئەولا دەڕۆم، لەکن خەڵوەی دەروێشانێ...
ئەوێ ڕێگەم نیشان بدەن، هۆ هۆ خەڵکە کێ دەزانێ؟
لەوێن دەرێ مەحبووبەی من گورەباخە...
لەوێن دەردێ گراوی من خۆی پەرییە،
لەسێبەری عەرشی خوادا دێت و دەچێ خۆی دەنوێنێ...
پەیام بەڕووی عاشقاندا وەکو ئاونگ دەپرژێنێ!
دەلالۆ، دەلالۆ، دەلالۆ... دەلالم
٣–دەلۆلۆ، دەلۆلۆ، دەلۆلۆ، دەلۆلۆ
بەمسحاف و بەئینجیل و بەوی کەلام
سەلام، سەلام، هەزار سەلام...
ئەی کوڕگەلی سەر ئاییینی سۆز و ئەڤین!
ئەگەر باوەڕ بەمن ناکەن ئەوە زارم ئەوەش برین...
واچەند ساڵە بەهار دێت و گورێ دەڕوا
پایز دێت و هاوین دەخوا.
ڕەمەزان دێ و جەژن نییە...
جەژنان دێن و گەردن ئازادی درۆیە
بەڕەی بەڵێن یا هەر پۆیە و تانی نییە،
یا هەر تانە و بەبێ پۆیە!
هۆ مەحبووبە گچکەلەکەم من قەتارم،
من قەتارەی ئەو مەلانەم جووت دەگرن و



شەو ڕەو دەکەن...
ئەویندارانی جێ ژوان لە خەو دەکەن!
ئەمن گری عیشق و باوەڕ سووتاندوومی
هاتم، هاتم بۆ کوێستانی دەرباری تۆ...
هاتم، هاتم، بۆ نوقلانەی سەر زاری تۆ...
مژدەم دەیێ کە سۆزی من لات پەسەندە
مژدەم دەیێ لە شەجەرەی عاشقاندا،
ئەڵقەی منیش بە تۆ بەندە!
دەلۆلۆ، دەلۆلۆ، دەلۆلۆ، دەلالم!
٤–دەلالێ، دەلالێ، دەلالێ،...دلۆڤانی!
تۆ هەر جوان نیت، شای جوانانی
تۆ سەرچاوەی ئاوەدانی
ئەتۆ بووکی خەونی شوانی...
بەو خودایە... ئەمن نەبم،
هیچ کەس نازانێ چەند جوانی!
لە گورێ، لە سوورە گورێ، لە نارنجێ، لە ترنجێ،
لە هەنارێ...
لە دار گوێزێ، لە دار بەڕوو، لە چنارێ!
یا هەر لە تۆ، شیلەی شۆکە و گەزۆ و هەنگوینان دەبارێ؟!
ئەمن هاوارم هەر لەبەر تۆیە...
سەد وەستام دەوێ لەبانی کۆیە!
هەشتا لە موسڵێ، شێست لە شنۆیە...
کراس بدوورن لە گوڵی لیمۆیە...
دەبڵا تەنک بێ،
ناسکە و شلک بێ،
بۆ چاو هەڵۆیە!
ڕاستە عیشقیش سەرەڕۆیە...
داخۆ ئەمەش تەنها دەردی من و تۆیە؟
ڕامووسانێک لە زاری تۆ... بەهارێکە
لە کۆردەرەی دەروونمدا دەبەزێ

ئەوساکە گەورە شارێکە!
دەلالێ...دەلالێ... دەلالێ... دەلالم!
پەردەنەما ، پەردەنەما
دڵم کەوتە تەپە و سەما
نێوان چوو ، بەناخی عەردا
لە هاوار و لە سکاڵا دەستم بەردا...
سەدایەک هات؛
لە دەروونی پڕ لە سۆزما هێدی هێدی
وا چلچرام بۆ هەڵدەکات!
٥- دەلاوۆ ، دەلاوۆ ، دەلاوۆ ، دەلاوۆ
کە ڕووت کردە چیای سیپان بەڕێم کردیت...
شیریایی من، لە حەد دەرچوو ،
بوو بەڕازی هەبوو نەبوو...
دەلاوۆ تۆ بزڤڕێوە هەتا زووە بەرەو مەنزڵ،
باخەڵیشم لێت حەرامبێ، لەسەر پشتە هەواری دڵ!
دەلاوۆ ،سۆزی من پەیکە هەواڵێکم بۆ بنێرە ،
لە سەرپشتی ئەسپەشێکەی هەوەڵ هەڵمەتی خۆت ماوی؟
ئێستەش سواری ناو سوارانی ،
یا سوارێکی تێگلاوی و لەبەر چاوی؟
دەلاوۆ بۆ چ لە هەردانا دەڵێی وێڵی سەرگەردانی...
بۆ نازانیت...
بۆ بەستنی پردی دەلال، خۆم داناوە بەقوربانی! ؟
پردی دەلال هەردوو بەری واری عیشق ،
پەیوەست دەکا...
پردی دەلال بەگیانی من دەبەسرێت و
باش وەستایان دەڵێن دەستی غەل و غەشی بۆ نەبراوە.
هەرچی پردی ئارتا هەیە لەم دنیادا وا بەسراوە!
دەلاوۆ تۆ بزڤڕێوە ئەوە گیانم بۆم ڕاخستووی...
چرای عیشقی نوورانیی خۆم بۆ هەڵکردووی.
دوێنێ کتێبی بەختی خۆم دەگرتەوە ،
مژدەی دا پێم بەتێگلان تۆ نەمردووی...



دەلاوۆ توو عەشقی خودا ، ئەوە دڵم ئەوە گیانم!
ئەوەش سروودی زامانم!
ئەوە لێوم، ئەوە دەمم...
ئەوە زینم، ئەوە شەمم...
ئەوە زۆرم، ئەوە کەمم.
ئەوەش بابی خەمان دەگری!
پردی دەلالان بەسراون...
بزڤڕێوە نەکەی بمری ،...
دەلاوۆ ، دەلاوۆ ، دەلاوۆ ، دەلالم!
***

## پرس و خۆشەویستی

١٩٩١/٨/٢٤

پرسیم، ئەرێ خۆشەویستی مەعنای چییە ؟
دەریا وتی: من و ماسی
خۆریش وتی: من و ئاسۆ
خاکیش وتی: من و شارەگی داربەڕوو
پەنجەی نەرمی هونەرمەندێ،
وتی: من و ژێی کەمانم
بولبول وتی: من و خونچە و سروەی بەیان
شیعر وتی: من و گۆران و مام هێمن
من و کێش و سەرەوای جوان
زاوا وتی: من و نۆ بووک
کوردێک لەولاوە بانگی کرد...
بیرت نەچێ، من و کەرکووک!
***
پرسیم... ئەرێ خۆشەویستی لە کوێوە دێ؟
خواوەند وتی: ئەوە تەنها کاری منە
لاوێ وتی: ئەو هەر وەڵیای کۆشی ژنە
پێغەمبەرێک وتی: تەنها لە پەیاما
جووتیار وتی: لەگەڵ هەوەڵ هۆی سەرهۆدا
زەحمەتکێشێ وتی: تەنها بەعارەقەی نێوچاواندا

شاعیر وتی: لە ئەندێشە و لە چامەوە
مەی دێر وتی: تەنها لە مەی و جامەوە
دایک وتی: لە پێوەپێچان و ژانا
شوانێک وتی: لە خەونێکی ناو سێبەری مۆڵگەی ڕانا
کوردێک لەولاوە، بانگی کرد...
مەیخە بازنەی هەوارێکی بچووکەوە
ڕاستت دەوێ... لە شارەکەی کەرکووکەوە!

***

ویستم تێبگەم، خۆشەویستی چەندێ جوانە؟
(وەلی) وتی: باڵای (شەم)ە
(مەم)یش وتی... (زین) وەری گرت:
بەژنی (مەم)ە
(خەج)یش وتی: وەک زامەکەی (سیامەند)ە
(مامەیارە)
وتی: وەکو سەرگورشتەی (دوانزە سوارە)
لەلای حەزرەتی (مەولەوی)ش
وەکو چاوڕەشی لای دەوار.
لەلای منیش وەکو دوو خەمە قورسەکەم
(کەژە) و (بەهار)
کوردێ بانگی بەختی دەکرد... ئەرێ زووکە
لە خۆشەویستی جوانتریش
شارە گەرمەکەی کەرکووکە!

***

## زیکر

١٩٩٤/٧/٢٠

زیکری ئەمشەو زیکری جەهرە
دەروێشەکان، ناوی خوایە
جاران لە ئەڵقە دەردەچوو
ئەوەی لە شۆڕ جێ بمایە



ئەمشەو پەیام سۆزی عەشقە
ئیمتیحانی... ئێجگارییە
شەوی چوونە ناو دەروونە
جێهێشتنی بێدارییە
دەفژەن! ئادەی کوانێ ڕەزمت؟
نەیجەی دنیا ببنە شمشاڵ
کۆڕی ئەمشەومان گەرمکەن
هەتا دەگەینە حاڵی حاڵ!
پێکی خۆمان لێو ڕێژ دەکەین
تا دوا چۆڕی دەخۆینەوە
حەی و مەیمان هەر بۆ دڵە
هەموو گەردێ دەشۆینەوە!
ساقی! ئێمە گەرمە حاڵین
نەوای لێوت بکەرەوە
ئێمە کەلام و سەلامین
تۆش وەڵاممان بدەرەوە
لەسەر لێوی وشکی ئێمە
زەردەخەنەت فێنکاییە
نەزەری شێخ بۆ دەروێشان
هەموو کاتێ، خۆڕاییە!
خەمی ئەمشەو هەر بۆ عەشقە
خۆشەویستیی، لە ناخایە
بەچاو درەخت بەدی دەکەین
گوڵی خەملیو لە باخایە!.

***

## تان و پۆ

١٩٩٦/٥/٤

لە تاریکەی زیندانەوە،
کە حەللاجیان ڕاپێچ دەکرد بەرەو کوشتن...
بەپردی هات و نەهاتا ڕایان کێشا،
چەند مەلایەک بەرد بارانی سەریان دەکرد.

حەللاجی خەڵتانی خوێن و سەروڕیش سوور،
چاوی بڕی بووە... خودا!
بەرەو قووڵایی ناخی خۆی خەندەی دەبرد...
کە گەیشتە ئاستی (شبلی)،
شبلی، تۆپێ، گوڵی تێگرت!
حەللاج هاواری لێهەڵسا!... ئازار گەیشتە ئێسقانی
چونکە لە ناخیا دەیزانی...
شێخی شبلی ئاگای لێیە هەر ئەم حەقە!
جگە لەمە، هەموو فتوا و بیانوویەک هەر درۆیە!
بەڵام شێخی، حەقشناسمان،
لەم جەنجاڵە چنینەدا...
تەنها تانێکی بێ پۆیە!
***

## شیعر بۆ مێرد منداڵان

١ - *بۆ بابە گەورەی نەوە ئەنفال کراو*
چەند گەورە بووی مامە پیرە... هاوارت کرد:
بەمردووییش بمبەنەوە دێکەی خۆمان
بیکەن بەخێری گیانی من...
هاڵاوی نانی سەر ساج و کاسەی پاکی پڕ لە دۆمان!
تۆ نەمری و تۆ گەورە بوویت
تۆ شایەتی ئەو لەعنەتەی نێو چاوانی
شڕە خۆران و چەورە بوویت!
تۆ بەرهەمی کوێرەوەریی ئەم سەدە بووی،
ئەم دەورە بوویت.
چەند گەورە بووی!
چاوی گەشی، ڕوو لە خودای
خۆری پشتی ئەم هەورە بووی!
چەند گەورە بووی!
٢ - *بۆ دایە گەورەی نەوە ئەنفال کراو*
هۆ دادەکەی لەچک ڕەش و فرمێسک لە چاو!



ئەنفال دەردی بێ ئامان بوو...
پەتا و درم و شێرپەنجەبوو،
کڵپەی گڕی نێو زامان بوو...
وشکایی شیری مەمان بوو!
ڕچە شێوێنی هەوارگەی خزم و خێزان و باوان بوو!
خیانەت بوو جینایەت بوو...
لەناو دەروونی بڕوادا لە جیهاندا حیکایەت بوو!
سەر هەڵبڕە ئێرە کوێیە، تۆ فرمێسکی تیا دەڕێژی؟!
تۆ یادگارە خۆشەکانتی، وردە وردە تیا دەنێژی!؟
سەرهەڵبڕە ئەو دیوارەی بەهەناسەت بەرز بۆتەوە،
دەبێ بەخانووی داماوێ.
دڵۆپێکی زۆر فێنکە
دەکرێتە سەر گلی چاوێ!
٣- هیوا، ئاوات، هۆ خەونی خۆش!
هەموو وەرن...
منداڵێکی باوک و دایک ئەنفالکراو بگرینە کۆش.
هەموو وەرن دڵۆپی ئەشکی، نەنەیەک، بسڕینەوە،
هەتاهەتایە نێوانمان، لەتەک ماری شێخ هۆمەرا، ببڕینەوە!
ئابڕووی مێژوو بکڕینەوە.
ئەم مارانە... دوانن، سیانن،
لە گێژاوی خوێنا نەبێ بێ ژیانن...
ئەوەتەی هەن بۆ ئێمەی کورد هەر زیانن!
خشتێک و دوان، دیوارێکە...
دەستەکێک دوان سەربانێکە...
بەستەیەک، دوان، داستانێکە!
ئیمە و هەنگاو و هەڵمەت و هێز و داوا،
ئێمە و کوردستانی ئاوا...
ئێمە و کێڵگەی پڕ گوڵ و دان.
ئێمە و کارژۆڵە و بەرخۆلە و مێگەل و ڕان
ئێمە و ئازادی و ئاو نان!
هۆ مامۆستا هۆ شاعیران!

با ئاواتی بابە گەورە،
با هەناسەی دایە گەورە،
بخەینە نێوی وانەکان...
بۆ منداڵە چاو جوانەکان!
***

## شووشە

١٩٩٠/٧/١٩

*لەسەر رەوتی سوارچاکانی شیعری کوردی*

وەرە شووشە، کە تۆدەگریت دەروونی جام پڕی خوێنە...
منیش مەجزووبی ئەم حاڵەم، دەم و دەست جامی پڕ بێنە!
ئەگەر رۆژێ بەهەر دەردێ سەرم بەستی و چلوورەی گرت،
بەتێن و تام قومێکیش بێ، سەهۆڵ بەندانی بشکێنە!
ئەوا ئەنجام وەها دەرکەوت لەگەڵ هەر جامێ فامێکە...
دەسا شێخی هەموو مەستان، دڵی مەستێ مەرەنجێنە!
ئەوەن دنیا دەمی تاڵە، دەڵێی ژەهری لەسەر زارە!
بەتاڵ نابێ، وەرە و تاڵیی دەم و زامم ببرژێنە...
مەگەر شۆکەی دەمی جوانان لە زارمدا بەزارت بێ،
لەسەر سەبزەی جنوونی من دڵۆپی شۆکە برژێنە.
ئەگەر یارم لەمن رەنجا و، شەوی کردم بەوێرانە...
لەناخمدا بەرەو ئاسمان نهێنی من بدرکێنە!
منیش بابی خەمانێکم، دەسا ئەی شووشەی هاوڕازم!
بەداوای من ئەگەر گریای، مەکورکێنە، بنرکێنە!
کە من ماچی دەمی کانی، نەکات پاراوی لێوانم،
نەکەی توخوا، نەکەی قوربان، سروودی خەم مەخنکێنە!
***

## دوو کەس

١٩٩٠/٧/٢٧

١) ئەلفێک وتی: هەر کە تایێک کەوتە جەستەم،
لە گوێسەبانەی نەفامێک چلوورەیەک دادەگرم و دەیکرۆژم
کە گەرداوێ لە رێگەما بۆم دەرپەڕێ دێم بەچۆکاو،



هەناسەیشم، فززەیەکی لێوە نایە.
هەر کە بینیم وا زۆردارێک، تەشتی کولێرەی بەدەستە،
لەبەر پێیدا نەک ئاوی رووم، بیروڕایشم بێ بەهایە!
٢)-بێ- یەک وتی: کە ئاگری ئەندێشەی خۆم،
لەناخمدا دەبێ بەگڕکان و تەقین...
کۆڵەوژێکی ئاگراوی دێنم بەسەر لێوەکانما،...
لە گێژاو و گەردەلوولدا بەرەو ناخی زریانی شێت،
خۆم دەکوتم بۆ گەوهەرێ.
تەنها بۆ سەگ، دەشێ... چۆپی،
بەرەو تەشتی نانان بەرێ!
***

## بەرنامەی چالاکیی رۆژانەم

١٩٩٥/١٢/٢

بەیانیان، هەڵشاخینە بەسەرمادا
چێشتەنگاوە و چاوەڕوانیی
نیوەرۆیە و برسێتییە
عەسر کاتی جنێودانە بەوەی هەیە و
بەوەی نییە!
ئێوارەیە... دۆش دامانە،
گەدەم بلندگۆی پێچدانە!
شەوە و ئیتر لە ئامێزی لێفەیێکی زۆر ماندوودا
هەڵدەکورمێم...
خەو دەبینم...
شلە و برنجی پڕ لە گۆشت،
ڕانە مریشک خزیوەتە نێو سینگی قەل!
وەک مەنسوولان، کوردایەتی...
دەخەمە نێو زەربولمەسەل!
ڕادەچڵەکێم و بانگ دەڵێ:
حي علی رصد الأجل!!
***

# کورتیله شیعر

بێجگە لە خوا گەر مەوجوودێک بەپەرستن شایان بوایە
بێگومان بە تا مردنم، تۆم ئەپەرست، تۆ ئەی دایە
***
هەتا دەمرم من هەر دەڵێم «جێ خەرمان نیم خۆم خەرمانم»
نەچوومەتە سەر شانی کەس وەلێ هاتوونە سەر شانم!
***
ئەوا دەرکەوت کە جوانی مانگ بەتەنها باس و کاوێژە
ئەوەی شایستە بێ سوجدەی بەرینێ هەر(گەلاوێژە)
***
دۆستێک کە دڵمی بینی وتی چییە ئەم خوێنە
وتم بۆچی نازانیت چاوی(بەهێ) شەهێنە
***
کە من و تۆ دانەی وشە بەخوێنی کەس نەشوێنەوە
کاکی برای هەتا زووە پێکت بکە و بخوێنەوە
***
مەی مەشخەڵی ئاسۆی بیرە قەت وامەکەن بڕشێنەوە
کە دەنگی بانگی مەغریب بوو، برا ئاگر مەکوژێنەوە
***
کاتێک پەڕاو لای جانەوەر بەڵگەی تاوان و مردن بێ
داهێنەر و دانەرەکان بەشیان هەر تف لێ کردن بێ
***
ئەگەر ڕۆژێ من نەبینم تیشکی ئەو جووتە چاوانە
نە من هەم و سەرزەمینیش چۆڵوهۆڵ و بێ باوانە
***
ئەوشەو هەوەڵ بارانە، بڵێی پەڵەی لەدوابێ
بەختی شاری خەم و خۆڵ دوای سەرپەڵە ڕەهابێ؟
١٩٨٥/١١/١٠
***
لە پەنجەرەی چاوی تۆوە کە تیشکی خۆر دەشکێتەوە
خوا دەزانێ چەندین جامی ماشاء الله دەخورێتەوە!
***



وەک پشیلە ٣٠ساڵ زیاتر کوناوکونم پێ دەکردن
جێگە نەما، ئەمجارەیان بۆ ناو گەرووی گرم بردن
١٩٨٥/١٠/٢٠
***
لە خەوما بوو گوڵی لێوت بەئاهی من کراوە
لە خەوما بوو مەیی چاوت بەلێوی من خوراوە
***
لە ڕووباری چاوەکانتا ڕێگەم بدە بۆ مەلەیە
بەمەرگی تۆ وا خۆری من بەرەو مەغریب بەپەلەیە
***
نەرمایی پەنجە بدەی لە خونچە
لێو ئەکاتەوە و ئەگەشێتەوە
کە چاو ببڕیتە گڵۆپی سینە
نەفست لێی ئەدا و ئەکوژێتەوە
***
خەڵکی بەپەنجە گوڵ چەپک دەکەن...
لە باخی سینە، منیش بەچاوم
ڕەقیب ئەوەندە دڵ بۆغزاوییە
وای لە قەڵەم دا کە هێشتا ماوم
***
کاتێ کۆچ ئەکەم بەرێی نەهاتا
ئەو کۆچەی ئیتر ناگەڕێمەوە
لە گۆڕا لەگەڵ ئاواتی عومرا
بەدڵ شکاوی سەر ئەنێمەوە
***
ئەم چەرخەی ئەمڕۆ مەردومی تیایە
چەرخی ئاژاوە و فیتنە و هەرایە
بەشێک بەشخۆرەو بەشێک بەشخوراو
ئاخۆ سەرکەوتن بەشی کام لایە؟!
***
کە دووری دڵم دانارزێنێ
ئەوەیە سۆزی تۆی تیا ئەمێنێ
***

خەلە و خەرمانی کەلی بای وێرانە خاک بێ برەوە!
ئەڵبەت خەرمان بێ شەنگەرە
یا شەنگەر بێ شەن و کەوە؟!

***

لە کێ بەرکێی عاشقاندا هێندە سوارم
بەبێ گەزاف تاکم نییە
من شاعیری دەرباری تۆم...
ڕەقیبیشم تێ بەربدەن باکم نییە
١٩٨٧/٩/٣٠

***

٣٥ ساڵە خەو دەبینم... چۆن سەیر نییە
خەونێکی خۆش نەهاتە دی!
٣٥ ساڵە دڵم وا لە ڕوانگەدا،... چۆن دەرد نییە
مانگی جەژنێ ناکاتە دی!

***

کە دەرگاکەتان دایم خڕداوە
خۆپەرستییە یا دز لە ناوە؟!
ئەگەر دزیش بم هەر دزی نیگام
نیگای چاومەستی خاوەنی ئیلهام
توخوا دەرگاتان با کراوە بێ
بەڵکو جار جارێ ڕووم لەو چاوەبێ

***

## الفية ابن المالك

بۆ پارە و بۆ جـاه و جێ چل سـاڵە تێـر ناخـەوی
مـێـزەرەکـەت ئەلفـیـە و مـالیکی بۆ ناسـرەوی؟!

***

## سەرنج:

بۆ ئەوەی هەردوو بەرگی ئەم دیوانە قەوارەیان لە یەکەوە نزیک بێت، ناچاربووین «فەرهەنگی خەم ٤» بکەین بەدوو بەشەوە، لێرەدا ئەم بەشەی تەواو دەبێت و لە بەرگی دووەمدا دەست پێ دەکاتەوە. شایەنی سەرنجە هەر چوار بەشی فەرهەرنگی خەم ١، ٢، ٣، ٤ لە ساڵانی ١٩٧٩، ١٩٨٩، ١٩٨٩، ١٩٩٨ چاپ کراون، بەشی یەکەم و سێیەم بەهاوکاریی ئەمینداریەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی جاران و، بەشی دووەم بەهاوکاریی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا و، بەشی چوارەمیش لەسەر ئەرکی بەڕێز جەلال تاڵەبانی لەلایەن بنکەی گەلاوێژەوە لە سلێمانی. بەشی پێنجەم کە دەکەوێتە بەرگی دووەمی ئەم کتێبەوە یەکەم جارە وەک کتێب ڕووناکی دەبینێ.

چاپ و هەڵەبژێری و دەرهێنانی هونەریی ناوەوەی ئەم دیوانە و نەخشەسازیی بەرگەکانی، لە ٢٤ شوبات ٢٠٠٢ تەواو بووە. زۆربەی کارمەندەکانی دەزگای ئاراس و بنەماڵەی شاعیر ئەرک و ماندووبوونی زۆریان کێشاوە بۆ ئەوەی تەواوی «فەرهەنگی خەمەکان»ی شێخی شاعیران «حەسیب قەرەداخی» لە جوانترین شێوەدا بکەوێتە بەردەستی خوێنەرانی کورد. هیواداریین ئەم بەرهەمە تازەیەمان ببێ بەمایەی ڕەزامەندیی هەموو لایەک. لەگەڵ ڕێزماندا...

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر

٢٥ شوبات ٢٠٠٢